
ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی
گەلی باشووری کوردستان
Insklopidiay Tawanbarani Enfal u Kurdosaidkirdni
Geli Bashuri Kurdistan
نووسینی: دەرسیم دیبەگەیی
دانمارک
2011
Nusini Dersim Dibegeyi
Dizaieni Berg : Niaz Xaneqini (Niaz Bayati)
Danmark 2011

# ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان

نووسینی: دەرسیم دیبەگەیی

باشووری کوردستان
2011

**ناوی پەرتووک: ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان**
**نووسەر: دەرسیم دیبەگەیی**
**چاپ: چاپخانەی (.....).**
**تیراژ: (....) دانە**
**لە بەڕێوەبەرێتی گشتی پەرتووکخانە گشتییەکان ژمارە (820)ی ساڵی (2010)ی پێدراوە.**
**دیزاینی بەرگ: تابلۆیەکی هونەرمەندی مەزنی کورد نیاز بەیاتی (نیاز خانەقینی).**
**بابەت: ئەنفال مێژوویی**
**چاپی یەکەم – هەولێر – باشووری کوردستان 2011.**
**مافی لە چاپدانەوەی تەنیا بۆ نووسەر دەگەڕێتەوە.**
**بۆ پەیوەندیکردن بە نووسەر، ئەو ئیمێیلانە بەکاربێنە:**

Darsim2006@hotmail.com
Darsim2009@gmail.com

**پێشکەشە بە:**

1. **گیانی پاکی تەواوی شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانیی کوردو کوردستان و قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران.**
2. **هاوسەری خۆشەویستم دڵپاک خان و هەردوو خونچە گوڵە لە دڵا شیرین و خۆشەویستەکانم سۆکار و سانا، کە زۆر لەکاتی ئەوانم کوشت.**
3. **تەواوی ئەو کەسانەی زانیارییان پێدام و بۆ ئامادەکردنی ئەم پەرتووکە لەپێناویی بەچاپگەیاندنی هاوکارییان کردم.**
4. **هەموو ئەوانەی لەپێناوی بەدادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال و کیمیاباران کردنی کوردستان و هەڵەبجەدا خەبات دەکەن.**

# ناوەڕۆک:

**بەشی یەكەم:**

پێشەكی عەدالەت عومەر ساڵح
پێشەكی شاخەوان شۆڕش
ڕێزلێنانێک بۆ خەمەكانی دەرسیم - عومەر محەمەد
پێشەكی نووسەر
ئەنفال و پێناسەی ئەنفال

**بەشی دووەم:**

**دامودەزگاكانی حكومەت و ئەو دەسەڵات و هێزانەی كە ئەنفالی كورد و ژەهر بارانی (كوردستان)یان كردووە:**

ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش
ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی ئێراق (مجلس الأمن القومي العراقي)
فەرماندەیی گشتی هێزە چەكدارەكان
ئەندامانی فەرماندەیی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی ئیشتراكی
سكرتاریەتی سەرۆک كۆمار
سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
پارێزگارەكانی پارێزگاكانی كوردستان و ئێراق لە سەردەمی ئەنفالەكاندا
هێزی ئاسمـــــــــــــانی
سەرۆكایەتی ئەركان و ئەفسەرانی هێزی پیادەو زرێپۆش
بیرۆی باكووری ڕێكخستنی حزبی بەعسی عارەبی ئیشتیراكی
لیژنەی كاروباری باكوور - كوردستان (لجنة شؤون الشمال - كوردستان)
بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتیی (مديرية الأستخبارات العسكرية العامة)
هەواڵگری گشتیی (المخابرات العامة)
بەڕێوەبەرێتی ئەمنی گشتیی و بەڕێوەبەرایەتیەكانی ئەمن لە كوردستان
دەزگای ئەمنی تایبەت (جهاز الامن الخاص)
دەزگای پیشەسازی سەربازی و وەزارەتی پیشەسازی سەربازی

یەکەی کوشتارگەی مرۆڤ (وحدة المجازر البشرية) ناسراو بە یەکەی (وحدة 5013)

فەرماندەکانی سەربازگەی تۆبزاوە

سوپای ئێراق و پێکهاتەکانی

فەیلەقی یەکی ناسراو بە (هێزەکانی رەشید)

فەیلەقی دووی ناسراو بە (هێزەکانی یەرموک)

فەیلەقی سێی ناسراو بە (فەرماندەیی هێزەکانی قادسیە)

فەیلەقی چواری ناسراو بە (هێزەکانی حەتین)

فەیلەقی پێنجی ناسراو بە (هێزەکانی عەمورییە)

فەیلەقی شەش (فەرمادەیی هێزەکانی خۆرهەڵاتی دیجلە)

فەیلەقی حەوت (فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی کەنداوی عارەب – قيادة عمليات شط العرب)

فەیلەقی یەکی تایبەت (فيلق الأول الخاص)

کەرتەکانی سەربازی (قواطع العسكرية) و ئەفسەرە نادیارەکان

گاردی کۆماری (الحرس الجمهوري)

فەیلەقی باکووری گاردی کۆماری (فەرماندەیی عەمەلیاتی ئەڵڵاهو ئەکبەر – قيادة عمليات الله أكبر)

فەیلەقی باشووری گاردی کۆماری (فەرماندەیی عەمەلیاتی ئەلفەتحی ئەلموبین – قيادة عمليات الفتح المبين)

هێزەکانی پاسەوانی کۆماری تایبەت (قوات الحرس الجمهورى الخاص)

سوپای میللی (الجيش الشعبي)

فەوجی جـــــــاشە ئەنفالچییەکـــــــان

فەوجە سووکە نەناسراوەکان

مەفرەزە تایبەتییەکان (المفارز الخاصة)

**بەشی سێیەم:**

کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجـــــــە

تاوانەکانی حکومەتی ئێراق لەدژی کورد لە باشووری کوردستان

**بەشی چوارەم:**

شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال (هەشت قۆناغەکانی ئەنفال 1988.23.2-6.9.1988):

شاڵاوی ئەنفالی یەکەم و هێزە بەشداربووەکان

شاڵاوی ئەنفالی دووەم و هێزە بەشداربووەکان

شاڵاوی ئەنفالی سێیەم و هێزە بەشداربووەکان

شاڵاوی ئەنفالی چوارەم و هێزە بەشداربووەکان

شاڵاوی ئەنفالی پێنجەم، شەشەم، حەوتەم و هێزە بەشداربووەکان

شاڵاوی ئەنفالی هەشتەم و هێزە بەشداربووەکان

دادگاییکردنی تاوانبارای شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکان

**بەشی پێنجەم:**

کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان

کۆمەڵکوژی بارزانییەکان

کۆمەڵکوژی دانیشتوانی گەڕەکی کانی ئاشقانی هەڵەبجە

ئەو جاش پێنووسانەی کە بۆ سەدام، جەنگی قادسیە، حزبی بەعس یان سوپای ئێراقیان نووسیوە

ئەنفالکردنی زمانی کوردی

ناوی سەرۆک جاشی فەوجی جاشەکانی سەدام بەگوێرەی ریزبەندی پیتەکان

سەرچاوەکـــــــان

**بەشی شەشەم:**

بەڵگەنامەکان و وێنەکان

# بەشی یەکەم

## پێشەكی عەدالەت عومەر سالَح:

لێرەدا لەم پێشەكییە نامەوێت بەشێوەیەكی باو تیشك بخەمە سەر پێناسەی ئەنفال و یەكە یەكەی قۆناغەكانی ئەم شالاَوە نەگریسە چونكە لە ناوەڕۆكی ئەم پەرتووكە بە تێروتەسەڵی باسی لێوە كراوە، بەڵكو پێش هەموو شتێك دەمەوێت بڵێم نووسینی ئەم پەرتووكە پێمان دەڵێت كارەكەی ئێمە هێشتا تەواو نەبوو و تەنانەت ناچارمان دەكات لە هەوڵەكانماندا بەردەوام بین و بتوانین رۆژانە پەردە لەسەر ئەو تاوانە قێزەونانەی كە لە سەردەمی رژێمی سەدام و بەعسی رووخاو بەسەرماندا هاتووە هەڵدەینەوە، تاكو بتوانین جینۆسایدكردنی گەلی باشووری كوردستان لە ئاستێكی نێودەوڵەتی بناسێنین، بۆیە دەبێ لاپەڕە بە لاپەڕەی دۆسیەكانی ئەنفال و كیمیاباران كردنی ناوچە جیاجیاكانی كوردستان (1987-1988) و بێسەروشوێن كردنی بارزانییەكان لە (1983) و فەیلییەكان لە (1979-1980) و بۆردومانی قەلاَدزێ و هەڵەبجە و زێوە لە ساڵەكانی (1974 و 1985)دا و راپەڕینی (1991) و بەعارەبكردنی ناوچەكانی كوردستان بپشكنین و خوێندنەوەمان بۆیان هەبێت چونكە بەپێی لێكۆڵینەوەكان و وردبوونەوەم لەسەر بەڵگەنامەكان لەماوەی (35) ساڵ فەرمانڕەوایی رەشبگیری دیكتاتۆری سەدە بەدیاركەوتووە ئەوان ماوە بە ماوە لەپێناوی مانەوەی خۆیان شێوازی لەناوبردنیان گۆڕیوەو بایەخیان بەجۆرێك لە پاكتاوكردن داوە ، لە هەمان كاتدا هیچ رژێمێك بەقەدەر بەعسی عروبە حەزیان لە بە دوكۆمێنت كردنی تاوانەكانیان نەبووە چونكە هەرگیز بیریان لەوە نەدەكردەوە كە رۆژێك لە رۆژان لەناو بچن. ئالاَ هەڵگرانی بەعس هەر لە میشیل عەفلەق و عەلی سالَح سەعدی و ئەحمەد حەسەن ئەلبەكر، بەتایبەتی سەدام حوسێن و دەست و پێوەندەكانی پشت ئەستوور بوون بە میلیشیای دڕندانەو چەكدار كە جگە لە تیرۆر و كوشتن و بڕین و ئەشكەنجە و ئازاردانی خەڵك و وێرانكردن و بە تالاَنبردن و جینۆسایدكردن شتی تریان بەرهەم نەهێناوە، هەر جار بە بیانۆیەك ئەوەتا ئەحمەد حەسەن ئەلبەكر لە ساڵی (1969)دا فەرمانی لەناوبردنی هەموو ئەو كەسانەی بە سەدام حوسێن دا كە لە دژی بۆچوونەكان و فەرمانەكانیان بێت، ئەویش هەر لە (20ی شوباتی 1969تاكو نۆڤێمبەری هەمان ساڵ) فەرمانی لە سێدارە دانی جوولەكەكانی ئێراقی لەژێر تۆمەتی دروستكراوی لەناوبردنی زایۆنیزم بە بەر چاوی

خەڵک لە گۆڕەپانە گەورەکان و شوێنە گشتییەکان بەرێوە برد. ئەوان تەنانەت ئەگەر گومانیان لە بیروباوەڕی یارانی خۆیان کردەبێت بۆ ئەوەی ئەزموونێک بێت بۆ ئەوانەی ترو وانەی لێ وەرگرن وەک تۆڵە سەندنەوە لەناویان بردووە بۆ نمونە پیلانی دەرکردن و لەناوبردنی عەمید عەبدولرەزاق ئەلنایف لە ساڵی (1978) لە لەندەن، پیلانی لەکارخستنی ئەحمەد حەسەن بەکر و کوشتنی محیی ئەلمشهدی و(21) کەس لە داروەدەستەکەی لە ئاوگۆستی ساڵی (1979)، هەروەها پیلانی کوشتنی عەدنان خەیروڵڵا لە ساڵی (1989)دا کاتێک کە سەدام هەستی بە بەهێزبوونی کرد، کوشتنی ریاز ئیبراهیم حوسێن ئەلعانی وەزیری تەندروستی بەدەستی خودی سەدام لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوکاتە لەسەر دەربڕینی بیروڕای و پاش چەند رۆژێک کۆمەڵێک تاوانیان بۆ رێکخست ئەمە جگە لەو هەزاران تاوانی تر کە لە سەردەمی فەرمانڕەواییان بەبێ چەند و چۆن ئەنجامدرا .

جیۆستراتیژی وولاتە زلهێزەکان و بارودۆخی ناوچەکە لەو دەمەدا لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم تاوانکاریانەیە کە بەسەر گەلی کورددا هاتوون، دەنا ئەو هەموو قاتوقڕییە لەدژی نەتەوەیەک چۆن لەو سەردەمە ویژدانی مرۆڤایەتی نەجولاندەوە، تەنانەت لە دوای ناردنی یاداشتنامەی رێبەرایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی عێراقی ئەو کات لە (1988\8\15) و داواکارییەکەی سەرۆک مەسعود بارزانی لە (1988\9\1) کە ئاراستەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوەو تیایدا بە تێر وتەسەلی باس لە تاوانکارییەکانی کیمیاباران وەک جینۆساید لە دژی گەلی کوردستان لە ماوەی نیوان ساڵانی (1987 و 1988) هەروەها لیستێک بەناوی قوربانیان و وێران و خاپور کردنی زیاتر لە (4000) گوند و شار و شاروچکەی کوردستان لەگەڵ چەندین داواکاری بۆ بەدواداچوون پێشکەش کرا، بەڵام دیسان ناوەڕۆکی ئەم تاوانە بێوێنەیە لەگەڵ ئاستی گەورەیی و دڕندەیی نەبوونە کەرەستەو هەوێنی کاربەدەستان و دەزگاکانی راگەیاندنی جیهانی و نەوروژێنران؟ ئەم وولاتانە لەکاتی مامەڵەو ئیشکردنیان پرانسیپی (لە سیاسەتدا نە هاورێ و نە دوژمنی هەمیشەیی هەیە، بەڵکو بەرژەوەندی هەمیشەیی هەیە – لیس هناک فی السیاسة صدیق دائم أو عدو دائم بل هناک مصالح دائمة)یان رەچاوکردووەو تەنیا بەرژەوەندییەکانی خۆیان

لە بەرایی و پێشینەی هەموو كارو هەنگاوێكیان داناوە. هەرچەندە لەلایەن چەند رێكخراوێك و كەسایەتی دڵسۆزی كورد ئەم پرسانە وروژێندراون ئەویش نەك وەك تاوانی ئەنفال و ئەنفالكردنی خەڵكی كوردستان، بەڵكو وەك گازبارانی ناوچەكانی باشووری كوردستان بەڵام لەلایەن دەسەڵاتدارانی سەرەكی پشتگوێ خران. یوست هێلتەرمان لە پەرتووكەكەی بەناوی (كارێكی ژەهراوی ئەمریكاو ئێراق و گازبارانی هەڵەبجە)دا لە دیمانەكانیدا كە لەگەڵ زۆر لە كاربەدەستانی ئەوكاتە بەتایبەتی ئەمریكییەكان ئەنجامی داوە، كە دەڵێن ناوی ئەنفالیان نەبیستووە ئەگەر كەسێكیشیان ئەو ناوەی بەرگوێ كەوتبێت ئەوە هیچ مانایەك یان كاریگەرییەكی لەلا دروست نەكردووە. یوست هێلتەرمان دەڵێت: (لەمەش خراپتر ناوی ئەنفال هەرگیز بە ئاشكرا نەچووە فەرهەنگی ئەو كاربەدەستانەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كە چاودێری ئێراق و جەنگیان دەكرد. تەنانەت دوای ئەوەی رژێم بەشێوەیەكی فەرمی لەسەردێری راپۆرت و دەنگوباسەكان باسی ئەنفالی لە میدیاكانی خۆی بڵاوكردەوە، بەڵام دیسان بەپێچەوانە ناوی ئەنفال لەگەڵ دۆكۆمێنتەكانی دەزگای هەواڵگری ئەمریكادا دەرنەكەوت و لەگەڵ شیكارانی هەواڵگریش باسێكی لێوە نەكرا).

لەلایەكی تر هەروەك نووسەر لەم پەرتووكەدا ئاماژەی پێكردووە چەندین كۆمپانیای ئەمریكایی و بەریتانی و ئەوروپایی بەپێی بەڵگەنامەی روون و ئاشكرا یارمەتی دەوڵەتی ئێراقیان داوە، كە لێرەدا پێویستە بڵێم ئەم راپۆرتە لەپاش شەڕی دووەمی كەنداو، لێكۆڵینەوەیەك لەلایەن شارەزایان و توێژەران لە ئێراق ئەنجام دراو راپۆرتێك لەسەر چەكی كۆكوژی ئێراق درا بە نەتەوە یەكگرتووەكان، كە تێیدا بە تێروتەسەلی باس لە پڕچەككردنی ئەم وولاتە لەلایەن (207) كۆمپانیای ئەڵمانی، ئەمریكی، بەریتانی و چەندین وولاتی تر كراوە، هەرچەندە بەكار هینانی چەكی كیمیاوی لەلایەن حكومەتی پێشووتریش لەدژی نەتەوەی كورد لە كوردستانی باشوور بەكارهاتووە وەك ئەوەی لە ساڵی (1963)دا كە تێیدا سەركەوتوو نەبوو و لەم رۆژەدا بایەكی بەهێز كیمیاوییەكەی برد بەرەو لای سنووری ئێران و لەچەند گوندێكی ناوچە سنوورییەكان بووە هۆی لەناوبردنی ئاژەڵەكان ، بەڵام بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی لەلایەن رژێمی بەعسی رووخاو بەپێی بەڵگەنامەكان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شەڕی نێوان ئێراق و ئێران هەروەك لە بەڵگەنامەی ژمارە (3/د/2/2704) لە رێكەوتی (1.11.1983)دا كە لە سەركردایەتی گشتیی هێزە

چەکدارەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەشی کیمیاوی و بۆ گشت فەیلەقەکان دەرچووە سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و تێیدا نووسراوە ئاماژە بە رەزامەندی لەلایەن سەرۆکی بەڕێز (مەبەست سەدام حوسێنە) فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەهەر کات و شوێنێک کە پێویست بێت. بەڵگەنامەکە بە واژۆی عەمید روکن تالع خەلیل رەحیم ئەلدورییە.

کاتێک هاوڕێی خۆشەویستم دەرسیم دیبەگەیی داوای لێکردم پێشەکییەک بۆ پەرتووکەکەی بنووسم، هەستم کرد ئەرکێکی مێژوویی و قورسی خستۆتە سەر شانم، چونکە نووسینی پێشەکی بۆ ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان ئەوەندە ئاسان نییە. لە هەمانکاتدا زۆر خۆشحاڵم کە منیش بەشێکی ئەم ئەرکەم کەوتۆتە سەر شان و سوپاسی دەکەم.

لێرەدا دەبێ بڵێم رۆماڵکردن، بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەبارەی هەموو ئەو کۆمەڵکوژی و کوشتارە هەر لە کۆمەڵکوژی و بێسەروشوێنکردنی کوردە فەیلییەکان، کۆمەڵکوژی بارزانییەکان، کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و ئەنفالکردنی سەرتاپای باشووری کوردستان لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لەماوەی فەرمانڕەواییتی سەدامی عروبە و رژێمی دیکتاتۆری بەعس ئەرکێکی زۆر گرانی خستۆتە سەر شانی نووسەر. ئەمە مێژووی کۆمەڵکوژی (جینۆسایدکردنی) گەلێکە بە هەموو هونەر و تاکتیک و کەرستەی پێشکەوتوو و یارمەتی و هاوکاری زۆرێک لە میری و دەوڵەتەکانی مافی مرۆڤ پارێز و کۆمپانیای جۆراوجۆر کە لەم ئان و ساتەدا لەبەر رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان کۆدەنگیان لەسەر بێدەنگی هەڵبژاردبوو. ماوەیەکی زۆرە مامۆستا دەرسیم دیبەگەیی خەریکی کۆکردنەوەی ئەم زانیارییانەیە و پێویستیش ناکات من بیناسێنم، چونکە پێنووسەکەی ساڵانێکی دوورو درێژە لەسەر پرسی جینۆسایدکردن و ئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکانی شاڵاوەکانی ئەنفال و کۆمەڵکوژییەکانی تری دژ بە گەلی باشووری کوردستان لە خەباتدایە ویەکێکە لەم کەسانەی رۆلێکی زۆر کارای هەبووە لە لە دادگایی کردنی گەورە تاوانباری ئەنفال و جینۆسایدکردنی گەلی کورد، ئەویش سەرۆکی ئەرکانی سوپای پێشوو "نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی"، نووسەر بیرۆکەی نووسینی ئەم پەرتووکەی لە سەرەتای ساڵی (2008)دا لای بەندە باسکردووەو

هەردەم بەدوای كەرستەو بەڵگەنامەی نوێدا دەگەڕا. لەهەر شوێنێك پێیوابێت زانیاری دەست دەكەوێت سەردانی كردووە، لێرەدا پێویستە سوپاسی متمانەی بكەم كە هەر دێرێكی نوێی خستبێتە سەر لاپەڕەی پەرتووكەكەی، دەمودەست بۆ منی رەوانكردووە تاكو پارێزراو بێت و بە بەردەوامیش دەیگووت: (ئەگەر هەر شتێكم بەسەر هات تۆ میراتگری ئەم پەرتووكەی و لەجیاتی من تەواوی بكە و بڵاوی بكەوە).

رێكخستن و كۆكردنەوەی زانیارییەكان سەبارەت بە تاوانبارانی بەعس و دەست و پێوەندەكانی، كارێكی گرنگە كە لەم پەرتووكەدا ئاماژەی باشی پێدراوەو زۆربەی هەرە زۆری ئەو كەسانەی رۆژێك لە رۆژان دەستیان لە كۆمەڵكوژی گەلی باشووری كوردستاندا هەبووبێت، ناویان هاتووە. ئەمە مێژووی قوربانیدانە لەپێناو ئازادی و رزگاری وولاتێكی خوێناوی كە دەبێ زار بەزار بۆ نەوەی نوێ بگوترێتەوە، تاوەكو رابردوو لە بیر نەكەن و ئەزموون و پەندی لێ وەربگرین. پێناسەكردنی ئەنفال بە قڕكردن و لەناوبردنی رەچەڵەكی نەتەوەی كورد زۆر دەمێكە وەكو زاراوەیەك خۆی خستۆتە ناو فەرهەنگی كوردی كە نووسەر لەم بەشەدا ئاماژەی باشی بۆ كردووە، بەڵام باشتر دەبوو ئاماژەی بە مەبەستی بەكارهێنانی ناوو زاراوەی ئایینی و شێوازی بە سیستێماتیك كردنی كوشتار و لەناوبردن لەلایەن رژێمەوە كردبا، چونكە ئەوان باش دەیانزانی ئەگەر خۆیان لەژێر پەردەی ئایین نەشارنەوە، ئەو كۆدەنگییەیان لەپێناو لەناوبردنی كورد لەژێر دروشمی (أمة عربية واحدة، ذات رسالة خالدة)یان دەست ناكەوێت. لەلایەك سەدام و دارودەستەكەی خۆیان بە سەركردەی عەرەب و ئیسلام ناوبردووە، لەلایەكی تریش بێدەنگی جیهانی عارەبی و ئیسلامی دەكرێ بەجۆرێك لە هاودەنگی ئەوان بۆ پەلامارەكانی ئەنفالی بەعس بۆ سەر كورد لێكبدرێتەوە، هەروەها وەك ستراكتۆر و بەرهەمی بیرو گووتاری بەعس كە بناغەكەی لەسەر قاتوقڕی و بێویژدانی و بێدەنگی دانرابوو، پێموایە هەمووومان باش لەم راستییە گەیشتووین و دەزانین كە كورد لەبەر كوردبوون بەردەوام دووچاری كۆمەڵكوژی بۆتەوە، تەنانەت ئەگەر كورد لەم كات و ساتەدا هەر ئایینێكی تری هەبووایە هەر تووشی ئەم قاتوقڕیە دەبوو، ئەوەتا لە شاڵاوەكانی ئەنفالی كۆتایی زۆر لە كوردەكانی ئاشووری و كریستانە كاسۆلیكەكان و ئێزیدییەكان وەك كوردە موسڵمانەكان دەستگیرو

بێسەروشوێن کران، هەروەک پێشەوا قازی محەمەد لە بەشێک لە وەسیەتنامەکەیدا دەڵێت: (لای ئەوان (مەبەستی دوژمنانی کوردە) ئێوە هەر کوردن، با موسڵمانیش بن، تاوانبارو مەحکومن)، بەڵام سەدام حوسێن زۆر شارەزایانەو زیرەکانە بەپشتبەستن بە مێژووی عەرەب و ئیسلام و کلتووری توندوتیژی و پاوانخوازیان لە ڕێگای بەکارهێنانی دەستەواژەکانی ئایینی لە شاڵاوە سەربازییەکانی وەک (ئەنفال، هێزەکانی سەقرِی قورەیش، زوبێری کوڕی عەوام، مووشەکی ئەلحوسەین و زۆری تر .... )، تەنانەت ناونانی هێڵەکانی بەرهەم هێنانی چەکی کیمیاویش لە سامەڕا هەر بەناوەکانی وەکو (ئەحمەد، عیسا، محەمەد، عانی، مەدای و قازی)، پشتیوانی جیهانی عارەبی و ئیسلامی بەلای خۆی ڕاکێشابوو دەنا چۆن لە کۆنفرانسی سەرانی ئیسلامی کە چەند ڕۆژێک پاش کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە بەسترا وورتەیان لێوە نەهات؟ هەروەها لەپاش تەواوبوونی شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران و کوشتار و ئەنفال و کیمیاباران کردنی دانیشتوانی کوردستان سەدام حوسێن لە ڕێکەوتی (7.9.1988)دا لە کۆبوونەوەی ئەندامانی خولی (23)ی ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاگەیاندنی عەرەب هەموویانی کۆکردۆتەوەو کە لە ڕۆژنامەی(الثورە) ژمارە (6677)ی زمانحاڵی حزبی بەعسی عارەبی بڵاوکراوەتەوە و پێی ڕاگەیاندوون: (هەموو عەرەبێک بەشی لە ئەنجامی جەنگدا هەیە)، هەروەها لە بەشێکی تری قسەکانیدا دەڵێت: (دوژمنەکانی خواو عەرەب و موسڵمانان بە یەکجاری کەوتن).

لەم پەرتووکەدا نووسەر تیشکی خستۆتە سەر دامودەزگا تۆقێنەرەکانی ڕژێمی بەعس و ئەرک و کارەکانی شیکردۆتەوە، هەر لە ئاستی گەورەترین دەسەڵات تاکو ئاستی هەرە خوارەوەی دەسەڵات. ئەوان سیستەمی ترس و تۆقاندن و ملکەچ بوونیان بەشێوازی جۆراوجۆر بڵاوکردبووەوە کە لەوانەیە تاوەکو ئەمڕۆ بەشێکی زۆری بۆ خەڵک شاراوە بێت. بەعس ئەو هەموو دامودەزگایەی بۆ لەناوبردنی نەتەوەیەک لە شەڕێکی نابەرامبەردا ئامادە کردبوو و بەکاری هێنا، ئەو شەڕەی کە زۆرترین قوربانیانی ئافرەت و منداڵ بوون.

بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەم پەرتووکە لە دوارۆژدا دەبێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ مێژووی نەتەوەکەمان لە ناوەندەکانی باس و لێکۆڵینەوە سوودی زۆری لێوەردەگیرێت. تاوانبارانی سەرەکی، ئەنفالچییەکان، ڕاوێژکارەکان، ناپاک و

جاشەکان، بەکرێگیراوەکانی دوێنێ، ئەوانەی ئێمەیان بە ناپاک و بەکرێگیراو دەزانی، ئەمڕۆکە لەسەرووی ئێمە مانان و دەست رۆیشتووترو کاربەدەست ترن. لەپاش راپەڕینی بەهاری ساڵی (1991)ی گەلەکەمان بەرامبەر دەسەڵاتی دیکتاتۆرو ئەنفالچییەکان، ئەوانەی لاپەڕەکانی رۆژنامەو گۆڤارەکانی بەعسیان پڕ کردبوو لە شانازی پێکردنی بە ئەنفال و جینۆسایدکردنی دانیشتوانی کوردستان، لەپاش لێبووردنەکە سوودیان لە بارودۆخی سیاسی وەرگرت و شەرمەزار نەبوون، بەڵکو لە قوربانیدەرەکان بەهێزترو بە دەسەڵاتتر بوون و خۆیان و خزم و کەسوکاریشیان بوون بە کاربەدەست و پلەدار. لەم پەرتووکەدا ناوی زۆربەیان هاتووە کە بە بەڵگەوە بە فەرمی لە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق داواکراون، هاوکات لە پەنای چ پارت و رێکخراو و لایەنێکیش خۆیان مەڵاس دابێت دەستنیشان کراوە لەوانەیە کەسانێک هەبن ئەم باسەیان بەلاوە خۆش نەبێت ئەمە بە سەرکێشی بزانن یان بە دژایەتی لەگەڵ حیزب و لایەنەکان ناوزەدی بکەن، بەڵام بۆ نووسەرو بەندە و هەزارانی وەکو ئێمە کە ساڵانێکی زۆر ئاوارەو دەربەدەریمان چەشتووە لەپێناو ئازادی گەل و وولات چاومان بەرایی نادات ئەوانەی دەستیان لەگەڵ رژێمی بەعس تێکەڵ بووە و تا سەر ئێسقان نوقمی ناپاکی ببوون و بۆ راوەدوونانمان و لەناوبردنی سەرو ماڵمان، ئێستا بەچاو قایمی دەسەڵاتدارترن و ئێستاشی لەگەڵدا ئێمە قوربانی و ئەوانیش هەر جەلاد بن. لێرەدا ناکرێت هەروا بەئاسانی رۆڵی قێزەونی زۆربەی راوێژکار و پیاوانی بەعس وەک بەشدار لە تاوانی ئەنفال و لە یارمەتی نەدانی خەڵکە دەست بەسەرکراوەکەدا تێپەڕین. ئەوانەی کوشتن و تاڵانکردن و راوڕووتی خەڵکیان پێسپێردرابوو تەنانەت دەیانتوانی ئافرەتەکان لەم دۆخە رزگار بکەن، هەرچەندە هێندێکیان دەڵێن و گووتویانە ئێمە زانیاریمان نەبوو چی لە خەڵکەکە دەکرێت!!! بەڵام ئەوە جێگەی باوەڕ نییە، چونکە کاتێک گوندەکانیان بە مزگەوت، کلێسە و قووتابخانە سووتاندو کانیاوەکانیان ووشک کردو رەزو باخەکانیان تێکدا، سەرەڕای دەیان و دەیان تاوانی تر، پێیان وایە گوڵ دەبەخشنە مرۆڤەکان یان گوللە؟ ئافرەتێک لەکاتی راوەدونانیان لە ئەنفالی سێ داوای لە راوێژکارێک کردبوو رزگاری بکات، ئەویش رێک و رەوان پێی ووتبوو: (هیچم پێناکرێت و خۆت بە دەستەوە بدە).

ئەمانەی خوارەوە نموونەی چەند راوێژكارێكن كە دژ بە نەتەوەو نیشتمان خۆیان هاویشتبووە ناو بەرەی سەدامی عروبەو بەعسی دژ بە كوردو كوردستان. لە ژمارە (246)ی هەفتەنامەی میدیا، رێكەوتی (27.6.2006)دا دیمانەیەك لەگەڵ موسا عەلی رەمەزانی راوێژكاری (314) دەڵێت: (ئێمەی بەعسیانی كورد، ئەگەر گەواد نەبووینایە، نەدەبووینە رەفیق حزبی و باوەڕپێكراوی حزبی بەعس). لە بەشێكی تردا دەڵێت: (لە ناوچەی ئێمە حەفتاو پێنج گەواد بووین). هەروەها بەپێی راسپاردەی نووسینگەی رێكخستنی باكووری حزبی بەعس بە ژمارە (4008)، كە لە رێكەوتی (20.6.1987)دا هەر شتێك لەلایەن راوێژكارو فەوجەكانی بەناو بەرگری نیشتمانیی (جاشەكان) دەستی بەسەردا بگیرێت دەدرێتە خۆیان تەنیا چەكی قورس و ئیسنادو مامناوەند نەبێت، كە ئەمەش رێك پڕ بە پێستی ئایەتە قورئانیەكەیە، ئەوەتا كۆنە راوێژكارێك بەناوی محەمەد عەلی جاف لە چاوپێكەوتنێكدا لەگەڵ میدل ئێست وۆچ دەڵێت: (لە كۆبوونەوەیەك لەگەڵ ئەفسەرانی هەواڵگری پێیان ووتراوە ئێوە هەر ماڵ و سامانێكی پێشمەرگە هەیە و لە شەڕدا دەستی بەسەردا دەگرن بۆ خۆتانی ببەن، ژنەكانیشیان بەپێی شەرع و یاسا حەلاڵی ئێوەیە). بۆیە پێویستە لە داهاتوودا ئەوانە لە دادگایەكی تایبەتی نەتەوەیی كوردی دادگایی بكرێن.

نووسەر لەم پەرتووكەدا مەبەستێتی پێمان بڵێت رابردوو لەبیر مەكەن بەڵكو ئەزموون بۆ دووبارە نەبوونەوەی لێوەربگرن، هەروەها چڕكردنەوەی هەوڵەكانمان لە هەڵدانەوەو گەڕاندنەوەی گۆڕە بەكۆمەڵەكانە كە هەزاران قوربانی جینۆساید زۆر بێ بەزەییانە لە چاڵەكانی مەرگ لەژێر لمەكانی بیاباندا بەزیندوویی و بە برینداری زیندەبەچاڵكران، لەهەمان كات دانانی گولكۆیەك یان مۆنۆمێنتێك یان دروستكردنی باڵەخانەیەكی شارستانی لە شوێنی گۆڕەكە لە لایەن دەسەڵاتی هەرێمی كوردستان و لە سەری بنووسرێت: (ئێرە گلكۆی قوربانیانی گۆڕی بەكۆمەڵی كوردە)، تاكو بیسەلمێنێت كورد بەدوای پێشكەوتن و ئاوەدانكردنەوەو شارستانییەتە لەبری كوشتن و لەناوبردن. هەروەها ئەم مێژووە هەرگیز لەبیر ناكرێت و شوێنەواری گۆڕەكانیش لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژگارو كاتدا بزر نابێت.

ئەمەی روون و ئاشكرایە جینۆسایدكردنی نەتەوەی كورد مێژوویەكی لەمێژینەیە لە چەندین سەدە پێش زایین تاكو ئەمڕۆ لەلایەن دوژمنانیەوە بەردەوام هەوڵی پاكتاوكردن و تواندنەوەیان لەناو رەچەڵەكی تر بەردەوامە و تەنیا نەبەستراوەتەوە

بە باشووری كوردستان، ئەوەتە فارسەكان بەناوی پان ئێرانیزم تاكو ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەكوشتنی دەیان هەزار كورد یان راگواستنیان سیاسەتی بەفارسكردن لە ناوچە كوردنشینەكان پەیڕەوكردووە، توركیاش عوسمانییەكانی دوێنێ و تۆرانییەكانی ئەمڕۆ لەژێر پەردەی بیرو هزری ناسیۆنالیستانەی كەمالیزم سەدان گوند وێرانكردن، بەسەدان كەس لە سێدارە دران، بەدەیان نووسەرو رۆشنبیرو خرانە ناو چەمی وان و دەیان هەزار كەس لە پرۆسەكانی شەڕدا لەناو بردراون و سەدان هەزاری تر ئاوارەو دەربەدەر كران و بەرەو ناوچەكانی تورك راگوێزران. لە سووریاش هەر لەسەر بنەمای یاسای رەگەزپەرستانەی بەعسیزم هەردەم نۆكلی لەوە كراوە كە گەلێك بەناوی كوردو پارچە زەوییەكیش بەناوی كوردستان بوونی هەبێت. لە یەكێتیی سۆڤیەتی رووخاویشدا كوردەكان لە جێگاو رێگای خۆیان پەرتەوازە دەكران تاكو كۆبەندی لە نێوانیان دروست نەبێت، بەهیوام لە داهاتوویەكی زۆر نزیك بتوانین كار لەسەر ئینسكلۆپیدیایەك بكەین كە باسی جینۆساید و رەشەكوژی و هەموو پارچەكانی كوردستانی تێدابێت و رۆژێك بێت هەموو تاوانباران وەكو ئەوەی جوولەكە كردی لە دادگایەك لە چوارچێوەی ستانداردی جیهانی سەبارەت بە تاوانەكانی گەلكوژی و دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەكانی جەنگ سزای خۆیان وەربگرن.

ئەوەی پێویستە لە كۆتاییدا بیڵێم ئەوەیە كورد تاكو ئێستا پاش (18) ساڵ لە دەسەڵات نەیتوانیوە ببنە پشت و پەنای یەكتر وەك ئەوەی جوولەكە لەپێناو هۆلۆكۆستدا كردی كە وەك قەوارەیەكی بەهێز ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت ئەڵمانیا خۆی لە بەرامبەری بەشەرمەزار دەزانێت، جگە لە قەرەبووكردنەوەی مادی بەردەوام داوای لێبووردنیان لێدەكات، بەڵام ئێمە ناتوانین و نەمانتوانیوە وەك قەوارەیەكی بەهێزو یەكگرتوو كار لەسەر پرسە نەتەوەییەكانمان بكەین وەك ئەوەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراق لە (7.3.2010) كردمان. زۆر دەنگ و رەنگمان لەپێناو چەند كورسییەك لەدەستداو دەنگەكانمان پەرتەوازە بوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە كورد ئەزموونی لە رابردووی قوربانیدانی خۆی وەرنەگرتووە ، تاكو لۆبییەكی بەهێزی بۆ ناساندنی پرسی جینۆسایدكردنی گەلێك دروست بكات. هەروەها ئەنفال و كیمیاباران و بێسەروشوێن كردن و خاپوور و وێرانكردنی گوندو شارەكانمان پرسی بەعەرەبكردنی خاكی داگیركراوی كوردستانمان نەچۆتە ناو فەوهەنگ و

کلتوورمان و نەبۆتە ئایدیۆلۆژیایەکی بەهێز بەڵکو لە چەند یادەوەرییەکی سادە قەتیس ماوەتەوە. بۆیە وەک پێویستییەک دەبێ لە ئاستی رۆشنبیری و پەروەردەیی و هۆشیاری سیاسی و ئایدۆلۆجیایەک لەسەر جینۆسایدکردنی نەتەوەیەک بۆ نەوەی نوێ بەرهەم بێنین ئەویش بە دانانی پرۆگرامێک بۆ ناساندنی جینۆسایدکردنی گەلی کوردستانی باشوور لە قووتابخانە و زانکۆکان و سوود وەرگرتن لە ئەم جورە توێژینەوانە، هەروەها دانانی سەنتەرێکی ئەرشیفی نەتەوەیی لەسەر جینۆسایدی نەتەوەکەمان. ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم، ئەوەیە نووسەر لەم پەرتووکەدا توانیویەتی بەشێک لەو ئەرکە نەتەوایەتییەی کە لەسەر شانیەتی سەبارەت بە خستنەڕووی زانیاری و راستییەکان بگەیەنێتە ئەنجام و تێیدا سەرکەوتوو بووە هەرچەندە هەموو کارێکیش بێ کەموکوڕی نییە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە ئەم پەرتووکە بە زمانە زیندووەکانی جیهانی کاری وەرگێڕانی بۆ بکرێت، چونکە باشترین رێگا بۆ ناساندنی جینۆساید لە ئاستی نێودەوڵەتی بەڵگەنامەکانی خوێندراو، بیستراو و بینراوە. هیوادارم نموونەی دەرسیم دیبەگەیی لە بەدواداچوون و ناساندنی لایەنە شاراوەکانی کوردۆساید کردنی گەلی باشووری کوردستان زۆر بێت.

## پێشەکی شاخەوان شۆڕش:

ئەم پەرتووکەی لەبەردەست دایە کە برای بەڕێزم دەرسیم دیبەگەیی نوسیویەتی، بەرهەمی رەنج و ماندوبونێکی زۆرە، کۆمەڵێ زانیاری گرنگ و سوودبەخش لە فەرهەنگی تاوانی گەلکوژی (ژینۆساید) ئەنفالدا دەگرێتەخۆی. بۆ من جێگەی پێزانینە کە ئەرکی پێشەکیەکەیم پێسپێردراوە، سوپاسی ئەم پێزانینەی کاک دەرسیم دەکەم.

بەرلەوەی بێمەسەر دوان لەسەر ئەم پەرتووکە کە کاک دەرسیم لەسەر تاوانی گەلکوژی ئەنفال نوسیویەتی بەپێویستی دەزانم کە سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی و بەکورتی لە تاوانی گەلکوژی (ژینۆساید) و بابەتە پەیوەستدارەکانی ئەم تاوانە بدوێم، ئەوجا لەوێوە گونجاوی ناوەرۆکی ئەم پەرتووکە بخەمە بەرچاو.

تاوانی گەلکوژی وەکو گەرەترین تاوان لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا ناسراوە، بۆیە وەکو تاوانی تاوانەکان سەیری دەکرێت. تاوانی گەلکوژی تاوانێکە کە بە مەبەستی لەناوبردن بەئاگایانە دژ بە نەتەوەیەک، کۆمەڵگەیەک یا گروپێک مرۆڤ لەسەر جودایی نەتەوەیی، ئایینی، کەلتوری، رامیاری یا جودایی دیکە لە شوێن و کاتی دیارکراودا ئەنجام دەدرێت. تاوانی گەلکوژی لەناوبردنی تەواوی یا بەشێکی نەتەوە یا کۆمەڵگەیەکە کە لەلایەن دەسەلاتێکەوە لەبەر جوداییان ئارەزوو ناکرێن. لەناوبردنەکە فیزیکیانەیە و لە گەلێ باردا سیستەماتیکیانە و پلان بۆ داندراوانە ئەنجام دەدرێت. لەم وڵاتانەی کە کێشەی نەتەوەییان هەیە، نەتەوەی دەسەڵاتدار و نەتەوەی ژێردەستە و چەوساوە هەن، دەکرێ لەم وڵاتانەدا لەبارێکدا کە سەرکردە و ئایدۆلۆژیای توندڕەو فەرمانڕەوابن، ستات بۆ چارەسەری کێشە پەنا بۆ تاوانی گەلکوژی ببات و هەوڵی لەناوبردنی بەشێکی گرنگی یا تەواوی نەتەوەی نەخوازراو لە ناوچەیەکی دیاریکراو و شوێنی دیکەدا لە وڵاتدا بدات، لەمبارەدا لایەنی تاوانبار لەناوبردن و نەهێشتن وەکو چارەسەری یەکجاری سەیر دەکات.

لە زۆر باردا نەتەوەی دەسەڵاتدار لە لایەن پارتێکی توندڕەو و خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی توندڕەو بەرێوەدەبردرێت، کە لە چوارچێوەی بیروباوەڕە تایبەتەکەدا کوشتار و لەناوبردنەکە دەکرێتە پێداویستیەکی گرنگ بۆ پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی نەتەوە و ستات یا ئایدۆژلۆیا و ستات. ئایدۆلۆژیای توندڕەوانە کە بانگاشەی رەوایی رەها و بێهاوتایی دەکات،

پشووتەنگە و گوێ لە بەرامبەر ناگرێت، کە هەوڵی گەیشتن بە یەکڕەنگی دەدات و سەپاندنی پەیامەکانی بە ڕەوا دەبینێت، دەکرێ ڕاست یا چەپ بێت یا ئایینی بێت. بیروهزری ناسیونالیستانەی ڕەگەزپەرستانە وەکو نازیزم، کەمالیزم و بەعسیزم یا بیروباوەری چەپی توندڕەو وەکو ستالینیزم و ماویزم و هەندێ لە جۆرەکانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، یا بیروباوەری ئایینی وەکو ئیسلامیزمی توندڕەو یا بیروباوەری ئایینی دیکەی توندڕەو بوونەتەهۆی ئەنجامدانی تاوانی پاکتاوکردن یا تاوانی گەلکوژی. ئەم دەسەلاتدارانەی کە خاوەنی ئەم بیروباوەرە توندڕەوانە بوون یا ئێستاش هەن نمونەیان زۆرە لەوانە ئەفسەرە تورکە ڕەگەزپەرستەکان، ڕژێمی کەمالیستی تورکیا، ڕژێمی نازی ئەڵمانیا، ڕژێمی بەعسی ئێراق، ڕژێمی کۆمۆنیستی باکووری کۆریا، چین، سۆڤیەتی کۆن، کەمبۆدیای سەردەمی پۆلپۆت، ڕژێمی ئیسلامی سودان هتد بوونەتە هۆی هاندەری کوشتاری گەل و گروپی دیاریکراو لەبەر جودایی نەتەوەیی، ئایینی یا بیروباوەڕ.

ئەم نەتەوانەی کە تاوانی گەلکوژیان لە دژدا ئەنجام دراوە لەوانە خەلکی ڕەسەنی ئەمەریکا کە بە ئیندیانەکان ناسراون (سەدەی نۆزدەهەم) گەلی نامیبیا (1904) لەلایەن کۆلۆنیالستی ئەڵمانیەوە، ئەرمەنەکان (1915) لەلایەن دەسەڵاتی ئەفسەرە گەنجە تورکەکانی تورکیا، جۆتیارەکانی ئۆکرانیا (1933) لەلایەن ستالینەوە، کوردەکانی دەرسیم (1937) لەلایەن ڕژێمی کەمالیستی تورکیا، جووەکان (1940-1945) لەلایەن نازیەکانی ئەڵمانیا، خەلکی کەمبۆدیا (1975-1979) لەلایەن پۆلپۆتەوە، کوردەکانی باشووری کوردستان (1983، 1987-1988) لەلایەن ڕژێمی بەعسی ئێراقی، توتسیەکان (1994) لەلایەن هوتوەکانی ڕواندا، بۆسنیەکان (1995) لەلایەن سربەکانی بۆسنیا، دارفوریەکان (2003-2010) لەلایەن ڕژێمی ئیسلامی سودان و جەنجەویدە عەرەبەکان هتد. هەندێ لەم نەتەوانە بە تەواوی لە شوێن و ناوچەی دیاریکراودا لەنێوبردران وەکو ئەمەریکاییە ڕەسەنەکانی سەرووی ئەمەریکا، ئەرمەنەکان لە تورکیا و جووەکان لە ئەڵمانیا. هەندێ لەم نەتەوانە تاوانی گەلکوژی لاوازی کردن و هەڕەشەی لەسەر مانەوەیان دروست کرد، بەڵام توانیان بوونی خۆیان بپارێزن و لەژیاندا بمێننەوە.

لەبەر کوشندەیی و مەترسیداری تاوانی گەلکوژی لەسەر بوونی نەتەوە و کۆمەڵگە ئەتنیە کەمینە یا ژێردەستەکان، هەروەها بۆ پێشگرتن بە تاوانەکە، بەرەنگار

بوونەوەی و سزادانی تاوانکارانی تاوانی گەلکوژی لەسەر ئاستی جیهانی بەشێوەیەکی کانونیانە، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان UN لە ساڵی (1948)دا تاوانی گەلکوژی پێناسەکرد و خستییە چوارچێوەیەکی کانونیەوە. جێگەی گوتنە کوشتن و لەناوبردنی ملیۆنەها جولەکە لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا رۆڵی گرنگی لە پێویستبوونی بەیاساییکردنی تاوانەکە لەلایەن ستاتەبراوەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا بینی.

بەپێی پێناسەکەی UN گەلکوژی واتە هەر کردارێک بە مەبەستی لەناوبردنی هەموو یا بەشێکی نەتەوەیەک، رەگەزێک، گروپێکی ئایینی یا ئەتنی وەکو: کوشتنی ئەندامانی گروپەکە، زیان پێگەیاندنی مەنتالی و فیزیکی بە ئەندامانی گروپەکە، سەپاندنی مەرجی ئەوهای ژیان بەسەر گروپەکەدا کە ببێتەهۆی لەناوبردنی بەشێکی یا تەواوی گروپەکە، سەپاندنی پێوەری ئەوها کە رێگا لە زاوزێ لەناو گروپەکەدا بگرێت، وە بەزۆر گواستنەوەی منداڵانی گروپەکە بۆ گروپێکی تر.

پێناسەکە جەخت لەسەر لەناوبردنی فیزیکی کۆمەڵێک مرۆڤ دەکاتەوە، لێرەدا تاوانی گەلکوژی خۆی لە تاوانی پاکتاوی رەگەزی کە بەهۆی کرداری راگواستن یا تواندنەوە و نەهێشتنی نافیزیکیانە ڕوودەدەن، جیادەکاتەوە.

نەتەوەی کورد یەکێ لەم نەتەوانەیە کە بەدرێژایی مێژوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوچە و دوور ناڕەوایی لەبەرامبەریدا ئەنجام دراوە، مافەکانی پێشێلکراوە و دان بە بوونیدا نەندراوە. دیارە کوردستان لە چەند رووداێکی مێژوویدا لە سەردەمی دەسەڵاتدارانی شیعەی سەفەوی و سوننەی عوسمانیدا، دواتر لە سەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەمدا لەلایەن کۆلۆنیالیستەکانی فەرەنسا و بەریتانیا و لایەنەکانی براوەی جەنگ ناڕەوا دابەشکراوەتە سەر چەند وڵاتێکی کۆن و لەنوێ دروستکراوی ناوچەکە. بەهۆی بەژێردەستەیی مانەوە و چەوساندنەوە، خەڵکی کوردستان ناچاری راپەڕین و بەرگریکردن لە بوون و مانی خۆی بووە، هەروەها هەوڵی ئازادی نەتەوەیی داوە. دەسەڵاتدارانی نەتەوە خاوەن دەسەڵاتەکانی عەرەب، تورک و فارس لەبری دانپێنان و چارەسەر پەنایان بۆ سەرکوتکردن و تواندنەوە بەڕێگەی جۆراوجۆر، راگواستن، بەعەرەبکردن، بەتورککردن و بەفارسکردن، پاکتاوی رەگەزی و کۆمەڵکوژی یا لەسەردەم و باری تایبەتدا پەنایان بۆ تاوانی گەلکوژی وەکو چارەسەری یەکجاری بردووە. وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆکردن کوشتاری

كوردەكانی دەرسیم لە ساڵی (1937)دا، بارزانیەكان لە ساڵی (1983)دا، وە كیمیابارنكردن و لەناوبردنی كوردەكانی ناوچە قەدەغەكراوەكان لە ساڵی (1987–1988)دا، نمونەی تاوانی گەلكوژین كە دژی خەڵكی كوردستان ئەنجام دراون.

باشووری كوردستان (ویلایەتی موسڵ) كە لە ساڵی (1921)دا بە ئێراقی عارەبیەوە كە ئەوسا لە ویلایەتی بەغدا و بەسرا پێكهاتبوو لكێندرا، خرایە ژێردەستی دەسەڵاتدارانی عارەبی ئێراقی. ئەم لكاندنە كە یەكێك لەدەرهاویشتەكانی پاشگەزبوونەوە لە رێككەوتننامەی سیڤەر و رێككەوتنی كۆلۆنیالیستەكانی رۆژئاوا و لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندیەكانی خۆیاندا بوو، دژ بە ئارەزووەكانی خەڵكی كوردستان بوو. لەوساوە كێشەی نەتەوەیی لەنێوان كورد و عەرەبدا وەكو كێشەی نێوان نەتەوەی ژێردەستە و نەتەوەی باڵادەست بە شێوەیەكی نوێ لە چوارچێوەی ستاتی لەنوێ دروستكراوی ئێراقدا دەستیپێكرد.

لەگەڵ ئەوەی گۆڕان لە سیستەم و رژێمەكانی ئێراق لە دوای لكاندنەكە لە ئێراقدا روویاندا، بەڵام كێشەی كورد بەبێ چارەسەر مایەوە و لەگەڵیدا چەوساندنەوەی كورد درێژەی پێدرا. دەسەڵاتدارانی عەرەب نەیانتوانی چارەی كێشەكە بكەن و دان بە مافی نەتەوەیی كورد بنێن. بۆیە مێژووی كورد و عەرەب لە ماوەی تەمەنی ئێراقدا مێژوویەكی پڕ لە ناكۆكی و رووداو و راپەرینی خوێناوییە.

لە سەردەمی رژێمی بەعسی عارەبیدا بارەكە و ناكۆكیەكە چووە قۆناغێكی دیكەی مەترسیدار، رژێمی بەعس لەژێر سەرپەرشتی ئایدۆلۆژیایەكی ناسیۆنالیستی رەگەزپەرست و سەركردەی توندڕەوی رەگەزپەرستدا دەسەڵاتی گرتەدەست و پێگەی خۆی لەماوەیەكی كەمدا لە ساڵەكانی دوای (1968)دا بەهێزكرد. بوونی هۆكار و فاكتەرەكانی كێشەی نەتەوەیی كە زۆربەیان پاشماوەی كۆلۆنیالیزم بوون وە فاكتەری دیكە بەیەكەوە وەكو كێشەی سنوور، گۆڕینی دیمۆگرافیا، لاسەنگی دیمۆگرافیا، ناڕەواییە مێژووییەكان، پۆلیتیكی تواندنەوە، بەعەرەبكردن، ناڕەوایی دابەشكردنی سامان و دەسەڵات، جوداكاری، پەراوێزكردن، داننەنان بە مافە ئابووری و رامیاریەكان، رق و بێمتمانەیی، ئاراستەی جوداخوازی هتد. زەمینەیەكی لەبار بوون بۆ بەهێزكردن و گەشەپێدانی بەهاكانی تاوانی گەلكوژی لەگەڵ پەیدابوونی فاكتەرە پەرگیرەكانی وەكو ئایدۆلۆژیای توندڕەو و سەركردەی توندڕەوی ناسیۆنالیستی رەگەزپەرست.

ئایدۆلۆژیای پارتی بەعسی عارەبی سۆسیالیست ئایدۆلۆژیایەکە کە بڕوای بە شۆڕشی بێپسانەوە هەبوو، کە بانگاشەی پاکی و بێهاوتایی هەمیشەیی خۆی دەکرد، بڕوای بە سیستەمی یەک پارت و دەستبەسەراگرتنی هەموو مرۆڤەکانی کۆمەڵگە هەبوو، بە بەعسیکردنی بەمجۆرە پاککردنەوەی مرۆڤە عەرەبەکان پێداویستیەکی لەپێشی ئایدۆلۆژیاکە بوو. یەکخستنی عەرەب لە خاکی عەرەبدا لە یەک ئومەدا لە کەنداوی فارسییەوە تا دەریای ئارام ئامانجی شۆرشی بەعس بوو، هەروەکو لە نووسینەکانی میشیل عەفلەقدا دەردەکەوێت. هەموو ئەو کەمینانەی لە چوارچێوەی سنورەکانی وڵاتە عارەبیەکاندا دەژیان، بە بەشێک لە گەلی عەرەب سەیریان دەکرا، بۆیە تواندنەوەیان بەڕێگەی جۆراوجۆر بەپێویست دەزاندرا.

پێویستە بگوترێت کە ئایدۆلۆژیای بەعس سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی و بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی عەرەب لەم سەردەمەدا بە سەردەمی زێڕینی عەرەب ناسیووە، شانازی پێوەکردووە و مەبەستی هەبوو ئەم سەردەمە لە شێوازێکی نوێی بەعسیانەدا بژیێنێتەوە. هەروەکو سەدام حوسێن لە دەیەی کۆتایی دەسەڵاتیدا هەوڵێ زیاتری ئەم لێکچواندنەی داوە.

میشیل عەفلەق پێیوابوو کوردەکان کەمینەیەکی بچوکی سەر بە گەلی عەرەبن، بۆیە دەبوایە بەشێک بن لە خەباتی گەلی عەرەب دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، ئەگەر وانەکەن و پەیوەندی لەگەڵ دوژمانەوە ببەستن وەکو پیلانگێر دژی شۆرشی عارەبی سەیر دەکرێن. لەباری بەرگریکردنی نەتەوە و گروپی کەمینەدا، پاککردنەوە و لەناوبردنیان بەپێویست زاندراوە، کە بە دەستی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم وە مەترسی لەسەر چارەنوسی گەلی عەرەبدا تاوانبارکراون، وەکو لە دوانەکانی سەدام حوسێندا دەردەخرا.

دیارە بۆ پیادەکردنی پاکتاوی رەگەزی یا تاوانی گەلکوژی بەشێوەیەکی سیستەماتیکیانە و پلان بۆ داندراوانە، جگەلە ئایدۆلۆژیا و سەرکردەی توندڕەو، بوونی دەزگایەکی بەرفراوانی بیرۆکراسیانە، کەرستە و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی تاوانەکە پێویستن.

دەسەڵاتی توندڕەو لەڕێگەی ئایدۆلۆژیای توندڕەو و پەڕگیردا بەڕێگەی جۆراوجۆر لەوانە هۆکارەکانی راگەیاندن هەوڵی گەورەکردنی رق وکینە بەرامبەر بە کەمینەی نیشانکراو دەدەن، واپیشان دەدەن کە خەڵکە دیارکراوە نەخوازراوەکە

لەبەر جوداییان کێشەیەکی گەورەن، کۆسپ و تەگەرەن، ناپاکن و جێگەی متمانەنین بۆیە نەخۆشین تووشی کۆمەڵگەی ویستراو و دەسەڵاتدار بووین. بوونی ئەم خەڵکە وەکو رێگر و بەربەست بۆ سەرکەوتنی بیروباوەر و ئامانجەکانی ستات سەیر دەکرێن، بۆیە هەوڵی نامرۆڤاندنی مرۆڤەکانی سەربە نەتەوەی کەمینە دەدەن بەجۆرێک کە مرۆڤەکانی ئەم کۆمەڵگە نەخوازراوە بەهای مرۆڤبوونیان لێدەسەندرێتەوە و دەهێندرێنە ریز گیانەوەری بێماف، بەجۆرێک کە کوشتنیان ئیدی بە سوودبەخش دادەندرێت. لەم رێگەیەوە ستات یا دەسەڵاتی پشووتەنگی پەڕگیر هەوڵی رەواکردن و راشیونالیزەکردنی (گونجاندنی لەناوبردن لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵک و ستات) لێدانی کۆمەڵگە یا کەمینەی نەخوازراو دەدەن و هەوڵی گەیشتن بە چارەسەری یەکجاری دەدەن. بۆ جێبەجێکردنی لەناوبردنەکە پێوستیان بە کەرستە، ئۆرگان و دەزگای جێبەجێکردنی لەناوبردنەکە هەیە، بەجۆرێک کە هەموو لەناوبردنەکە ئۆرگانیزە بکرێت کە وەکو کارگەیەکی کاریگەر لەناوبردنەکە جێبەجێ بکات.

سیستەمی بیرۆکراسی لە ستات و سیستەمی دیکتاتۆرانەدا خۆی لە چوارچێوەیەکی ئۆرگانیزەکراوی توند، داپۆشراو بەترس و تۆقاندن دەنوێنێت. سیستەمی بیرۆکراسی میکانیزمێک دروست دەکات کە یەکەم: سترەکتوری هەرەمی دەسەڵاتێکی سەروو-خواروو دروست دەکات. وادەکات بڕیارەکان لە سەرووەوە بۆ خواروو دەردەکرێن و لە خوارەوە جێبەجێدەکرێن. دووەم: سیستەمی بیرۆکراسیانە دڵسۆزی بێئەملاو ئەولا لە ئەندام و بەشەکان داوا دەکات، بەجۆرێک کە پرسیار لە ئاست فەرمانەکان داناندرێت و دەبێ ئەرکەکان جێبەجێبکرێن. سێیەم: دابەشکردنی کار لەنێوان ژمارەیەکی زۆری کەس، کە هەریەکە و ئەرک و کاری تایبەتی خۆی پێ دەسپێردرێت بەبێ ئەوەی راستەوخۆ ئاگاداری ئەنجامی کارەکە بێت، جگە لەوانەی کە راستەوخۆ تاوانەکە ئەنجام دەدەن. چوارەم: بەدامەزراوکردنی کەسەکان لە چوارچێوەیەکی بیرۆکراسیانەدا بەجۆرێک کەسەکان وەکو یەک تیمی تەواوکەری یەکتر هەر کەسە دەبێ بەئەرکی خۆی هەڵبستێت تا بتوانن بەرهەم بهێنن. تیمەکە جۆرە واتایەک کە پێویستبوون، ئەرک، ترس و ملکەچی دروستی کردووە بە کەسەکان دەگەیەنن و کەسەکان بەشێکن لە تیمەکە. تیمەکە بە بڕوا و بۆچوونی گەلکوژکارانە سیستەماتیکیانە گۆشکراوە و کەسەکان لەگەڵیدا پەروەردەکراون.

پێنجەم: پەروەردەکردنی دوولایەنەی هەست لەلایەن مرۆڤەکاندا. بەجۆرێک هەر مرۆڤە هەستی ئاسایی وەکو مرۆڤ لەگەڵ خێزان و نزیکان و هاوبیرانی هەیە، بەڵام بەرامبەر بە خەڵکی نەخوازراو هەست بوونی نامێنیت و کوشتن و لەناوبردن وەکو دەستکەوت و پێداویستی سەیردەکرێت.

ئەوانەی کە لەسەروودا خاوەن و بریاردەری هەموو سیستەمەکەن ئەوانە بکەرانی سەرووی تاوانی گەلکوژین، ئەوانەی کە لە خواروودا تاوانەکە ئەنجام دەدەن، ئەوانە بکەری خوارووی تاوانی گەلکوژین. هەموو ئەوانەی کە لەم سیستەمەدا خۆیان دەنوێنن بەئاگایانە یا بێئاگایانە پشکی ئەم تاوانەیان بەپێی شوێن و کردار بەردەکەوێت.

ستاتی ئێراق و دەسەڵاتدارانی سەرووی رژێمی بەعس بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردیان وەکو کۆسپ و تەگەرە، ناپاک و دەستی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم سەیر دەکرد. لەم روانگەوە نەتەوەی کورد وەکو کێشە و نەخۆشی بۆ بەرژەوەندیەکانی ستاتی ئێراق و نەتەوەی عەرەب لە چوارچێوەی بیری بەعسیزمدا سەیرکردووە. بۆیە هەوڵی نامرۆڤاندنی مرۆڤی کورد دراوە و لەناوبردنیان وەکو ناپاک و کرێگرتەی بێگانە و دوژمن بەپێویست داندراوە و رەواکراوە. لەناوبردنی کورد وەکو چارەسەری کێشەی ستاتی ئێراق و لەهەمان کاتدا رزگارکردنی نەتەوەی عەرەب لەم نەخۆشییە سەیرکراوە.

سەدام حوسێن، عەلی کیمیاوی، تاریق عەزیز، تەها یاسین رەمەزان، عیزەت دوری، نەزار خەزرەجی، سوڵتان هاشم و ئەوانەی دیکەی سەرکردایەتی بەعس و سەرووی هێزە چەکدارەکان پێکهاتەی سەرووی هەرەمی ئۆرگانیزەکراوی سیستەمی بیرۆکراسیانەی دەزگای جێبەجێکردنی تاوانی گەلکوژی ئەنفالیان پێکهێناوە، ئەوانەی خواروو وەکو فرۆکەوان، هێزەچەکدارەکانی بەرەکانی لەناوبردن وەکو سەرۆکی یەکە سەربازیەکان، هەروەها چەکدارەکان (هێزی تایبەت یا میلیتسی پارت وەکو هێزەکانی ئەمن، ئیستخبارات، مخابەرات، هێزی تایبەت، گاردی کۆماری، جاشەکان) و سەربازەکانی راستەوخۆ لە کوشتارەکە بەشدار بووینە ئەوانە بەشی ناوەراست و خوارەوەی ئەم دەزگا بیرۆکراسیانەیان لە جێبەجێکردنەکەدا پێکهێناوە. ئەوانەی راستەوخۆ بریاریان لەسەرووەوە دەرکردووە وەکو سەدام حوسێن، عەلی کیمیاوی و دەوروبەرەکەیان ئەوانە تاوانباری ئاستسەرووی گەلکوژین، ئەوانەی

راستەوخۆ لە خوارووەوە بەجێبەجیكردنی تاوانەكە هەڵساون وەكو هێزە سەربازی و تایبەت و جاشەكان، ئەوانە تاوانباری ئاستخواروی تاوانی گەلكوژین.

لەسەرووەوە بۆ خوارەوە كار و ئەركەكان لە نێوان مرۆڤەكاندا دابەش كرابوون، هەر كەسە بەپێی شوێن و ئەركی پێسپێردراوی بە جێبەجێكردنی ئەرك هەڵساوە بێ ئەوەی پرسیار بكات، لەكاتێكدا هەموو سیستەمەكە بە ترس و تۆقاندن و ملكەچی گەمارۆدراوبووە. ژمارەیەكی زۆری مرۆڤەكان راستەوخۆ لەكاری جێبەجێكردنەكەدا بەشداریان نەكردووە، بەڵام بەشی گرنگی دەزگا گەلكوژكارەكە بووین. بۆنمونە خەڵك دەستگیركراوە و بۆ تۆپزاوا هێندراوە، لە تۆپزاواوە لەلایەن یەكەی تایبەت گوستراونەتەوە زیندانی تایبەت. یا ئەم یەكە و مرۆڤانەی بەكار و ئەركی دیكەی بەرێوەبەری هەڵساون، یا ئەم دەزگا و كەسانەی بە ئەركی بواری راگەیاندن هەڵساون، لە راگەیاندنەكاندا پشتگیری جێبەجێكردنی گەلكوژیان كردووە و پێیاندا هەڵداوە، بەمجۆرە هەوڵی بەدەستهێنانی رەواكردنی رای گشتیان داوە یا هەوڵی باشتركردنی ستاتوسی خۆیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەچوارچێوەی تیمەكەدا یا سیستەمەكەدا داوە. ئەوانەی راستەوخۆ لە كوشتارەكان و كۆمەڵكوژیەكان بەشداریان كردووە، ئەركی پێسپێردراویان بێ پرسیار و گومان، بێئەوەی هەست و سۆز بەرامبەر بە خەڵكی قوربانی پیشان بدەن، بە ئەركی راستەوخۆی لەناوبردن هەڵساون.

لەم پەرتوكەدا بەتایبەتی و بەشێوەیەكی سەرەكی هەوڵدراوە ناوی تاوانباران لە ئاستی سەروو و خوارووداو، لە بەش و یەكە جیاوازەكانی دەزگا ئەمنی و سەربازی و تایبەتەكانی رژێمی بەعسدا بخرێنەروو و ئاشكرا بكرێن. لەم پەرتوكەدا كە تائێستا گرنگترین سەرچاوەی كۆكراوەی ناساندنی تاوانبارانی تاوانی گەلكوژی ئەنفالە هەوڵدراوە ناوی یەكەیەكەی بەشێكی زۆری تاوانباران ئەوانەی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ لە تاوانەكەدا بەشداریان كردووە بخرێنەروو. لەگەڵ ئەوەدا ئاماژە بە ئاستی توانا و تایبەتمەندیەكانی هێز و كەسەكان، وە لە هەندێ باردا چارەنوسی كەسەكان لە سیستەمی بیرۆكراسیانەی رژێمی بەعسدا دەكرێت.

گرنگی ئەم پەرتوكە لێرەدا سەبارەت بە دەزگای بیرۆكراسیانەی رژێمی ئێراقی بەعس دەردەكەوێ كە وادەكات خوێنەر ئاشنایەتی راستەقینە و بەكردەوە لەگەڵ رووی دەرەوە و ناوەوەی كارگەی بیرۆكراسیانە و بەعسیانەی هاڕینی مرۆڤی

كورد تاڕادەیەكی باش پەیدا بكات. هەروەها تێگەیشتنێكی راستەقینە سەبارەت بە كەسەكان و رێكخراوەكە، پەیوەندیەكان و ئاستی توونودتیژی سەروو لەگەڵ خواروو پەیدابكات و ئاشنایەتی لەگەڵ هەندێ لە فاكتەرە گرنگەكانی كە لە سیستەمی ترسێنەر و داخراودا هەن پەیدا بكات. ئەم زانیاریانەی كە لێرەدا كۆكراونەتەوە و لەسەریان نوسراوە وادەكات كە مرۆڤ بزانێ كێن ئەوانەی بە ئەنجامدانی تاوانی گەلكوژی ئەنفال بەجۆرێ لە جۆرەكان راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ هەڵساون. ئەم زانیاریانە رۆشنكردنەوەی لایەنێكی گرنگی تراژیدیای ئەنفالن، كە بەبێ زانینیان تێگەیشتن لە تاوانەكە و گەورەیی تاوانەكە هەژاری بەخۆیەوە دەگرێت.

جگەلە ئاشكراكردن و نوسینی ناوی تاوانباران و كەسە دەسەڵاتدارەكان لە ئاست و پلە جیاجیاكاندا، چۆنیەتی روودان و جێبەجێكردنی تاوانی گەلكوژی ئەنفال لە ئەنفالی یەكەوە تا ئەنفالی هەشت كە لە ساڵی (1988)دا ئەنجامدران روونكراوەتەوە، ناوی سەركردە سەربازی و هێزە تایبەتەكان و رۆڵیان لە شاڵاوە گەلكوژكارەكاندا بە وردەكاریەوە نووسراون. دیارە چۆنیەتی روودانی تاوانی ئەنفال لە چەندین پەرتوكی دیكەدا دوانی لەسەر كراوە، بەڵام ئەوەی ئەم پەرتوكە لەوانیتر جیادەكاتەوە، وردەكاری زیاتر و زانیاری نوێیە سەبارەت بە لایەنی ئەنجامدەری گەلكوژی ئەنفال.

كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر تاوانباران و چۆنیەتی روودان و جێبەجێكردنی تاوانی گەلكوژی ئەنفال واتای ئەوە نییە كە دەبێ مرۆڤی كورد بیر لە تۆڵە بكاتەوە یا هانی توندڕەوی و دژایەتی كوێرانەی بدات، بەڵكو بۆ ئەوەیە دادوەری لە چوارچێوەیەكی رەوای دانپێنراوی گەردوونیدا بەدەستبهێندرێت، بۆ ئەوەیە هەوڵەكان بۆ دووبارە نەبوونەوەی تاوانی گەلكوژی یا تاوانەكانی دژ بە مرۆڤایەتی بچنە ئاستی تەواوەتی، چاوپۆشی لە فاكتەر و لایەنە گرنگەكانی ئەم تاوان و تراژیدیایە نەكرێت. بۆ ئەوەیە تاوانەكە وەكو خۆی بەخەڵك بگەیەندرێت.

بەدادگایی گەیاندنی تاوانبارانی تاوانی گەلكوژی دەچێتە چوارچێوەیەكی كانونی دانپێندراوی جیهانی كە لەمبارەیەوە چەندین كانون و بریاری كانونی جیهانی سەبارەت بە تاوانی گەلكوژی و تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی دەركراون، وە رێككەوتنیان لەسەر كراوە. لەمبارەیەوە چەندین دادگای جیهانی و ناوخۆیی كە تایبەتن بە

دادگاییكردنی تاوانبارانی تاوانی گەلكوژی دامەزرێندراون. لەوانە بۆنمونە دادگای نێونەتەوەیی تاوانەكان، دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانەكانی یۆگۆسلاڤیا و رواندا، هەروەها دادگای دیكە كە تێكەڵن لە دادوەر و كانونناسانی ناوخۆیی و جیهانی وەكو دادگای تایبەتی كەمبۆدیا و سیرالیۆن، یا دادگای تر كە ناسیۆنالن و تەنها لەلایەن دادوەر و كانونناسانی ناوخۆدا بەرێوەدەبردرێن، وەكو دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق و هتد. سزادانی تاوانبارن وەكو پرۆسەیەكی كانونی جگەلەوەی تیشك خستنەسەر تاوانە و هەوڵی ئاشكراكردنی راستیەكانە، جگەلەوەی گەیشتن بە دادوەریە و جۆرێك لە قەرەبوكردنەوەیەكی دەروونی كەسوكاری قوربانیانە، لەهەمان كاتدا بەشێكی گرنگی پرۆسەی پێشگرتنە لە دووبارەبوونەوەی تاوانی لەم شێوەیە. رێكڕاگری و فەراهەمبوونی ئاشتی پێویست دەكات كە تاوانباران لەسەر تاوانەكانیان سزا بدرین، چونكە لە ئەگەری نەبوونی سزا، لەلایەك تێگەیشتن لە تاوانەكە ناتەواو دەبێت، وە دادپەروەری بەدەست نایەت، لەلایەكی دیكە ئەگەری دووبارەبوونەوە و چەندبارەبوونەوەی تاوان زۆرە. لەمبارەدا تاوانباران سڵ لە دووپاتكردنەوەی تاوانەكە ناكەنەوە چونكە هیچ كاردانەوەیەك، مەترسیەك و بەربەستێك لەبەردەمیاندا نابینن، كە وادەكات لە شوێنی دیكەدا دەسەڵات، سەركردەی توندڕەو و دیكتاتۆر تاوانی لەم شێوەیە بێسڵەمینەوە ئەنجام بدەن. بەمجۆرە مەترسیەكانی سەر رێكڕاگری و ئاسایش، هەروەها ئارامی و ئاشتی لەسەر ناوچە و جیهاندا زۆر دەبن، لە خراپترین باردا ئاسایش و ئارامی لەبار دەچێت و مرۆڤایەتی دەكەوێتە ژێر ئازار.

ئەم نەتەوانەی كە بەرەوڕووی تاوانی گەلكوژی بوونەتەوە وەكو جووەكان، توسیەكانی رواندا، بۆسنیەكان و هتد. هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن كە تاوانبارن دەستگیربكرێن و بدرێنە دادگا، تاكو دادگا لە چوارچێوەیەكی كانونیانەدا لە تاوانەكانیان بكۆڵێتەوە و بریاری سزاكانیان بدات. جووەكان یەكێ لەم نەتەوانەن كە بە كاریگەرترین شێوە هەوڵی دۆزینەوە و دەستگیركردنی تاوانبارانیان داوە و دەدەن. ئێستاش دوای تێپەربوونی زیاتر لە نیوسەدە بەسەر تاوانی گەلكوژی هۆلۆكۆستدا كەسانی تاوانبار لە شوێنی جیاجیای جیهاندا دەدۆزنەوە و لەسەر تاوانەكانیان راپێچی دادگایان دەكەن.

بەپێی تاقیکردنەوەکانی کە لە دادگاکان و ئەنجامی دادگاییکردنەکاندا دەستکەوتوون، زۆر لەوانەی کە لە تاوانی گەلکوژیدا بەشداریان کردووە، نەدراونەتە دادگا یا گوێ بەدادگاییکردنیان نەدراوە. ئەوانەی دراونەتە دادگا زیاتر ئەو تاوانبارانە بووین کە ناسراو بووین و لە تاوانەکەدا رۆڵی دیار و بەرچاویان هەبووە. بۆیە سەیر نییە کە نەتەوەی قوربانی بەگشتی و کەسوکاری قوربانیان بەتایبەتی هەست بە ناڕەوایی و کەمتەرخەمی ستات و دادگا لەئاست پرۆسەی دادگاییەکە و گەیشتن بە دادپەروەریدا دەکەن.

ئەوەی دادگا و ستات یا کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە دادگاکانی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کردوویانە و پێی هەڵساون بە کۆمەڵێ بەرژەوەندی رامیاری و ئابوری دەورەدراوە، بۆیە ئاست و بەرفراوانی دادگاکان و پرۆسەی دادگاییەکان سنوردار کراون و دەکرێن.

لەئەگەری دەربازبوونی تاوانباران یا ئەوانەی بە جۆرێ لە جۆرەکان پشکیان لە تاوانەکەدا هەبووە لە سزای کانونی، گرنگە ئەو کەسانە بەلایەنی کەم بە کۆمەڵگە بناسرێن و ناویان لە فەرهەنگی تاوانبارانی تاوانی گەلکوژیدا تۆمار بکرێت. تۆمارکردنی ئەم ناوانەی لەم پەرتوکەدا کۆکراونەتەوە بەلایەنی کەم ئەم ئامانجە دەپێکێت.

لە ئێراقدا دادگای باڵای تاوانەکان کە لەلایەن ئەمەریکا و دەسەڵاتی ئێراقی دروستکراوە و دادگایەکی ئێراقییە و دەرهاویشتەی پرۆسەی رامیاری دوای سەدامە، لە کۆی تاوانبارانی تاوانی گەلکوژی ئەنفالدا تەنها (5) کەس دادگاییکران کە ئەوانیش عەلی کیمیاوی، سوڵتان هاشم، فەرحان موتلەگ جبوری، حوسێن ڕەشید محەمەد، سابیر عەبدولعەزیز دوری بوون. سەدام حوسێن کە سەرۆکی ئێراق بوو و تاوانباری سەرەکی تاوانی گەلکوژی ئەنفال بوو، لە نێوەی دادگاییکردنەکەدا بەهۆی کەیسی دوجەیل کە پێشتر تەواو ببوو و لەوێدا سزای هەڵواسینی بۆ بڕابۆوە، لەنێوبردرا و بەمجۆرە لەسەر تاوانی ئەنفال سزا نەدرا، وە وەکو تۆمەتبار ناوی لەنێو تۆمەتباران لەتاوانی ئەنفالدا رەشکرایەوە.

دیارە لە هەندی وڵاتدا دادگای تایبەتی ناوخۆیی بۆ دادگایی تاوانباران دادەندرێت و هەوڵ دەدات لە تاوانی وردودرشتی تاوانەکە بکۆڵێتەوە و سزای دادگا بەسەر تاوانباراندا بەپێی تاوانەکانیان بسەپێنێت. وەکو دادگا ناوخۆییەکانی رواندا و بۆسنیا.

ئەم دادگایانە لەگەڵ کەموکوڕیەکانیان کە هەیانە، توانیویانە زۆر لە تاوانبارانی ئاستی سەروو و خواروو بدەنە دادگا و سزایان بۆ ببڕنەوە.

لەبەر جودایی تایبەتمەندی باشووری کوردستان دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراقی ناتواندرێ وەکو دادگایەکی ناسیونالی کوردی سەیری بکرێت، لەلایەکیتر لەبەر نەبوونی دەسەڵاتێکی نیشتمانی لە کوردستان و لەبەر زاڵی بەرژەوەندی تایبەتی پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان دادگای تایبەتی ناوخۆیی کوردستانی بۆ دادگایی تاوانبارانی ناو کوردستان بوونی نییە. تائێستا لێپێچانەوە و دادگاییکردنی تاوانبارانی کورد وەکو جاشەکان لەلایەن پارتی دەسەڵاتدارەوە رەتکراوەتەوە و ئەو کەسە تاوانبارانە لەلایەن دەسەڵاتەوە پارێزگاری دەکرێن. خەڵکی کوردستان کەموزۆر پەنایان بردۆتە بەر دادگای ئێراقی تا ئەم کەلێنەیان بۆ پڕ بکاتەوە، بەڵام ئەم دادگایەش کێشەی لایەنگیری هەیە و سەربەخۆ نییە، جگەلەوەی ئەم دادگایە ناتوانێ جێگەی دادگایەکی سەربەخۆی کوردستانی پڕبکاتەوە، چونکە دادگاکە دید و لێکدانەوەکانی لە روانگەیەکی ئێراقیانەوەیە و لەژێر کاریگەری بەها ئێراقچییەکان دایە.

پێویستە بگوترێت تاوانی ئەنفال تراژیدیایەکی نەتەوەیی ناسیۆنی کوردە، کە پێویست دەکات مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی و کۆمەڵگەی دیکە و جیهانی بەگشتی لە هەموو لایەنەکان و وردەکاریەکانی ئاگاداربن یا وابکرێت بتوانن لێی ئاگادار بن. تاوانی گەلکوژی ئەنفال کارەساتێکی مرۆڤکردە بەسەر نەتەوەی کورد هێندراوە، بۆیە پێویستە کارەساتێک لەم ئاست و قەوارەیە گەورەیەدا بە شێوەیەکی دەکومێنتاری و بابەتیانە لە فەرهەنگی خەڵکی کوردستاندا بە هەموو وردەکاریەکانیەوە تۆماربکرێن.

چۆنیەتی رووداوەکە لە هوموو لایەنەکانەوە، تاوانباران و ستاتی تاوانبار، هێزەکان و چەکەکانی کە لە تاوانەکەدا بەکارهاتوون، یارمەتیدەرە دەرەکی و ناوخۆییەکان وەکو وڵاتەکان و کۆمپانیا بێگانەکان، قوربانیان و جۆری تاوانەکان کە بەرامبەریان کراوە، کەسوکاری قوربانیان و مافەکانیان، ئەم زیانانەی لێیان کەوتووە، کەسە ونبووەکان، کەسە کۆیلەکراوەکان، گۆڕە بەکۆمەڵەکان، هەوڵەکانی تێگەیشتن لە تاوانی گەلکوژی، گێرانەوەکان و سەربردە تراژیدیەکان چ بچووک چ گەورە، هوشیارکردنەوەی خەڵک لە جۆری تاوانەکە وەکو ئەوەی کە لە ئاستی

جیهانیدا و لەلایەن نەتەوەکانی دیکەی قوربانی گەلکوژی تێگەیشتنی بۆ دروستکراوە، سوودوەرگرتن لە هەوڵی گەلانی دیکەی قوربانی گەلکوژی و گەیاندنی ئەم زانیاریانە بە خەڵکی کوردستان، ئەمانە و بابەتی دیکە هەمووی بۆ تێگەیشتن و ناسینی تاوانی گەلکوژی ئەنفال زۆر گرنگن. بۆیە پێویستە هەوڵی زیاتر و زیاتر لەم بوارانە و پرسیارە پەیوەستدارەکان بە بەردەوامی بدرێن.

لەکۆتاییدا پێویستە بگوترێت ئەم پەرتوکە هەوڵێکی زۆر گرنگە کە بۆ ناساندنی لایەنی تاوانبار لە تاوانی گەلکوژی ئەنفالدا دراوە، ئەم زانیاریانە بەشێکی گرنگ و لەنرخ نەهاتوون لە فەرهەنگی گەلکوژی ئەنفالدا. هیوادارم هەوڵەکان لە هەموو بوارەکانی پەیوەستدار بە گەلکوژی ئەنفال بە وردەکاری زۆر و تێروتەسەلیەوە زۆرتر بکرێن، چونکە هەرچەندی لەسەر ئەم تاوانە بنوسرێت، هەرچەندی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم تاوانە بکرێت، تێگەیشتن و لێکدانەوەکانمان دەوڵەمەندتر دەبن کە وادەکەن باشتر لە گەورەیی تاوانی گەلکوژی ئەنفال بگەین، کە بێگومان تێگەیشتنێکی دەوڵەمەندتر کاریگەری ئەرێنیانەی لەسەر هەوڵەکانی پێشگرتن بە دووبارەبوونەوەی تاوانی گەلکوژی لە کوردستان و شوێنی دیکەی جیهاندا دەبێت.

# ڕێزلێنانێک بۆ خەمەکانی دەرسیم

عومەرمحمەد
سەرنوسەری ساڵنامەی ئەنفالستان

چەندە مایەی شکۆمەندیمان دەبوو ئەگەر لەدوای تاوانی ئەنفالەوە هەموومان (دەرسیم ئاسایی) بەویژدانی ساخلەمو بێ فرۆفێڵو فەزڵفرۆشی هەڵویستمان نواندبایەو بە هانای ئەم میللەتە جینۆسایدکراوەوە بچوینایە، لەکاتی خۆشیو قریوەی منداڵەکانی خۆماندا، گریانو فیزاقی "تەیموری مێرد منداڵ" ( [1] ) و ئەو منداڵانەمان لە بیربوایە کە چۆن لە ژێر چنگی ستەمی بەعسو لە زیندانەکانی تۆپزاوەو دوبزو نوگرەسەلمان، یان لە قەراغی گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا لە نەبوونی یاساو مافی مرۆڤدا قیژەوهاوریان گەیشتووەتە ئاسمان، چەندە سەربەرزی بوو ئەگەر، ئەو تاوانە لەبەری ئەوەی ویژدانمان بکوژێت هەستەوەرە مرۆڤایەتی و نەتەوەییەکانمانی بێدار بکردایەتەوەو لەکاتی لەدایکبوونی هەر کۆرپەیەکماندا ئەو منداڵانەمان بهاتبایەتە بەرچاو کە لەناو هۆڵەکانی زیندانو بەریگای دۆزەخی نوگرەسەلمانەوە، لەناو ئیڤایەک یان لەناو ئۆتۆمبیلێکی ڕەزاگرانی سەربازیدا بەپێشچاوی پاسەوانێکی بەعسیەوە لەداميێنی دایکیان کەوتنە خوارەوە..! ئاخر ئەگەر لەوپەڕی بێباکی وخەمساردی خۆماندا نەتلاینایەتەوەو سەروەتو سامانی بەرپرسان پێش بەهای مرۆڤی کوردو ئازادیەکانی نەکەوتنایە ئێستا لەئاستێکی بەرزدا دەبووین.

---

[1] تەیمور مەبەست لە تەیمو رعەبدوڵای خەڵکی کوڵەجۆی ناوچەی گەرمیانە کە لە پەلامارەکانی ئەنفالدا گیراونو بە قۆناغەکانی گرتنو کۆکردنەوەی قورەتوو تۆپزاواوا گوزەری کردووەو لەکاتی گولەبارانکردنیاندا لە گۆڕێکی بەکۆمەڵی ناوچەی سەماوە دەربازی بوو، دواتر خانەوەی بەرێزی ال عێیشم گرتبویانە خۆو پاش سێ ساڵ لە بەخێوکردنیو داڵدەدانی بەدور لەچاوی جاسوسەکانی بەعس رادەستی خانەوادەکەیان کردبووەو ئێستاش لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژی.

بەش بەحاڵی خۆم ویژدانم ئاسودەیە بۆیە بەشانازییەوە دەتوانم چەند ووشەیەکیش بۆ پەرتووکەکەی ئەم نوسەرە بنوسم، وەلێ هێشتا لەئاست نەبەردیو جدیەتی دووکەسایەتی کورد دا خۆم بەقەرزار دەزانم، ئەوانیش بەڕێزان ( دەرسیم دیبەگەیی و ئەمیرقادر)ن کە هەریەکەیان بەجۆرێک پرکێشیان کرد بۆ بەرزکردنەوەی سەری میللەتەکەیانو گێڕانەوەی ئاهێک بۆ کەسوکاری قوربانییانو سزادانی تاوانباران ، کە مەردانە قۆڵیان لە دادگایی کردنی دووگەورە تاوانباری ئەنفال و جینۆسایدکردنی گەلی کورد هەڵمالی، ئەوانیش سەرۆکی ئەرکانی سوپای پێشوو " نزار عەبدولکریم فیصل ئەلخەزرەجی" و گەورە بازرگانی مادەکیمیاویەکان (فرانس ڤان ئانراتی هۆڵندی بوون). بێگومان دەسەڵاتدارانی کوردستانو روناکبیران پێبزانن یان نا، هەردوک دۆسێ (دادگاکانی دانیمارکو هۆڵندا) پێگەی کوردیان قایمترکرد لەوەی کە هەیبوو، بەلای کەمەوە چ دۆسێی سکاڵاکردن لەدژی خەزرەجیو چ سزادانی فرانس ڤان ئانرات لەدوو دادگای وڵاتانی خۆرئاوا بوونە پاشکۆی دادگای عێراقو ئەوەیان یەکلایی کردەوە کە کوردەکان جینۆسایدکراونو هوشیاری ئەوەیان هەیە لە تۆمەتبارانو گومانلێکراوانی جینۆسایدو کۆمەڵکوژی میللەتەکەیان خۆش نابنو مەرج نیە ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی پەی پێنەبرد یاخود خۆی لێ لادا، کەسانی سەربەخۆ بەهەمان شێوە خۆی لێلادەدەنو چاوپۆشیان لێ دەکەن .

من لێرەوە جارێکی تر دەستی دیبەگەیی دەگوشمو پیرۆزبایی سەرکەتنی لەچاپدانی پەرتووکەکەی لێدەکەمو دەڵێم: ئەو ئینسکلۆپیدیایەی بۆ تاوانبارانی ئەنفال ئامادەی کردوە، جارێکی تر ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنی کەوا چۆن کەسانێک دەبینین بەچنگو نینۆک لەهەوڵی ئەوەدان ئەنفال و رۆحی قوربانیەکان بکەنە کارتی سەفەرو کەیفو سەفا، ئاواش کەمینەیەک هەن بەپێچەوانەوە خۆیان خستووەتە خزمەتی ئەو دۆسێیەو

قوربانیەكـــــانیەوە.. بێگومــــــان رۆژگــــــاریش پەردە لەســـــــەر راســــــتیەكان هەڵــــــدەماڵیو دەمامكەكــــــان لادەبـــــات، ئەوســــــا نەپــــــارەوپولو نە فێـــــڵو تەڵەكەبــــــازی فریـــــای كەس نـــــاكەونو شـــــكۆو ســــــەربەرزی بـــــۆ ئەو كەســـــایەتیە خـــــۆبەخشو ئـــــازادیخوازانە دەمێنێـــــتەوە، كە بەبـــــێ قـــــازانجی تـــــایبەتیو بەبـــــێ هـــــاتو هـــــاوارو ســـــنگ دەرپەڕانـــــدن كـــــاری خۆیـــــان كـــــــردووەو بازرگانەكـــــانی ئێســـــــكو كەلەســـــــــەرو چەقاوەســــــــووی ناومـــــاڵپەڕو رۆژنامەكـــــانیش تاســـــــەر نـــــاتوانن وەكـــــو فریشـــــتە خۆیـــــان نمایش بكەنو وێنەی نەیارەكانیشیان بە شەیتان بكێشن.

ئەمـــــڕۆ لەدوای (22) ســـــاڵ لە تـــــاوانی ئـــــەنفال و كیمیابـــــاران كە دەبینـــــین دەســـــتو پەنـــــجەی ســـــەدان هەزار مرۆڤمـــــان تـــــێكەڵ بەلمـــــی بیابانەكـــــانی عارەبســـــتان بـــــوونو دەیـــــان برینـــــداری خەردەل، دەبـــــوایە ســـــەدان مرۆڤـــــی تێكۆشـــــەری كـــــورد (دەرســـــیم ئاســـــا) لە مەیدانـــــدا بـــــوایەو لانـــــــی كەمـــــــی كـــــــاتی خـــــــۆی ببەخشـــــیبایەتە بنیاتنـــــانەوەی، كۆمەڵگـــــای كـــــوردی، كۆمەڵگـــــایەك كە كاریگەریەكـــــانی ئـــــەنفال و جینۆســـــاید بەقـــــوڵی رۆچـــــــــووەتە جەســـــــتەیەوەو پەیـــــــكەری سیاســـــــیو كـــــــۆمەڵایەتی شـــــێواندووە، بێگومـــــان ئەو خۆبەخشـــــانە چەنـــــدی كەمـــــیش بـــــن دەتـــــوانن (دەرســـــیمو ئەمیـــــر ئاســـــا ) بـــــێ گوێـــــدانە گەنـــــدەڵیو بـــــێ بـــــاكیو چـــــاوچنۆكی كەســـــانێك كە بە ناشایســـــتەیی لەســـــەر كورســـــی دەســـــەڵات دانیشـــــتوونو بەتەنیشـــــــت تاوانبـــــــارانی ئەنفـــــــالەوە دەخەنـــــــنەوە، رۆڵـــــــی گرنـــــــگو چـــــارەنووس ســـــاز بگێـــــڕن، مـــــرۆڤ كە لێببـــــڕێ دەتـــــوانێ وەكـــــو نوســـــەری ئەم پەرتووكـــــــە بەدەســـــــتێك ئینســـــــكلۆپیدیای ئەنفـــــــال بنوســـــــێو بەدەســـــتەكەی تـــــریش ســـــكالا لەدژی تاوانبـــــارانی ئەنفـــــال بـــــۆ دادگاكـــــان بكـــــات. جـــــا كـــــێ نـــــایەوێ ئەوە بكـــــات دەتـــــوانێ هەردوو دەســـــتی بەچنـــــگو نینـــــۆك بخـــــاتە گەڕ بـــــۆ پەیـــــداكردنی پـــــارەو پـــــول بەڵام چ ســـــەروەریەك بەدەســـــت دەهێنـــــێ كاتێـــــك بەتەنیشـــــت دەیـــــان تاوانبـــــاری ئەنفـــــالەوە بـــــژیو بخـــــواو بخەنێـــــتەوەو ملكەچـــــی هەر یاســـــاو رێســـــایەك بێـــــت كە تاوانبـــــاران سەد بەرامبەری ئەو لەپێشتربن.

بێگومان بۆ من مایەی شانازیەکی گەورەیە کە دەرسیم شەرەفی ئەوەی پێدام تا پێشەکی بۆ پەرتووکەکەی بنوسم، هەرچەندە نە کات هێندە بە بەرەوە بوو، نە بیرو هزریشم لەوکاتەدا یاریدەدەر بوون شتێک بنوسم بەدڵی خۆمو شایانی کارە بایەخدارەکەی دەرسیم بێت، بۆیە من ناوی پێشەکی لەم نوسینە نانێم، بەڵکو تەنیا ڕێزلێنانێک بۆ خەمەکانی ئەو قەڵەمەی پیرە هەولێریَ دەنوسمو بەهیوام ئەویش لەبری پێشەکی لێم قبوڵ بکات.

چەند ساڵێکە برای خۆشەویستم " دەرسیم دیبەگەیی" لەخەمی ئەوە دابوو پرۆژەی ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی کوردستان چاپ بکات، ئەوەش بەتەواوی بیرو هزری داگیرکردبوو، ئاگام لێی بوو وەکو چۆن چۆلەکە پوش بۆ هێلانەکەی کۆدەکاتەوە ئاوا لەخەمی کۆکردنەوەی زانیاریدا بوو، دڵخۆشم بەوەی وا کۆششەکانی دێنە بەرهەمو پەرتووکەکەی ڕوناکی دەبینیَ. ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال، کارێکی سەرپێیو هاکەزایی نیە بەڵکو کارێکی پێویستو بەری ڕەنجی پیاوێکی ماندونەناسی کوردە، کە بەلێوەشاوەییەکی زۆرەوە، شانی داوەتەبەر کۆکردنەوەو ئامادەکردنی زانیاری گرنگو بەسوود دەربارەی تاوانی ئەنفال و کارەکتەرە جیاوازەکانی تاوانەکە، هەر لە سەرکردایەتی بەعسەوە تا بە گومانلێکراوانو تاوانبارانی تردەگەن.

ئامانجی پرۆژەکەی نوسەر:

بێگومان ئامانجی دیبەگەیی لەچاپدانی پەرتووکەکەی ئەوە نیە پۆستو ناوی تاوانباران ئاشکرابکاتو لەقاویانبدا، یان بە ئاشکرا کردنی ناوی تاوانبارانو گومانلێکراوان ئازاریان بداتو بەوەش فیشکەی سمێڵی بێ، چونکە من دەرسیم بناسم چێژ لەئازاردانی کەس وەرناگریَ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئازاری میللەتە جینۆسایدکراوەکەی وای لێکردووە بۆخۆی ئازارو شەونخونی لەپێناوی بەختەوەری نەوەی نوێدا بکێشیَ، بۆیە ناشێت ئەم

هەوڵەی دیبەگەیی وا لە مرۆڤی کورد بەتایبەتی قوربانیانی ڕاستەوخۆی ئەنفال و کیمیاباران بکات بیر لە تۆڵەسەندنەوە بکەنەوەو تۆوی دردۆنگیو تووندڕەفتاری بچێنێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە کارەکتەرەکانو هۆکارەکانی ئەو تاوانە بۆ هەموو لایەک ڕونبکاتەوەو کوردیش باشتر حەوشەو بانی خۆیو دراوسێکانی ببینێ، بەڵام بێشک ئەویش وەکو هەر مرۆڤێکی ئازادیخواز دەخوازێ یاسا سەروەرو سەربەخۆبێتو تاوانبارانیش سزای خۆیان وەرگرنو ئەوانەشی تەنیا تۆمەتبارو گومان لێکراون بەبێ دەستێوەردانی سیاسی دادگا تاوانباریو بێگوناهیان یەکلایی بکاتەوە، بەلای کەمەوە بۆ ئەوەی ئەم تاوانە ببێتە پەندو عیبرەت بۆ هەموو ئەو ئەفسەرو پلەدارانەی سوپای ئێراقو کوردستان کە لەمەولا ئاشنابن بە بنەماکانی مافی مرۆڤو بزانن کامە ئەرکی ئەوانەو چۆن داکۆکی لە نیشتمانو خاکەکەی دەکەن، بەدڵنیاییەوە پەرتووکەکەی دیبەگەیی سوودێکی زۆر بە سوپاو ئاسایش دەگەیەنێ هەتا لەرێیەوە بزانن چی دەبێتە خیانەت لە نیشتمانو کام کردەوەیەش پێچەوانە دەبێتەوەو دەبێتە خیانەت لە ئەرکی سەربازیو نیشتمانی خۆیان، بۆ ئەوەی نەخەڵەتابن لە داهاتوودا بەمەزاجی تاکە سەرکردەیەک یان لەبەر بەرژەوەندی تاکە حزبێک تاوانی لەوجۆرە دووبارە بکەنەوە، چونکە ئەوەی سوپای ئێراق لە ئەنفالدا کردی، نەک هەر ئەرکی نیشتمانی نەبوو، بەڵکو دژایەتیو وێرانکردنی ڕاستەوخۆی نیشتمانو پێشێلکردنی مافی هاونیشتمانیان بوو، تاوانێکی گەورە بوو لەسۆنگەی حزبێکی دکتاتۆرو لەپێناوی مەزاجی سەرکردایەتیەکی دڵرەقو نەفامدا ئەنجامدرا.

ئەگەر هەروا کەمێک بیری بدەینێ بەڕونی ئەوە دەبینین کە ئەو بودجەیەی بۆ سوپای بەناو نیشتمانی تەرخانکرابوو، هەموو کوردستانی پێ خۆشگوزەران دەکرا، کەچی نەک لەپێناوی خۆشگوزەرانیو سەلامەتی هاونیشتمانیانو پاراستنی نیشتمان

خەرج نەکـــرا، بەڵکـــو دران بە بۆمــــبو خومپـــارەو چەکـــی کیمیـــاویو نیشـــتمانیان پـــێ ویـــرانو گازبـــانکردو هاونیشـــتمانیانی پـــێ کۆمەڵکـــوژ کـــران، هەمـــوو ئەوانەش نەک ئەرکـــی ســـوپای نیشـــتمانی نەبـــوون بەڵکـــو تـــاوان بـــوون بەرانـــبەر بە نیشـــتمانو ســـنوری تـــاوانی ئاســـاییان بەزانـــــدو، تــــرازانە نـــــاو تــــــاوانی جینۆســــــایدەوە، ســــــەرئەنجام شـــەرمەزارییەکی زۆریـــان بـــۆ ســـوپاو تەنـــانەت بـــۆ دەوڵەتو کـــۆمەڵگەی ئێـــــراقیش بەجێهێشـــــت، چـــــونکە ئەوەی پیـــــاوانی ســـــوپا ئەنجامیانــــــدا (تـــاوانی کۆمەڵکـــوژی، تـــاوانی دژی مرۆڤـــایەتیو تـــاوانی جەنـــگ) بـــوون هەر وەک بینیمـــــان تۆمەتبـــــارانی ئـــــەنفال و کیمیابـــــارانی شـــــاری هەڵەبـــجەش بەتـــۆمەتی تـــاوانی گەورە دادگـــایی کـــرانو ســـزادران، بـــۆیە هەوڵەکەی دیبەگەیـــــیو هەمـــــوو ئەوانەی دەربـــــارەی ئەم تــــــاوانە نوســـــیویانەو دەنوســـــن بـــــێ گومـــــان هەردەبێــــت بـــــۆ ئەوەبێــــت کە نە لەڕابـــــوردوداو نە لەداهاتووشـــــدا چاوپۆشـــــی لە تاوانبـــــارانو لایەنگـــــرو فاکتەرەکـــانو بەشـــدارانی ئەم تاوانـــــانە نەکرێـــت جـــا هەر پۆســـــتو پلەیەکی سەربازیو دەوڵەتیان هەبێ.

هەڵـــبەت کـــارە پـــڕ بـــایەخەکەی دەرســـیم دیبەگەیـــی دەهێنـــێ پەرتوکخـــانەی کـــوردیو خـــوێنەری کـــورد بەڕێـــزەوە پێشـــوازی لێـــبکەنو کاتێـــک بـــۆ خوینـــدنەوەی تەرخـــان بکرێـــت، بەڵام دەبێـــت ئەو ڕاســـتیە تـــاڵەش بـــزانین کە بەم هەوڵە گـــرنگەی نوسەریشـــەوە هێشـــتا لەلایەن کـــوردەوە هیچـــی ئەوتـــۆ لەســـــەر ئـــــەنفال و ئەو تاوانـــــانە نەکـــراوە، خـــۆزگە کـــورد بەقەد ژمـــارەی پەنجەکـــانی دەســـتێک قەڵەم بەدەســـتو رۆشـــنبیری ئـــازاو خەمخـــۆری لێوەشـــاوەی وەکـــو دەرســـیم دیبەگەیـــی هەبـــایەو حکـــومەتیش لەبـــری مـــوچەو بـــودجەی ئەو هەمـــوو وەزیـــرو گزیـــرەی زیـــاتر لە" بێکـــار" دەچـــن کەم بکـــردایەتەوەو گرنگـــی بەکەســـایەتی چـــالاکو ســـودمەند بـــدایە، ئەوســـا حاڵمـــان لەم بـــارەی ئێستادا نامێنێتەوە .

خەســـڵەتی تـــاوانەکە :

هەڵـــبەت کـــاریکی بێســـود نـــابێ کە منـــیش قســـەیەک لەســـەر ئەو تاوانـــانە بـــکەم کە" دەرســـیم دیبەگەیـــی" پێـــوە ســـەرقاڵە، تاوانێـــک کە بە بـــڕوای مـــن لەجینۆســـایدی تێپەرانـــدووەو (دەشـــێت لەســـەر ئاســـتی جیهـــانی نـــاوێکی تـــری لـــێ بنرێـــتو پەیماننـــامەی دیـــکەی بـــۆ دابـــمەزرێ ). زۆر گـــرنگە ئـــێمە بەعـــس نـــاسو ئەنفالناســـبین، چـــونکە مەحـــاڵە لە ئەنفـــال تێـــبگەین هەتـــا بەعـــس نەناســـین، لەوەش گرنگتـــر ئەوەیە لە نیازەکـــانی بەعـــسو کاریگەریەکـــانی ئەنفـــال تێـــبگەیەن کە بەقـــوڵی جەســـتەی ئەم نەتەوەیەی بریـــوەو ئەســـتەمە هەمـــوو مرۆڤێـــک بتـــوانێ بەبـــێ خۆمانـــدوکرن لێـــی تێبگـــاو بەعەقلێکـــی تەندروســـتەوە راڤەی بکـــاتو بەبـــێ دەمـــارگیری بەرەنگـــاری ببێـــتەوە، کـــارێکی بـــاش دەکەیـــن ئەگەر هێنـــدە خۆمـــان بە ژمـــارەی قوربانیـــانەوە شـــەتەک نەدەیـــن کە دەرئەنجـــامی تاوانەکەمـــان لەبیـــر بەرێـــتەوە، چـــونکە جینۆســـاید هەرگیـــز بەکەمـــیو زۆری ژمـــارەی قوربانیەکـــانی دیـــاری ناکرێـــتو هـــیچ داگـــایەکیش بـــۆیەکلایی کـــردنەوەی رەگەزو جـــۆری تـــاوانەکە لەســـەر ژمـــارەی قوربانیەکـــانی نەوەســـتاوە، بەقەد ئەوەی بەنیـــازو ئەنجـــامو ئامـــانجی بکەرانـــی لێکـــدەدرێتەوە، واتـــا ئەگەر هەڵەبـــجەو ئەنفـــال بەنموونـــە بهێنیـــنەوە، مـــادام بەڵـــگە هەیە بـــۆ ســـەلماندنی نیازەکـــانی بەعـــس ئەگەر گریمـــانەی ئەوە بکەیـــن بەهەر هـــۆیەکەوە تەنـــانەت تـــاکە یەک هەڵەبجەیـــش بە گازەکـــان نەکـــوژرایە مـــادام چەکـــی کیمیـــاوی بەکارهـــاتووە، کەواتە نیـــازی کۆمەڵکـــوژیەکە لەئـــارادابووە، بـــۆیە هەمـــان سزای یاسایی لەسەرە.

ئەگەر بهاتبـــایە لەدوای بریـــاری (4008)ی نوســـینگەی بـــاکوورەوە جـــا بەهەر هـــۆیەکی سروشـــتی یـــان سیاســـیەوە ئۆپەراســـیونە ســـەربازیەکانی ئەنفـــال نەکرابـــانەیەو کەســـیش ئەنفـــال نەکـــرایە ئەوا لەکـــاتی لێپێچیـــنەوەی یاســـایدا بەهەمـــان ســـزای یاســـایی تۆمەتبـــاران لێپێچینەوەیـــان لەگەڵ دەکـــرا، بـــۆچی ؟ چـــونکە بریارێـــک بەنوســـراو لەئـــارادایەو دەشـــێت وەکـــو بەڵگەیەکـــی یاســـایی بەکـــار بهێنرێـــت، بـــۆیە ئەگەر تـــاوانی گازبـــارانی هێرۆشـــیما بـــووبێتە ســـومبلی کۆمەڵکـــوژی

ژاپۆنیەکـــانو تـــاوانێکی نێـــونەتەوەیی، ئەوا گازبـــارانی هەڵەبـــجە، لەبـــاری یاســـــاییەوە هیچـــــی لەو کەمتـــــرنیە، بەلای کەمەوە بـــــرینەکە لەوەدا زیـــــاترە کە لەســــەر ســــنورەکانەوە لەکـــاتی گەڕانەوەی ئاوارەکانـــــدا بەنـــاوی لێبـــوردنی گشـــتیەوە هـــاتنەوەو هەر لەســـەر ســـنورەوە گیـــرانو لەگەڵ ئەوانەی دۆڵـــی جافـــایەتی ئەنفـــالکرانو زۆربەیـــان نەبینـــرانەوەو هەندێکیشـــیان لە گـــۆرێکی بەکۆمەڵـــدا دۆزرانەوە، لەنـــاو چیرۆکەکـــانی زینـــدانیانی ئـــەنفال و کیمیابارانکردنـــدا، لە راوەدونـــانی فەیلیەکـــانو کۆمەڵکـــوژی بارزانیەکانـــدا هەزاران بەڵگەنـــامەی ترســـناکو چیرۆکـــی تراژیـــدیو ســـەیرو مەترســـیداری ســـەرنج ڕاکـــیش هەن کە دەشـــێت مرۆڤـــایەتی بەگشـــتیو کـــورد بەتـــایبەتی هەڵوەســـتەیان لەســـەر بکـــاتو بەقـــوڵی لێیـــان ڕابمێنـــێ، وەلـــێ بەداخەوە چ لەســـەر ئاســـتی نێـــونەتەوەییو چ لەســـەر ئاســـتی نـــاوخۆ بـــە بێبـــاکیو خەمســـاردیەکی مەترســـیدارەوە تەماشـــای دەکـــرێ، بێگومـــان هەتـــا ئەم بێبـــاکیە لە ئارادابێـــت ناتوانرێـــت گەلـــی کـــورد هەســـت بە ئـــارامیو ئاســـایش بکـــاتو قوربانیـــانی ئەو تاوانـــانە ئاســـودەبنو شـــکۆی هەیبەتـــی دادگاکـــانو پەیماننامەکـــانیش پـــارێزراو نـــابن، دەنـــا ئەگەر پێشـــتر نەتەوە یەکگرتووەکـــانو ئەنجـــومەنی ئاســـایش لەبـــری ئەوەی ســـوزیان بەلای بەعســـدابێ، ســـوزیان بەلای مـــافو ئـــابروی مرۆڤایەتیـــدا بـــوایەو رێزیـــان لە پەیماننامەکـــانی خۆیـــان بگرتـــایە بەتـــایبەتیش (هەردووک پەیماننـــامەی ســـاڵی (1948)ی تـــایبەت بەقەدەغەکردنـــی جینۆســـایدو پەیماننـــامەی (1925)ی تـــایبەت بەقەدەغەکردنـــی بەکارهێنـــانی چەکـــی قەدەغەکـــراو) لەتـــاوانی کۆمەڵکـــوژیو راوەدونـــانی کـــوردە فەیلیەکـــانو کۆمەڵکـــوژی بارزانیەکـــان بێـــدەنگ نەبونـــایە، مەحـــاڵ بـــوو ملهورییەکـــانی رژێمـــی بەعســـیش بەرەو کۆمەڵکـــوژی زیـــاتر شـــۆڕبێتەوەو ئەگەری ئەنجامـــدانی تـــاوانی ئـــەنفال و کیمیابـــارانی هەڵەبـــجەش نەدەبـــوو، ئەگەر بشـــبوایە لاواز دەبـــوو، ڕەنـــگە لەمپەرێکـــی قـــایمیش بونـــایە لەبەردەم جینۆســـایدکردنی گەلانـــی تـــرو ئەو تاوانـــانەی لە ســـالانی نەوەدەکـــان بەدواوە رویانـــداوە وەکـــو کۆمەڵکـــوژی (

توتسـیەكان (1994) لەلایەن هوتوەكـانی رواندا، یـان بۆسـنیەكان لە سـالی (1995) لەلایەن سـربەكانی بۆسـنیاوە، هەروەهـا جینۆسـایدكردنی دارفوریەكـان لەسـالآنی (2003-2010) لەلایەن رژێمی ئیسلامی سودانو جەنجەویدە عارەبەكان.

لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆش ئەگەر دەوڵەتـی ئێراقـی نـوێ ! رێـزی لەهەیبەتـی دەوڵەتـداری خـۆیو بریارەكـانی دادگـای بـالآی تاوانەكـان بگرتـایە، تۆمەتبـارانی داواكـراوی رادەسـتی دادگـا بكـردایەو بە مەرسـومێكی كۆمـاری داوای لێبـوردنی لە گەلـی كـورد بكـردایە، هـیچ نەنگـی نەبـوو بـۆ ئـومەی عـارەبی بەڵكـو بەپـێچەوانەوە دەرگـایەكی گەورەی لێكتێگەیشـتنو لێبـوردەیی بەسـەر ئێراقیەكانـدا دەكـرایەوە، بەڵام بەداخەوە نە حكـومەتی ئێـراقو نە حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتانیش بە ئەركـی خۆیـان هەڵنەسـتاون، حـاڵی حـازر لەبـاری سـایكۆلۆژییەوە خراپتـرین دیـاردە ئەوەیە كە ئەمـڕۆ جەلادو قوربـانی پـێكەوە لە نیشـتمانێكدا هەناسـە دەدەن، زەق بە بەرچـاوانەوەیە ئەو ئـازادیەی لەگـۆڕێیە سـەد بەرامـبەر بـۆ جەلاد سـازگارترو لەبـارترە لەچـاو قوربانیـدا، ئەمەش یەكـێكە لەو وێـنە دزێـوانەی ئەزمـونی دەسـەڵاتی خـۆجێیەتی هەرێمـی خسـتووەتە ژێـر پرسـیارەوە، ئـاخر كـوا ڕەوایە (جـاش قەڵەم)ەكـان سـەرباری ئەوەی رژێمەكەشـیان لەگـۆڕنراوە بەهەمـان نەغـمەی بەعسـیانە لە كوردسـتانی ئـازاددا دەنگیـان بەرزبێـتو خەریكـی ڕەشـكردنەوەی لاپەرەی رۆژنامەكـانو بەهەمـان تـاسو حەمـام خەریكـی پیاهەڵـدانو پاداشـت وەرگـرتن بـن، كەچـی كەسـانی وەكـو دەرسـیم مەگەر چۆنهـاو بەدەگەمەن دەنـا دەرفەتێكیـان بـۆ هەڵناكەوێـت قسـەی خۆیـان بـكەن..؟! چ جـای ئەوەی پەرتووكەكانیان بە تیراژێكی شایستە بۆ چاپبكرێت !!..

ئـەنفال و كیمیابـاران " جینۆسـاید" كردنـی گەلـی كـورد بەتـایبەتی لەسـەدەی بیسـتەمدا گەورەتـرین تـاوان بـوو كە كـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتیو كـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی لێـی بێـدەنگ بـوو، ئەگەرچـی ئەمـڕۆ تـاوانەكە لەسـەر ئاسـتی جیهانـدا ناسـراوە، بەڵام

قەرەبوونەکردنەوەو بێدەنگەلێکردنی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو خودی دەوڵەتی عێراقەوە هەتا رۆژگاری ئەمڕۆ بەهاو ئابڕووی مرۆڤایەتی بەلەکەداری هێشتووەتەوە، بەتایبەتی ئەنفال کە وەکو تاوانی ( سەدە) تەماشا دەکرێت. دەبوایە لەپاش روخانی رژێمی صدام حوسینەوە نەک هەر دەوڵەتی ئێراقو کۆمەڵگەی کوردستانی بەشێوەیەکی تەندروستو دیموکراسی بخستایەتەوە سەرپێ، بەڵکو دەبوایە بۆ رێزگرتن لە قوربانیانی جینۆسایدو کۆمەڵکوژی ئێراقیەکان بەگشتیو کورد بەتایبەتی دەستورو یاساکانی دەوڵەت بە ویژدانێکی ساخلەمو دیموکراسی بنوسرایەتەوەو تیایدا لێبوردەییو سەربەخۆییو هەیبەتی دادگاکانو بەهای مرۆڤ بە رونی رەنگی بدایەتەوە، دەبوایە سیاسەتمەداری ئێراقی بخستایەتە سەر ئەو بڕوایەی ئێراقێکی تەندروستو دیموکراسیو بێ دەمارگیریو ستەمکاری بنیاتبنێنەوە و مافی چارەنوسی نەتەوەو پێکهاتەکان لەپێشی پێشەوەی نەخشەی سیاسی ئێراقی دوای بەعسدا بوایە، بێگومان لەپێش هەموویانەوە مافی چارەنوسی کوردستانیانی باشوور بەو پێیەی بەرپەلاماری جینۆساید کەوتبوونو لە بزووتنەوەی ریفراندۆمیشدا واژۆیەکی زۆر کۆ کرابووەوەو خرابووە بەردەستی دەسەڵاتدارانی ئێراق، ئەمەش پێش ئەوەی بەسوودو قازانجی کورد بشکێتەوە لە بەرژەوەندی ئێراقیەکاندا دەبوو، چونکە ئەگەر حکومەتێکی تەندروست پێکبێتو جارێکی تر بەچاوی دوژمنکاری تەماشای کوردو هیچ پێکهاتەیەکی ئێراقیی نەکەن، سودمەندی یەکەم هەر ئێراقیەکانن نەک کورد بەتەنیا، سیاسەتمەداری ئێراقی پێبزانێت یان نا ئەنفال و کیمیاباران چەندە زیانی داراییو گیانی بە کورد گەیاندبێ سەد ئەوەندە ئابڕووی شۆڤێنیزمی عارەبی لەکەدار کردووەو سەرجەم نەتەوەی عارەبیشی خستووەتە ژێرپرسیارەوە.

بێگومان بەر لە تاوانی ئەنفالیش دەوڵەتی ئێراق بەشێوەیەکی سیستماتیکو بەنەخشەو پلان کاری بۆ لەناوبردنو سڕینەوەی

ناســـنامەی نەتەوەیـــی كـــورد كـــردووەو جـــگە لە خـــوێن رشـــتن رێـــگەی تـــرو سیاســـەتی لەخشـــتەبردنو هەڵخەڵەتاندنیشـــی گرتـــووەتەبەر، بـــۆ ئەوەی كـــورد بەرەبەرە دەســـتبەرداری ناســـنامەی نەتەوەیـــی خـــۆی بێـــتو بەوە قایلبێـــت شوناســـی نەتەوەیـــی خـــۆی بگـــۆڕێتە ســـەر عـــارەب، بێگومـــــان ئەم سیاســـــەتە بەتـــــایبەتی لەلایەن بەعســـــیەكانەوە مەترســـیدارترین جـــۆری جینۆســـایدە كە ئامـــانجی ســـڕینەوەو ریشەكێشـــكردنی شـــێنەیی نەتەوەی كـــورد بـــوو، لەلایەكـــی تریشـــەوە دەســـتی لە"ئیعـــدام"و كوشـــتن نەپاڕاســـتووەو لە دەرفەتـــی گونجاویشـــدا سیاســـەتی بەكۆمەڵكوشـــتنی پیـــادەكردووە، بەتـــایبەتیش بەعـــس بەمەبەســـتەوە خوازیـــاری ئەوەبـــوو لەنـــاو تەپو تـــۆزی جەنگـــی ئێـــران-ئێراقـــدا تـــاوانەكە ونبكـــاتو بەكارهێنـــانی چەكـــی كیمیـــاوی دژ بە كـــورد ئەزمـــون بكـــات كە لەپێنـــاوی مـــانەوەی خۆیـــدا دژی ملهوڕییەكـــانی حكـــــومەتە یەك لەدوای یەكەكـــــانی ئێـــــراق وەســـــتاوەتەوە، هەردوو سیاســـــەتەكەش چ شـــــەرو چ ئاشـــــتی بەروونـــــی لە سیاســـــەتی بەعـــارەبكردنو راســـتكردنەوەی نەتەوەیـــی (تصـــحیح القـــومیە)و ئـــەنفال و كیمیابـــارانكردنی گەلـــی كـــورددا، دەردەكەوێـــت تـــەنیا تیڕامانێـــك لە راســـپاردەی (4008)ی نوســـینگەی بـــاكووری پـــارتی بەعـــس بەســـە كە نیـــازو ئامانجەكـــانی دەوڵەتـــی ئێـــراق بـــزانینو نەوەی داهاتووشـــی لـــێ ئاگـــادار بكەیـــنەوە. راســـپاردەكە بەهەشـــت خـــاڵ چارەنوســـی ئەو خەڵكـــانە لەنـــاوچە قەدەغەكراوەكـــان دیـــاری دەكـــاتو بـــوونی هەر " زینـــدەوەرێك ..!!" لەو ناوچـــانەدا قەدەغەدەكـــاتو گـــرتنو كوشـــتنیان بەهێـــزە ســـەربازیەكانی فەیلەقـــی یەكو پێـــنجو دوو دەســـپێرێتو خوێنیـــان حەڵاڵ دەكـــات.. ( لاریمـــان نـــیە لەوەی ســـەری خیانەتكـــاران بپەرێـــنن ( ئەمە قســـەی عەلـــی حەســـەن مەجیـــد رازگـــری نوســـینگەی بـــاكوورە) لە نوســـراوی ژمـــارە (5083)دا كە بەواژۆی تـــاهیر تۆفیـــق عـــانی وەڵامـــی فەیلەقـــی یەكـــی داوەتەوە كە بـــاس لە كوشـــتنی كۆمەڵێـــك كەســـی گوندنشـــین دەكـــاتو بەنوســـراوی ژمـــارە (352ی

بەرواری 1987/7/8 نوســــــینگەی بـــــاکووری ئاگـــــادار کــــــردووەتەوەو داوای رای بەرپرسانی نوسینگە دەکات !..

دەرســـــیم لە پەرتووکەکەیـــــدا هەمـــــوو ئەو کــــارەکتەرە تونـــــد ڕەفتــــارو خــــوێن ڕێژانەمــــان لەنــــاو ســــوپای ئێــــراقو هێــــزە چەکدارەکانــــدا بــــۆ پــــۆلێن دەکـــــات کە لەلایەن ســــــەرکردایەتیەکی دەمــــــارگیرو شــــــۆڤێنیزمەوە لەنــــــاو دەزگاکانیـــــــانەوە ئاڕاســـــــتە دەکـــــــرێنو پرۆســــــەی جینۆســــــایدکردنی نەتەوەیەکـــــی بــــێچەکو بــــێ پشــــتو پەنــــا ئەنجامــــدەدەن. ســــەرکردەکان، ئەفســـــەران بەپـــــلەی ســـــەربازییانەوە هەروەهـــــا جـــــاشو موستەشـــــارە کوردەکـــــانیش بە مــــــوچەی بەرزو ســــــەری شــــــۆڕەوە لە پەلامارەکــــــانی ئەنفالـــــدا ئامــــــادەبوون لە پەرتووکــــــەکەی دەرســــــیمدا پــــــۆلێنکراون.. ئەو ســــــەرکردانەی خۆیـــــان بە پیـــــرۆز تەماشـــــا دەکـــــرد کەچـــــی ئەوەنـــــدە گەورەیـــــیو حەوســــــەڵەیان نەبــــوو گــــوێ بگــــرنو بــــزانن خەڵــــک لەســــەرچی لێیــــــان یــــــاخی بــــــووە، ئەوان بەوپەڕی تونــــــدڕەفتاریو دەمــــــارگیریەوە مامەڵەیـــــان لەگەڵ ئەو گوندنشـــــینانە کـــــرد کە هەمـــــوو تاوانیـــــان ئەوەنـــــدە بـــــوو خوازیـــــار بـــــوون لە زێـــــدی خۆیـــــان بـــــژین، ئەوانەی لە هەڵەبـــــجە بە چەکـــــی کیمیـــــاوی کـــــوژرانو ئەوانەی لە پەلامارەکـــــانی ئەنفالـــــدا گیـــــرانو کۆمەڵکــــــوژکران، زۆربەی هەرە زۆریــــــــان خەڵکــــــــی بــــــــێچەکو ژنو منــــداڵو پیربــــوونو تــــەنیا لەســــۆنگەی جــــودایی نەتەوەیــــیەوە کــــوژران، دەنـــــا هەمـــــوو موســـــوڵمانو جیـــــاوازی ئایینیشـــــیان نەبـــــوو، تەنـــــانەت هەنـــــدێک لەوانە جیـــــاوازی رامیاریشـــــیان نەدەزانـــــی ڕەنـــــگە باشـــــترین نموونـــــە ئەو جـــــاشو بەعســـــیانە بـــــن کە لە شـــــاری هەڵەبـــــجە یـــــان لە ناوچەکـــــانی تـــــر بە چەکـــــی کیمیـــــاوی کـــــوژرانو برینـــــداربوون، هەروەهـــــا ئەنفـــــالکردنی خـــــانەوادەو ژنو منـــــداڵەکانی عاصـــــی مســـــتەفای گەرمیـــــانو حـــــاجی عەبـــــدوڵلای ســـــێدەر، باشـــــترین گەواهیـــــدەرن کە هەردووکیـــــان ( عاصـــــی وحـــــاجی عەبـــــدوڵلا) نەک ناپـــــاکو ســـــەربازی هەڵاتـــــوو نەبـــــوون، بەڵکـــــو ســـــەربازی یەدەگـــــی بەرەکـــــانی جەنگـــــی قادســـــیە بـــــوونو تەنـــــانەت عاصـــــی مســـــتەفا پـــــاش هەشـــــت ســـــاڵ دیلێتـــــی کە لە ئێـــــران ئـــــازادکرا بەســـــەر هەواری خاڵیـــــدا گەرایەوە نە مـــــاڵو نە منـــــداڵ نەمـــــابوون، کە

وەکـــو ســـەربازێکیش بەزەیـــی نـــامەیەکی بـــۆ صـــدام نوســـی بەو خەیـــاڵەی چارەنوســـی منـــداڵەکانی بزانـــێ ..؟ کەچـــی نوســـینگەی دیـــوانی ســـەرۆک کۆمـــار، زۆر بەنـــامەردیو خـــوێن ســـاردیەوە وەڵامـــی نـــامەکەی عاصـــی مســـتەفا دەدەنەوەو بـــۆی دەنوســـن (ژنو منـــداڵەکانت) لە پرۆســـەی ئەنفالدا تێداچوون ..

جینۆسایدی کوردو لۆجیکی قیرسچمەیی ئەوان :

بەداخەوە هەر لەدوای ژێـــوان بـــوونەوەو جێبەجێنەکردنـــی بەڵێنەکـــانی پەیمـــانی ســـیڤەرو هـــاتنە پێشـــی پەیمـــانی لـــۆزان، گەلـــی کوردســـتان بەوە ســـتەمێکی گەورەی لێکـــرا کە دابەشـــکرایە ســـەر چـــوار دەوڵەتـــی ســـتەمکار (ئێـــراق، ئێـــران، تورکیـــا، ســـوریا) ئەو دەوڵەتـــانە هەتـــا ئەمـــڕۆ بەشـــێوەیەکی ناتەندروســـتو دڵڕەقـــانە تەماشـــای کـــوردو مافەکانیـــان دەکەن، لەبـــری ئەوەی هەوڵـــی تەبـــاییو پـــێکەوە ژیـــانی ئاشـــتیانەی لەگەڵ بـــدەن، هەمیشـــە کێشـــەیان بـــۆ نـــاوەتەوەو بەچـــاوی ســـوک لێیـــان ڕوانیـــوە، ئەمەش گەلـــی کـــوردی ناچـــارکردووە بەرەنگـــاربێتەوەو داکـــۆکی لەخـــۆی بکـــات، بەهـــۆیەوە ئەو وڵاتـــانەش دوچـــاری کێشـــەی نـــاوخۆیی بـــونەوەو زیـــانی زۆری دارایـــیو گیانیـــان پێگەیشـــتووە، لەکاتێکـــدا کێشـــەکە بەتەنیـــا هـــی کـــورد نـــیە بەڵکـــو کێشـــەی ئەو وڵاتانەشـــەو ســـودو قـــازانجی چارەســـەر کردنیشـــی هەر بەتەنیـــا بـــۆ کـــورد نـــیە، بەڵام سیاســـەتمەدارانی نەتەوەی سەردەســـت کە قۆنـــاغی رزگـــاری نیشـــتمانیان بڕیـــوەو دەســـەڵاتیان بەدەســـتەوەیە لەبـــری ئەوەی دامەزراوانە تـــرو تەندروســـتتر بیـــربکەنەوەو چارەســـەری ئاشـــتیانە بـــۆ کێشـــەکە بـــدۆزنەوە، بەپـــێچەوانەوە لەمبارەیەشـــەوە قەرزاری کـــوردن کە نەرمـــی نوانـــدووەو ئامـــادەی گفتوگـــۆ بـــووە، تەنـــانەت لە گفتوگـــۆی سیاسیشـــدا دەرگـــای چارەســـەریان داخســـتووەو بیریـــان لە ڕێگـــای ســـەرکوێرکردنو ملپێکەچکـــردنو چەواشـــەکاری کـــردووەتەوە، ئەمەش لەو ســـۆنگەیەوە بـــووە کە ئەم دەوڵەتـــانە لەلایەن پـــارتی توونـــدڕەو و ســـەرکردەی دەمـــارگیرو خـــاوەن

ئایدۆلۆژیای توونددڕەوی ئایینی‌و ئایینزاییەوە بەڕێوە براون، ئەوەندی بیریان بەلای توندڕەفتاری‌و تۆتالیتاریزم‌و کوشتار و وێرانکاریدا چووە نیو هێندە مێشکی دیموکراتی‌و پێکەوە ژیانیان وەگەڕخستبایە هێندە زیانیان بە خۆیان‌و کوردو مرۆڤایەتیش نەدەگەیاند. ئەمەش نیشانەی بێباکییانە لەو زەرەرە گیانیانەی لە ماتریالی مرۆیی سوپاکانیان کەوتووە، وەک بڵێی ئەو سەربازانەی لە شەڕی کوردو دەوڵەتدا کوژراون‌و دەکوژرێن مرۆڤ نەبن‌و لەبری خوێن ئاو لە جەستەیان دابێ‌و بە زیان نەژمێردرێن ...؟

ئەگەر بەوردی تێڕابمێنین ئەوەندەی ئەو چوار دەوڵەتە بەپاساوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی گێچەڵیان بە کورد کردووە، ئەوەندەی باجیان داوەو لەنێوان خۆیاندا ڕەدەڵو بەدەڵی ئابوری‌و سیاسیان کردووە نیوهێندە بەتەنگ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی‌و نیشتمانی خۆیانەوە بونایەو بەکوڵو دڵ بەتەنگ چارەسەری کێشەی نێوان خۆیان‌و کوردەوە بوونایە ئێستا زیانیان لەئاستی نەبواندا دەبوو، ڕەنگە باشترین نموونەش ڕێکەوتنامەی جەزائیری ساڵی (1975) و شکستپێهێنانی شۆڕشی کوردو دواتریش جەنگی هەشت ساڵەی ئێران – ئێراق بێت کە هەردوو وڵات لەسۆنگەی کوردەوە توشی جەنگ بوون‌و زیانی دارایی‌و زیانی گەورەیان کرد، هەرچی لەدەستیان هات کردیان بەڵام نەیانتوانی کورد وەکو نەتەوەیەک لەناو بەرن.. بۆیە باشتروایە سیاسەتمەدارانی ئەو وڵاتانە هەم جەنگی ئێراق- ئێران‌و هەم جەنگی ناوخۆ لەگەڵ کوردو ئەنفال و کیمیاباران‌و دادگایی کردنی سەرانی بەعس وەکو پەندو عیبرەت وەربگرن‌و چیدی خراپ بیر نەکەنەوە کە کورد وەکو نەتەوەیەک بفەوتێنن، چونکە مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە خەونەکەیان نایەتەدی‌و سەر ئەنجام هەموو لایەک تیایدا زیانمەند دەبن، بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە کورد بەمافەکانی خۆی بگات.. چونکە لەدرێژەی ئەو ناکۆکیانەدا بەتەنیا کورد زیانمەند نابێت بەڵکو

هاوڵاتیـــانو ئـــابوری ئەو وڵاتـــانەش زیـــانی زۆریـــان بەردەکەوێـــتو بەرپرسیاریتیش هەر دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان.

بەداخەوە دەبینـــین هەمـــان ئایـــدۆلۆژیای توونـــدڕەو بەهەمـــان تـــاسو حەمـــامی ســـەردەمی دکتـــاتۆریەت، بـــێ ســـڵکردنەوە لەو هەمـــوو چیرۆکـــی مەرگو مەینەتـــیو ئەو هەمـــوو بەڵگەنامـــانە، بـــێ شـــەرمکردن لەو هەمـــوو گـــۆڕە بەکـــۆمەڵەی کـــوردان لە بیابانەکـــانی عارەبســـتان هێشـــتا بانگاشـــەی پیـــرۆزیو ڕەهـــایی بێهاوتـــا بۆخـــۆی دەکـــات، بەچیکڵـــدانەیەکی گچـــکەوە مـــامەڵە لەگەڵ نەیـــارو مافەکـــانی بەرامـــبەردا بکـــاتو ئامـــادەی گـــوێ گـــرتن نەبـــێ، ئەو هـــزرەی ئەنفـــالی کـــوردانی بەرەوا زانیـــوە هەتـــا ئێســـتا لە ئـــارادایەو بە چنـــگو نینـــۆک تێدەکۆشـــێو تونـــدڕەوانە هەوڵ دەدات خەســـڵەتە شـــۆڤینیەکانی خـــۆی وەکـــو پەیـــامی پیـــرۆز بەســـەر ئەوانـــی دیـــدا بســـەپێنێ. بـــۆیە دەبێـــت کـــوردیش لەســـەر بەرگرییو داکۆکی لەخۆی بەردەوام بێت.

ئەو کـــارەی ئەمـــڕۆ دەرســـیم دیبەگەیـــی وەکـــو ئەرکێکـــی ئەخلاقـــی بەتەنیـــا شـــانی داوەتە بەر، دەبـــوایە پێشـــتر حکـــومەتی هەرێمـــی کوردســـتانو زانکۆکـــانی کوردســـتان پێـــی هەســـتابانو بەلای کەمەوە خـــاوەنی ســـەنتەرێکی لێتـــوێژینەوەو دۆکـــۆمێنتکردن بوینـــایە، چـــونکە هەوڵـــی تـــاکەکەس هەرچەنـــدە ئازایـــانەو بەرپرســـیارانەش بێـــت، چەنـــدە بـــابەتیو دەوڵەمەنـــدیش بێـــت، هێشـــتا نـــاتوانێ بەلای کەمەوە ڕۆڵـــی ســـەنتەرێک ببینـــێ چ جـــای لـــۆبییەکی کـــوردی کە بـــۆ دۆســـێی ئـــەنفال و جینۆســـاید پێویســـت بـــوو لەئـــارادابێ، بێگومـــان ئەوەش بەقەد پاراســـتنی ئاسایشـــی نەتەوەیـــی پێویســـتە، چـــونکە بەفەرمـــی ناســـینی تـــاوانە جینۆســـایدییەکان بـــۆ خـــۆی کلیلێکـــی گرنگـــی پاراســـتنی ئاسایشـــی نەتەوەیـــیە، نەک خـــۆ لێلادانـــی بەپاســـاوی ئەوەی وەهـــا کارێـــک و دەرخســـتنی ڕاســـتیەکان وەختیـــان نەهـــاتووەو ئاسایشـــمان بخـــاتە مەترســـییەوە، بەپـــێچەوانەوە بەپێـــی پێناســـەی پەیماننـــامەی ســـاڵی (1948)ی نەتەوە یەکگرتووەکـــا (UN) جینۆســـاید مەترســـیدارترین جۆری تاوانە دژ بە بەهای مرۆڤو ئابڕووی مرۆڤایەتی.

واته هەر کردارێکو تەنانەت هەر نیازێک بەمەبەستی لەناوبردنی هەموو یا بەشێکی گروپێک جا ئایینی یان رەگەزی یان نەتەوەیی بێتو ئامانج لە نیازەکە یان کردارەکە کوشتنی ئەندامانی گروپەکە بێت پێویستە لەلایەن ولاتانی ئەندامەوە رێگری لە ئەنجامدانو دوبارەبوونەوەی بگیرێت کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت حصانەیەک بۆ ئەو گروپە دابمەزرێ بۆئەوەی لە جینۆساید بپارێزرێ، هەروەکو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپاش ئاوارە بوونی خەڵکی کوردستان ساڵی (1991) بە بڕیارێکی تایبەت پشتێنەیەکی پارێزگاری بۆ کوردستانی باشوور دامەزراندو دەستی رژێمی بەعسیان کۆتو بەند کرد.

هەر بەپێی پێناسەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان زیان گەیاندن بە ئەندامانی گروپەکە یان سەپاندنی هەلومەرجی ناجۆری ژیان بەسەریدا کە ببێتە هۆی لەناوبردنی بەشێکی یا تەواوی ئەو گروپە، یان بخرێنە ژێرباری هەلومەرجێکەوە کە رێگا لەزاوزێی بگرێت، یاخود مندالانی گروپەکە بەزۆر ڕاگوێزرێنە ناو گروپێکی ترەوە. هەموو ئەمانە وەکو خەسڵەتو رەگەزەکانی جینۆساید لە بەندی سێهەمی پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید دەستنیشانکراون.. جا کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خاوەنی ئەو پەیماننامەیە بێت؟ بۆچی ئێمەی ئەنفالکراو لەهەر دەرفەتێکی گونجاودا ئەو قسانەی بەچاودانەدەینەوەو دەبێت رێگر چی بێت کە کورد لە مافەکانی خۆی ناپرسێتەوە..؟ لەکاتێکدا کوردستان زۆرتر لە جارێک بەنیازی جینۆسایدکردن پەلامار دراوە لەناو هەموو تاونەکاندا خەسڵەتو رەگەزی جینۆساید بەدی دەکرێت، ئەگەر تەنیا تاوانی ئەنفال وەکو نموونە وەربگرین، هەموو جۆرەکانی جینۆسایدی لەخۆگرتووە ( جینۆسایدی فیزیکی، کلتوری، ئابوری ..هتد) هەر بەوەندەوە نەوەستاوە بەڵکو ترازاوەتە نێو تاوانی ترەوە لەوانە ( پیسکردنی ژینگە " ئیکۆساید" ) کە ئەویش بۆخۆی تاوانێکی سەربەخۆیەو بەهەمان تاوانی جینۆساید سزاو

لێپێچینەوەی لەسەرە .. بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی ئەو دەوڵەتانە نەتەوەی کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانی فارس، عارەب، تورک تاوانیان لەدژی کورد ئەنجام داوە، وەکو نەتەوە دان بەبوونیدا نەنراوە.. هەمیشە لەبری چارەسەری کێشەکان سیاسەتی توندو ملپێکەچکردنیان لەدژی گرتووەتەبەر، لە باشترین دۆخدا پەنایان بۆ هەڵخەڵەتاندنو ئیغراکردنو سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی بردووەو چەندین ڕێگەی نامرۆڤانەیان بۆ فەوتاندنی گرتووەتەبەر، راگواستن، بەعارەبکردن، بەتورککردن و بەفارسکردن، پاکتاوی رەگەزی و کۆمەڵکوژیان وەکو چارەسەر بۆ یەکلایی کردنەوەی یەکجاری بردووە. هەر لە سەردەمی دروستکردنی ئەو دەوڵەتانەوە ئەو تاوانانە لەدژی کورد ئەنجامدراونو بە پێشچاوی دەوڵەتە زلهێزەکانو کۆمەڵەی نەتەوەکانی پێشوو نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کوشتاری کوردەکان کراوە، کەچی نە ئەنجومەنی ئاسایشو نە نەتەوە یەکگرتووەکان نەیان ویستووە پێش بەو جینۆسایدە بگرن..! هەر لە کوشتاری کوردانی دەرسیمەوە لە ساڵی (1937)دا، کۆمەڵکوژی کوردان لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابوردو لە شارەکانی سلێمانی کۆیەو هەولێرو ناوچەی بارزانو ئەشکەوتی ئاکرێ، هەروەها لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکاندا راوەدونانو کۆمەڵکوژی کوردە فەیلیەکانو کۆمەڵکوژی پیاوانی بارزانیەکانو لە ساڵی (1987) وە کیمیابارانکردنو کۆمەڵکوژی کوردان لە شاری سەردەشتی کوردنشینو گوندەکانی دۆڵی بالیسانو خۆشناوەتیو دواتریش لە شاری هەڵەبجەو هەموو ناوچە قەدەغەکراوەکان لە پەلامارەکانی ئەنفالدا ساڵی (1987-1988) نموونەی تاوانی جینۆسایدن دژی خەڵکی کوردستان.

لۆژیکی بەعسو کۆمەڵکوژی کورد:

عەلـــی حەســـەن مەجیـــد پێـــی وابـــوو ئەوانەی نـــاگەڕێنەوە بـــۆ ریـــزی نیشـــتمانی دەبـــێ لە نیشـــتمان دەربكـــرێن، وەكـــو بلێـــی گونـــدەكانی كوردســـــتان لە دەرەوەی نیشـــــتماندا بــــووبن، بەو گوندانەشــــەوە كە بە تەنیشـــت شـــارەكانی ســـلێمانیو هەولیـــرو دهـــۆكو كەركـــوكەوە بـــوونو رەبـــایەو ســـەربازگەی رژێمیـــان تێـــدابوو، بەڵام ئامـــانجی عەلـــی حەســـەن مەجیـــد ئەوەبـــوو هەمـــوو ئەوانەی لە نیشـــتماندا دەژیـــن، ئەگەر خـــزمەت بە ئایـــــدۆلۆژیای بەعـــــس نەكەنو نەبـــــنە بەعســـــی، گزیكـــــەرو بەكرێگیـــراون دەبـــێ لە نیشـــتمان دەربكـــرێن یـــاخود وەكـــو خەیـــار لەت بكـــرێنو نیشـــتمانیان بـــۆ بكـــرێتە گۆرســـتان، ئەم تێـــروانیە لەبـــنەڕەتەوە ئاشـــنایەتی لەگەڵ ژیانـــدا نەبـــوو ، ئەم لـــۆجیكە بـــێ بنـــاغەو بەتـــەنیا رەفتـــاری پیـــاوێكی دڕدۆنگـــی وەكـــو عەلـــی حەســـەن مەجیـــد نەبـــوو، بەڵكـــو لـــۆژیكی راســـتەقینەی بەعـــسو ئەنفـــال بـــوو، كە بارگـــاوی بـــوو بەمەرگ دۆســـــتیەكی تەواو، ســـــەرچاوەی ئەم لێكـــــدانەوانەی عەلـــــی حەســـەن مەجیـــد لە خـــۆڕایی نەبـــوو، بەڵكـــو ئەو بیـــرە تەســـكبینیەی میشـــیل عەفلەقـــی دامەزرێـــنەرو بیریـــاری بەعســـە كە پێیوابـــوو كوردەكـــان كەمینەیەكـــی بچـــوكی ســـەر بە نەتـــەوەی عـــارەبن، بـــۆیە دەبـــوایە بەشـــێكیش بـــن لە خەبـــاتی گەلـــی عـــارەب دژی ئیمپریـــالیزم و زایـــۆنیزم، ئەگەرنـــا وەكـــو پیلانگێـــر دژی شۆرشـــی عـــارەبی تەماشـــا دەكـــرێن. لەبـــاری بەرگریكردنـــی نەتەوە و گروپـــی كەمیـــنەدا، بـــۆیە پاكتـــــاوكردنو لەناوبردنیـــــان یەكێـــــك بـــــووە لە ئەركە حزبـــــیو نیشـــــتمانیەكانو ئەفســـــەرانو جەنگاوەرانیشـــــیان بەو عەقلـــــیەتە پەروەردەكردووە.

ئەنجـــومەنی ســـەركردایەتی بەنـــاو شـــۆرش لە پەرتووكـــەكەی دەرســـیم دیبەگەییـــدا جێگەیەكـــی بـــۆ دیـــاریكراوەو ئەنـــدامەكانی بەپێـــی ریزبەنـــدی پۆســـتەكانیان ناویـــان هـــاتووە، بەرپرســـیارێتیان لەتـــاوانی ئەنفالـــدا دەكەوێـــتە ئەســـتۆ، دەبـــوایە دادگـــای بـــاڵای تاوانەكـــان بەپێـــی یاســـا مامەڵەیـــان لەتەكـــدا بكـــات لەمەڕ تـــاوانی ئـــەنفال و تاوانەكـــانی تـــردا، چـــونكە ئەو ئەنجـــومەنە لە كۆبـــوونەوەی خۆیـــدا بریاریـــداوەو

هەر ئەندامێکیش بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ نموونە بریاری (160)ی ئەنجومەنی ناوبراو لە رێکەوتی (29)ی ئازاری ساڵی (1987)دا عەلی حەسەن مەجیدی وەکو دەسەڵاتداری رەهای ناوچەی باکوور دیاری کردووە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی کورد، دواتریش بە واژۆی صدام حوسێن هەموو دەزگا ئەمنیو سەربازیو هەواڵگریەکانی خستووەتە بەردەستو هەمان دەسەڵاتی صدامی پێبەخشیووە.. بەپێی ستانداردی نێونەتەوەیی بۆ تاوانی جینۆساید تەنانەت بێدەنگی کردن لە تاوانەکەش دەچێتە خانەی بەشداری کردنەوە .. ئەو دەسەڵاتەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەناو شۆڕش دابوویە عەلی حەسەن مەجید جڵەوی توندڕەوی بۆ شلکردووەو زەمینەی تاوانەکەی بۆ سازکردووە، کە لەسۆنگەی ئایدۆلۆژیای بەعسو ئەو هەموو ئەفسەرو جەنگاوەرە توندڕەوانەوە بازنەی کۆمەڵکوژیەکەیان فراوانتر کردووە .. ئەمە بێجگە لەوەی هەمان ئەو ئەنجومەنە، تەواوی دامودەزگاکانی دەوڵەتیان خستبووە خزمەتی ئامانجەکانی عەلی حەسەن مەجیدەوە هەموو ئالیاتی دەوڵەت بۆ سەرکوتی زیاترو کۆکردنەوەی دەستگیرکراوەکانو هۆکارەکانی راگەیاندن بۆ چۆکپێدادانو خۆبەدەستەوە دانی گوندنشینەکان لەلایەکو هاندانی جەنگاوەرە ئەنفالچیەکان بۆ هەڵمەتی زیاترو خستنەوەی رق و کینە بەرامبەر بە گرووپە دەسنیشانکراوەکە کە بریتی بوون لە کوردە گوندنشینەکانی ناوچە قەدەغەکراوەکانو دواتریش بوونە لێقەوماوترین بوونەوەری سەرگۆی زەوی. ئەرێ ئەگەر کوردەکان ناپاک و زیانبەخشو ملۆزم بوون، ئەی گوناهی سروشتو گەڵای درەختەکانو مەلو باڵندەو ئاژەڵە کێویەکان چی بوو کە ئەوانیش بە چەکی کیمیاوی کوژرانو برینداربوون، گوناهی ئەو هەموو سەگو پشیلە ماڵیو کێویانە چی بوو کە بەهەمان دەردی کوردە گوندنشینەکان برانو کوژران، گوناهی ئەو ئەسپو گوێدرێژە بەجێماوانە چیی بوو، کە فرۆکەوانەکان بە کۆپتەرو سەربازی پیادە

بە ڕەشاشی دورهاوێژ وەک چۆن سێرەیان لە پێشمەرگە جەنگاوەرەکان دەگرتەوە ئاوا دەخرانە نیشانەوەو دەیانکوشتن. ئەمانە راستین‌و هیچ زیادەرۆییەکیان تێدانیە، ئەوە رۆژگاری کوردو بەعس‌و ئەنفال بوو.

لەکۆتایدا ماوەتە بڵێم ئەمە رۆمانسیەتی هەڵبەستوانێک نیە، بەڵکو رێگاچارەیەکە، دەنا بۆچی نا نەشیاوە ئەگەر ئەو دەوڵەتانە دەستبەرداری جەنگ بن دژی کورد، چونکە ئەوەی یەکلایی بووەتەوە نە کورد ریشەکێش دەبێ‌و نە ئەو کێشەیەش بەستەمکاری چارەسەر دەبێت، بۆیە دەشێت بەلۆژیکی ناتوندوتیژی دەرگای تر بەڕووی چارەسەردا بکرێتەوەو چیتر خوێن‌و وزەی یەکتری بەفیڕۆ نەدەن، تۆ بڕوانە بەلای کەمەوە نووسەرانی وەکو ئیسماعیل بێشکچی تورک‌و کەنعان مەکیەی عارەب‌و یوست هێلتەرمانی هۆڵندی‌و چەندان قەڵەمی تر، وا ئێستاش نوسەری ئەم پەرتووکە چەندە وزەو توانایان بۆ دەرخستنی بەدکاریەکانی دەوڵەت‌و چیرۆکی قوربانیەکان تەرخانکردووە، پرسیار ئەوەیە لەکوێ داهێنەران‌و نووسەران سەر قاڵی نوسینەوەی سیاسەتی ستەمکارانەو کۆلۆنیالیستانەو کۆکردنەوەو ئامادەکردنی بەدکاری‌و خراپەکاری پیاوانی دەوڵەت بن‌و بەشێکی تەمەن‌و هێزو وزەی خۆیان بۆ بەر پەرچدانەوەو هەڵدانەوەی پەردە لەسەر تاوانەکانیان بەخەرجبدەن..؟ لەکوێ سەرقاڵی داهێنانێک بونایە کە هەموو بەسەربەرزی‌و ئاسودەییەوە پێشوازیمان لە بەرهەمی بیرو پێنووسی یەکتر کردبا، بەچیدەچێ سەرکەوتنی راپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچو پەرتووکەکەی دەرسیم شکست‌و دۆڕان‌و شەرمەزاری بۆ ئەوانی دی بهێنێ، خۆزگە ئەو تاوانانە ئەنجام نەدرابان‌و نە دەرسیم‌و نە کەنعان مەکیێ‌و نە یوست هێلتەرمانمان نەناسیبایە، خۆزگە کەس ئەنفال نەکرایەو نە دادگای بالای تاوانەکان‌و نە پەرتووکێکیشمان، لەبارەی ئەنفالەوە نوسیبا، بەڵام کە داری خۆزگە بەری نەگرت‌و ستەمکاری درێژەی هەبوو دەبێت بەرێزەوە

پێشوازی لە پڕۆژەکەی دیبەگەیی و ئەوانی دی بکەین و لە دڵەوە بڵێین دەست خۆش.

## پێشەکی نووسەر:

بەداخەوە لە وڵاتێکدا کە یاسا سەروەر نەبێت، زۆرجار قوربانی دووبارە دەبێتەوە بە قوربانی دەستی جەللادەکان و جەللادەکانیش نەک هەر سزا نادرێن بەڵکو پلەو پۆستەکانیان بەرزتر دەبێتەوە. لە باشووری کوردستانی خۆشمان چونکە یاسایەکی کۆنکریت نییە هەم بۆ سزادانی تۆمەتباران و هەم بۆ داواکردنەوەو گەڕاندنەوەی مافی قوربانیانی ئەنفال، کیمیاباران و شەهیدانی دەستی نۆکەران و پیاوانی رژێم، بۆیە جەللاد هەر جەللادەو قوربانیش هەر قوربانی بێئەوەی هیچ مافێکیان بۆ بگەڕێتەوە. لەوەش کارەساتتر لە زۆر شوێندا هەر سەرۆک جاش، فەرماندەی مەفرەزە تایبەییەکان و نۆکەرانی رژێم یان خۆیان یان نەوەکانیان پلەو پۆستی بەرزیان لە وەزارەت و فەرمانگاکاندا هەیە و رۆژانە کەسوکاری قوربانییانی ئەنفال، هەڵەبجە، کیمیاباران کردن و خانەوادەی شەهیدان دەبێت چەندین کاتژمێر لە بەردەم دەرگاکانی ئەو بەناو بەرپرسانەدا بوەستن لەپێناوی راییکردنی کارەکانیاندا.

دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی (1991) و روخانی سەدام و رژێمە دیکتاتۆرەکەی لە رێکەوتی (9.4.2003)دا، بەشێکی زۆر لە سەرۆک جاشەکان، فەرماندەکانی مەفرەزە تایبەتییەکانی ئەمن، ئیستخباراتی بەعس، تاوانباران و نۆکەرە پیاوکوژەکان چوونە ریزی پارتە کوردستانییەکان بەتایبەتی هەردوو پارتە خاوەن دەسەڵاتە هاوبەشەکەی باشووری کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، کە پلەو پۆستی گەورەیان لەناویاندا وەرگرت، بەمەش دووبارە ئەوان بوونەوە بە جەللادو خەڵکی ستەم دیدەش هەر لە شوێنی خۆی وەکو قوربانی مایەوە، کە لە هیچ کونجێکی جیهاندا شتی وا نەبووە.

ئەفسەرانی کوردی سەربە رژێم، سەرۆک جاشەکان، مەفرەزە تایبەتییەکان و نۆکەرانی رژێم بەشداری هەر تاوانێک لە شەهیدکردنی پێشمەرگە و هاووڵاتی یان رادەست کردنەوەیان بە رژێمی بەعس، شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال، گوند سووتاندن و هێرشیان بردبێت بۆسەر هێزی پێشمەرگەو گوندەکانی کوردستان، لەو پەرتووکەدا ئاماژەم بە تاوانەکانیان کردووە، هەر کەسێکیش کە ئاماژە بەهیچ تاوانێکی نەکرابێت مانای وایە یان هیچ تاوانێکی نەکردووە یان بەندە زانیاری لەسەر تاوانەکانی نییەو لە بەڵگەنامەکانی لای بەندەدا ناویان نییە. *هەروەها مەرجیش نییە*

*هەر كەسێك لەم پەرتووكەدا ناوی هاتبێت وەكو تاوانبارێكی ئەنفال و كوردۆسایدكردنی گەلی باشووری كوردستان هەژمار بكرێت و چاوی لێبكرێت، هەندێك لەوانەی كە لەو پەرتووكەدا ناویان هاتووە لە سەردەمی ئەنفالەكاندا پۆستی حكومییان هەبووەو بەس، بێئەوەی تۆمەتبار بن یان هیچ بەشدارییەكیان لە ئەنفالەكاندا هەبێت، تەنانەت راوێژكاری وا هەیە تەنیا وەكو سەرۆك جاشی فەوجێك ناوی هاتووە، بەڵام هیچ تاوانێكی نەكردووە، بۆیە پێویستە ئەوانە لەوانەی تر جیابكرێنەوە كە تاوانەكانیان لەبەردەم ناوەكانیان و ژمارەی فەوجەكانیان نووسراوە، یان ناویان وەكو بەشداریكار لە یەكێك یان چەند شاڵاوێكی هەشت قۆناغەكەی ئەنفال و كیمیا باران كردنی هەڵەبجەو كوردستان هاتووە.*

بیرۆكەی نووسینی ئەو پەرتووكە دەگەڕێتەوە بۆ بابەتێك كە دەمویست لە سەرەتای ساڵی (2006)دا بۆ یادی شاڵاوە دڕندەكانی ئەنفال و بۆردوومان كردنی شاری هەڵەبجە بە چەكی كیمیاوی و بەتایبەت بۆ یادی رۆژی ئەنفال (14.4) ئامادەی بكەم. بەڵام دوای دەستپێكردنی بابەتەكەم بینیم بابەتەكە لە وتارێك و دوان و سێیان و چەندین وتار تێدەپەڕێت، هەم شتی نوێی زۆر لەخۆی دەگرێت بۆیە بڕیارمدا بیكەم بە نامیلكەیەك لەسەر شاڵاوەكانی ئەنفال و كیمیاباران كردنی شاری هەڵەبجەو كوردستان. كەچی رۆژ لەدوای رۆژ بەڵگەنامەی باشترو كەرەستەی زۆرترم دەستكەوت، بۆیە بڕیارمدا پەلەی لێنەكەم بۆئەوەی بتوانم شتێكی نوێ بنووسم و بە نووسینەكەم هەم خزمەتێكی زۆرتری نیشتمان و نەتەوەكەم بكەم هەم زانیاری زۆرتری لایەنە شاردراوەكانی ئەنفال و كیمیاباران كردنی هەڵەبجە و دێهاتەكانی كوردستان بخەمەڕوو.

لە سەردانێكمدا بۆ باشووری كوردستاندا لە رێكەوتی (29.3.2010) سەردانی (دكتۆر مەجید جەمیل محەمەدئەمین)ی وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفال كراوەكانم كردو، باسی كورتەیەك لە پرۆژەی نووسین و چاپكردنی پەرتووكی (ئینسكلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و كوردۆسایدكردنی گەلی باشووری كوردستان)م لەگەڵ كرد، ئەویش بە دڵخۆشییەوە گفتی لە چاپدانی (1.200) دانەی پێدام لەگەڵ دواتریش وەرگێڕانی پەرتووكەكەم بۆسەر زمانی ئینگلیزی و لە چاپدانی بە هەمان تیراژ. بەڵام دوای نزیكەی هەفتەیەك یان دە رۆژێك لای رۆژنامەنووسێك باسی پرۆژەی نووسین و بەچاپ گەیاندنی ئەو بەرهەمەی خۆمم بۆ كرد، كەچی ئەو

رۆژنامەنووسە دوای نزیکەی سێ هەفتەیەک و رێک لە رێکەوتی (29.4.2010)دا لە تەواوی میدیاکانی باشووری کوردستاندا پڕۆژەی نووسینی ئینسکلۆپیدیای ئەنفالی بەناوی خۆی راگەیاند.

هۆکاری ناونانی پەرتووکەکەم بەو ناوەوە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە پەرتووکەکە زانیارییەکی زۆر لەخۆ دەگرێت سەبارەت بە تاوانبارانی شاڵاوە دڕندەو بەدناوەکانی هەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفال و ژەهر باران کردنی شاری هەڵەبجە، دەکرێت ئەو پەرتووکە وەکو ئینسکلۆپیدیایەکی سەرەتایی تاوانبارانی شاڵاوەکانی ئەنفال و ژەهر باران کردنی شار و گوندەکانی کوردستان بەکاربهێنرێت.

هیوادارم لە هەر هەڵەو ناتەواوییەکی ناو پەرتووکەم ئاگادارم کەنەوە، چونکە یەکێک لە مەبەستە گرنگەکانی نووسینی ئەو پەرتووکەم نووسینەوەی مێژووە وەکو خۆی کە روویداوە، لەگەڵ دەرخستنی رووی راستی کارەساتەکانی ئەنفال و ژەهر باران کردنی کوردستان بە بەڵگەوە، نەک تۆمەتبارکردنی خەڵک بەبێ بەڵگە، هەروەها نووسینی ئەو پەرتووکە ببێتە رێگرێک و ترسێک بخاتە نێو دڵی هەموو ئەو کوردانەی کە لە داهاتوودا بیانەوێت بیر لە ناپاکی نیشتمان و نەتەوە بکەنەوە، تاوەکو لە ترسی مێژوو بیریان بۆ هاوکاری دوژمنان نەڕوات و چیتر نەبن بە کەوا سووری بەر لەشکری داگیرکەران و شانبەشانی ئەوان کورد نەکوژن لە پێناوی سامان و ژیانێکی خۆشتر.

هەر کەسێکیش پێیوایە کە ستەمم لێی کردووەو بەناڕەوا ناوم بردووە یاخود تاوانم بۆی دروست کردووە، با بە یاسا رێگای دادگام لێبگرێتە بەر، ئەوکاتە بەڵگەنامەکان راستییەکان دەردەخەن و گومانم لەوەدا نییە کە من تەنیا مێژووم نووسیوەتەوە بە گوێرەی رۆژنامەکانی رژێمی سەدام و بەعس، فەرمانە کۆمارییەکان، بڕیارەکانی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قیادة الثورة)، بەیانە سەربازییەکان، لەسەر زاری سەرکردەکانی سوپا، بەرپرسانی حکومەت، سەرۆک جاشە کوردەکان و بەگوێرەی بەڵگەنامەو رۆژنامەکانی رژێم لە سەردەمی ئەنفالەکاندا.

لە کۆتاییشدا داوادەکەم و هیوادارم هیچ کەس و لایەنێک بەبێ ئاماژەکردن بە ناوی پەرتووکەکم بەڵگەنامە، وێنەو زانیارییەکانی ناو ئەم پەرتووکە بەکار نەهێنن، هەروەها داواکارم دەرهێنەری کورد جەلیل زەنگەنە، لە داهاتوودا بۆ زنجیرەی درامای (گەردەلول)، کاتێک کە دەگاتە سەردەمی ئەنفالەکان، ناوی تەواوی یەکە

یەكەی بەشدارانی ئەنفال هەر لە سەركردایەتی بەعس، سەركردایەتی حكومەت، سەرۆكی ئەركانی بەناو سوپا، بەڕێوەبەرانی دەزگا سەركوت كەرەكانی رژێم (نووسینگەی رێكخستنەكانی باكووری حزبی بەعس (مكتب تنظیم الشمال للحزب البعث)، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئەمن، ئەمنی تایبەت، موخابەراتی گشتیی، بەڕێوەبەرایەتی ئیستیخباراتی گشتیی سەربازی، بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردستان، مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی و مەنزومەی ئیستخباراتی شەرقی)، فەرماندەی فەیلەقەكان، فەرماندەی فرقەكان، سەرۆك جاشەكان و ژمارەی فەوجەكانیان لەگەڵ مەفرەزە تایبەتییەكانی سەربە ئەمن و ئیستخبارات، وەكو خۆی دابنێت.

## ئەنفال و پێناسەی ئەنفال:

نامەویت وەکو هەموو ئەو نووسەرانەی تر لە مانای ووشەی ئەنفالی ئیسلام و عارەبەوە دەست بە شرۆڤەکردن و پێناسەی ئەنفال بکەم، بەڵکو دەمەویت لە بیرو روانگەی تاکی کوردەوە باسی ئەنفال و پێناسەی ئەنفال بکەم. هەروەها ناچمە سەر تاوانی جینۆسایدکردن و شرۆڤەکردنی ئەو تاوانە، کە هاوڕێم شاخەوان شۆڕش لە پێشەکییەکەی خۆیدا بەشێوەیەکی ئەکادیمی پێناسەی تاوانی جینۆسایدی کردووە.

ئەنفال واتە کۆمەڵکوژی (جینۆسایدکردن)، واتە ڕێگەدان لە لایەن حکومەتی سەدام و بەعسەوە بە کورد کوشتن بە هەموو جۆرە چەکێک لە ماوەی نزیکەی حەوت مانگ و نیوی نێوان (6.9.1988-23.2.1988)دا. ئەنفال واتە هەوڵی لەناوبردنی رەگەزو قرکردنی کورد، هەوڵی لەناوبردنی کورد لە لایەن حزبی بەعسی عارەبی رەگەزپەرست و رژێمی سەدام و دارودەستە فاشی و دژ بە کوردەکەی، ئەنفال واتە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد، پاکتاوی رەگەزی کورد لە باشووری کوردستان، کۆمەڵکوژی کورد، ژەهر باران کردنی شار و دێهاتەکان، هەڵتەکاندن و وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان، خاپوورکردنی تەواوی دیهاتەکان و لەناوبرادنی ژینگەو سروشتی باشووری کوردستان، بەتاڵانبردنی سامان و ئابووری کوردستان و راگواستنی دیهاتەکان و ئەو برە کوردەی کە دەمێنێت بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری ئێراق بە مەبەستی تواندنەوەیان لەنێو نەتەوەی عارەبی داگیرکەردا. ئەنفال واتە نەهێشتنی کورد لە رێگای بەعارەبکردنی مرۆڤەکانی کوردەوە یاخود لە رێگای کوشتنی بەکۆمەڵی ئەندامانی سەربە نەتەوەی کورد.

ئەنفال کارەساتێکی نەتەوەیی مەزنە و چەند سەد هەزارێک لە منداڵ، گەنج، ژن و پیری کوردی بێتاوان تێیدا بە کۆمەڵ قڕکران. لەسەر قسەی سەرۆک ئەرکانی بەناو سوپای شومی عروبەی سەدام و بەعس (فەریق روکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلئەنساری ئەلخەزرەجی) زۆرتر لە (250) هەزار مرۆڤی کورد لە هەر هەشت شالاوە بەدناوەکانی ئەنفالدا کوژران. سەرۆکی ئەرکانی بەناو سوپای ئەڵڵاهو ئەکبەری ئێراق و سەدام فەریق روکن نزار خەزرەجی لەکاتی داواکردنی مافی پەناهەندەیی بە کاربەدەستانی دانمارکی گوتووە: (با ئەوەتان بۆ راست کەمەوە کە

ژمارەی قوربانیانی كورد لە شاڵاوەكانی ئەنفال (182.000) نییە، بەڵكو زۆرترە لە (250.000) كوژراو و بێ سەروشوێن كراو).

دەوڵەت و میری رەگەزپەرستی ئێراق لە رێكەوتی (20.1.1959)دا واژۆی لەسەر رێكەوتننامەیەكی نێودەوڵەتی كردووە، كە سەبارەت بە تاوانی قڕكردن بووە بەناوی ( كۆنڤێنسیۆنی سەركوتكردنی تاوانی قڕكردن)و لە رێكەوتی (12.1.1951)دا بەكۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوە یەكگرتووەكان بڕیاری لەسەر درابوو - دكتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی كوردو یاسای نێو دەوڵەتان، ل236-237). بەڵام هەر لە یەكەم رۆژی دامەزراندنی حكومەتی عارەبی لە رێكەوتی (25.10.1920)دا لە ئێراق، سەرەڕای پێشێلكردنی سەرەتاترین مافی نەتەوەیی كورد، بە بەردەوامی هەوڵی بەعارەبكردنی خاكی باشووری كوردستان و مرۆڤی كورد لە چوارچێوەی ئێراق دراوە، كە ئەوانەش دەچنە خانەی جینۆسایدكردن و هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی كورد لە باشووری كوردستانی ژێردەستی دەوڵەتی ئێراق.

سەبارەت بەو تاوانە قێزەوونەی بەعسی و سەدامییەكان كە لە ساڵی (1988)دا لە باشووری كوردستان لە لایەن ئەوانەوە ئەنجام درا، وڵاتە عارەبی و موسڵمانەكان نەك هەڵوێستیان نەبوو، بەڵكو هەر هەموویان بەجارێ نكۆڵییان دەكرد لە كیمیا باران كردنی هەڵەبجەو ئەنفال كردنی كوردو كاولكردنی دێهاتەكانی باشووری كوردستاندا. بەڵام پەرلەمانی ئەوروپا وەكو كاردانەوەیەك سەبارەت بە شاڵاوەكانی ئەنفال و بۆردومان كردنی شارەكانی باشووری كوردستان و دانیشتوانەكەی بە چەكی ژەهراوی و كۆكوژی لە لایەن رژێمی بەعسی سەدامەوە، لە رێكەوتی (17.11.1988)دا بڕیارێكی دەركرد كە تیایدا هاتووە: (مەترسی قڕكردنی كوردەكانی ئێراق مرۆڤایەتی رووبەڕووی ئەركێكی رەوشتی دەكاتەوە كە ناتوانێ خۆی لێ بكێشێتەوە - دكتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی كوردو یاسای نێو دەوڵەتان، ل208).

بەهەمان شێوە كۆنگرێسی ئەمەریكی لە مانگی ئەیلولی (1988)دا ووتی: (رەفتاری دەوڵەتی ئێراق دژی كورد خۆی لە قڕان (جینۆساید) دەنوێنێ. ئەو هەنگاوەش لە یاسا نێودەوڵەتییەكان قەدەغەكراوەو لەلایەن گەلانی شارستانییەوە نەفرینی لێكراوە - دكتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی كوردو یاسای نێو دەوڵەتان، ل208-

209). کۆنگریسی ئەمریکی هەر بەوەندە نەوەستا بەڵکو شاندێکی دوو کەسی سەربە پەیوەندییەکانی دەرەوەی خۆی کە پێکهاتبوو لە هەریەک لە (پیتەر گالبرێت و کریستۆڤەر ڤان هۆڵن) ناردە ئێراق. ئەو دوو ئەندامەی کۆنگرێس دوای گەڕانەوەیان بۆ ئەمریکا، لە مانگی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا راپۆرتێکی پڕ لە زانیاری ووردیان دایە کۆنگرێس و لە راپۆرتەکەدا جەختیان لەسەر بەکارهێنانی گازی ژەهراوی و چەکی کیمیاوی لەلایەن هێزەکانی سەدام و بەعس کردبووەوە لەدژی کوردەکانی باشووری کوردستاندا و داوای سەپاندنی ئابلووقەی ئابوورییان کردبوو لەدژی حکومەتی ئێراق. *ئەوەبوو هەموو عارەب و وڵاتانی ئیسلامی و بەتایبەت دەوڵەتی تورکیا لەسەر ئێراق هاتنە وەڵام و پەرلەمانی ئەوروپا و ئەمریکایان بەوە تۆمەتبارکرد کە کاریگەری دەوڵەتی ئیسرائیل-یان لەسەرەو ئەو بانگێشانەیان لەپێناوی کپکردنی دەنگی نارەزایی عارەب و موسڵمانەکانە لەو کارانەی ئیسرائیل لەدژی عارەبەکانی دانیشتووی سەر خاکی ئیسرائیل ئەنجامی دەدات.*

هەر لە سەرەتای مانگی سپتێمبەری ساڵی (1988)دا باڵوێزخانەی ئەمریکی لە تورکیا، هەواڵی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن هێزەکانی ئێراقەوە لەدژی کوردو کۆچی بەکۆمەڵی کوردی باشووری کوردستانی لە ترسی هێزەکانی ئێراقی بەرەو وڵاتانی دراوسێ راگەیاندبوو. بۆیە لە رێکەوتی (8.9.1988)دا وەزیری دەرەوەی ئەمریکی جۆرج پرات شۆڵتز، کە لەنێوان (20.1.1989-16.7.1982)دا پۆستی ناوبراوی هەبووەو سەربە کۆمارییەکان بووە لەگەڵ سەعدون حەمادی عەبدولزەهرە وەزیری دەوڵەتی ئێراق بۆ کاروباری دەرەوە کۆبووەوەو، سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کوشندەو گازی ژەهراوی لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە لەدژی کوردەکانی باشووری کوردستان گفتوگۆی لەگەڵ کرد.

رێکخراوی هیومان رایتس وۆچ لە راپۆرتێکی خۆیدا کە لە ساڵی (1993)دا بڵاویکرۆتەوە ئاماژەی بە شاڵاوەکانی ئەنفال و بەفەرمی ناساندنی تاوانی ئەنفال وەک جینۆساید کردووە. رێکخراوی هیومان رایتس وۆچ بەمشێوەیە پێناسەی ئەنفالکردنی کورد لە لایەن حکومەتی ئێراق دەکات (ئەنفال هێرشێکی سەربازی بە ئەنقەست بوو کە بە هەشت قۆناغ ئەنجامدرا و تیایدا بەلایەنی کەمەوە پەنجا هەزار هەتا سەد هەزار هاووڵاتی کورد کوژراوە. سەربازانی ئێراقی لە هێرشی ئەنفالدا چەندین جار چەکی کیمیاوییان بەکارهێناوە لەم شاڵاوەیەدا مناڵ، پیرو گەنجی کورد

بوونە قوربانی. دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ ئەنفالی خستە ڕیزبەندی جینۆساید و تاوانی کۆمەڵکوژی کە لە بەرامبەر کوردەکان ئەنجام دراوە – سەرچاوە: کۆنگرەی بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، ل477-478).

کاتێک کە لە سورەی الرعد، ئایەتی (37)دا هاتبێ: (وکذلك أنزلناه حكما عربيا)، واتە (هەروەها دەسەڵاتی عارەبیمان بۆتان ناردە خوارەوە) و لە سورەی ئالعومران، ئایەی (110)دا بە عارەب بڵێت: (وكنتم خير أمة أخرجت للناس تأمرون بالمعروف وتنهون عن المنكر وتؤمنون بالله). واتە (بەڕاستی ئێوە چاکترین نەتەوەیەکن کە بۆ سوودی خەڵکی هێنراونەتە قادێکەوە، چونکە فەرمان بە چاکە دەدەن و قەدەغەی خراپە دەکەن)، چۆن عارەب شولی لێ هەڵناکێشێ و خۆی بە سەردارو گەورەی سەر زەوی دانانێت؟ بەگوێرەی ئەو سورە و ئایەتانەی سەرەوە دەبێت دەسەڵات و فەرمانڕەواییکردن هەر بەدەست عارەبەوە بێت و، ئێمەش بۆ هەتا هەتایە ملکەچی یاساکانی دارستانی ئەوان و ژێردەستیان بین.

بەداخەوە بۆ ماوەیەکی زۆر عارەبە ڕەگەزپەرستەکان بیرکردنەوەو بۆچوونی مارکسیی و شیوعییە کوردەکانیان بەعارەب کردبوو، خۆ ئیسلامییە کوردەکان هەر مەپرسە کە سەرەڕای ئەوەی بیرکردنەوەو بۆچوونەکانیان بەتەواوی بەعارەب کراوە، کەچی تاوەکو ئێستاکەش کلیلی کردنەوەو داخستنی مێشکی ئەوان لە دەستی عارەبی موسڵمانی دژ بە کوردو ڕەگەزپەرستدایە! بۆ نموونە تا سەرەتای ساڵی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، لەژێرکاریگەری عارەبی شۆڤینی کە خۆیان خزاندبووە ناو ڕێکخراوە مارکسی و کۆمۆنیستییەکان، زۆرێک لە سەرکردایەتی و هاوڕێیانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)، پێیان وابوو دوژمنایەتی و کێشەی سەرەکی کوردو کوردستانییەکان لەسەر داگیرکردنی باشووری کوردستان لەلایەن عارەبەوە، لەگەڵ ئیمپریالیزم و ئەمریکایە نەک لەگەڵ بەعسی عروبەی سەدامی و حکومەتی داگیرکەری عارەبی لە ئێراقدا، بەڵام باشبوو ئەو کێشەیە لە کۆنفرانسی دووەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە هاوینی ساڵی (1982)دا لە (خڕی نێوزەنگ)دا چارەسەرکرا. لەلایەکی تر تا کۆتایی ئەنفالەکان و سەرهەڵدانی بیرۆکەی پێویستی دروستبوونی حزبی شیوعی کوردستانی لەناو شیوعییە کوردەکانی ناو حزبی شیوعی ئێراقیدا، بەتەواوی بیرکردنەوەو بۆچوونەکانیان

بەعارەب (تەعریب) كرابوو، بەڵام هیواو ئاواتێكی مەزن بوو بۆ كوردو كوردستان كە هاوڕێیانی حزبی شیوعی توانیان رزگاریان بێت لە بەعارەبكردنی بیرو بۆچوونەكانیان و ئێستاكە بەشێوەیەكی كوردانەو كوردستانییانە بیر دەكەنەوە. وەلێ تەواوی بزووتنەوە بەناو ئیسلامییە كوردی و كوردستانییەكان، تاوەكو ئێستاكەش بیرو بۆچوونەكانیان هەر وەكو جاران بە بەعارەبكراوی مایتەوەو گۆڕانكارییان بەسەردا نەهاتووە، بۆ نموونە تاوەكو ئێستاكە خەباتی فەڵەستینییەكان بە پیرۆزتر دەزانن لە خەباتی رەوای بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی كوردستان. داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ دەكەن بۆ عارەبە فەڵەستینییەكان، كەچی ناوێرن داوای هەمان شت بكەن بۆ كوردانی هیچ پارچەیەكی كوردستان. خەباتی رەوای شۆڕشگێڕانی باكووری كوردستان بە تیرۆر ناودێر دەكەن و هی عارەبی فەڵەستین و ئێراق بە (جیهاد و ئەلموقەدەس). فەلوجەی تیرۆرستان بە هەڵەبجە ناودەبەن، لەكاتێكدا كە هەڵەبجە قوربانی دەستی عارەبی شۆڤینی و تیرۆریستە فەلوجەییەكان و رەفیقەكانی ئەوانن. داوای ئەوە دەكەن كە هەرگیز نابێت سەركردایەتی كورد پەیوەندی لەگەڵ حكومەتی ئیسرائیل و جوولەكە ببەستێت، لەكاتێكدا ئاڵای ئیسرائیل لە شوێنە هەرە بەرزەكانی زۆربەی پایتەختەكانی وڵاتانی عارەبی و ئیسلامی دەشەكێتەوە. لەكاتی سروودی نیشتمانی كوردستان (ئەی رەقیب) هەڵناستنەوە سەرپێ و بە كوفر و ئیلحاد ناوی دەبەن، كەچی بۆ سروودی نیشتمانی عارەبی داگیركەر لە پەرلەمانی ئێراقدا لەسەر یەك پا دەوەستن!

# بەشی دووەم

## دامودەزگاکانی حکومەت و ئەو دەسەلات و هێزانەی کە ئەنفالی کورد و ژەهر بارانی (کوردستان)یان کردووە:

## ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قيادة الثورة):

بەعسییەکان، بەگوێرەی یاسایەک کە هەر لەدوای گرتنە دەستی دەسەلاتی ئێراق لە ڕێکەوتی (14.7.1968)دا دایانڕشت، (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)یان پێکهێناو، کردیان بە بەرزترین دەزگای دەولەت، کە تەواوی دەسەلاتە سەرەکییەکانی حکومەت، حیزب و سوپا کەوتە دەست ئەو ئەنجومەنە.

1. سەدام حوسێن ئەلمەجید ئەلحەسەن عەبدولغەفور عەبدولقادر ئەلناسری ئەلتکریتی، سەرۆک کۆمارو سەرۆکی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش. سەدام حوسێن تکریتی، لە ڕێکەوتی (13.12.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکییەوە دەستگیرکرا.
2. عزەت ئیبراهیم خەلیل ئەلدوری، جێگری سەرۆکی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (جريدة الثورة، ژمارە (6541)، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (22.4.1988)، ل6). عزەت ئیبراهیم ئەلدوری، لە پاداشتی سەرکردایەتی کردنی هێزەکانی بەعس بۆسەر کوردستان (کەرکوک، سلێمانی و هەولێر)، بە بڕیاری (329)ی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕێکەوتی (2.9.1991)دا وسام رافدەینی پلە یەک و جۆری سەربازی + وسامی ئوم ئەلمەعارکی پلە یەک + سەیف ئوم ئەلمەعارکی پلە یەک + دە مەدالیای بەناو ئازایەتی لە سەدامی دیکتاتۆر وەرگرتووە (العقيد الركن أحمد الزبيدي، أزمة القيادة في العراق، ل147).
3. شبلی ئەلعەیسەمی، یارمەتیدەری ئەمینداری گشتیی حزبی بەعسی عارەبی ئیشتراکی و ئەندامی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (جريدة الثورة، ژمارە (6541)، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (22.4.1988)، ل5).

4. تەها یاسین رەمەزان ئەلجەزراوی (کورد)، ئەندامی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و فەرماندەی گشتیی بەناو سوپای میللی (جريدة الثورة، ژمارە (6576)، رۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (29.5.1988)، ل4) (الثورة، ژمارە (6632)، یەکشەممە، 24.7.1988)، ل4). لە ڕێکەوتی (18.8.2003)دا لەناو شاری موسڵ لەلایەن (ی.ن.ک)ەوە دەستگیرکرا.
5. تاریق حەنا میخائیل عەزیز عیسا، ئەندامی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش. لە ڕێکەوتی (24.4.2003)دا دەستگیرکرا.
6. تەها محێدین مەعروف (کورد)، جێگری سەرۆک کۆمارو ئەندامی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جريدة الثورة، ژمارە (6754)، رۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (23.11.1988)، ل1). لە ڕێکەوتی (2.5.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکییەوە دەستگیرکرا.
7. دکتۆر سەعدون حەمادی عەبدولزەهرە (شیعە)، ئەندامی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی ئێراقی (جريدة الثورة، ژمارە (6523)، دووشەممە، ڕێکەوتی (4.4.1988)، ل4 + جريدة الثورة، ژمارە (6576)، شەممە، ڕێکەوتی (6.8.1988)، ل4) + (الثورة، (6645)، رۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (11.8.1988)، ل3). دوای شەڕی کەنداو بوو بە سەرۆک وەزیران.
8. سەعدون شاکر مەحمود ئەحمەد ئەلعوبەیدی (شیعە)، ئەندامی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (الثورة، (6650)، رۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (11.8.1988)، ل3 + سەعد بەزاز، الجنرالات اخر من يعلم، الطبعة الاولى، دار الحكمة للطباعة والنشر والتوزيع – لەندەن 1996، ل98).
9. حەسەن عەلی نەسار ئەلعامری (شیعە)، ئەندامی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (جريدة الثورة، ژمارە (6523)، دووشەممە، ڕێکەوتی (4.4.1988)، ل4 + جريدة الثورة، ژمارە (6761)، ڕێکەوتی (30.11.1988).
10. عەلی حەسەن ئەلمەجید عەبدولغەفور ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی (عەلی کیمیاوی)، ئەندامی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی (27)، ل8061). ناوبراو لە ڕێکەوتی

(21.8.2003)دا لەلایەن هێزەكانی ئەمریكییەوە دەستگیركرا. عەلی حەسەن مەجید، لە پاداشتی سەركردایەتی كردنی هێزەكانی بەعس بۆسەر كوردستان (كەركوك و باكووری شاری موسڵ)، بە بڕیاری (329)ی بەناو ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش لە رێكەوتی (2.9.1991)دا وسام رافدەینی پلە یەك و جۆری سەربازی + وسامی ئوم ئەلمەعاركی پلە یەك + سەیف ئوم ئەلمەعاركی پلە یەك + دە مەدالیای بەناو ئازایەتی لە سەدامی دیكتاتۆر وەرگرتووە (العقيد الركن أحمد الزبيدي، أزمة القيادة في العراق، ل147).

11. سەمیر محەمەد عەبدولوەهاب شێخلی، وەزیری ناوخۆو بەناو ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش (نووسراوی ئەمنی شەقڵاوە، ژمارە (3318)ی رێكەوتی 9.11.1985).

هەریەك لە سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی كۆمار (ئەحمەد حوسێن خزەیر سامەڕائی) و سكرتێری سەرۆك كۆمار (حامد یوسف حەمادی)، بە بەردەوامی بەشدارییان لە گشت كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی بەناو سەركردایەتی شۆڕش و سەركردایەتی هەرێمی ئێراقی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیست كردووە.














































## ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی ئێراق (مجلس الأمن القومي العراقي):

ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی ئێراقی بریتیبوو لە ئەنجومەنێک کە ژمارەیەک لە دەزگاکانی ئاسایشی سەربە حکومەتی ئێراقی دەگەتە خۆی. لێپرسراوی یەکەمی ئەو ئەنجومەنە بە بەردەوامی سەدام حوسێن مەجید تکریتی سەرۆک کۆماری ئێراق و فەرماندەی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان بووە، بەڵام قوسەی سەدام حوسێنی کوڕە بچووکی دیکتاتۆر سەرپەرشتی ئەو دەزگایەی گرتبووە ئەستۆی خۆی کە لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری دەزگای ئەمنی تایبەتی (مدير جهاز الأمن الخاص) بووە. بارەگای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێراقی لە کۆشکی کۆماری لە شاری بەغدا بوو، کە هەموو هەفتەیەک کۆبوونەوەی خۆی دەبەست و ئەندامانی بریتیبوون لە نوێنەرانی هەریەک لە:

1. نووسینگەی کۆشکی کۆماری.
2. سوپای ئێراق.
3. دەزگای هەواڵگری سەربازی گشتیی.
4. هەواڵگری گشتیی.
5. دەزگای ئەمنی تایبەت.
6. بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی گشتیی.

## فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان (القیادة العامة للقوات المسلحة):

ئەندامانی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان کە بریتیبوون لە:

1. سەدام حوسێن ئەلمەجید ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی، سەرۆک کۆماری ئێراق، فەرماندی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان.
2. فەریقی یەکەمی روکن عەدنان خەیروڵڵا تولفاح ئەلناسری، وەزیری بەرگری (1977-5.5.1989)، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی گشتیی.
3. فەریقی یەکەمی روکن عەبدولجەبار خەلیل ئەحمەد شەنشەل، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری سەربازی، ئەندام. ئێستا لە وڵاتی ئوردەنە.
4. فەریقی روکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلئەنساری ئەلخەزرەجی، سەرۆکی ئەرکانی بەناو سوپا، ئەندام - سەرچاوە: (الثورة (6577)، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (30.5.1988)، ل15). نزار خەزرەجی، ئێستا لە ئیماراتی عارەبییە لە شارۆچکەی (ئەلعەین – العین) کە بیست کیلۆمەتر دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ئەبوزەبی پایتەختی ئەو وڵاتە.
5. لیوا روکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی، ئەندام - سەرچاوە: (الثورة (6577)، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (30.5.1988)، ل15).
6. فەریق روکنی فڕۆکەوان حەمید شەعبان خزەیر ئەلناسری، فەرماندەی هێزی ئاسمانی، ئەندام - سەرچاوە: (الثورة (6577)، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (30.5.1988)، ل15).
7. فەریق روکنی فڕۆکەوان، ئەلحەکەم حەسەن عەلی ئەلتکریتی، بەڕێوەبەری فڕۆکەوانی سوپا (مدیر طیران الجیش - السمتیات) لە نێوان (29.9.1984-29.9.1988)، ئەندام - سەرچاوە: (الثورة (6577)، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (30.5.1988)، ل15).
8. لیوا روکن سالم محەمەد بەکر، بەڕێوەبەری تۆپهاوێژی (مدیر المدفعیة)، ئەندام.
9. عەمید روکنی دەریاوان غائب حەسون غائب، فەرماندەی هێزی دەریاوانیو پاراستنی کەنارەکان (قائد القوة البحریة والدفاع الساحلي)، ئەندام. غائب

حەسون غائب، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (96)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

10. فەریق روکن حوسێن رەشید محەمەد عەرەب ئەلتکریتی، یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا - ئۆپراسیۆنەکان، ئەندام - سەرچاوە: (الثورة (6577)، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (30.5.1988)، ل15).
11. فەریق روکن عەبدولستار ئەحمەد جاسم ئەلمعینی، یاریدەدەری سەرۆک ئەرکانی سوپا – بەڕێوەبەرایەتی، ئەندام، (ماوەیەک فەریق روکن محەمەد عەبدولقادرو ماوەکی تریش فەریق روکن نەجمەددین عەبدوڵلا محەمەد مەلا حوسێن ئەلجبوری ئەلدوری (30.7.1987-29.6.1988) بوو).
12. فەریق روکن نوعمە فارس حوسێن ئەلمحیاوی، یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا – مەشقکردن، ئەندام. نوعمە فارس حوسێن، ئەفسەرێکی پلەبەرزی عارەبی شیعەیەو ئێستاکە لە وڵاتی نەمسادا دەژیت، بەڵام لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (86)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.
13. فەریق روکن زیائەدین جەمالئەدین، یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا – ئەمیرە، ئەندام.
14. فەریقی روکن عەلائەدین کازم حەماد ئەلجەنابی، ئەمینداری نهێنی گشتی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان، ئەندام.
15. لیوا روکن یونس محەمەد سلێمان ئالزەڕب، بەڕێوەبەری پلاندانان، ئەندام - سەرچاوە: (الثورة (6577)، سێشەممە، رێکەوتی (30.5.1988)، ل15).
16. لیوای روکنی فڕۆکەوان حەسەن خزر حاجی ئەحمەد مەلا عەتۆ موسڵاوی، بەڕێوەبەری جولانەوە ئاسمانییەکان (مدیر الحرکات الجویة)، ئەندام.
17. فەریق عەبدولجەبار موحسین ئەللامی، عارەبێکی شیعەی مەدەنی بوو کەچی سەدام پلەی لیوای پێبەخشی، سەردەمێک جێگری وەزیری راگەیاندن بوو، دواتریش کرا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی بەعسی عارەبی و بەڕێوەبەری فەرمانگەی رێنمایی رامیاری (مدیر دائرة التوجیه السیاسي)،

ئەندام – سەرچاوە: (الثورة (6577)، سێشەممە، رێکەوتی (30.5.1988)، ل15). فەریق عەبدولجەبار موحسین ئەللامی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوەکانی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (200)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

18. فەریقی روکن سەعدی توعمە عەباس ئەلجبوری (شیعە)، فەرماندەی فەیلەقی یەکی تایبەت و پشکێنەری گشتی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، ئەندام.
19. عەمید روکن نەجم عەبدوڵڵا محەمەد، بەڕێوەبەری جولانەوە سەربازییەکان (مدیر الحرکات) – سەرچاوە: (الثورة (6577)، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (30.5.1988)، ل15).
20. عەقید حوسێن کامل حەسەن ئەلمەجید تکریتی، وەزیری پیشەسازی و پیشەسازی سەربازی، ئەندام).

هەریەک لە سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار (ئەحمەد حوسێن خزەیر سامەڕائی) و سکرتێری سەرۆک کۆمار (حامد یوسف حەمادی)، بەشدارییان لە تەواوی کۆبوونەوەکانی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێراق دەکرد – سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6506)، هەینی، رێکەوتی (18.3.1988)، ل1). هەروەها بەگوێرەی کات و توانا زۆربەی جارەکان فەرماندەی فەیلەقەکان بەشداری کۆبوونەوەکانی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانیان کردووە. عەقید روکن عەبد خەڵەف محەمەد لە ساڵی (1988)دا سەربە فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێراق بووە.


الفريق الأول الطيار الركن عدنان خير الله
نائب القائد العام للقوات المسلحة وزير الدفاع







**ئەندامانی سەركردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی ئیشتراكی (أعضاء القيادة القطرية للحزب البعث العربي الإشتراكي):**

1. سەدام حوسێن ئەلمەجید ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتكریتی، سەرۆك كۆمارو سەرۆكی بەناو ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش و رازگری نهێنی سەركردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعس.
2. عزەت ئیبراهیم خەلیل ئەلدوری، جێگری رازگری نهێنی سەركردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعس – سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6647)، دووشەممە، 8.8.1988)، ل6).
3. عەلی حەسەن ئەلمەجید عەبدولغەفور ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتكریتی (عەلی كیمیاوی)، ئەندامی سەركردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و رازگری نهێنی بیرۆی باكوور – سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6656)، چوارشەممە، 17.8.1988). ل5).
4. رەفیق كامل یاسین رەشید، ئەندامی سەركردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و رازگری نهێنی بیرۆی ناوەڕاست – سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6657)، پێنجشەممە، 18.8.1988)، ل6).
5. رەفیق سەعدی مەهدی سالّح ئەلڕاوی، ئەندامی سەركردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و رازگری نهێنی بیرۆی بەغدا – سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6647)، دووشەممە، 8.8.1988)، ل4).
6. رەفیق عەبدولحەسەن راهی فرعەون (شیعە)، ئەندامی سەركردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و رازگری نهێنی بیرۆی رێكخستنەكانی فورات – سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6657)، پێنجشەممە، 18.8.1988)، ل6).
7. رەفیق عەبدولغەنی عەبدولغەفور فلەیح ئالمدلج ئەلعانی، ئەندامی سەركردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و بەرپرسی بیرۆی رێكخستنەكانی باشووری حزبی بەعس – سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6657)، پێنجشەممە، 18.8.1988)، ل6).

8. رەفیق مزبان خزر هادی مەندەلاوی، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و رازگری نهێنی نووسینگەی رێکخستنەکانی پیشەیی و گەلی (المهني و الشعبي) - سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6657)، پێنجشەممە، 18.8.1988)، ل6). مزبان خزر هادی مەندەلاوی، لە رێکەوتی (9.7.2003)دا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە دەستگیرکرا.
9. رەفیق حەسەن عەلی نەسار ئەلعامری، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و سکرتێری بەناو بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتووخواز - سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6657)، پێنجشەممە، 18.8.1988)، ل6 + الثورة، ژمارە (6650)، پێنجشەممە، 11.8.1988)، ل3).
10. محەمەد حەمزە قەیتان ئەلزوبەیدی، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و وەزیری گواستنەوەو گەیاندن - سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6566)، سێشەممە، 17.5.1988)، ل4). ناوبراو لە رێکەوتی (21.4.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکی دەستگیرکرا.
11. سەمیر محەمەد عەبدولوەهاب شێخلی، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و وەزیری ناوخۆ - سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6566)، سێشەممە، 17.5.1988)، ل4).
12. لەتیف نسەیف جاسم ئەلدلێمی، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن - سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6566)، سێشەممە، 17.5.1988)، ل4). لەتیف نسەیف جاسم دلێمی، لە دوای رووخانی رژێم لە رێکەوتی (13.4.2003)دا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە دەستگیرکرا.






## سکرتاریەتی سەرۆک کۆمار:

حامد یوسف حەمادی، لە ساڵی (1975-1979) بەڕێوەبەری گشتیی بووە لە نووسینگەی جێگری سەرۆک کۆمار (کە ئەو ماوەیە سەدام حوسێن جێگری سەرۆک کۆمار بووە). دواتر هەر لەگەڵ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری لەلایەن (سەدام حوسێن)ەوە لە (17.7.1979)دا، حامد یوسف حەمادی کرا بە بەڕێوەبەری گشتیی نوسینگەی سەرۆک کۆمارو تا ساڵی (1982) لەو پۆستە مایەوە. پاشان لە ساڵی (1982-1989) کرا بە سکرتێری سەدام حوسێن. ئینجا لە ئۆکتۆبەری ساڵی (1989-1991) سەرپەرشتیکاری نووسینگەی سەرۆکایەتی کۆمار بووە. لە ساڵی (1991)دا کراوە بە وەزیری رۆشنبیری ئێراق تاوەکو لە ساڵی (1995)دا بەفەرمانی سەدام لادراوە. لە کۆتایی ساڵی (1996)دا بۆ جارێکیتر کرایەوە بە وەزیری رۆشنبیری تا لە مانگی ئاوگۆستی ساڵی پاشتر لادرا. حامد یوسف حەمادی، لە ساڵی (1997-2001) هیچ پۆستێکی حکومی نەدرایێ، بەڵام لە ساڵی (2001)ەوە دیسان گەڕایەوەو کرا بەوەزیری رۆشنبیری و هەر لەو پۆستەیدا مایەوە تاوەکو رووخانی رژێم. ناوبراو لەکاتی ئەنفالەکاندا واتە لە ساڵەکانی (1987-1988) کە سکرتێری سەدام حوسێن بووە، هەموو دەزگاکانی ئەمنی عامە، ئەمنی خاس، بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتیی، بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری گشتیی و سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ئێراق بە بڕیاری ژمارە (150)ی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە رێکەوتی (9.2.1988)دا خرانە سەر سکرتاریەتی سەرۆک کۆمارەوە، واتە سکرتاریەتی سەرۆک کۆمار کە حامد یوسف حەمادی بەرپرسی یەکەمی ئەلقەی پەیوەندی نێوان ئەو دەزگایانەو سەدام حوسێن بووە. هەروەها چەندین بەڵگەنامەی ترسناک و گرنگ سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەدژی کورد لە نووسینگەکەی ئەوو بەواژۆی ئەو بەتایبەت بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتیی و سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ئێراق رەوانەکراوە. حامد یوسف حەمادی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (3)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان، لە دوای رووخانی رژێم دەستگیرکراوەو ئێستاکەش لە زیندانەو چاوەڕێی دادگاییکردن دەکات بە تۆمەتی چەندین تاوان.

فەوزی خەڵەف ئەرزیق، بەڕێوەبەری نووسینگەی ئەمینداریێتی نهێنی هەرێمایەتی (كتاب القيادة القطرية – مكتب أمانة سر القطر، العدد/15334/52 في 1988/5/29 الى رئاسة الجمهورية/مكتب أمانة السر للقيادة العامة للقوات المسلحة – شۆڕش حاجی، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، ل223). عەقید روكن عەبد خەڵەف محەمەد سەربە (أمانة سر القيادة العامة للقوات المسلحة – ئەمینداریێتی نهێنی فەرماندەیی گشتی هێزە چەكدارەكان)، بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (س. غ. ش/ 177)ی رێكەوتی (20.3.1988)دا، داوا دەكات بە چەكی تایبەت (چەكی كیمیاوی) بەهۆی تۆپی دوورهاوێژەوە بەتایبەت لەكاتی شەواندا لە هێزی پێشمەرگەی كوردستان بدرێت. هەروەها ئەحمەد حوسێن خزەیر ئەلسامەڕائی، سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی كۆمار بوو (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی (25)، ل446). رۆژنامەنووس هانی وهەیب سكرتێری رۆژنامەوانی و راگەیاندنی سەرۆك كۆماری ئێراق سەدام حوسێنی دكتاتۆر بووە - سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6656)، چوارشەممە، (17.8.1988)، ل5).

لە ساڵی (1988)داو بەتایبەت لەكاتی شاڵاوە بەدناوەكانی ئەنفالەكاندا، عسمەت ت. كەتانی (كە كوردێكی ئاكرەییەو لەماوەی نێوان 5.4.1929-23.10.2001دا ژیاوە)، نوێنەری سەدام و ئێراق بووە لە نەتەوە یەكگرتووەكان - سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6641)، دووشەممە، 8.8.1988)، ل2).





## سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران:

1. سەدام حوسێن مەجید ئەلناسری ئەلتكریتی، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران. بەگوێرەی رۆژنامەكان سەدام حوسێن تكریتی هەر لە ساڵی (1983)ەوە سەرۆكایەتی كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی وەزیرانی كردووە، بۆیە دەبێت هەر خۆی سەرۆك وەزیران بووبێت – سەرچاوە (رۆژنامەی هاوكاری، ژمارە (701)ی رۆژی پێنجشەممە، ریكەوتی (25.8.1983)، ل1).
2. تەها یاسین رەمەزان ئەلجەزراوی، جێگری یەكەمی سەرۆك وەزیران (جريدة العراق، ژمارە (5717)، رۆژی یەكشەممە، رێكەوتی (3.4.1988)، ل1) + جريدة الثورة، ژمارە (6523)، رۆژی دووشەممە، رێكەوتی (4.4.1988)، ل1).
3. تاریق حەنا میخائیل عەزیز عیسا، جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی ئێراق (جريدة الثورة، ژمارە (6685)، پێنجشەممە، رێكەوتی (15.9.1988)، ل1) + جريدة الثورة، ژمارە (6689)، دووشەممە، رێكەوتی (19.9.1988)، ل1) + سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی (25)، ل369+414+461+483).
4. فەریقی یەكەمی روكن عەدنان خەیروڵلا توڵفاح ئەلناسری ئەلتكریتی، وەزیری بەرگری (لە رۆژی هەینی، رێكەوتی (5.5.1989)دا فڕۆكەكەی لە گوندی مەلاقەرەی رۆژئاوای شارۆچكەی دیبەگە كەوتە خوارەوەو عەدنان مرد. هەرچەندە دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە كە بە پلانی سەدام حوسێن كوژرا، بەڵام بەڕاستی ئەو ئێوارەیە لە هەولێر بووم و خۆڵباران و گەردەلولێكی تۆزاوی سەخت بوو، بۆیە باوەڕناكەم بە پلانی سەدام كوژرابێت).
5. حكمەت عومەر مخیلف حەدیسی، وەزیری دارایی – سەرچاوە: رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6741)ی رۆژی پێنجشەممە، رێكەوتی (10.11.1988).
6. فەریقی یەكەمی روكن عەبدولجەبار خەلیل ئەحمەد شەنشەل، وەزیری دەوڵەت بۆ كاروباری سەربازی (جريدة الثورة، ژمارە (6508)، رۆژی

یەکشەممە، ڕێکەوتی (20.3.1988)، ل1) + جريدة الثورة، ژمارە (6754)، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (23.11.1988)، ل1).

7. لەتیف نسەیف جاسم ئەلدلێمی، وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن (جريدة الثورة، ژمارە (6508)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (20.3.1988)، ل1) + جريدة الثورة، ژمارە (6523)، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (4.4.1988)، ل4) + سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی (25)، ل375).
8. تاهیر محەمەد حەسون ئەلمەرزوک، وەزیری نیشتەجێ و ئاوەدانکردنەوە (جريدة الثورة، ژمارە (6523)، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (4.4.1988)، ل1، ڕۆژی مەراسیمی سوێندخواردنی بوونی بە وەزیر) + – سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6666)، شەممە، (27.8.1988)، ل1). سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی (25)، ل446).
9. عەقید حوسێن کامل حەسەن ئەلمەجید ئەلناسری ئەلتکریتی، وەزیری پیشەسازی سەربازی. عەقید حوسێن کامل حەسەن تکریتی، لە پاداشتی سەرکردایەتی کردنی هێزەکانی بەعس بۆسەر کوردستان (کەرکوک، سلێمانی و هەولێر)، بە بڕیاری (329)ی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕێکەوتی (2.9.1991)دا وسام رافدەینی پلە یەک و جۆری سەربازی + وسامی ئوم ئەلمەعارکی پلە یەک + سەیف ئوم ئەلمەعارکی پلە یەک + دە مەدالیای بەناو ئازایەتی لە سەدامی دیکتاتۆر وەرگرتووە (العقيد الركن أحمد الزبيدي، أزمة القيادة في العراق، ل147).
10. دکتۆر محەمەد مەهدی ساڵح ئەلڕاوی، وەزیری بازرگانی (جريدة الثورة، ژمارە (6541)، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (22.4.1988)، ل5) + سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی (25)، ل512). ناوبراو لە ڕێکەوتی (23.4.2003)دا دەستگیرکرا.
11. عەبدولقادر عزەدین حەمودی، وەزیری پەروەردە (جريدة الثورة، ژمارە (6523)، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (4.4.1988)، ل4).
12. دکتۆر مونزر ئیبراهیم ئەلشاوی، وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوە زانستییەکان – (سەرچاوەی یەکەم، بەشی (25)، ل454).

13. دكتۆر سادق حەمید عەلوش (شیعە)، وەزیری تەندروستی (جریدة الثورة، ژمارە (6523)، رۆژی دووشەممە، ڕێكەوتی (4.4.1988)، ل11). دكتۆر سادق حەمید عەلوش بەگوێرەی مەرسومی كۆماری ژمارە (499)ی ڕێكەوتی (11.5.1988) لە پۆستی وەزیری تەندروستی لادراوە – سەرچاوە: (الثورة، رۆژی پێنجشەممە، ڕێكەوتی (12.5.1988)، ل1). سەمیر محەمەد عەبدولوەهاب شێخلی، وەزیری ناوخۆو بریكاری وەزیری تەندروستی – سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6630)، هەینی، (22.7.1988)، ل4). دكتۆر عەبدولسەلام محەمەد سەعید، وەكو بریكاری وەزیری تەندروستی دامەزراوە – سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6641)، سێشەممە، (2.8.1988)، ل4).
14. سامالٌ مەجید فەرەج (كورد)، وەزیری پلاندانان (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی (25)، ل359 980 + الثورة، ژمارە (6684)، رۆژی چوارشەممە، ڕێكەوتی 14.9.1988).
15. بابەكر مەحمود رەسولٌ ئاغا پشدەری (كورد)، وەزیری كارو كاروباری كۆمەلایەتی – سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6612)، پێنجشەممە، 4.7.1988)، ل4).
16. عەبدولتەواب مەلا حوەیش تكریتی، وەزیری پیشەسازییە قورسەكان (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی (25)، ل451). عەبدولتەواب مەلا حوەیش تكریتی، دوا بەدوای رووخانی رژێمی سەدام لە ڕێكەوتی (2.5.2003)دا لەلایەن هێزەكانی هاوپەیمانەوە دەستگیركرا.
17. عوسام عەبدولڕەحیم ئەلجەلەبی، وەزیری نەوت (جریدة الثورة، ژمارە (6523)، رۆژی دووشەممە، ڕێكەوتی (4.4.1988)، ل4) + سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی (25)، ل479).
18. كەریم حەسەن رەزا، وەزیری كشتوكالٌ و ئاودێری ((جریدة الثورة، ژمارە (6515)، رۆژی یەكشەممە، ڕێكەوتی (27.3.1988)، ل؟؟) + سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی (25)،ل538).

19. ئەكرەم عەبدولقادر عەلی، وەزیری داد (- سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6638)، شەممە، 30.7.1988)، ل7). + (جريدة الثورة، ژمارە (6754)، رۆژی چوارشەممە، ڕێكەوتی (23.11.1988)، ل1).
20. سەمیر محەمەد عەبدولوەهاب شێخلی، وەزیری ناوخۆ (رۆژنامەی العراق، ژمارە (3714)، رۆژی چوارشەممە، ڕێكەوتی (6.4.1988)، ل3 + جريدة الثورة، ژمارە (6754)، چوارشەممە، ڕێكەوتی (23.11.1988)، ل4).
21. محەمەد حەمزە ئەلزوبەیدی (شيعە)، وەزیری گواستنەوەو گەیاندن (جريدة الثورة، ژمارە (6523)، رۆژی دووشەممە، ڕێكەوتی (4.4.1988)، ل4).
22. عەبدوڵڵا فازڵ عەباس سامەڕائی، وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئایینی (الثورة، ژمارە (6754)، رۆژی چوارشەممە، ڕێكەوتی (23.11.1988)، ل4) + (العراق)، شەممە، ڕێكەوتی (8.10.1988)، ل2).
23. دكتۆر سەعدون حەمادی عەبدولزەهرە (شيعە)، وەزیری دەوڵەت بۆ كاروباری دەرەوە - (جريدة الثورة، ژمارە (6685)، پێنجشەممە، ڕێكەوتی (15.9.1988)، ل1).
24. عەدنان داود سەلمان، وەزیری بەڕێوەبەرێتی ناوخۆ (الحكم المحلي) – سەرچاوە: (جريدة العراق، ژمارە (3854)، رۆژی چوارشەممە، ڕێكەوتی 21.9.1988).
25. عەبدوڵڵا ئیسماعیل ئەحمەد تاجەدین، وەزیری دەوڵەت - (الثورة، ژمارە (6566)، رۆژی سێشەممە، ڕێكەوتی (17.5.1988)، ل4).
26. ئەرشەد ئەحمەد زێباری، وەزیری دەوڵەت - (الثورة، ژمارە (6566)، سێشەممە، ڕێكەوتی (17.5.1988)، ل4). ئەرشەد زێباری لە توركیایە.
27. هاشم حەسەن ئاكرەیی (عەقراوی)، وەزیری دەوڵەت - (الثورة، ژمارە (6566)، رۆژی سێشەممە، ڕێكەوتی (17.5.1988)، ل4).
28. لەو ساڵەدا هیچ پۆستێكی وەزاری بۆ وەزیری وەرزش و لاوان دیاری نەكراوە، پێدەچێت لەبەرئەوە بێت كە ئەوكاتە عودەی سەدام حوسێن ئەلمەجید ئەلتكریتی (18.6.1964-22.7.2003) كوڕە گەورەی دیكتاتۆری ئێراق كە سەرۆكی ئەوكاتی لیژنەی ئۆلۆمپی نیشتمانیی ئێراقی و سەرۆكی نووسینگەی جێبەجێكردنی ئەنجومەنی وەزیرانی لاوان و وەرزشی عارەبی

بووە - سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6607)، پێنجشەممە، 29.6.1988، ل13)، تاوەکو تەواوی ئەرکەکانی وەرزش و لاوان بگرێتە ئەستۆی خۆی. هەروەها خالید عەبدولحەمید تەبرە جێگری عودەی (واتە جێگری سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی نیشتمانیی ئێراقی) بووە. بەڵام بەگوێرەی گۆڤاری (ئەلف بای) رژێم، لە سەرەتای ساڵی (1989)دا، کەریم مەحمود حوسێن (کەریم مەلا) سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی نیشتمانیی ئێراق بووە - سەرچاوە: (الف باء، العدد (1058)، الأربعاء (4.1.1989)، ص62). عودەی سەدام حوسێن، لە رێکەوتی (22.7.2003)دا لە ماڵی (نەواف زێدان ئەلشەمەری) لە (گەڕەکی جووتیاران – حي الفلاح) لە بەرامبەر (گەڕەکی زانکۆ – حي الجامعة) لەناو شاری موسڵی کوردی بەعارەبکراو لەلایەن تیپی (101)ی سەربە سوپای ئەمریکییەوە لەگەڵ قوسەی برا بچووکی و مستەفای کوڕی قوسەی کە تەمەنی (14) ساڵان بوو، کوژران.






## پارێزگارەکانی پارێزگاکانی کوردستان و ئێراق لە سەردەمی ئەنفالەکاندا:

ئەمانەی خوارەوە پارێزگاری پارێزگاکانی کوردستان و ئێراق بووینە لە سەردەمی شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالەکاندا:

1. ئیبراهیم محەمەد حەسەن زەنگەنە، پارێزگاری هەولێر (1985-کۆتایی 1988) – سەرچاوە: (الثورة، (6647)، دووشەممە، ڕێکەوتی (8.8.1988)، ل4). ئیبراهیم زەنگەنە لەنێوان ساڵانی (1985–1988)دا پارێزگار بووە. دوای لادانی زەنگەنە (یەحیا محەمەد ڕەشید جاف بووە پارێزگاری هەولێر – سەرچاوە: (کاروان، (73)، ئاداری (1989)، ل137–139) + (هاوکاری، (1136)، دووشەممە، ڕێکەوتی (18.12.1989)، ل2).
2. نامیق ڕەقیب محەمەد سوورچی، پارێزگاری دهۆک – سەرچاوە: (الثورة، (6632)، یەکشەممە، ڕێکەوتی (24.7.1988)، ل5). لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1989)دا نامیق سوورچی لادراو، محەمەد پیرۆز ڕۆستەم هاتە شوێنی ئەوو بوو بە پارێزگاری دهۆک – سەرچاوە: (هاوکاری، (1136)، دووشەممە، ڕێکەوتی (18.12.1989)، ل2). نامیق ڕەقیب محەمەد سوورچی، لە ساڵی (2004)دا وەکو کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستنیشانکرا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی ئێراق.
3. جەعفەر عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی، پارێزگاری سلێمانی. دواتر لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1989)دا کرا بە سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی بەناو ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان. لە ڕێکەوتی (17.10.1989)دا عەقید کاکل حەمەد مەولود گەردی بوو بە پارێزگاری سلێمانی – سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (1118)، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (16.10.1989)، ل4). عەقید کاکل گەردی لە پۆستی پارێزگاری سلێمانیدا مایەوە تاوەکو ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەلکی ستەمدیدەی شارەکانی باشووری کوردستان، کە لە ڕێکەوتی (8.3.1991)دا واتە دووەم ڕۆژی ڕاپەڕینی شاری هەڵمەت و قوربانی شاری سلێمانی شەهیدان، ناوبراو لەگەڵ چەندین تاوانبارو گەورە بەرپرسی حزبی بەعس، ئەمن و ئیستخباراتی سەربە ڕژێمی سەدام لەناو باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی، کوژرا. دوای

رووخانی رژێمی سەدام، شێخ جەعفەر عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی، کۆنە پارێزگاری سلێمانی و سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان بە هاوکاری شێخ جەعفەر مستەفا عەلی وەزیری کاروباری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رەوانەی سوریا کرا.

4. مونزر نسەیف جاسم ئەلدلێمی، پارێزگاری کەرکوک – سەرچاوە: (الثورة، (6627)، سێشەممە، رێکەوتی (19.7.1988)، ل7).
5. تاهیر تۆفیق ئەلحاج یوسف ئەلعانی، پارێزگاری پارێزگای نەینەوا (موسڵ) – سەرچاوە: (الثورة، (6582)، رۆژی شەممە، رێکەوتی (4.6.1988)، ل4). بەگوێرەی قسەکانی تاهیر تۆفیق ئەلعانی خۆی لەکاتی لێکۆڵینەوەدا لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق سەبارەت بە تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال، ئەو لەنێوان (15.9.1987- تا کۆتایی ساڵی 1991) لە پۆستی ناوبراو بەردەوام بووە.
6. محەمەد زمام عەبدولڕەزاق ئەلسەعدون، پارێزگاری پارێزگای سەلاحەدین – سەرچاوە: (الثورة، (6647)، دووشەممە، رێکەوتی (8.8.1988)، ل4). ناوبراو لە رێکەوتی (15.2.2004)دا دەستگیرکرا.
7. عەبدولڕەحیم عەبدولمەجید، پارێزگاری پارێزگای دیالە – سەرچاوە: (الثورة، (6627)، سێشەممە، رێکەوتی (19.7.1988)، ل7).
8. یەحیا محەمەد رەشید جاف، پارێزگاری واست (کوت) – سەرچاوە: (الثورة، (6639)، یەکشەممە، رێکەوتی (31.7.1988)، ل5).
9. خالید عەبدولمونعیم رەشید ئەمین ئەلجەنانی، ئەمینداری بەغدا – سەرچاوە: (الثورة، (6627)، سێشەممە، رێکەوتی (19.7.1988)، ل7).
10. عەدنان غێدان محەمەد، پارێزگاری ئەنبار (رومادی) – سەرچاوە: (الثورة، (6653)، یەکشەممە، رێکەوتی (14.8.1988)، ل9).
11. کازم بەتین زاهر (کاظم بطین ظاهر)، پارێزگاری قادسیە – سەرچاوە: (الثورة، (6626)، دووشەممە، رێکەوتی (18.7.1988)، ل9).
12. کازم نوعمە سەلمان، پارێزگاری موسەنا – سەرچاوە: (الثورة، (6626)، دووشەممە، رێکەوتی (18.7.1988)، ل9).

13. غازی محەمەد عەلی، پارێزگاری کەربەلا – سەرچاوە: (الثورة، (6626)، دووشەممە، ڕێکەوتی (18.7.1988)، ل9).
14. سابت فەهد عەلی، پارێزگاری نەجەف – سەرچاوە: (الثورة، (6632)، یەکشەممە، ڕێکەوتی (24.7.1988)، ل5).
15. هاشم حەسەن ئەلمەجید ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی، پارێزگای بابل (حلة) – سەرچاوە: (الثورة، (6641)، سێشەممە، ڕێکەوتی (2.8.1988)، ل4).
16. تەها یاسین حوسێن، پارێزگاری زیقار – سەرچاوە: (الثورة، (6636)، پێنجشەممە، ڕێکەوتی (28.7.1988)، ل4).
17. تایە عەبدولکەریم ئەلعانی، پارێزگاری میسان (عمارە) – سەرچاوە: (الثورة، (6642)، چوارشەممە، ڕێکەوتی (3.8.1988)، ل4).
18. ئەنوەر سەعید عومەر ئەلحەدیسی، پارێزگاری بەسرا – سەرچاوە: (الثورة، (6668)، دووشەممە، ڕێکەوتی (29.8.1988)، ل4).

2795

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق

المحكمة الجنائية العراقية العليا
قضاة التحقيق

العدد :
التاريخ :

## مذكرة قبض

إلى / جميع أعضاء الضبط القضائي جميع منتسبين الشرطة وقوى الأمن الداخلي

نخولكم إلقاء القبض على المتهم المدون أسمه وتسليمه لمحكمتنا وذلك لان المذكور أسمه أدناه مطلوب لدى المحكمة الجنائية العراقية العليا .

١. الاسم الثلاثي واللقب : جعفر عبد الكريم البرزنجي
٢. محل الإقامة : مجهول محل الاقامة
٣. المهنة : مواطن سليمانية رئيس اللجنة الأمنية في السليمانية
٤. الأوصاف :
٥. نوع التهمة والمادة القانونية : المادة (١٢) ج بدلالة المادة (١٥) أ و ط وثانيا من قانون المحكمة الجنائية العراقية المختصة العليا

في حالة إلقاء القبض على المتهم تتلى عليه الحقوق والضمانات المدرجة أدناه :

١. لك الحق في توكيل محامي .
٢. في حالة عدم القدرة على توكيل محامي لك الحق بطلب المساعدة القضائية بانتداب محامي للدفاع عنه حيث تتحمل المحكمة تكاليف المحامي .
٣. لك الحق في السكوت وعدم الإجابة على أي سؤال ولا يعتبر ذلك دليل ضدك .
٤. لك الحق في استدعاء شهود الدفاع ومناقشة شهود الإثبات .

القاضي

كامل عبد الكريم رحيم

المحكمة الجنائية العراقية العليا
Iraqi Special Tribunal
Email: hictinsulaimaniya@yahoo.com




يحيى محمد رشيد











## هێزی ئاسمـــــــــــــانی:

هێزی ئاسـمانی ئێراق، لـە رێکـەوتی (22.4.1931)دا لەلایـەن ئەفسـەرێکی ئێراقـی بـەناوی (موقـەدەم روکـن محـەمـەد عـەلی جـەواد)ەوە دامـەزراوە، کـە دواتـر بـە پلـەی عەقیـد روکـن بـوو بـە فەرمانـدەی هێـزی ئاسـمانی ئێـراق و، لـە رۆژی دووشـەممە رێکـەوتی (11.8.1937)دا لـەناو فڕۆکەخانـەی موسـڵ لەگـەڵ فـەریق روکـن (بـەکر سدقی شەوقی عەسکەری) سەرۆک ئەرکانی سوپادا کوژرا. دوای کوژرانی موقـەدەم روکن محەمـەد عـەلی جـەواد، عەقیـد روکـن شـاکر الـوادی وەکـو فەرماندەی هێـزی ئاسـمانی ئێراقـی دامـەزرا، کـە دواتـر لـە وەزارەتـی دوازدەهـەمی نـوری سـەعید دا لـەنێوان (2.8.1954-17.12.1955)دا کـرا بـە وەزیـری کاروبـاری کۆمەڵایـەتی – سەرچاوە: (عەبدولڕەزاق ئەلحەسـەنی، تأريخ الـوزارات العراقية في طبعتـه الموسـعة والمزيدي، الجزء التاسع، ل139). عەقیدی روکنی فڕۆکەوان جەلال جەعفـەر ئـەوقاتی کە ئەندامی حزبی شیوعی ئێراقی بوو لە رێکەوتی (14.7.1958)دا بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێراقی دامەزرا (دامەزرانەکەی بەگوێرەی مەرسـومی کۆمـاری ژمـارە (3)ی رێکـەوتی 14.7.1958) بـوو، دواتـر بـەگوێرەی بـەیانی ژمـارە (13)ی بەعسـیە کودەتاچییـەکان لـە رێکـەوتی (8.2.1963)دا کـوژرا، کـە نزیکـەی دوو سـەد کـەس لەنێویانـدا سـەرۆک کۆمـار، وەزیـر، دادوەرو ئەفسـەرانی پلەبـەرز بـەگوێرەی بـەیانی نـاوبراو لەلایـەن بەعسـییەکانەوە لـەنێوبردران. لـەدوای کۆدەتـای سـاڵی (1963)دا سـەرەتا عەقید روکن عارف عەبدولڕەزاق کوبەیسی (1921-30.3.2007)، لـەماوەی نێـوان (8.2.1963-28.2.1963)دا واتـە بـۆ مـاوەی بیسـت رۆژ فەرمانـدەی هێـزی ئاسمانی ئێراقی بووە، کەچی دواتر لەهـەمان رۆژ فـەریق روکنی فڕۆکـەوان حـەردان ئـەلحاج عەبدولغـەفور تکریتـی هاتـە شـوێنەکەی ئـەو و کـرا بـە فەرمانـدەی هێـزی ئاسمانی و تاوەکو رێکەوتی (16.12.1963) لـەو پۆستەدا مایتـەوە. فـەریق حـەردان تکریتی دواتر لە ساڵی (1968)دا کرا بە وەزیری بەرگری و پاشان رایکرد بۆ کوێت و حکومەتی ئێراق لە رێکەوتی (30.3.1971)دا لەوێدا کوشتی. دوای لادانی فـەریق حەردان تکریتی، عەقید روکنی فڕۆکـەوان عـارف عەبدولڕەزاق کوبەیسـی بـۆ جـاری دووەم لـەنێوان (16.12.1963-4.9.1965)دا فەرمانـدەیی هێـزی ئاسـمانی ئێراقـی کەوتەوە دەست. هەروەها عەمید روکن کازم شێخ عەبادی (شیعە) بۆ ماوەیەک بۆتـە

فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێراقی. لیوا روکنی فڕۆکەوان جەسام محەمەد ئەلشاهر ئەلجبوری (موسڵ/ نەمرود 1914-1999)، لەماوەی نێوان (22.9.1966-17.7.1968)دا فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێراقی بووە. عەمیدی فڕۆکەوان محەمەد ناسر ئەلکەسار لە نۆڤێمبەری ساڵی (1968)دا جێگری فەرماندەی هێزی ئاسمانی بووە. لە ساڵی (1969)دا عەمید روکنی فڕۆکەوان حوسێن حەیاوی تکریتی فەرماندەی هێزی ئاسمانی بووە و تاوەکو سەرەتای حەفتاکانیش هەر لەو پۆستەدا مایەوە. هەروەها لە چوار ساڵی یەکەمی دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق – ئێران (22.9.1980-8.8.1988)دا واتە لە سالانی (1980-1983)، فەریق روکنی فڕۆکەوان محەمەد جەسام حەنێش جبوری (بەغدا 1939)، فەرماندەی هێزی ئاسمانی و پارێزگاری ئاسمانی بووە. لەکاتی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە (16.3.1988)و شالاوە دڕندەکانی ئەنفالدا لەنێوان (23.2.1988- 6.9.1988)دا، فەریق روکنی فڕۆکەوان حەمید شەعبان خزەیر ئەلناسری ئەلتکریتی، فەرماندەی هێزی ئاسمانی بووە (1983-1989). فەریق روکنی فڕۆکەوان ئەلحەکەم حەسەن عەلی ئەلتکریتی، بەڕێوەبەری فڕۆکەوانی سوپا – مدیر طیران الجیش (السمتیات)، لەماوەی نێوان (29.9.1984-29.9.1988)دا، فەریق روکنی فڕۆکەوان، حەکەم حەسەن عەلی، لەلایەن (دادگای بالای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (85)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. دوای ئەویش (عەمید روکن حوسێن زبد) شوێنەکەی ئەوی گرتەوە، بەڵام لە رێکەوتی (2.8.1990)دا لەگەڵ گرتنی دەوڵەتی کوێتدا ئەویش لادرا – سەرچاوە: (سەعد بەزاز، جنرالات اخر من یعلم، ل90+287). عەقیدی ئەندازیار ئەیاد عەبدولئەمیر هادی، لە بەڕێوەبەرایەتی فڕۆکەوانی سوپا. موقەدەمی فڕۆکەوان عەلی تاهیر زێدان، لە بەڕێوەبەرایەتی فڕۆکەوانی سوپا. لیوای روکنی فڕۆکەوان حەسەن خزر حاجی ئەحمەد مەلا عەتۆ موسلاوی، بەڕێوەبەری جولانەوە ئاسمانییەکان (مدیر الحرکات الجویة 1987)، کە لە ساڵی (1993)دا سەدام لە سێدارەی دا. فەریق خەلدون خەتاب بەکر تکریتی، یارمەتیدەری بەڕێوەبەری جولانەوە ئاسمانییەکان و یارمەتیدەری فەرماندەی فڕۆکەوانی (مدیر الحرکات الجویة ومعاون قائد الطیران) لە نێوان (26.8.1987-7.1.1989). فەریقی روکن شاهین یاسین محەمەد یاسین، بەڕێوەبەری بنکەی کردەوەکانی هێزی ئاسمانی

(مدير مركز عمليات القوة الجوية) لەنێوان (12.9.1989-14.11.1986)و لەكاتی روخانی رژێم فەرماندەی بەرگری هێزی ئاسمانی بوو، عەمید روكن عەلی خەلیفە، بەڕێوەبەری هەواڵگری فڕۆكەوانی سوپا (مدير إستخبارات طيران الجيش - السمتيات)، كە سەرپەرشتیكەری كیمیاباران كردنی گوندی (زێویێ)ی ناو خاكی كوردستانی رۆژهەڵات بووە، كە لە رۆژی یەكشەممەی رێكەوتی (9.6.1985)دا ئەنجامدراوە – سەرچاوە: (هەفتەنامەی هەواڵ، ژمارە 262، رێكەوتی 12.1.2008، لەدانپێنانی دوا ساتەكانی فڕۆكەوانێكی ئێراقی، بەشی شەشەم و حەوتەم).

بنكە ئاسمانییەكانی ئێراق بریتین لە بنكەكانی باكوور (كە دەكەونە باشووری كوردستان)و بریتین لە: (بنكەی ئەلحورِیە لە كەركوك، بنكەی سەدام لە گەیارە-موسڵ. بنكەكانی ناوەڕاستی ئێراق بریتین لە: بنكەی بەكر لە بەلەد كە دەكەوتە باكووری بەغدا، بنكەی ئاسمانی رەشید، تەقەدوم لە بەغدا، هەروەها بنكەكانی حەبانیەو بنكەی كوت. بنكەكانی باشووری ئێراق كە بریتین لە: بنكەكانی ئیمام عەلی لە ناسریەو بنكەی شوعەیبیە لە بەسرا). لیوای فڕۆكەوان حامد رەجا شەلاح حەسون تكریتی، فەرماندەی بنكەی (بەكر)ی ئاسمانی لە قەزای بەلەد (22.8.1985-14.12.1988). لیوای فڕۆكەوان حامد رەجا شەلاح لە رێكەوتی (14.6.2003)دا لەلایەن هێزەكانی ئەمریكی دەستگیركرا. عەمیدی فڕۆكەوان هەیسەم جەرجیس، فەرماندەی بنكەی (الحرية)ی ئاسمانی لە كەركوك. عەقیدی روكن سەید یونس، ئەفسەری روكنی جولانەوە لە بنكەی (الحرية)ی ئاسمانی لە كەركوك – سەرچاوە: (هەفتەنامەی هەواڵ، ژمارە 262، رێكەوتی 12.1.2008، لەدانپێنانی دوا ساتەكانی فڕۆكەوانێكی ئێراقی، بەشی شەشەم و حەوتەم، ل3). عەقید روكنی فڕۆكەوان ئیسماعیل سەعید فارس، فەرماندەی بنكەی كەیوان (K1) – سەرچاوە: (هەفتەنامەی هەواڵ، ژمارە 264، رێكەوتی 26.1.2008، لەدانپێنانی دوا ساتەكانی فڕۆكەوانێكی ئێراقی، بەشی نۆیەم، ل3). بنكە ئاسمانییەكانی حورِیە، سەدام، بەكر، رەشید، حەبانیەو تەقەدوم بۆ كیمیاباران كردنی هەڵەبجەو كوردستان بەكارهاتوون. بەڵام بەگوێرەی وتەی شایەد و تاوانبارانی كەیسی دادگاییكردنی تاوانبارانی كیمیاباران كردنی هەڵەبجە، بەتایبەت وتەی فڕۆكەوان ریاز بەهیج ریاز (عەمید روكنی فڕۆكەوان ئەحمەد محەمەد مەتڵوب)، فەرماندەی بنكەی كەركوكی ئاسمانی (بنكەی حورِیە) بووە.

بەگوێرەی لاپەڕە (4)ی رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6607)ی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (29.6.1988)دا، کە (الثورة) رۆژنامەی فەرمی حزبی بەعسی عارەبی سۆسیالیستی بووە، چوار مەرسومی کۆماری تێدا بڵاوکراوەتەوە کە هەریەک لەو ئەفسەرانەی خوارەوە کە ژمارەیان (31) فڕۆکەوانی سەربە هێزی ئاسمانی ئێراقی بووینەو، چەندین مەدالیای بەناو ئازایەتی و (وسام الرافدین)یان وەرگرتووە، کە خەڵاتی هەندێکیان لە پاداشتی کیمیاباران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجەدا بووە: (لیوا روکنی فڕۆکەوان کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح (وسام رافیدەین)، عەمید روکنی فڕۆکەوان موزاحم سەعب حەسەن (وسام رافیدەین)، عەمید روکنی فڕۆکەوان فەهد عەبدولباقی محەمەد (وسام رافیدەین)، عەمید روکنی فڕۆکەوان محەمەد ئەحمەد مەتلوب (وسام رافیدەین)، موقەدەمی فڕۆکەوان هەیسەم خەتاب عومەر (دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی)، موقەدەمی فڕۆکەوان کەمال مستەفا خدر (دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی)، رائیدی فڕۆکەوان نەبیل نەدیم سەدیق (وسام رافیدەین و سێ مەدالیای بەناو ئازایەتی)، رائیدی فڕۆکەوان عەبد حوسێن عەلی (وسام رافیدەین و دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی)، رائیدی فڕۆکەوان مازن ئەحمەد محەمەد (دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی)، رائیدی فڕۆکەوان موئەیەد سەبری جومعە (دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی)، رائیدی فڕۆکەوان سەعدون تەڵب عەلی (دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی)، رائیدی فڕۆکەوان محەمەد عەلی غازی (دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی)، رائیدی فڕۆکەوان سەعدون فەوزی عاکف (سێ مەدالیای بەناو ئازایەتی)، نەقیبی فڕۆکەوان سامر یەحیا حەمید (وسام رافیدەین و یەک مەدالیای بەناو ئازایەتی)، نەقیبی فڕۆکەوان محەمەد زێدان حوسێن (دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی)، نەقیبی فڕۆکەوان محەمەد مەنسور عەبدوڵلا (سێ مەدالیای بەناو ئازایەتی)، نەقیبی فڕۆکەوان حەسەن محەمەد فەتحی (سێ مەدالیای بەناو ئازایەتی)، نەقیبی فڕۆکەوان لەتیف عەلی حەمود (سێ مەدالیای بەناو ئازایەتی)، مولازمی یەکەمی فڕۆکەوان بەهیج ریاز بەهیج (وسام رافیدەین و حەوت مەدالیای بەناو ئازایەتی) کە دواتر لە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی تاوانی کیمیاباران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجەدا شایەتێکی گرنگ و وە ویژدان بوو بۆ بەرژەوەندی کوردو قوربانییانی هەڵەبجە، مولازمی یەکەمی فڕۆکەوان رەمزی ئیبراهیم رەمزی (وسام رافیدەین و دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی)، مولازمی یەکەمی فڕۆکەوان کەریم ساڵح سەهو (دوو

مەدالیای بەناو ئازایەتی)، مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان رەعد دریعی محەمەد (دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی)، مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان خەمیس حەمادی عەبدوڵلا (دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی)، مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان عەبدولكەریم ئیسماعیل محەمەد (دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی)، مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان محەمەد فەرحان زیاب (سێ مەدالیای بەناو ئازایەتی)، مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان نەبیل حازم حەواس (سێ مەدالیای بەناو ئازایەتی)، مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان محەمەد نزار حەسیب (چوار مەدالیای بەناو ئازایەتی)، مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان عەبدولكەریم فەتحی عەبدوڵلا (چوار مەدالیای بەناو ئازایەتی)، مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان عەبدولكەریم عەبدولڕەزاق عەبدولڕەحمان (شەش مەدالیای بەناو ئازایەتی)، مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان جاسم محەمەد ئەحمەد (شەش مەدالیای بەناو ئازایەتی)، مولازمی یەكەمی دەریاوان نیهاد عەبدولكەریم جاسم (دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی).

لیوا روكنی فڕۆكەوان موسەنا عارف عەبدولجەبار فڕۆكەوانێكی سەربە هێزی ئاسمانی بوو، بەڵام لە رێكەوتی (12.3.1989)دا بە بڕیارێكی سەدام حوسێنی سەرۆك كۆماری ئێراق كرا بە سكرتێری سەرۆك كۆمار. عەقید روكنی فڕۆكەوان ئیسماعیل سەعید فارس، فەرماندەی (ج ت ج/1)، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (50)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان. عەقیدی فڕۆكەوان حەمید گاتع ئەلسەعد، راوێژكاری فڕۆكەوانی سوپا فەیلەقی (2)، عەقیدی فڕۆكەوان ریاز محەمەد عەبد ئەلسەعدی، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (48)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان. عەقیدی فڕۆكەوان نەجم عەبدولڕەزا عەبدولواحید، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (49)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان. موقەدەمی فڕۆكەوان حەمەد عەتیە خوین، فەرماندەی سربی (55). موقەدەمی فڕۆكەوان محەمەد فەوزی حەسەن مەحمود، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (138)ی دراوەتێ لە

لیستی ناوی داواکراوەکان. موقەدەمی فڕۆکەوان ئەحمەد رەشید فتنە ئەلمەعازیدی، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (139)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. موقەدەمی فڕۆکەوان خزەیر عیسا جەواد، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (140)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان. موقەدەمی فڕۆکەوان عەبدولڕەزاق ئیبراهیم عەبدولڕەزاق، سەربە (ج ت ج/1)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (141)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. رائیدی فڕۆکەوان ئیدریس ئیبراهیم محەمەد، رائیدی فڕۆکەوان عەبدولحەمید فەرحان عەبدولحەمید، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (22)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. رائیدی فڕۆکەوان عومران کازم هندی، لە سربی دوو، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (23)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. رائیدی فڕۆکەوان فەریق محەمەد عەلوان، لە سربی دوو، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (2)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. رائیدی فڕۆکەوان مەهدی عەلی حەسەن، لە سربی دوو، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (25)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. رائیدی فڕۆکەوان یونس ساڵح سەلمان، لە سربی (30)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (26)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. رائیدی فڕۆکەوان عومران کازم هندی، لە سربی دوو، رائیدی فڕۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمین مامەسێنی، کوردەو خەڵکی شارۆچکەی سەرگەڕانەو، ئێستا لە بەغدایەو لە ناوەڕاستی ساڵی (2007)ەوە کرا بە فەرماندەی گشتی هێزی ئاسمانی ئێراق، لە سربی (4) بووە، هەروەها لەلایەن (دادگای باڵای

تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (21)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان. نەقیبی فرۆکەوان وەعد محەمەد عەلی لە سربی دوو، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (149)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. نەقیبی فرۆکەوان سەباح عەلی حەسەن، لە سربی دوو، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (153)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. نەقیبی فرۆکەوان غالب شایع زیادە، لە سربی دوو، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (154)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی یەکەمی فرۆکەوان ئەحمەد ئیبراهیم ئەحمەد لە (ج ت ج/1)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (230)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی یەکەمی فرۆکەوان ئەحمەد سەلمان زناد لە سربی دوو، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (231)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی یەکەمی فرۆکەوان  ئەحمەد عابد داود لە سربی دوو، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (232)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی یەکەمی فرۆکەوان ئەسکەندەر ئیبراهیم جومعە لە سربی دوو، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (233)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی یەکەمی فرۆکەوان، ئیلهام عۆن ئالرەفیق یونس لە (ج ت ج/1)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (234)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی یەکەمی فرۆکەوان، ئامانج مەنازل خزر لە سربی (21)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ

دەرچووەو، ژمارە (235)ی لە لیستی داواكراوەكان دراوەتێ. مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان، ئەنمار محەمەد ئەحمەد لە (ج ت ج/1)، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (236)ی لە لیستی داواكراوەكان دراوەتێ. مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان حوسێن عەلی عەبدوڵلا لە سربی (106)، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (237)ی لە لیستی داواكراوەكان دراوەتێ. مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان حەمید مەنسور خەلیل لە سربی (4)، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (238)ی لە لیستی داواكراوەكان دراوەتێ. مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان خالید عەبدولعەزیز عەبدوڵلا لە (ج ت ج/1)، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (239)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان. مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان خەڵەف حوسێن عەلاوی لە (ج ت ج/1)، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (240)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان. مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان رەمەزان موتلەگ ئەحمەد لە (ج ت ج/1)، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (241)ی لە لیستی داواكراوەكان دراوەتێ. مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان سالم فەتحی حەسەن لە (ج ت ج/1)، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (242)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی تاوانبارە داواكراوەكان. مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان سەعد ئەحمەد قاسم لە سربی (30)، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (243)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی تاوانبارە داواكراوەكان. مولازمی یەكەمی فڕۆكەوان سەعد عەبدولرەحمان سەعید لە سربی (4)، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی

ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (244)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان. مولازمی یەکەمی فرۆکەوان شوجاع یاس روحی لە (ج ت ج/1)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (245)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. مولازمی یەکەمی فرۆکەوان شەلال رەشید عەتیە لە (ج ت ج/1)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (246)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی یەکەمی فرۆکەوان زیاء جەعفەر رازی لە سربی (4)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (247)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی یەکەمی فرۆکەوان تەها فەتحی ساڵح لە سربی دوو، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (248)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. مولازمی یەکەمی فرۆکەوان تەها محەمەد ئەحمەد لە سربی دوو، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (249)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی فرۆکەوان عەبدولکەریم جدعان عەلی لە سربی دوو، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (250)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. مولازمی یەکەمی فرۆکەوان عودەی حاتەم لەفتە لە سربی دوو، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (251)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی یەکەمی فرۆکەوان عەلی حوسێن سەلمان لە سربی (41)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (252)ی لە لیستی داواکراوەکان

دراوەتێ. مولازمی یەکەمی فڕۆکەوان فارس ئیبراهیم رەشید لە سربی (41)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (253)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. مولازمی یەکەمی فڕۆکەوان قەیس حەبیب مستەفا لە سربی (41)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (254)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی یەکەمی فڕۆکەوان کەریم یاسین زێدان لە سربی (41)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (255)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی یەکەمی فڕۆکەوان لەیس عەبدولعەزیز عەبدوڵڵا لە سربی (106)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (256)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی یەکەمی فڕۆکەوان محەمەد خەزعەل فەیسەڵ لە سربی (106)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (257)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی یەکەمی فڕۆکەوان عەمار محەمەد ئەحمەد، مولازمی یەکەمی فڕۆکەوان عیماد عەلی محەمەد، مولازمی فڕۆکەوان حوسام ئیبراهیم حەمود لە سربی (107)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی کارای لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (143)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی فڕۆکەوان خالید ماڵەڵڵا مەردان لە سربی دوو، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (144)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی فڕۆکەوان رەزوان غازی ئەحمەد لە سربی (4)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (145)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی فڕۆکەوان عیماد شەلەبی محەمەد لە سربی دوو، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی

ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (146)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی فڕۆکەوان عیماد عەباس موحسین لە سربی دوو، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (147)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. مولازمی فڕۆکەوان فازڵ عەباس موحسین لە سربی دوو، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (148)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ.

بەگوێرەی لاپەڕە (7)ی رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6541)ی رۆژی هەینی، رێکەوتی (23.4.1988)دا، رۆژنامەی فەرمی حزبی بەعسی عارەبی سۆسیالیستی، هەریەک لەو ئەفسەرانەی خوارەوە فڕۆکەوانی سەربە هێزی ئاسمانی ئێراقی بووینە: (فڕۆکەوان ئەحمەد حەسەن، فڕۆکەوان باسم ناری، فڕۆکەوان ریاز عەبدولمەجید، فڕۆکەوان ساڵح ئیبراهیم، فڕۆکەوان سەلاح مەجید، فڕۆکەوان سوفیان عەلی، فڕۆکەوان عەبدولکەریم عەزیز، فڕۆکەوان عەبدوڵڵا فەرەج). مولازمی یەکەمی فڕۆکەوان قاسم حەسەن حەمەد دلێمی (الثورة، (6650)، رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (11.8.1988)، ل3). فڕۆکەوان ئەسعەد عەبدولجەبار عەبدوڵڵا و فڕۆکەوان کامل جاسم سەربە هێزی ئاسمانی ئێراق بووینە لە ساڵی (1988)دا – سەرچاوە: ((الثورة، (6630)، رۆژی هەینی، رێکەوتی (22.7.1988)، ل7). رائیدی فڕۆکەوان سەلاح سەلیم ئەلسبتی، یەکێک لە فڕۆکەوانە ئێراقییەکانی سەردەمی ئەنفال، کە ئێستاکە لە وڵاتی سوید دەژیت.









## سەرۆکایەتی ئەرکان و ئەفسەرانی هێزی پیادەو زرێپۆش:

فەریق روکن تەها حلمی سەلمان ئەلهاشمی (1888-1961)، لە ساڵانی (1923-1924)دا سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق بووە، هەروەها وەکو راوێژکاری سێر پێرسی کۆکسی سەرۆکی شاندی بەریتانی بەشداری لە کۆنگری قوستەنتینیە لەنێوان ماوەی (19.5.1924-6.6.1924)دا کردووە (دکتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، المجلس التأسيسي العراقي، الجزء الثاني، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الثانية، بغداد - العراق 1989، ل200)، کە هەر ئەو سەرۆک ئەرکانی سوپا بووە و پێدەچێت تاوەکو (2.8.1924)دا لەو پۆستە بەردەوام بووبێت، چونکە لەو رۆژەدا کابینەیەکی تری وەزارەتی ئێراقی بە سەرۆکایەتی یاسین حلمی سەلمان ئەلهاشمی (1884-1937) دامەزرا، کە ئەویش فەریق روکن نوری سەعید ساڵح مەلا تەها قەرەغولی (1888-15.7.1958) کرد بە سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق. بەگوێرەی مەحمود ئەلدورە، کە لە لاپەڕە (158)ی چاپی دووی پەرتووکی (القضية الكوردية)دا، بۆمان دەردەکەوێت کە فەریق روکن تەها هاشمی لە کارەساتی دڵتەزێن و جەرگبڕی رۆژی شەشی ئەیلولی رەشی بەر دەرکی سەرای سلێمانی لە ساڵی (1930)داو تاوەکو (29.10.1936)، هەر خۆی سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق بووە. فەریق روکن بەکر سدقی شەوقی عەسکەری لەنێوان (1886-11.8.1937)دا ژیاوە، کە بە رەگەز کورد بووەو لەماوەی نێوانی (29.10.1936-11.8.1937)دا پۆستی سەرۆک ئەرکانی سوپای هەبووە، دواتر لە کۆدەتایەکی عارەبە شۆڤێنییەکان لە رێکەوتی (11.8.1937)دا لە فڕۆکەخانەی شاری موسڵ لەگەڵ موقەدەم روکن محەمەد عەلی جەواد فەرماندەی هێزی ئاسمانی لەلایەن جێگری عەریف محەمەد عەبدوڵڵا تەلەعفەری و ئەفسەر مەحمود هندی کوژران – سەرچاوە: (عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، تأريخ الوزارات العراقية في طبعة الموسعة والمزيدة، الجزء الرابع، ل366). دوای کوژرانی فەریق روکن بەکر سدقی شەوقی، سەرەتا فەریق روکن عەبدوڵلەتیف نوری کرا بە سەرۆکی ئەرکانی سوپا و پاشان فەریق روکن حوسێن فەوزی تۆفیق حەسەن، لەنێوان (22.8.1937-21.2.1940)دا سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێراق بووە. فەریق محەمەد ئەمین زەکی سلێمان (1882-2.2.1972)، سەرۆک ئەرکانی سوپا لەماوەی نێوان (25.2.1940-29.5.1941)دا. دوای ئەو لە

ساڵی (1941)دا فەریق روکن مستەفا ئەلعومەری کرا بە سوپا سالارو فەریق ئیسماعیل نامق جێگری سەرۆک ئەرکانی بەناو سوپای ئێراق بووە. فەریق روکن ساڵح سائیب محەمەد جبوری، لە ساڵی (1947)دا بۆتە سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێراق و تاوەکو مانگی دووی ساڵی (1949) بەردەوام بووە. لە دوای ئەودا، فەریق روکنی یەکەم نورەدین مەحمود سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە و تاوەکو ڕێکەوتی (22.11.1952) لەو پۆستەدا بووە، دواتریش لەماوەی نێوان (23.11.1952-29.11.1953)دا سەرۆک وەزیران بووە. فەریق روکن محەمەد رەفیق عارف، لەنێوان (2.10.1953-14.7.1958)دا سەرۆکی سوپا بووە، هەروەها لیوا روکن غازی محەمەد فازڵ پاشا داغستانی (1911-11.12.1966)، لەماوەی ساڵانی (1954-1956)دا یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە. لە ساڵی (1958)دا زەعیم/عەمید روکن ئەحمەد ساڵح عوبێدی بە سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق و زەعیم روکن سەدیق حەسەن بە یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ کاروباری بەڕێوەبردن بەگوێرەی (مەرسومی کۆماری ژمارە (3)ی ڕێکەوتی 14.7.1958) دامەزران. دوای ماوەیەک بەگوێرەی مەرسومێکی تر عەمید روکن شاکر مەحمود شوکری کرا بە یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا، دواتر ئەویش لادراو لیوا روکن فەرید زیاء مەحمود کرا بە یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا، کە لە کودەتای بەعسییەکان لەدژی زەعیم روکن عەبدولکەریم قاسم (عەبدولکەریم جاسم بەکر عوسمان زوبێدی 1914-9.2.1963)دا لە ڕێکەوتی (8.2.1963)دا لەگەڵ سەرۆکی ئەرکانی سوپا (زەعیم روکن ئەحمەد ساڵح عوبەیدی)دا کوژران. لیوا روکن تاهیر یەحیا تکریتی لەماوەی نێوان (8.2.1963-18.12.1963)دا سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێراق بووە و عەمید روکن خالید مەکی هاشمی لەماوەی نێوان (8.2.1963-17.11.1963)دا یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە. پاشان لە ڕێکەوتی (18.12.1963)دا لیوا روکن عەبدولڕەحمان محەمەد عارف (1916-24.8.2007) بوو بە سەرۆکی ئەرکانی سوپا و تاوەکو ڕێکەوتی (16.4.1966) لەو پۆستەدا مایەوە، بەڵام کە عەبدولسەلامی برای (26.3.1921-13.4.1966) واتە سەرۆک کۆماری ئێراق لە ڕێکەوتی (13.4.1966)دا لە فڕۆکەدا سووتا، لیوا روکن عەبدولڕەحمان عارف چوار ڕۆژ دواتر هاتە شوێنی براکەیی و بوو بە سەرۆک کۆماری نوێی ئێراق. لەکاتی سەرۆکایەتی کردنی ئەرکانی سوپا لەلایەن لیوا روکن

عەبدولڕەحمان عارفدا، لیوا روكن سەعد سالح ئەلقەتان یارمەتیدەری سەرۆكی ئەركانی سوپا بووە بۆ كاروباری جەنگ. بەگوێرەی زانیارییەكانی پرۆفیسۆر دكتۆر جەمال نەبەز، كە لە لاپەڕە (183)ی پەرتووكی (كوردستان و شۆڕشەكەی)دا نووسیویێتی، لە رێكەوتی (2.5.1967)دا (زەعیم/عەمید روكن حەمود مەهدی) سوپا سالاری ئێراق بووە. فەریق حەماد شەهاب ئالبوناسر تكریتی لە ماوەی نێوان سالانی (1968–1970)دا سەرۆكی ئەركانی سوپا بووە. دوای ئەو تاوەكو رێكەوتی (25.11.1972) لیوا روكن عەبدولجەبار خەلیل شەنشل موسلاوی سەرۆكی ئەركانی سوپا بووە، پاشان بۆ جارێكی تریش لیوا روكن حەماد شەهاب تكریتی وەكو سەرۆكی ئەركانی سوپا دەست بەكاربوو. لەكاتی هەوڵی كودەتاكەی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی لیوا نازم گزار لازم لە تەموزی ساڵی (1973)دا، هەڵسا بەدەستگیركردنی هەریەک لە سەرۆكی ئەركان فەریق حەماد شەهاب تكریتی، فەریق سەعدون غێدان وەزیری ناوخۆو عەقید روكن عەدنان شەریف تكریتی كە برازای حەماد شەهاب بوو، نازم گزار یەكەمیانی كوشت و دووەكەی تریشی بریندارکردن. دوای كوژرانی فەریق حەماد شەهاب (لیوا روكن عەدنان خەیروڵڵا تولفاح ئەلناسری ئەلتكریتی كرا بە سەرۆک ئەركانی سوپاو تاوەكو رێكەوتی (16.9.1977) پۆستی ناوبراوی هەبووە كە دواتر كرایە وەزیری بەرگری و تاوەكو مردنی لە رێكەوتی (5.5.1989)دا هەر وەزیری بەرگری بوو. لەگەڵ دەستپێكردنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێراق – ئێران فەریقی روكن عەبدولجەبار عەبدولڕەحیم ئەلئەسەدی، سەرۆكی ئەركانی سوپای ئێراق بوو، بەڵام لە ساڵی دواتر لادرا. لە ساڵەكانی (1981–30.12.1983)دا فەریقی یەكەمی روكن عەبدولجەبار خەلیل ئەحمەد شەنشەل سەرۆكی ئەركانی سوپا بووە. لە رێكەوتی (30.12.1983)دا فەریقی یەكەم عەبدولجەواد زەنون محەمەد تاهیر موسلاوی، كە پێشتر یارمەتیدەری سەرۆكی ئەركانی سوپا بوو كرا بە سەرۆكی ئەركان و تاوەكو مانگی یەكی ساڵی (1987) لەو پۆستەیدا مایەوە، ئێستا ساڵی (2010) عەبدولجەبار زەنون محەمەد تاهیر لە وڵاتی سوریایە و ئەندامی فەرماندەیی هەرێمی ئێراقی پارتی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی – باڵی عزەت ئیبراهیم دورییە. دوای لادانی ناوبراو واتە لە كانوونی دووەمی ساڵی (1987) فەریق یەكەمی روكن سەعدەدین عەزیز مستەفا بووە سەرۆكی ئەركان و تا رێكەوتی (14.7.1987) درێژەی كێشا، دواتر ئەویش

لادراو فەریقی روکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی لە چواردەی تەموزی هەمان ساڵدا کرا بە سەرۆک ئەرکان و ئەویش تاوەکو (19.9.1990) مایەوە. فەریق روکن حوسێن رەشید محەمەد عەرەب ئەلتکریتی، یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا - ئۆپراسیۆنەکان، فەریق روکن عەبدولستار ئەلمعینی، یاریدەدەری سەرۆک ئەرکانی سوپا – بەڕێوەبەرایەتی، (ماوەیەک فەریق روکن محەمەد عەبدولقادرو ماوەکی تریش فەریق روکن نەجمەددین عەبدوڵڵا محەمەد مەلا حوسێن ئەلدوری (29.6.1988-30.7.1987) یاریدەدەری سەرۆک ئەرکانی سوپا – بەڕێوەبەرایەتی بووینە)، فەریق روکن نوعمە فارس حوسێن ئەلمحیاوی، یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا – مەشقکردن (کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (86)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان)، فەریق روکن زیائەدین جەمالئەدین، یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا – ئەمیرە. دوای لادانی نزار خەزرەجی، فەریقی روکن سەعدی توعمە عەباس ئەلجبوری هات، دوای ماوەیەک ئەویش لادراو فەریقی روکن سوڵتان هاشم ئەحمەد محەمەد ئەلتائی، لەنێوان ساڵانی (1991-1995)دا جێگری سەرۆکی ئەرکان و سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە، هەروەها فەریق روکن ئەحمەد ئیبراهیم حەماش ئەلتکریتی لەدوای ساڵی (1991)دا یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە بۆ کاروباری بەڕێوەبردن. فەریقی یەکەمی روکن سەیفەددین فلەیح حەسەن تەها ئەلڕاوی، بەڕێوەبەری جوڵانەوەی سەربازی (مدير الحركات العسكرية) لەماوەی نێوان (30.8.1988-15.3.1987)، لیوای روکن تاریق حوسێن مەجید، ئەمینداری نهێنی یەکەمی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا (1987-1988)، لیوای روکن نەبیل عەبدولقادر حوسێن، ئەمینداری نهێنی یەکەمی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، لیوای روکن مەحمود شوکر شاهین، ئەمینداری نهێنی گشتی وەزارەتی بەرگری (1987)، لیوا روکنی دەریاوان عەبد محەمەد عەبدوڵڵا، ئەمینداری نهێنی گشتی وەزارەتی بەرگری، لیوای روکن مەیسەر رەجا شەلاح حەسون ئەلتکریتی، بەڕێوەبەری چەکدارکردن و ئامێرەکان (1988)، لیوای روکن تاریق کازم ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی ئەفسەران، فەریق روکن ئیبراهیم ئیسماعیل محەمەد عومەر ئاغا، ئەفسەری روکن لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، لەماوەی نێوان (29.5.1989-30.7.1987)دا، فەریق روکن محەمەد ئیسماعیل تەها

ئەلوەیس، ئەفسەری روكن لە سەرۆكایەتی ئەركانی سوپا، لەماوەی نێوان (13.6.1986–1989)دا. لیوا روكن ئەنسار سەلاحەدین ئەلسەباغ، بەڕێوەبەری رووپێوی سەربازی (مدير المساحة العسكرية) لە رێكەوتی (30.11.1988)دا. عەمید روكن فاروق تۆفیق عەبدولڕەزاق، بەڕێوەبەری مەشقی سەربازی (مدير التدريب العسكري – وزارة الدفاع/ مديرية التدريب العسكري 12.11.1988). عەمید روكن كەنعان خورشید عەبدولوەهاب، جێگری بەڕێوەبەری دەستەی كیمیاوی (و. مدير الصنف الكيمياوي – وزارة الدفاع/ دائرة التدريب – مديرية الصنف الكيمياوي 5.12.1988). لیوا روكنی فڕۆكەوان عەلوان حەسون ئەلعەبوسی، لەبری فەرماندەی هێزی ئاسمانی و بەرگری ئاسمانی (ع. قائد القوة الجوية والدفاع الجوي/ وزارة الدفاع – قيادة القوة الجوية والدفاع الجوي 22.11.1988). هەروەها لیوا روكن میرزا حەمزە محەمەد وەكو ئەفسەرێكی پلە بەرزی سەربە فەرماندەیی گشتی هێزە چەكدارەكان ناوی لەسەر بەڵگەنامەكان هاتووە (سەرچاوەی یەكەم، بەشی بیست و پێنج، ل281).








INTERPOL
Wanted
AL KHAZRAJI, Nazar Abdelkarim






نوريُ السَعيدُ
رجل
الدولة
والانسان



## بیرۆی باكووری ڕێكخستنی حزبی بەعسی عارەبی ئیشتیراكی:

حزبی بەعسی عارەبی ئیشتراكی كە (ڕەفیق ئەحمەد میشیل عەفلەق 1910-23.6.1989)، هەم دامەزرێنەرو هەم ئەمینداری گشتیی ئەو حزبە بووە، هەروەها ڕەفیق شبلی ئەلعەیسەمی (سوری) دەستەی دامەزرێنەرو یارمەتیدەری ئەمینداری گشتیی حزبی بەعسی عارەبی ئیشتراكی بووە – سەرچاوە: (جریدة الثورة، ژمارە (6541)، ڕۆژی هەینی، ڕێكەوتی (22.4.1988)، ل5). سەدام حوسێن تكریتی، ڕێكخستنەكانی حزبی بەعسی عارەبی ئیشتراكی لە ئێراق دابەشی سەر شەش بیرۆی ڕێكخستن كردبوو، كە یەكەمیان بیرۆی باكوور (باشووری كوردستان)ی ڕێكخستنەكانی حزبی بەعسی عارەبی، كە هەر پێنج پارێزگاكانی كوردی (موسڵ، دهۆك، هەولێر، كەركوك و سلێمانی) دەگرتەوەو بارەگاكەی لە شاری كەركوكی داگیركراوو بەعارەبكراوی سەربە باشووری كوردستان بوو. عەلی حەسەن ئەلمەجید ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتكریتی ناسراو بە (عەلی كیمیاوی)، ئەندامی بەناو ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش، ئەندامی سەركردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و ڕازگری نهێنی بیرۆی باكوور بووە. بیرۆی دووەمیان بیرۆی ناوەڕاست بوو كە هەر سێ پارێزگای (ئەنبار، سەڵاحەدین و دیالا)ی دەگرتەوە. ڕەفیق كامل یاسین ڕەشید تكریتی، ئەندامی سەركردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و ڕازگری نهێنی بیرۆی ناوەڕاست بوو - سەرچاوە: (الثورة، العدد (6737)، الخمیس، 6.11.1988). بیرۆی سێیەم بیرۆی ڕێكخستنەكانی بەغدا (كە تایبەت بوو بە بەغدای پایتەخت و لقەكانی (فروع) فەرعی ئەبو جەعفەری مەنسوور، فەرعی خالید بن وەلید، فەرعی سەعد بن ئەبی وەقاس و فەرعی سەدامی دەگرتەوە - سەرچاوە: (الف باء، العدد (1034)، الأربعاء، (20.7.1988)، ل4) و بەرپرسەكەی ڕەفیق سەعدی مەهدیساڵح ئەلڕاوی، ئەندامی سەركردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و ڕازگری نهێنی بیرۆی بەغدا بووە - سەرچاوە: (الثورة، العدد (6606)، الثلاثاء، المصادف (28.6.1988)، ص4). بیرۆی چوارەم بیرۆی ڕێكخستنەكانی فورات بوو، كە پارێزگاكانی (بابل، قادسیە، كەربەلا، موسەنا و نەجەف)ی دەگرتەوە، ڕازگری نهێنی ئەو بیرۆیە ڕەفیق عەبدولحەسەن ڕاهی مەجهول ئالفرعەون (شیعە)، ئەندامی

سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی بوو. بیرۆی پێنجەم بیرۆی رێکخستنەکانی باشووری حزبی بەعس بوو، کە بارەگاکەی لە شاری بەسرا بوو، هەروەها بەرپرسی ئەو بیرۆیە رەفیق عەبدولغەنی عەبدولغەفور فلەیح ئالمدلج ئەلعانی ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی بوو. بیرۆی شەشەم بیرۆی رێکخستنەکانی پیشەیی و گەلی (المهني و الشعبي) بوو، کە رەفیق مزبان خزر هادی (مەندەلی)، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و رازگری نهێنی ئەو بیرۆیە بوو - سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6737)، پێنجشەممە، 6.11.1988).

عەلی حەسەن ئەلمەجید تکریتی، بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (160)ی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حزبی بەعسی عارەبی ئێراقی لە رێکەوتی (29.3.1987)دا کرا بە رازگری نهێنی بیرۆی باکووری حزبی بەعس، تاوەکو بەپێی بڕیاری ژمارە (271)ی رێکەوتی (23.4.1989)ی ئەنجومەنی ناوبراو دەسەڵاتە رەهاکانی کوردستانی لێ سەندرایەوە و حەسەن عەلی نەسار ئەلعامری (شیعە) هاتە شوێنەکەی ئەو. رازی حەسەن سەلمان، جێگری رازگری گشتی بیرۆی باکوور، عەبدولرەحمان عەزیز حەسەن، سکرتێری بیرۆی باکوور، تاهیر تۆفیق ئەلحاج یوسف ئەلعانی، سکرتێری لیژنەی کاروباری باکوور (19.8.1986-15.9.1987)و (دواتریش وەکو پارێزگاری موسڵ ئەندام بوو تا کۆتایی ساڵی 1991)، ئەندام، خزر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، رازگری لقی کەرکوکی حزبی بەعس، ئەندام، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (267)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. نزار یونس خەلیل، رازگری لقی نەینەوای حزبی بەعس، ئەندام، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (266)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. سوبحی عەلی خەڵەف، رازگری نهێنی لقی هەولێری حزبی بەعس، ئەندام – سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6647)، دووشەممە، 8.8.1988، ل4)، ئەسوەد عەلی محەمەد ئەلنعێمی، رازگری لقی سلێمانی حزبی بەعس، ئەندام، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (263)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی

داواکراوەکان. سائل (صائل) ئیبراهیم عەبدوڵڵا ئەلعەبدەلی، رازگری لقی موسڵی حزبی بەعس، ئەندام، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (265)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. عەبدولسەلام حامید ئەلعەناز، رازگری لقی تکریتی حزبی بەعس، ئەندام. تاریق کافی فلەیح ئەلعانی، رازگری لقی دهۆکی حزبی بەعس، ئەندام، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (264)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. مونزر نسەیف جاسم ئەلدلێمی، پارێزگاری کەرکوک، ئەندام. جەعفەر عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی، پارێزگاری سلێمانی، ئەندام. ئیبراهیم محەمەد حەسەن زەنگەنەو ماوەیەکیش یەحیا محەمەد رەشید جاف، پارێزگارانی هەولێر، ئەندام. نامیق رەقیب محەمەد سوورچی، پارێزگاری دهۆک، ئەندام. ئەو پارێزگارانە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنیان لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، مونزر نسەیف جاسم پارێزگاری کەرکوک، ژمارە (160)ی دراوەتێ، جەعفەر عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی پارێزگاری سلێمانی، ژمارە (164)ی دراوەتێ، یەحیا رەشید جاف پارێزگاری هەولێر، ژمارە (261)ی دراوەتێ و نامیق رەقیب سوورچی پارێزگاری دهۆک، ژمارە (258)ی دراوەتێ.

بەرپرسەکانی حزبی بەعس لە کوردستاندا: (عەبدولفەتاح محەمەد ئەمین یاسین، سکرتێری لیژنەی کاروباری باکوور. عەقید عەبدولڕەحمان شەکرچی، بەڕێوەبەری بیرۆی ڕێکخستنی باکوور. رائید غالب ئەلتکریتی، لە سکرتارییەتی بیرۆی ڕێکخستنی باکوور. عەقید مەرعی ئەلتائی، لە سکرتارییەتی بیرۆی ڕێکخستنەکانی باکوور. ئەحمەد حەسەن ئەلعوبێدی، رازگری فەرماندەیی لقی کەرکوکی سەربازی. مەهدی ئەحمەد ئەلحەبیب، رازگری نهێنی فەرماندەیی تیپی ئەلمەعاهد-دهۆک. رەفیق لیوا روکنی فڕۆکەوان عەبدولجەبار رسن ئەلسودانی، رازگری نهێنی لقی قادسیەی سەربازی - سەرچاوە: (الثورة، (6698)، چوارشەممە، رێکەوتی (28.9.1988)، ل4). رەفیق عەمید روکن تالیب عەلی عەبدولعەزیز ئالسەعدون، رازگری نهێنی لقی یەرموکی سەربازی. رەفیق عەمید روکن خالد کافی فلەیح ئەلعانی، رازگری نهێنی لقی حەکەمی سەربازی. رەفیقی عەمید سابت ئەسعەد عەبدولغەنی ئالوسی، رازگری

نهێنی فەرماندەیی هۆبەی سەلاحەدینی سەربازی. رەفیقی عەمید ناسر فاخر عەلوان، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی بەدری کوبرا. رەفیقی عەمید عەدنان عەبدولحەمید مەهدی، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی ئەبی عوبەیدەی سەربازی. رەفیقی عەقید روکن لەتیف محەل حەمود، رازگری نهێنی هۆبەی پاسەوانی کۆماری. رەفیقی عەقید بدێوی حەسەن سالْح، رازگری نهێنی فەرماندەیی لقی رەشیدی سەربازی (کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (30)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). رەفیقی عەمید خالید ئەحمەد رەمەزان، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی موسەنای سەربازی. رەفیقی عەمید ناسر فاخر عەلوان، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی بەدر ئەلکوبرای سەربازی. عەقید خەڵەف عەبدوڵڵا عمێرە، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی فارسی سەربازی (کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (32)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). رەفیق لیوا روکن ئوسامە حەسەن تۆفیق ئەلیاوەر، رازگری نهێنی لقی حەتین و وەلیدی سەربازی. عەقید رەشید ئەحمەد سەرحان، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی موعتەسەم (کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (34)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). رەفیقی موقەدەم عەودە محەمەد خەلیفە ئەلعوبەیدی، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی حەذیفەی سەربازی. رەفیقی رائید نزهان رەشید عەبد، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی قائد ئەلنەسری سەربازی. رەفیقی نەقیب محەمەد مەحمود سەلاج، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی رافیدەینی سەربازی. رەفیقی نەقیب تۆفیق مەحمود خزر ئەلدوری، رازگری نهێنی فەرماندەیی سەعدی سەربازی. رەفیقی نەقیب جاسم محەمەد سالْح، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی عەبدوڵڵا بن رواحەی سەربازی. رەفیقی نەقیب عەبدولحوسێن فەرحان حەمەد، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی زەین قەوسی سەربازی. رەفیقی نەقیب نەسر ئەحمەد ئەلجبوری، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی محەمەد ئەلقاسمی سەربازی. رەفیق عەبدولرەحمان ئەحمەد عەبدولڕەحمان، رازگری نهێنی فەرماندەیی لقی بەغدای سەربازی. خالید کافی فلەیح، رازگری نهێنی فەرماندەیی لقی بەسرای سەربازی

(دواتر کراوه به رازگری نهێنی فەرماندەیی لقی حەکەمی سەربازی – سەرچاوە: (الثورة، (6698)، چوارشەممە، رێکەوتی (28.9.1988)، ل4). عاشور شەهاب ئەحمەد، رازگری نهێنی هۆبەی سەلاحەددینی حزبی بەعس. رەفیق عەبدولواحید حوسامەددین، رازگری نهێنی فەرماندەیی تیپی رەواندز. زێدان عەتیە عەتوش، رازگری نهێنی فەرماندەیی تیپی رەواندز. موسا ئیبراهیم بەلۆ، بەرپرسی رێکخراوی خەلیفانی حزبی بەعس. تالیب محەمەد سلێمان، رازگری نهێنی فەرماندەیی تیپی هەڵەبجە (20.8.1986). نیسان سەرحان هیلال، رازگری نهێنی فەرماندەیی تیپی هەڵەبجە (8.4.1987). سجیل ئەلسافی، رازگری نهێنی فەرماندەیی تیپی دەربەندیخان. حەکیم ئەنوەر مەولود، رازگری رێکخراوی سمود. رائد ئەنوەر رەحیم تەها، رازگری نهێنی فەرماندەیی حارسی سەربازی (لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (28)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). رائد محەمەد سالم حوسێن، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی ئەلتەئمیمی سەربازی (کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (15)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). رائد عەبدولستار عەتا ئەلکوبەیسی، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی هەولێری سەربازی (لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (13)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). تاریق زیادە سالح، رازگری نهێنی فەرماندەیی فرقەی عەموریەی هەولێری سەربازی. رەفیق موحسین عەلی عوگلە، رازگری نهێنی فەرماندەیی فرقەی هەولێری سەربازی. رەفیق نوزهان خەلیل ئیبراهیم، رازگری نهێنی فرقەی فەیلەقی پێنجی سەربازی. رەفیق لیوا عەبد سەلمان حمیدی، رازگری نهێنی فەرماندەیی لقی عەموریەی سەربازی (کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (88)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). رەفیق جەبار سالح مۆحان ئەلعکبەلی، رازگری نهێنی فەرماندەیی فرقەی عەموریەی سەربازی. رەفیق فەوزی خالید محەمەد، رازگری نهێنی فەرماندەیی فرقەی عەموریەی دەوروبەری سەربازی. رەفیق مەحمود نەدا سەعد حەمدان ئەلمعازیدی، رازگری نهێنی

فەرماندەیی لقی لیوای کۆماندۆی یەکی فەیلەقی پێنجی سەربازی. عەقید ئەحمەد سالم جاسم ئەلسامەڕائی، رازگری فەرماندەیی هۆبەی هێزەکانی نەسری سەربازی (لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (29)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). عەقید رەشید محەمەد حەسەن، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی فارسی سەربازی. عەقید عەبدولحەکیم تۆفیق حەسون، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی ئەلشیبانی سەربازی (کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (35)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). عەمید خەڵەف نەجم جاسم، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی ئەبی زرئەلغەفاری سەربازی، (کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (54)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). رەفیقی عەمید عەلی لەفتە حوسێن ئەلعقابی، رازگری فەرماندەیی هۆبەی خالیدی سەربازی (کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (58)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). عەمید غانم خالید سلێمان ئەلجەماس، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی قەعقاعی سەربازی (کە لە لایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (59)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). عەمید محەمەد خەیری محەمەد سەعید، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی شەرحەبیلی سەربازی (کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (62)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). عەمیدی روکن عەلی ساڵح حەمودی ئەلدوری، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی موسا بن نەسیری سەربازی (کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (84)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). موقەدەم ئیدریس سەعید محەمەد، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی زاخۆی سەربازی (کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە

(126)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). موقەدەم ئیسماعیل مەحمود عەبد خەڵەف، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی مەنسووری سەربازی (کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (127)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). موقەدەم حاتەم موتنی عەواد، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی یەکەمی سەربازی سلێمانی (کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (128)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). موقەدەم سەڵاح سەبری مەحمود، رازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی دووەمی سەربازی سلێمانی (کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (131)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان). موقەدەم عەبدولستار جەواد (عەبود) حەمزە ئەلحەدیسی، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی لقی عەمورییەی سەربازی (کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (133)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان). رەفیق فەوزی خەڵەف ئەڕزیق، بەڕێوەبەری نووسینگەی رازگری هەرێمایەتی (مدیر مکتب امانة سر القطر).


أحمد ميشيل عفلق


الرفيق حسن علي





## لیژنەی كاروباری باكوور - كوردستان (لجنة شؤون الشمال - كوردستان):

ئەندامانی لیژنەی كاروباری باكوور لە سەردەمی ئەنفالەكاندا پێكدەهات لە هەریەک لە: (بەرپرسی بیرۆی باكووری حیزبی بەعس (عەلی كیمیاوی)، وەزیری ناوەخۆ (سەمیر محەمەد عەبدولوەهاب شێخلی)، وەزیری بەرگری (عەدنان خەیروڵڵا تولفاح ئەلناسری)، وەزیری پلاندانان (دكتۆر ساماڵ مەجید فەرەج)، سەرۆكی ئەركانی سوپا (نزار عەبدولكەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی)، ئەمینداری گشتیی شاری بەغدا خالید عەبدولمونعیم رەشید ئەمین ئەلجەنابی – سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6541)، رۆژی هەینی، رێكەوتی (21.4.1988)، ل6 + الثورة، ژمارە (6755)، رۆژی پێنجشەممە، رێكەوتی (24.11.1988)، بەڕێوەبەری هەواڵگری (لیوا دكتۆر فازڵ حوسێن بەڕاک)، بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی (لیوا روكن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری)، بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی (عەبدولرەحمان ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەلدوری)، سەرۆكی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی بەناو ئۆتۆنۆمی كوردستان (ئەحمەد عەبدولقادر نەقشبەندی)، سەرۆكی ئەنجومەنی راپەڕاندنی ناوچەی بەناو ئۆتۆنۆمی كوردستان (سیروان عەبدوڵڵا حوسێن جاف). هەروەها تاهیر تۆفیق ئەلحاج یوسف ئەلعانی لەنێوان (19.8.1986-15.9.1987)دا سكرتێری لیژنەی كاروباری باكوور بووە.

لیژنەی كاروباری باكوور (كوردستان) كاتی خۆی بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (997)ی بەناو ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش لە رێكەوتی (2.8.1979)دا دامەزراو، دواتریش بە بڕیاری ژمارە (771)ی هەمان ئەنجومەن لە رێكەوتی (3.12.1989)دا هەڵوەشایەوە - سەرچاوە: (س1، ب24، ل5404).






سیروان جاف


احمد عبدالقادر نەقشبەندی
سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانی ناوچەی کوردستان

## بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتیی (مديرية الأستخبارات العسكرية العامة ):

بارەگای سەرەکی ئەو دەزگایە لە شاری بەغداو نزیک پردی ئەئمەی کازمیە بووە، کە دەکەوتە سەر رووباری دیجلە. ئەرکی سەرەکی ئەو دەزگایە سیخوڕیکردن بووە لەسەر ئۆپۆزسیۆنی ئێراقی و وڵاتانی دوژمن بە حکومەتی سەدام و بەعس. پێنج رێکخراوی (رێکخراوی هەواڵگری باکوور لە هەولێر (کە دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی (1991) و راماڵینی دامودەزگاکانی بەعس لە سێ شاری کوردستانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک، حکومەتی سەدام دامودەزگاکانی ئەو سێ شارەی گواستەوە بۆ دوو شاری کەرکوک و موسڵی کوردستانی داگیرکراو)، رێکخراوی هەواڵگری رۆژهەڵات لە کەرکوک، رێکخراوی هەواڵگری رۆژئاوا لە رومادی، رێکخراوی هەواڵگری ناوەڕاست لە کەربەلا و رێکخراوی هەواڵگری باشوور لە بەسرا سەربە بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو بووینە. ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بەر لە گرتنە دەستی دەسەڵات لە رێکەوتی (17.7.1968) لە لایەن پارتی بەعسی عارەبی سۆشیالیست بە سەرکردایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن تکریتی دامەزراوەو، لە سەرەتای دەسەڵاتی (زەعیم روکن عەبدولکەریم قاسم)دا موقەدەمی ئەندازیار رەفعەت ئەلحاج ئەحمەد سڕی ساڵح لەنێوان (14.7.1958-8.3.1959) بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی بووە، کەچی دوای ئەو عەقید موحسین ئەلرفیعی بەڕێوەبەر بووە تاوەکو لەناوبردنی عەبدولکەریم قاسم لە رێکەوتی (8.2.1963)دا. دوای کودەتای یەکەمی بەعسییەکان لە مێژووی سەرەوە، عەمید محێدین مەحمود وەکو بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی دامەزرا. لە ساڵی (1964)داو لە سەردەمی سەدەڵاتی سەرۆک کۆمار عەبدولسەلام محەمەد عارفدا (8.2.1963-13.4.1966)دا عەقید مەحمود دوڕەی رەگەزپەرست و دوژمنی سەرسەختی کورد پۆستی ناوبراوی لەدەست بووەو، لە سەردەمی عەبدولڕەحمان محەمەد عارفدا، عەقیدی روکن شەفیق ئەلدوڕاجی بەڕێوەبەر و موقەدەمی روکن عەبدولڕەزاق نایف (عەبدولڕەزاق سەعید نایف ئەلجومەیلی) جێگری بەڕێوەبەر بووە. بەڵام لە دوای سەرکەوتنی کودەتای بەعسیەکان لە رێکەوتی (17.7.1968)دا، موقەدەم روکن

عەبدولڕەزاق نایف بەشداری ئەو کۆدەتایەی کردو بۆماوەی (13) ڕۆژ بوو بە سەرۆک وەزیران، کەچی لەلایەن بەکرو سەدام لادراو دواتر سەدام لە ڕێکەوتی (9.8.1978)دا لە شاری لەندەن کوشتی، هەروەها لە ساڵی (1983)دا پیاوەکانی سەدام (عەقید روکن شەفیق دوڕاجی)یان لەژێر ئەشکەنجەدا کوشت. دوای عەبدولڕەزاق سەعید نایف، عەمیدی روکن خەلیل ئیبراهیم ئەلعەزاوی کرا بە جێگری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی. دواتر لە ساڵی (1977)دا عەمیدی روکن خەلیل ئیبراهیم مەحمود ئەلعەزاوی، کە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری حزبی بەعس بوو، کرا بە بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە، بەڵام لەبەرئەوەی لایەنگری سەرۆک کۆماری پێشووی ئێراق (موهیبی روکن ئەحمەد حەسەن بەکر) بوو، بۆیە لە ڕێکەوتی (6.2.1980)دا لەلایەن سەدام حوسێن لادراو، عەمیدی روکن عەبدولجەواد زەنون محەمەد تاهیر موسڵاوی بە بەڕێوەبەری نوێی ئەو دەزگایە دامەزراو لەنێوان ماوەی (4.6.1982-7.2.1980)دا پۆستی بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی هەبووە، هەروەها عەقید روکن حەمید محەمەد تکریتی یاریدەدەری بەڕێوەبەر واتە یاریدەدەری عەمید عەبدولجەواد زەنون بووە. دواتر لەماوەی نێوان (13.1.1983-18.8.1983)دا لیوا روکن ماهر عەبدولڕەشید محەمەد ئەلڕەشید ئەلناسری ئەلتکریتی پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی هەواڵگری سەربازی هەبووە. دوای لیوا روکن ماهر عەبدولڕەشید لەماوەی نێوان (18.8.1983-2.4.1986)دا لیوا روکن مەحمود شوکر سەعید شاهین ئەلجومەیلی بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی بووە. لیوا روکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، لە ماوەی نێوان (6.4.1991-8.4.1986)دا بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی بووە. هەروەها لیوا روکن محەمەد ڕەزا غەسیس تکریتی لەو ماوەیەدا (لەکاتی ئەنفالەکاندا) یارمەتیدەری سابیر عەبدولعەزیز ئەلدوری بووە بۆ کاروباری بەڕێوەبەرایەتی، هەروەها لە ڕاپەڕینی ساڵی (1991)دا سەرۆکی ئەرکانی (مقر عمليات غرب الفرات) بووە لە شاری ناسریە، کە بە سەرۆکایەتی نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ خەزرەجی سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای ئێراق دامەزرابوو. لە ڕۆژی (2.3.1991)دا خەڵکی ڕاپەڕیوی باشوور توانیان ئەو بارەگایەو خەزرەجی، محەمەد ڕەزا غەسیس و تەواوی ئەفسەرانی روکن و ئەفسەرانی تریش بەدیل بگرن. دوای دژە هێرشی میلیشیاکانی سەدام بە سەرۆکایەتی و بەشداری هەریەک لە عەلی حەسەن مەجید،

حوسێن کامیل حەسەن ئەلمەجید تکریتی، عزەت ئیبراهیم ئەلدوری، محەمەد حەمزە قەیتان ئەلزوبەیدی، نەعیم حەمید عەلی حەداد (شیعە)، مزبان خزر هادی مەندەلاوی، تەها یاسین رەمەزان جەزراوی، حەسەن عەلی نەسار ئەلعامری، فەریق یەکەمی روکن سەعدی توعمە عەباس جبوری وەزیری بەرگری، فەریق یەکەمی روکن حوسێن رەشید تکریتی سەرۆکی ئەرکانی سوپا، فەریق روکن سوڵتان هاشم ئەحمەد یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، لیوا روکن سابیر عەبدولعەزیز ئەلدوری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی، لیوا روکن کەمال مستەفا تکریتی فەرماندەی هێزی پاسەوانی کۆماری تایبەت، فەریق روکن سەلاح عەبود مەحمود جاسم ئەلجبوری فەرماندەی فەیلەقی سێ، فەریق روکن ئەحمەد ئیبراهیم حەماش تکریتی فەرمادەی فەیلەقی چوار، عەمید روکن موعتەمەد نعمەت حەمەد ئەلناسری ئەلتکریتی فەرماندەی هێزەکانی نیداء، لیوا روکن سەباح ئیسماعیل فەرحان تکریتی فەرماندەی فرقەی چواری پیادە کە لە کۆتایی ساڵی (1991)دا کرا بە فەرماندەی فەیلەقی چوار، فەریق روکن ئەیاد فتەیح خەلیفە ئەلراوی، فەریق روکن ماهر عەبدولڕەشید تکریتی، فەریق روکن تاڵع خەلیل رەحیم ئەلدوری، لیوا روکن فەوزی ئەحمەد لەتیف تکریتی فەرماندەی هێزەکانی عەدنانی پاسەوانی کۆماری، عەمید روکن حەسەن زێدان ئەللهێبی فەرماندەی فرقەی سێی زرێپۆش، لیوا روکن رەعد مەجید فەیسەڵ تکریتی فەرماندەیی هێزەکانی چل، لیوا روکن ئەزهەر ئیسماعیل، ئەفسەری روکنی دووەمی ئیستخبارات لە بارەگای فرقەی بیست و هەشتی پیادە، عەمید روکن مانع عەبدولڕەشید تکریتی، سەمیر محەمەد عەبدولوەهاب شێخلی و عەمید روکن عەبدولڕەحمان عەبدولعەزیز ئەلدوری بەرپرسی لقی بەسرای سەربازی حزبی بەعس بۆسەر شاری ناسریە و تەواوی شارەکانی تری باشووری ئێراق. ئەو هێزانەی سەدامی دیکتاتۆر توانیان لە رێکەوتی (15.3.1991)دا شاری ناسریە رزگار بکەن و دیلەکانیش لەنێویاندا فەریق یەکەمی روکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی بە بریندارى و لیوا روکن محەمەد رەزا غەسیس تکریتی ئازاد بکەن. بەڵام هێزەکانی ئەمنی سەدام دەستیان گرت بەسەر هەندێک نووسراوی راپەڕیوانی شیعە، کە تیایدا تۆمارکرابوو کە لیوا روکن محەمەد رەزا غەسیس سازشی کردبوو هەروەها زانیاری زۆر مەترسیداری دابوو بە راپەڕیوان و بەڵێنی کارکردنی پێدابوون لە بەرامبەر ئەوەی کە نەیکوژن،

بۆیە دوای گەڕانەوەیان بۆ بەغدا سەدام حوسێن هەموویانی خەڵاتکرد بە مەدالیای ئازایەتی، بەڵام محەمەد رەزا غەسیس تکریتی رەوانەی زیندانکردو دوای چەند مانگێک بەرەڵایکردو لە سوپا بۆ یەکجاری دەریکرد – سەرچاوە: (اللواء الركن وفيق السامرائي، حطام البوابة الشرقية، ل419 + العميد الركن نجيب مصطفى الصالحي، الزلزال، 191-194).

کەواتە ئەوەی کە گرنگ بێت بۆ ئێمە ئەوەیە کە فەریقی روکن سابیر ئەلدوری، لەکاتی کیمیاباران کردنی کوردستان و شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال لە ساڵانی (1987-1988)دا بۆسەر خەڵکی سیڤیلی کورد کە تێکڕا (182) هەزار کەس بوونە قوربانی، بەرپرسی یەکەمی هەواڵگری سەربازی گشتیی بووە. لە مانگی نیسانی ساڵی (1991)ەوە عەمید روکن وەفیق عجیل حەمود ئەلئەحمەد ئەلسامەڕائی کرا بە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی (مدير الاستخبارات العسكرية العامة)و لەو پۆستەیدا مایەوە تاوەکو لە رێکەوتی (23.11.1994)دا بەغدای جێهێشت و خۆی گەیاندە سلێمانی و وەکو ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی سەدام خۆی ناساند. وەفیق عجیل حەمود ئەلسامەڕائی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (1)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. دوای راکردنی وەفیق سامەڕائی، عەمید روکن عەبدولقادر سەلمان خەمیس وەکو بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی دامەزراو تاوەکو سەرەتای ساڵی (1996)دا لەو پۆستەدا مایەوە.

لە مانگی یەنیوەری ساڵی (1991)دا ئەمنی عەسکەری (کە تا ئەوکاتە لیوا روکن تەها عەباس ئەلئەحبابی، بەرپرسی ئەمنی سەربازی بوو)، وە بەشێک بوو لە هەواڵگری سەربازی گشتیی و لێی جیابووەوە، بەڵام بۆ جارێکیتر لە سەرەتای ساڵی (1996) هەردوو دەزگا یەکیان گرتەوەو لیوا روکن موعتەمەد نعمەت حەمەد ئەلناسری ئەلتکریتی، کە خزمی سەدام بوو کرایە بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی. لەپێش رووخانی رژێمدا لیوا روکن زوهێر تاڵب عەبدولستار ئەلنەقیب (مێردی یەکێک لە خوشکەکانی سەدام حوسێن)، بۆ ماوەی دە مانگ بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی بووە، دواتر لە رێکەوتی (23.4.2003)دا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە دەستگیرکراو، لە ساڵی (2006)دا لە ئەنجامی کاریگەری نەخۆشی شەکرەدا لە زینداندا چاوەکانی کوێر بوون.

لیوا روکن خالید محەمەد عەباس عەلی ئەلجبوری، بریکاری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی (27.8.1988-11.11.1987)، پێشتریش لەنێوان سالانی (1984-2.11.1987)دا وەکو بەڕێوەبەری رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی رۆژهەلات سەرەتا لە دیالە و دواتریش لە کەرکوک کاریکردووە. لیوا روکن خالید محەمەد عەباس عەلی ئەلجبوری ، کە لە مانگی ئازاری ساڵی (2008)دا لە زیندانی ئەمریکییەکان مرد، بەلام لەلایەن (دادگای بالای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (91)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. عەمید روکن رەحیم عەبدولغەنی ئەلسوس ئەلناسری، بریکاری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی و لەکاتی ئەنفالەکاندا بەرپرسی موعاونییەی یەکەم بووە (سەدام لە سەرەتای ساڵی 1991دا لە سێدارەی دا)، عەمید روکن سینان عەبدولجەبار ئەبوگلە ئەلنەجەفی، لەکاتی شالاوی ئەنفالەکاندا ئەویش بۆ ماوەیەک بەرپرسی موعاونییەی یەکەم بووە، کە کاریان کۆکردنەوەی زانیاریو هەواڵ بووە لەسەر دوژمنانی حکومەتی سەدام حوسێن و (پارتی بەعسی عارەبی سۆسیالیستی). لیوا روکن تەها عەباس ئەلئەحبابی، بەرپرسی موعاونییەی دووەم، ئەمن و ئاسایشی سەربازی (کە ساڵی 1996 سەدام کوشتی). لیوا روکن عەدنان ناجی ئەلجبوری و عەمیدی روکن فازڵ عەلی سلێمان، بەرپرسی موعاونییەی سێیەم، کە تایبەت بووە بە کاروباری هونەری (ماوەیەکیش بەڕێوەبەری رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی رۆژهەلات بووە)، عەمیدی روکن باسل شەفیق عەلی، بەڕێوەبەری ئامێرە هونەریەکانی هەواڵگری سەربازی بووە لەکاتی شالاوی ئەنفالە بەدناوەکاندا. لیوا روکن محەمەد رەزا غەسیس تکریتی، بەرپرسی موعاونییەی چوارەم و لەهەمان کاتدا جێگری بەڕێوەبەری گشتیی بووە بۆ کاروباری بەڕێوەبردن، ئەو موعاونییە تایبەت بووە بە مەشقکردن و بەڕێوەبەرێتی، دواتریش لەکاتی ئەنفالەکاندا گواستراوەتەوە بۆ رێکخراوی هەواڵگری باکوور لە هەولێرو بۆ ماوەیەکیش لە معاونیەی پێنجەم لای وەفیق عجیل حەمود ئەلسامەڕائی بووە. لیوا روکن نەشوان زەنون یونس موسلاوی، لیوا روکن سەبار رەبیع عومەر ئەلجبوری خەڵکی رومادی و عەمید مەحمود عەبدولڕەزاق ئەلعبلی (خەڵکی خاڵس) کە هەرسێکیان لە معاونیەی چوارەم کاریان کردووە. عەمید روکن وەفیق عجیل حەمود ئەلسامەڕائی، بەرپرسی موعاونییەی پێنجەم، کە تایبەت بووە بە کاروباری

ئێران و کوردستان ( موعاونییەی پێنجەم لە مانگی دیسامبەری ساڵی (1986)دا دامەزراو هۆبەی سێی کوردەکان و کاروباری ئێران خرانە سەر ئەو بەشە)، دواتریش عەمید روکن وەفیق عجیل حەمود سامەڕائی لە (27.8.1988)دا کرا بە یارمەتیدەری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی و، هەروەکو لە سەرەوەش ئاماژەم پێدا لە نیسانی ساڵی (1991)دا کرا بە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی. عەمید روکن عامر حەسون ماوەیەک بەرپرسی یەکێک لە بەشەکان بووە لە ساڵی (1988)دا. عەقید روکن وەلید نایف شبیب، بەرپرسی هۆبەی کوردەکان، کە بە هۆبەی (3) ناسرابوو (دواتریش لە کۆتایی 1988 و سەرەتای ساڵی 1989دا بەڕێوەبەری رێکخراوی هەواڵگری شیمالی بووە). عەقید روکن وەلید نایف شبیب لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (2)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. عەقید روکن وەلید نایف شبیب لەکاتێکدا کە بەڕێوەبەری هۆبەی سێی کوردەکان بووە، لە رێکەوتی (13.3.1988)دا رێنوێنی ئەوەی داوە کە لە رێگای هێزی ئاسمانییەوە بە چەکی تایبەتی (چەکی کیمیاوی) لە گوندەکانی کوردستان بدرێت – سەرچاوە: (سەرچاوەی یەکەم، بەشی هەژدەیەم، ل4513)، هەروەها بەپێی نووسراوی رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور ژمارە (ش3/ق3/324) کە لە رێکەوتی (23.2.1989)دا نێردراوە بۆ نووسینگەی سکرتاریەتی فەرماندەیی رێکخستنەکانی باکوور، دەردەکەوێت کە بە واژۆی عەقید روکن وەلید نایف شبیب ئەو شەش کوردە لە سێدارە دراون (قادر خدر حەمەد، شێخ مەعروف شێخ ئیسماعیل، حاجی ئاغا بایز باڵو، محەمەد عەبدوڵڵا عەلی، خالید ئەحمەد عەبدوڵڵا و عەبدوڵڵا ئاغا عەبدوڵڵا). کەچی وەلید نایف شبیب لە ساڵی (2007)دا سەردانی هەولێرو کوردستانی کردووەو لەسەر ئاستی باڵادا پێشوازی لێکراوە. موقەدەم مەڕوان عەبد کازم ئەلجەنابی، ئەفسەری هەواڵگری لە هۆبەی (3). لیوا روکن سەلمان عەبد عەلو رەحیم ئەلدوری، بەڕێوەبەری رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی رۆژهەڵات و ئەفسەری روکن لە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی. هەروەها ئەو ئەفسەرانە (موقەدەم نەزهان حامد زێدان، موقەدەم ئەحمەد عەبد رەشید، موقەدەم روکن فازڵ عەلی سلێمان، رائید غازی رەشید فەرحان، رائید حاتەم عەبدوڵڵا، نەقیب حاریس ئەحمەد رەشید، نەقیب عەبدولکەریم ساڵح جەواد، نەقیب نەسرەت سلێمان

موسا) سەربە رێکخراوی  هەواڵگری ناوچەی رۆژهەڵات – بووینە لە شاری کەرکوک. نەقیب عەبدولکەریم حەسەن تاهیر ئەفسەری هۆبەی سێی سەربە رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی رۆژهەڵات بووە - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە دوو، بەشی هەشتەم، ل2514). عەقیدی روکن فەرحان موتلەگ ساڵح خەڵەف ئەلجبوری، بەڕێوەبەری رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور لەنێوان (1985-1.11.1987)و دواتر لەنێوان (2.11.1987-کۆتایی ساڵی 1992)دا بەڕێوەبەری رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی رۆژهەڵات بووە، کە دوای رووخانی رژێمی سەدام، لە رێکەوتی (10.6.2003)دا بەتاوانی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکان و کیمیا باران کردنی هەڵەبجە و کوردستان دەستگیرکرا، کە دواتر چەندین سزای جیا جیای بۆ بڕایەوە. هەروەها لەدوای فەرحان جبوری ماوەیەک عەمیدی روکن عەبدولمەلیک ئەلحەمدانی (کە لە سەرەتای نەوەدەکاندا لە ماڵەکەی خۆی لە ئەنجامی گڕگرتن و تەقینەوەی سۆبەی نەوتیدا مرد)، دواتریش هەریەک لە عەمید روکن خالید محەمەد عەباس و عەقید روکن وەلید نایف شبیب لە ساڵانی (1987-1989)دا بەڕێوەبەری رێکخراوی رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور بووینە لە هەولێر. ماوەی چەند مانگێک لەکاتی ئەنفالەکاندا لیوا روکن حەسەن حوسێن بەڕێوەبەری رێکخراوی هەواڵگری سەربازی ناوچەی باکوور (مدیر منظومة إستخبارات المنطقة الشمالية) بووەو، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (87)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. (هەروەها ئەو ئەفسەرانە عەمید روکن محەمەد رەزا غەسیس تکریتی (لەکاتی ئەنفالەکاندا بەرپرسی هۆبەی سێی کوردەکان و یەکێک لە جێگرەکانی بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی بووە)، عەقیدی روکن ساڵح مەهدی محەمەد، عەقیدی روکن عامر فلەیح عەلی، عەقید خەلیل ئەحمەد حوسێن، عەقید ئەسعەد جاسم عەبدوللەتیف، موقەدەمی روکن فازڵ عەلی سلێمان (لەنێوان ساڵی 1985-1987دا جێگری بەڕێوەبەری رێکخراوی  شیمالی واتە جێگری عەقید روکن فەرحان موتلەگ ساڵح جبوری بووە)، موقەدەمی روکن نەبیل نەجیب سەعید، موقەدەمی روکن عادل مەجید عەلی، رائید سلێمان عەبدوللەتیف لە عارەبی دانیشتووی گوندی (جديدة)ی سەربە قەراج بوو، نەقیب عەبدولڕەزاق محەمەد عەلی، ئەفسەری دەستگیرکردنی زیندانیانی سیاسی و لێکۆڵینەوە بووە (لە رێکەوتی

2.3.1986دا بەندەی دەستگیركرد - دەرسیم دیبەگەیی)، نەقیب خالید ئەلعەناس)، سەربە رێكخراوی هەواڵگری ناوچەی باكوور بووینە. بەگوێرەی بەڵگەنامەیەكی رژێمی لەناوچووی سەدامی رەگەزپەرست، كە لە رێكخراوی شیمالی بە ژمارە (ش3/ق2232/1)ی رێكەوتی (22.12.1987)دا دەرچووە، هەریەک لە نەقیب عەبدولڕەزاق محەمەد عەلی، مولازمی یەكەم ناسر ئەحمەد حەسەن و مولازمی یەكەم ئەیاد عەبدولمەهدی دەروێش تیمی گوللە بارانكردنی سەردار خدر رەحمان و مهاباد شێخ محەمەد بووینە). عەمیدی روكن جەبار مەزلوم، بەڕێوەبەری هەواڵگری موسڵ، موقەدەم نافیع رەحیم تەها، نوێنەری دەزگای هەواڵگری لە فەیلەقی (1) بۆ گوللە بارانكردنی هاووڵاتیانی كورد، موقەدەم ئیسماعیل محەمەد یاسین، بەرپرسی هەواڵگری سەربازی بنكەی سلێمانی، موقەدەم هاشم كامیل مەحمود، ئەفسەری هەواڵگری هێزی پارێزگاری نەوت، عەقیدی روكن عەبدوڵڵا هادی، بەرپرسی بنكەی هەواڵگری چەمچەماڵ (ماوەیەكیش موقەدەم خالید یاسین عوبێد بەرپرسی هەواڵگری چەمچەماڵ بووە)، رائید قاسم هاشم یاسین، بەرپرسی بنكەی هەواڵگری خورماتوو، نەقیب كیفاح عەلی حەسەن، بەرپرسی بنكەی هەواڵگری كەلار، نەقیب جاسم محەمەد رەبیعو مولازمی یەكەم نەبیل، بەرپرسی بنكەی هەواڵگری دەربەندیخان بووینە، مولازمی یەكەم ماجد عەبد عەواد، جێگری لێپرساوی هەواڵگری دەربەندیخان، نەقیب عەلی حەمادی حەماد، بەرپرسی بنكەی هەواڵگری شەقڵاوە، نەقیب حەسەن كازم عەلی فەرەج، بەرپرسی هەواڵگری قەڵادزێ، مولازمی یەكەم عوەید عەبدوڵڵەتیف، بەرپرسی هەواڵگری كۆیە، نەقیب مەجید، بەرپرسی بنكەی هەواڵگری خانەقین، نەقیب عەبدولكەریم ساڵح جەوادو نەقیب نەسرەت سلێمان موسا، نوێنەرانی رێكخراوی هەواڵگری سەربازی ناوچەی رۆژهەڵات و بەرپرسی گوللە بارانكردن و كوشتنی كوردان بووینە. نەقیب عەبدولكەریم ساڵح جەواد، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە تیمەكانی گوللە بارانكردنی كوردو بەشداری لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (150)ی دراوەتێ لە لیستی داواكراوەكان. عەمید روكن حەسەن حوسێن، جێگری بەڕێوەبەری رێكخراوی هەواڵگری ناوچەی باكوور، عەمید روكن عەلی خەلیفە، بەڕێوەبەری هەواڵگری فڕۆكەوانی سوپا (مدیر إستخبارات طیران الجیش) لە ساڵانی (1985-1986). تیمی گوللە بارانكردنی زیندانییان، گیراوان و ئەنفالەكانی

کورد لە بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات بریتیبوون لە (سەرۆک عورەفا سەعد قاسم، جێگری عەریف محەمەد کەنۆ، جێگری عەریف محەمەد ساڵح، سەربازی یەکەم خالید ئیسماعیل، سەربازی موکەلەف خەزعەل ئیبراهیم، سەربازی موکەلەف سەرمەد زەکی، سەربازی موکەلەف جاسم عوبێد، سەربازی موکەلەف سادق محەمەد عەتیە)، هەموو گوللە باران کردنەکانیش بە سەرپەرشتی ئەو سێ تاوانبارە ئەنجام دەدرا (نەقیب عەبدولکەریم ساڵح جەواد، نوێنەری هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات، ئەسبەح محەمەد عەلی، ئەفسەری ئەمنی نەخۆشخانەی کەرکوکی سەربازی، ئیبراهیم شوعێیرە جەبارە، دکتۆری موقیم لە نەخۆشخانەی کەرکوکی سەربازی).

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية

السكرتير

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

منظومة استخبارات المنطقة الشمالية

الرقم / ش٣ / ق٣ / ٢٧٩٣

التاريخ ٢٣ / شباط / ١٩٨٩

١٧ رجب ١٤٠٩ هـ

سري وشخصي

٦٠ / ٢

١٩٨٩/٢/٢٤

الى / قيادة مكتب تنظيم الشمال / السكرتاريـــــه

الموضوع / تنفيذ حكم

كتابكـــم السري والشخصي ١٠٣٥ فـــي ١٩ شـباط ٨٩ ٠

بتاريخ ٢٣ شباط ٨٩ نفذنا حكم الاعـدام بالمجرمين المبينه اسمائهم ادنـاه والوارده اسمائهم بكتابنا السري والشخصي ٢٢١ في ٥ شباط ٨٩ ٠

١٠ المجرم قادر خضر محمـــد

٢٠ المجرم شيخ معروف شيخ اسماعيل

٣٠ المجرم حاجي اغـا بايز بالـــو

٤٠ المجرم محمـد عبدالله عـــلي

٥٠ المجرم خالد احمد عبداللـــه

٦٠ المجرم عبدالله اغـا عبداللـــه

يرجـــى التفضل بالاطلاع ٠٠٠ مع التقديـر٠

العقيد الركن

مدير منظومة استخبارات المنطقه الشماليــه

٨٩/٢/٢٣

(١ — ١)

سري وشخصي




faaesal alttalb
AP





## هەواڵگری گشتیی (المخابرات العامة):

هەواڵگری گشتیی لە ساڵی (1968)دا لەسەر دەستی دیکتاتۆر سەدام حوسێن تکریتی دامەزراوە. بارەگای سەرەکی دەزگای هەواڵگری لە بەغداو لە نزیک پێشەنگای بەغدای نێودەوڵەتی (معرض بغداد الدولي) بوو. ئەرکی سەرەکی ئەو دەزگایە گرتن و لەناوبردنی سیخوڕو سیخوڕیکردن بووە، هەروەها لە هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری سەربازی، رامیاری و ئابووری بووە لەسەر وڵاتانی دراوسێ و ووڵاتانی نەیار. هەواڵگری گشتیی لە سەرەتادا بریتیبوو لە دەزگایەکی بچووک بەناوی (دەستەی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی – الهیئة التحقیقیة الاولی)، کە لەدوای کۆدەتاکەی بەعس لە رێکەوتی (17.7.1968)دا دامەزرابوو. ئەوەبوو بەرە بەرە سەدام حوسێن سەرکردایەتی ئەو دەستەیەی گرتەدەست. ئەو دەستەیە زۆرتر ئەو کەسانە بوون کە لە رێکخستنی هێلی حەنین (خط الحنین)ی حزبی بەعس بوون کە بەر لە گرتنەدەستی دەسەڵات سەدام حوسێن لەنێوان ساڵانی (1964-1966)دا سەرپەرشتی ئەو رێکخستنەی دەکرد. دواتریش ئەو دەستەیە تۆزێک گەورەتر کراو دەسەڵاتی زۆرتری پێدرا، سەدام بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی نازم گزار لازم ئەوەی دەکرد، ئەوەبوو ناوەکەی گۆڕدراو کرا بە (نووسینگەی پەیوەندییە گشتییەکان – مکتب العلاقات العامة)و لە ساڵی (1972)دا دووبارە کەمێکی تر گەشەی پێدراو فراوانترکراو بوو بە دەزگایەکی هەواڵگری بچووک بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری گشتیی – مدیریة المخابرات العامة)، سەعدون شاکر مەحمود ئەحمەد ئەلعوبەیدی (شیعە) بوو بە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی، کە باوەڕپێکراوی سەدام و زۆر لێیەوە نزیک بوو، هەروەها لە ساڵی (1973)دا تاهیر ئەحمەد ئەمین یارمەتیدەری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی بووە. لە ساڵی (1977)دا بەرزان ئیبراهیم حەسەن ئەلناسری تکریتی زڕبرای سەدام، لەلایەن سەدام-ەوە بە جێگری بەڕێوەبەری هەواڵگری دامەزرێنرا. دواتریش لە تەموزی ساڵی (1979)دا سەعدون شاکر مەحمود لادراو، بەرزان تکریتی هاتە شوێنی ئەو، کە بەرزان تا (4.10.1983) لەو پۆستەدا مایەوە. بارزان ئیبراهیم تکریتی دوای رووخانی رژێمی سەدام لە رێکەوتی (17.4.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکییەوە دەستگیرکرا. سەرەتا بۆ پڕکردنەوەی شوێنی بەرزان، لیوا روکن هشام سەباح فەخری (1940-9.9.2008)،

لە ڕێکەوتی (5.10.1983)دا کرا بە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی و فازڵ سلفیج محێمیدی ئەلعەزاوی پورزای سەدام لە ڕێکەوتی (29.10.1983)دا وەکو یارمەتیدەری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی دامەزرێنرا. بەڵام لیوا روکن هشام سەباح فەخری دوای نزیکەی سێ مانگێک لە ڕێکەوتی (30.12.1983)دا لادراو، لیوا دکتۆر فازڵ بەڕاک حوسێن تکریتی لە ڕێکەوتی (3.1.1984)دا وەکو بەڕێوەبەری نوێی ئەو دەزگایە دەست بەکاربوو. دکتۆر فازڵ بەڕاک تاوەکو بەهاری ساڵی (1989) مایەوە. کەواتە لەکاتی ئەنفالەکاندا و بەتایبەت لە ساڵانی (1987-1988)دا، دکتۆر فازڵ بەڕاک بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای هەواڵگری بووەو، گومانیش لەوەدا نییە کە ئەو دەزگایەو بەرپرسەکانی و ئەفسەرە پلە بەرزەکانی بەشداری کوشتارەکانی ئەنفال، کیمیاباران و کاولکردنی کوردستان-یان کردووە. لەکاتی ئەنفالەکاندا عەمید نافع رەحیم تەها، نوێنەری دەزگای هەواڵگری بووە بۆ گوللەباران کردن و کوشتنی کوردان لە سنووری فەیلەقی یەک و بەتایبەتی لە شاری سلێمانی. لە ڕێکەوتی (25.7.1989)دا دکتۆر فازڵ بەڕاک لادراو کرا بە راوێژکاری سەدام بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی - سەرچاوە: (العراق، العدد (4115)، الاربعاء، 26.7.1989)، دواتریش لە ئەیلولی ساڵی (1992)دا بەتاوانی سیخوڕیکردن بۆ بەرژەوەندی ئەڵمانیا لە تکریت لەلایەن سەدام-ەوە کوژرا. دوای لادانی دکتۆر فازڵ بەڕاک حوسێن ئەلتکریتی لە مانگی تەمووزی ساڵی (1989)دا، فازڵ سلفیج محێمید ئەلعەزاوی بۆماوەی چەند مانگێک شوێنەکەی ئەوی گرتەوەو بە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی دامەزرێنرا، کە پاش چەند ساڵێک لە مانگی نیسانی (1996) رەوانەی زیندان کرا. لە سەرەتای ساڵی (1990)ەوە سەبعاوی ئیبراهیم حەسەن تکریتی زڕبرای سەدام بووە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی و تاوەکو مانگی مارسی ساڵی (1991) مایەوە، لیوا روکن سابر عەبدولعەزیز حوسێن ئەلدوری، کە پێشتر بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی بوو، لە ڕێکەوتی (6.4.1991)ەوە کرا بە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی و تاوەکو ئازاری ساڵی (1994) مایەوە، لەو ماوەیەدا عەبد حەسەن ئەلمەجیدی برای عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە (حاجی عەبد) کرا بە جێگری سابیر ئەلدوری. هەروەها لەدوای لادانی فەریق سابر ئەلدوری، فەریق مانع عەبدولڕەشید محەمەد ئەلڕەشید ئەلناسری ئەلتکریتی برای فەریق روکن ماهر عەبدولڕەشید هاتە شوێنەکەی سابیر ئەلدوری. فەریق مانع عەبدولڕەشید لە

ساڵی (1998)دا لادراو لیوا رافع دەحام مەجوەل ئەلتکریتی کرا بە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی و تاوەکو مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1999) لەو پۆستەدا مایەوە، بەڵام دوای لادانی لە پۆستی ناوبراو بە سێ رۆژ لە بەغدا بە کارەساتی ئۆتۆمۆبێل مرد کە گومانی پلانی لەناوبردنی لێدەکرێت. دوای لادانی لیوا رافع دەحام تکریتی، لیوا روکن تاهیر عەبدولجەلیل ئەلحەبوش سەلوم ئەلحەبوش لە رێکەوتی (11.10.1999)دا کرا بە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی، کە پێشتر بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بووە تاوەکو رێکەوتی (27.9.1999). بۆ ماوەیەکیش هەریەک لە خزر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی بووە، کە برای هەریەک لە سابیر ئەلدوری و عەبدولڕەحمان ئەلدورییە.




فيصل الطلب













## بەڕێوەبەرێتی ئەمنی گشتیی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەمن لە کوردستان:

بارەگای سەرەکی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی گشتیی لە بەغداو ناوچەی بەلەدیاتی نزیک (سوق الحرة) بوو. ئەرکی سەرەکی ئەو دەزگا داپلۆسێنەرە گرتن و لەناوبردنی ئەندامانی تەواوی پارتەکانی نەیاری حکومەتی بەعس و سەدام بوو. بەهجەت ئەلحاج داود ئەلعەتیە لەنێوان (17.4.1957-2.8.1958)دا بەڕێوەبەری گشتیی ئەمن بووە. عەبدولمەجید جومعە ئەلبەیاتی لەنێوان (18.8.1958-تا کۆتایی هەمان ساڵ) بەڕێوەبەری گشتیی بووە، هەروەها عەقید تەها ئەلدوری لەنێوان مانگی یولی – دیسێمبەری ساڵی (1958) یارمەتیدەری بەڕێوەبەر (عەبدولمەجید جومعە ئەلبەیاتی) بووە. عەقید عەبدولمەجید جەلیل دوای ئەلبەیاتی هات و تاوەکو لە کودەتای بەعسییەکان لە ڕێکەوتی (8.2.1963)دا کوژرا. جەمیل سەبری وەلی ئەلبەیاتی لەنێوان (8.2.1963-1.1.1964)دا پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی بەدەست بووە. موقەدەم روکن رەشید موحسین جومعە ئەلعانی لەماوەی نێوان ساڵی (1964-10.10.1966)دا بەڕێوەبەری گشتیی بووە. عەمید روکن عەبدولجەلیل ئەحمەد مەحمود ئەلعوبەیدی لەنێوان (مانگی ئۆکتۆبەری 1966-10.10.1967) وەکو بەڕێوەبەری گشتیی ئەمن دەست بەکاربووە. ئیسماعیل رەشید شاهین لەماوەی نێوان (15.10.1967-19.8.1968)دا پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی هەبووە. حامد ئیسماعیل ئیبراهیم ئەلعانی لەنێوان (20.8.1968-7.11.1969) بەڕێوەبەری گشتیی ئەمن بووە. نازم گزار لازم (شیعە)، سەرەڕای ئەوەی کە کەسێکی سەربازی نەبوو، بەڵام پلەی لیوای پێدراو لە ڕێکەوتی (11.8.1969)دا کرا بە بەڕێوەبەری گشتیی ئەمن و عەقید عەلی رەزا باوە (شیعە) بوو بە جێگری بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی. نازم گزار لە ساڵی (1971)دا گەشەی زۆری بە دەزگای ئەمن داو توانی دەسەڵاتی خۆی لە ڕێگای ئەو بەڕێوەبەرایەتیەوە بەسەر بەعس و ئێراقدا بسەپێنێ. نازم گزار توانی لقی ئەو دەزگا سەرکوتکەرە لە هەموو شارەکانی ئێراق بکاتەوە، بەمەش ترسی خستە ناو دڵی سەدام حوسێن و تادەهات دەسەڵاتی ئەوی سنووردار دەکرد! نازم گزار، کە ئەندامی نووسینگەی سەربازی حزبی بەعسی عارەبی بووە، لە حەوتی تەموزی ساڵی (1973)دا لەگەڵ محەمەد فازڵ کە بەرپرسی نووسینگەی سەربازی پارتی بەعس بوو، بە هاوکاری کۆمەڵێک ئەفسەرو کارمەندی سەربە

ئەمن، هەڵسان بە كودەتایەك لەدژی ئەحمەد حەسەن بەكرو سەدام حوسێن. لەو كودەتایەدا فەریق حەماد شەهاب ئالبوناسر تكریتی، سەرۆكی ئەركانی سوپا كوژراو، هەریەك لە فەریق سەعدون غێدان، وەزیری ناوخۆو عەقید روكن عەدنان شەریف شەهاب ئەلتكریتی كە برازای حەماد شەهاب تكریتی بوو هەروەها ئەندامی نووسینگەی سەربازی پارتی بەعس بوو بریندار‌بوون. هەر هەمان رۆژ بەڕێوەبەری ئەمن نازم گزارو محەمەد فازڵ گیران و، رۆژی دواتر واتە لە رێكەوتی (8.7.1973)دا هەردووكیان بەیەكەوە لە سێدارە دران. دوای نازم گزار (عەبدولخالق عەبدولعەزیز سەعید) لەنێوان ماوەی (3.10.1973-18.1.1977)دا بەڕێوەبەری گشتیی ئەو دەزگایە بووە. دكتۆر فازڵ بەڕاك حوسێن لەنێوان (18.1.1977-5.1.1984)دا بەڕێوەبەری گشتیی ئەمن بووە. فازڵ بەڕاك لە كۆتایی حەفتاكان و سەرەتای هەشتاكان بێبەزەییانە كەوتە گیانی (حزبی دەعوە)و (منظمة العمل الاسلامي)و زۆری لێكوشتن. لەساڵی (1980)دا ژمارەی هێزەكانی دەزگاكانی (ئەمن، هەواڵگری، هەواڵگری سەربازی و دەزگا تایبەتییەكان) گەیشتە (180) هەزار، هەروەها لە ساڵی (1978)دا وەزارەتی ناوخۆ (152) هەزار پۆلیس، ئەفسەرو كارمەندی هەبووە، گومانیش لەوەدا نییە كە لەدوای دەستپێكردنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێراق و ئێران زۆر لەو ژمارەیە زۆرتر بووە. عەلی حەسەن ئەلمەجید ئەلحەسەنی ئامۆزای سەدام حوسێن لە نێوان (8.1.1984-17.2.1987)دا كرا بە بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی. عەبدولڕەحمان ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەلدوری لە رێكەوتی (30.1.1986)دا وەكو جێگرەوەی بەڕێوەبەری ئەمن (رديف لمدير الأمن) دامەزراو، دواتر دوای لادانی عەلی كیمیاوی، ئەو لەماوەی نێوان (17.2.1987-14.2.1991)دا پۆستی ناوبراوی هەبووە. كەواتە بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی لەكاتی ئەنفالەكان و ساڵانی (1987-1988)دا تاوانبار لیوا روكن عەبدولڕەحمان ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەلدوری بووە - (الثورة، ژمارە (6657)، پێنجشەممە، رێكەوتی (18.8.1988)، ل6). دواتر عەمید روكن حاتەم حەمدان مەحمود ئەلعەزاوی لەنێوان (14.2.1991-8.4.1991)دا بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بووە. سەبعاوی ئیبراهیم حەسەن مەجید تكریتی، زڕبرای سەدام لەماوەی نێوان (6.4.1991-8.11.1995)دا بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بووە. دوای ئەویش فەریقی روكن تەها عەباس ئەحمەد ئەلئەحبابی لەماوەی نێوان (8.11.1995-3.6.1997)دا بەڕێوەبەری گشتیی ئەمن

بووە. فەریق تاهیر جەلیل حەبوش سەلوم ئەلحەبوش لەنێوان ماوەی (10.6.1997-27.9.1999)دا پۆستی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی هەبووە. لیوا روكن رافع عەبدوللەتیف تولفاح مەسلەت ئەلناسری لە رێكەوتی (27.9.1999)دا پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی ئەمنی هەبووە تاوەكو رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە رێكەوتی (9.4.2003)دا. ناوبراو برازای (خەیروڵڵا تولفاح تكریتی) وەزیری بەرگری و جێگری فەرماندەی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەكدارەكانی ئێراقی سەردەمی شاڵاوی ئەنفالەكانە.

لەنێوان ساڵانی (1982-1986)دا لیوا روكن عەبدولموحسین خەلیل (كە بەشداری كۆمەڵكوژی بارزانییەكانی كردووە) و دواتریش عەمید روكن عەبدولڕەحمان عەزیز حوسێن، بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی كوردستانی ئۆتۆنۆم بووینەو ئینجا عەمید محەمەد سەحاب ئەلعانی بووە. عەمید روكن یەعروب ئەلڕوبەیعی، بەڕێوەبەری ئەمنی موسڵ، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (262)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان. عەمیدی ئەمن ئەكرەم سەعید موسڵاوی (ئەبو سەعد)، بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر بوو لە ساڵی (1986)ەوە تاوەكو ناوەڕاستی ساڵی (1988)و دوای ئەویش عەمید تەحسین موسڵاوی هات كە تاوەكو راپەڕین (11.3.1991) لە پۆستەكەیدا مایەوە. عەقید حاتەم عەبدولكەریم خەماس، بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی (1985-1989)، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (31)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان. عەقید خەڵەف عەبد ئەحمەد ئەلحەدیسی، بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی بوو لە كۆتایی ساڵی (1989-1991)و لە راپەڕینەكەدا لەناو ئەمنە سوورەكە لەگەڵ رائید كاكل حەمەد مەولودی پارێزگار (15.9.1989-8.3.1991)و ئەفسەری ئەمن رائید عەلی، رائیدی ئەمنی ناوزڕاو حەسون عەبدولڕەحیم جوەیر، مولازمی ئەمن عەبدولحەكیم مەحمود حەمادە - جەللادو ئەفسەری لێكۆڵینەوە لە ئەمنە سوورەكەو جەبار شێخ هادی شێخ نوری شێخ حوسێن سۆڵەیی ئەفسەری ئەمنی تەواری بەیەكەوە كوژران، لەگەڵ كوژرانی نزیكەی دووسەت كەس لە بەرپرسانی حزبی بەعس و ئەفسەرو جەللادانی ئەمنی شارەكە. موقەدەم محەمەد حەسەن حەمادە (ئەبو رەفعەت)،

بەڕێوەبەری ئەمنی کەرکوک تاوەکو ساڵی (1987). دواتر عەقید هوشام هات و تا ناوەڕاستی ساڵی (1988) مایەوە. پاش ئەویش موقەدەم کامل عەباس موسا بووە بەڕێوەبەری ئەمنی کەرکوک (1988-1989). عەمید خەیری ساڵح داود چلمێران موسڵاوی، بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر لەکاتی ئەنفالکردنی بارزانییەکان و بەڕێوەبەری ئەمنی دهۆک لە ساڵەکانی (1985-1987)و ماوەیەکیش بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان بووە. موقەدەم یاسین ئەلجەیشی، بەڕێوەبەری ئەمنی دهۆک لەکاتی ئەنفالەکاندا لە ساڵی (1988)دا، لە کۆتایی ساڵی (1988-1990) عەقیدی ئەمن سروچ ئەلحەدیسی ناسراو بە (ئەبو موخلیس) بەڕێوەبەری ئەمنی دهۆک بووە. عەقید غەسان، لەکاتی گفتوگۆی ساڵی (1983-1984)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و رژێم بەرپرسی پەیوەندییەکانی حکومەت و (ینک) بوو. رائیدی ئەمن حەسون عەبدولڕەحیم جوەیر، ئەفسەری لێکۆڵینەوە لە ئەمنی سلێمانی. مولازمی ئەمن عەبدولحەکیم مەحمود حەمادە، ئەفسەری لێکۆڵینەوە لەئەمنی سلێمانی. رائیدی ئەمن کامیل عەباس موسا، بەڕێوەبەری ئەمنی بەلدەی هەولێر (1984-1988). رائید عزەددین عەباس محەمەد، بەڕێوەبەری ئەمنی بەلدەی هەولێر (1988-1991). بەڕێوەبەری ئەمنی شەقڵاوە، عەقید تەحسین خەلیل نەقشبەندی و عەبد محەمەد عەبدوڵڵا بووینە، کە ئەوەی دووەمیان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (203)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. نەقیب حەسەن ئەلدوری، نەقیبی ئەمنی هەولێرو ئەندامی فەرماندەیی هۆبەی حزبی بەعس لە هەولێرو لە تیمی گولله بارانکردنی بریندارانی بالیسان، خەتێ، توتمە، شێخ وەسانان و خوێندکارانی برایەتی هەولێر بوو. رائید عەبد محەمەد عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ئەمنی شەقڵاوە. مولازمی ئەمن رەشید ئەحمەد خەڵەف، لە ئەمنی سلێمانی. ئەفسەری ئەمن نەقیب حەجاج عەبدولخالق عەلی (مولازمی یەکەم حەجاج ئەحمەد حەردان تکریتی)، دانیشتووی شارەدێی زلوعیە - قەزای بەلەد، بەرپرسو دڕندەکەی زیندانی (نوگرە سەلمان). رائید غازی کەریم، ئەفسەری ئەمن لە نوگرە سەلمان. رائیدی پۆلیس وسام عەلی کازم، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەڵەبجە.





## دەزگای ئەمنی تایبەت (جهاز الامن الخاص):

بارەگای سەرەكی ئەو دەزگا تایبەتییە لەناو كۆشكی كۆماری (كۆشكی سەدام) بوو لە شاری بەغدا. ئەركی سەرەكی ئەو دەزگایە پاراستنی ئاسایشی سەدام، بنەماڵەی سەدام، وەزیرەكان و گەورە بەرپرسانی ئێراقی بوو، هەروەها كارێكی تری ئەو دەزگایە سیخوڕیكردن لەسەر هەموو دەزگا سەركوتكەرەكانی تری رژێم لە هەواڵگری، ئیستیخبارات، ئەمن، پاسەوانی كۆماری و تەواوی بەرپرسە حزبی و حكومییەكان بوو. ئەو دەزگایە لە ساڵی (1984)دا دامەزراو رائید حوسێن كامل حەسەن ئەلمەجید عەبدولغەفوری زاوای سەدام كرا بە بەڕێوەبەری دەزگاكە. دەزگای ناوبراو رۆژ لەدوای رۆژ دەسەڵاتەكانی زۆرترو ژمارەی ئەندامەكانی زۆرتر دەبوون. حوسێن كامل، بە بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە مایەوە تاوەكو كۆتایی ساڵی (1986). دوای ئەوەی حوسێن كامل لادرا، لیوا روكن فەنەر زەین حەسەن ئەلناسری بوو بە بەڕێوەبەرو تا ساڵی (1991) مایەوە. واتە لەكاتی شاڵاوە دڕندەكانی حكومەتی بەعسی ئێراقی بۆ سەر كوردو كوردستان لە ساڵانی (1987-1988)دا، كە كورد تووشی كیمیا باران و ئەنفالكردن هات لیوا روكن فەنەر زەین ئەلناسری بەرپرسی ئەو دەزگایە بووە. موقەدەم مونعیم شەبیب حەمەد ئەلتكریتی، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی نهێنی تایبەتی سەر بەو دەزگایە بوو. دوو كوڕە خوشكی سەدام بەناوەكانی ئیبراهیم حاجی نایف و ئەحمەد حاجی نایف، كە ئەفسەری پلەبەرزی سەر بەو دەزگایە بوون. نەقیب سەعدی دەحام هەزاع ئەلناسری (كوڕە مامی دیكتاتۆر سەدام حوسێن بوو)، نەقیب زیاد حەسەن هاشم ئەلناسری (كوڕە مامی دكتاتۆر)، ئەفسەرانی سەر بەو دەزگایە بووینە. وەتبان ئیبراهیم حەسەن تكریتی زڕبرای سەدام ماوەیەك سەرۆكی دەزگای ئەمنی تایبەت بووە، كە دوای رووخانی رژێم لە رێكەوتی (13.4.2003)دا لەلایەن هێزەكانی هاوپەیمانەوە دەستگیركرا. بۆ ماوەیەكی كورتیش عەبد حمود مەحمود ئەلتكریتی، سكرتێری تایبەتی سەدام حوسێن سەرۆكایەتی ئەو دەزگایەی گرتۆتە دەست، كە دوای رووخانی رژێمی شۆڤینیستی سەدام لە رێكەوتی (18.6.2003)دا لەلایەن هێزەكانی ئەمریكییەوە دەستگیركرا. لە ناوەڕاستی ساڵی (1991)ەوە قوسەی سەدام حوسێن (17.5.1966-22.7.2003) كوڕە بچووكی دكتاتۆری مەزنی ئێراق ئەو

دەزگایەی گرتە دەست تاكو رووخانی رژێمی عروبەی بەعس لە رێكەوتی (9.4.2003)دا. قوسەی سەدام حوسێن ئەلمەجید ئەلتكریتی لە رێكەوتی (22.7.2003)دا لە ماڵی (نەواف زێدان ئەلشەمەری) لە (گەڕەكی جووتیاران – حي الفلاح) لە بەرامبەر (گەڕەكی زانكۆ – حي الجامعة) لەناو شاری موسڵی كوردی بەعارەبكراو لەلایەن تیپی (101)ی سەربە سوپای ئەمریكییەوە لەگەڵ مستەفای كوڕی، كە تەمەنی (14) ساڵان بوو، هەروەها لەگەڵ عودەی برا گەورەی خۆیدا هەرسێكیان بەیەكەوە كوژران.






## دەزگای پیشەسازی سەربازی و وەزارەتی پیشەسازی سەربازی:

تەها یاسین رەمەزان جەزراوی (1938-20.3.2007)، کە جێگری ئەفسەر (نائب ظابط) بوو، سەدام کردی بە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی هەڵوەشاوەو دواتریش ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و جێگری سەرۆک وەزیرانی پێش رووخانی سەدام، لەساڵی (1975)دا وەزیری پیشەسازی بووە. تەها جەزراوی لەو ساڵەدا بیرۆکەی دامەزراندنی پیشەسازی سەربازی لە رێگای دامودەزگای گشتی پیشەسازی هونەری (المؤسسة العامة للصناعات الفنية)دا خستە واری جێبەجێکردنەوە. لە کۆتایی هەمان ساڵدا بە فەرمانی سەدام حوسێن تکریتی جێگری سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئێراق، بڕیاری گواستنەوەی (عەدنان حوسێن عەباس ئەلحەمدانی – شیعە) ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی ئێراقی دا بۆ وەزارەتی پلاندانان و پۆستی وەزیری پلاندانانی پێدرا بۆئەوەی سەرپەرشتی پلانی پێشکەوتنی پیشەسازی بگرێتە ئەستۆ. عەدنان حوسێن حەمدانی (کە سەدام حوسێن دواتر لە رێکەوتی 8.8.1979دا کوشتی) توانی پڕۆژەکانی چەکی ستراتیژی تێکەڵ بەو گرێبەستانە بکات کە لە رووکەشەوە ئامانجی پێشکەوتنی پیشەسازی و کشتوکاڵ بوو، لەمەش هەریەک لە عزەت ئیبراهیم خەلیل ئەلدوری و تەها یاسین رەمەزانی وەزیری پیشەسازی ئەوکات هاوکاری بوون. عەدنان حەمدانی توانی پڕۆژەکانی چەکی وێرانکاری تەواو (أسلحة الدمار الشامل) لە پلانێکی پێنج ساڵی ئاوەدانکردنەوەی (1976-1980)دا بشارێتەوە – سەرچاوە: (شكيب عقراوي، صدام نهوضا ونكوسا قصة صدام حسين التكريتي من المهد الى اللحد، ل414-415). پێشتریش دەوڵەتی ئێراق لە ساڵی (1967)دا بەهاوکاری رووسەکان کارگەیەکی ئەتۆمی لە توەیسە (التويثة)ی باشووری بەغدا دامەزراندبوو، کە گوایە لەپێناو لێکۆڵینەوەی زانستییە، هەروەها لە ساڵی (1974)یشدا رێکەوتنێکی لەگەڵ هیند مۆرکرد لەژێر پەردەی لێکۆڵینەوە لە بواری ئەتۆم بۆ مەبەستی ئاشتی – سەرچاوە: (سەرچاوەی پێشوو، ل129).

سەرەتا دەوڵەتی ئێراق پەیوەندی لەگەڵ دوو کارگەی ئەڵمانی بە ناوەکانی (کارل کۆلپ – Karl Kolp) و (پیلۆت - Pilot)، کە دەکەونە نزیک شاری فرانکفۆرت بەست، ئەو دوو کارگەیە ئامێری دروستکردنی دەرمانی قەلاچۆکردنی زیندەوەریان

بە ئێراق فرۆشتووە. بەڵام ئێراق بە ئاسانی دەیتوانی بەو ئامێرانە گازی ژەهراوی بەرهەم بهێنێت. سەرەتای فرۆشتنی ئەو ئامێرانە لە لایەن دوو کارگەی (کارل کۆپل و پیلۆت) بە ئێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1977). کەواتە ئێراق هەر لە زووەوە لە هەوڵی دروستکردنی چەکی کۆکوژی و ژەهراوی بووە - سەرچاوە: (رێکخراوی – V. I. S. D. P - ئەڵمانی، کوردستان گەورەترین هێرش بە چەکی کوشندەی کیمیاوی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دژی کوردەکانی ئێراق، ل29 + 35).

کاتێک کە حکومەتی ئێراق سەرقاڵی شەڕی ئێران بوو، هێزێکی ئاسمانی ئیسرائیلی لە رێکەوتی (7.6.1981)دا پەلاماری کارگەکانی تەمووزی ئەتۆمی (مفاعل تموز النووي) لە شارۆچکەی توەیسە داو بەتەواوی کاولی کرد، بەبێ ئەوەی هێزی ئاسمانی بەرگری ئاسمانی ئێراقی بتوانن بەرگری بکەن. بۆ نموونە دەوڵەتی ئێراقی سەدام و بەعس تەنیا لە ساڵانی (1981-1982)دا بەگوێرەی شارەزایانی هەواڵگری بای (350.000.000) سێ سەد و پەنجا ملیۆن دۆلار کەرەستەی لەناوبردنی زیندەوەری بەرهەم هێنابوو - سەرچاوە: (رێکخراوی – V. I. S. D. P - ئەڵمانی، کوردستان گەورەترین هێرش بە چەکی کوشندەی کیمیاوی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دژی کوردەکانی ئێراق، ل39). کە بەهۆی ئامێرو ئەو کەرەستە خاوانەی لە ئەڵمانیا دەیکڕین بەرهەمی هێناون. هەروەها کارگەی (فۆست)ی نەمساوی بە هەمان شێوەی هەردوو کارگەی ناوبراوی وڵاتی ئەڵمانیا ئامێرو دەرمانی لەناوبردنی زیندەوەری بە رژێمی ئێراق فرۆشتووە، کە ئێراقیش ئەو دەرمانی قەلاچۆکردنی زیندەرانەی گۆڕیوە بۆ قەلاچۆکردنی مرۆڤ و لەسەر هاووڵاتی کوردی تاقیکردۆتەوە.

دواتر لە ساڵی (1984)دا کاتێک کە رائید حوسێن کامل حەسەن ئەلمەجید کرا بە بەڕێوەبەری دەزگای ئەمنی تایبەت، هەر لەهەمان کاتدا سەرپەرشتیکردنی دەزگای پیشەسازی سەربازی پێسپێردرا. رائید حوسێن کامل لەو ئەرکەیدا فەریقی ئەندازیار عامر محەمەد رەشید ئەلعوبەیدی و فەریقی ئەندازیار عامر حەمودی حەسەن ئەلسەعدی هاوکاری بوون. فەریقی ئەندازیار عامر حەمودی ئەلسەعدی، وەزیری پیشەسازی سەربازی بوو تاوەکو بەهاری ساڵی (1988)، هەرچەندە دوای روخانی رژێمی سەدام حوسێن لە رێکەوتی (12.4.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکییەوە دەستگیرکرا، بەڵام پاش ماوەیەک ئازادکرا بێئەوەی بدرێتە هیچ دادگایەک. عەقید

حوسێن کامل حەسەن ئەلمەجید عەبدولغەفور، لە ڕێکەوتی (3.4.1988)دا کرا بە وەزیری پیشەسازی و پیشەسازی سەربازی (الثورة، (6523)، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (4.4.1988)، ل1)، پاشانیش چەند ساڵێک وەزیری بەرگری و ماوەیەکیش وەزیری نەوت، کەچی دواتر لە ڕێکەوتی (8.8.1995)دا لە ڕژێم جیابووەوەو ڕایکردە وڵاتی ئوردەن و، دوای نزیکەی شەش مانگ گەڕایەوە باوەشی سەدام، بەڵام سەدام لێی خۆش نەبوو بەڵکو لە ڕێکەوتی (23.2.1996)دا لەگەڵ باوکی و هەردوو براکەی سەدام کامل مەجید و عەبدولحەکیم کامل مەجید و چەند کەسێکی تری خێزانەکەیان هەمووانی کوشتن.

هومام عەبدولخالق عەبدولغەفور، سەرۆکی لیژنەی هێزی ئەتۆمی – (الثورة، ژمارە (6566)، سێشەممە، ڕێکەوتی (17.5.1988)، ل4)، پێش ڕووخانی ڕژێم وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوە زانستییەکان بوو، دواتر لە ڕێکەوتی (19.4.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکییەوە دەستگیرکرا. بەگوێرەی لاپەڕە (5)ی ڕۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6555)ی هەینی، ڕێکەوتی (6.5.1988)دا هەریەک لە (عەمید حوسێن کامل حەسەن، بەڕێوەبەری دەزگای بەرهەمهێنانی سەربازی، دکتۆر عامر حەمود ئەلساعدی، فەریقی دکتۆری ئەندازیار عامر محەمەد ڕەشید، عەمید ڕوکن فائیز عەبدوڵڵا شاهین، عەقید دکتۆری ئەندازیار ئەحمەد مورتەزا ئەلزوهەیری، دکتۆر سەفاء هادی جەواد ئەلجبوری، ئەندازیار نزار جومعە ئەلقەسیر و موقەدەمی ئەندازیار ڕەعد ئیسماعیل جەمیل ئەلئەعزەمی) بەهۆی بەشدارییان و هەوڵەکانیان لە داهێنانی چەکی کۆکوژی (وسام ئەلڕافدەین)یان وەرگرتووە. دکتۆرە ڕحاب ڕەشید تەها ئەلعەزاوی، ژنی وەزیری نەوت فەریقی ئەندازیار عامر محەمەد ڕەشید ئەلعوبەیدی بوو، کە ناسراوە بە دکتۆرە بەکتریا (الدكتورة الجرثومة) یان مەدام ئینتراکس (أم الجمرة الخبيثة)، زانای چەکی کیمیاوی و بەرپرسی بەرهەم هێنانی چەکی بایۆلۆجی و بەرپرسی تاقیگەی ئێراقی بۆ بەرهەم هێنانی میکرۆب لە پێناوی دروستکردنی بۆمبی جەنگی بووە، هەروەها ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی ئێراقی حزبی بەعسی عارەبی بوو، کە لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (12.5.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکییەوە دەستگیرکرا، کەچی بێئەوەی بدرێتە هیچ دادگایەک لە ناوەڕاستی مانگی دیسێمبەری ساڵی (2005)دا لەگەڵ دکتۆرە هودا ساڵح مەهدی عەماش (کە پێشتر لە ڕێکەوتی (5.5.2003)دا دەستگیرکرابوو) ئازادکران. فەریق

عامر محەمەد رەشید ئەلعوبەیدی، لە ساڵی (1989)ەوە کرا بە بەڕێوەبەری دەزگای پیشەسازی سەربازی، دوای روخانی سەدام لە ڕێکەوتی (28.4.2003)دا لەلایەن هێزەکانی فرە رەگەزەوە دەستگیرکرا، بەڵام ئەویش دواتر بێئەوەی بدرێتە دادگا ئازادکراو ئێستا لەگەڵ ژنەکەی لە سەنعای پایتەختی یەمەنن. لیوا روکنی فڕۆکەوان مەزاحم سەعب ئەلحەسەن التكريتي، جێگری بەڕێوەبەری پیشەسازی سەربازی و لەکاتی رووخانی رژێمدا فەرماندەی چەکی ئاسمانی (قائد السلاح الجوي) بوو، لە لایەن هێزەکانی ئەمریکییەوە لە رێکەوتی (23.4.2003)دا دەستگیرکرا. عەقیدی روکن مەیسەر رەجا شەلاّح حەسون ئەلتکریتی، جێگری دووەمی بەڕێوەبەری پیشەسازی سەربازی. دکتۆر عەبدولجەبار ئەحمەد ئەلزوبەیدی، بەڕێوەبەری عەمبارەکانی چەکی کیمیاوی سوێرە. دکتۆر جەعفەر زیاء جەعفەر، بەرپرسی یەکەمی چەکە کۆمەڵکوژەکانی رژێمی سەدام لەکاتی شاڵاوە هۆڤییەکەی ئەنفالەکاندا لە ساڵانی (1987–1988)دا، کە دکتۆری ناوبراو بە باوکی بۆمبی ئەتۆمی ئێراق ناسرابوو، ئەو لە کارگەی (مفاعل تموز النووي) دەستی پێکردبوو کە ئیسرائیل لە رێکەوتی (7.6.1981)دا لە هێرشێکی ئاسمانیدا کاولیکرد، هەروەها ناوبراو کوڕی دکتۆر زیاء جەعفەری وەزیری ئابووری کابینەی دەیەمی حکومەتی نوری سەعیدە، کە لەنێوان ماوەی (6.1.1949-10.12.1949)دا ئەو پۆستەی هەبووە. دکتۆر نوعمان ئەلنعێمی، سەرۆکی بنکەی توێژینەوەی ئەتۆمی و بەڕێوەبەری گشتیی پێشووی دەستەی پیشەسازی سەربازی، کە دواتر وەکو راوێژکاری هێزە ناوکییەکانی ئێراقی لەنێوان ساڵانی (1983–1988) کاری کردووە، پاشان لەنێوان ساڵانی (1988–1992)دا بۆتە بەڕێوەبەری پرۆژەی ژمارە (3) کە ناوی نهێنی بووە بۆ بەرنامەی بەرهەمهێنانی ئەتۆمی ئێراقی، دکتۆر نوعمان نعێمی لەنێوان ساڵانی (1993–1998)دا بەڕێوەبەری گشتیی دەستەی پیشەسازی سەربازی بووەو ئێستاکەش لە وڵاتی ئیماراتی عارەبییە. دکتۆر عەبدولڕەزاق ئەلهاشمی – عارەبی شیعە، سەرۆکی رێکخراوی وزەی ئەتۆمی. زەرخام ئەلجەڕاح ئەلتکریتی، بەڕێوەبەری گشتیی لە وەزارەتی پیشەسازی سەربازی ساڵی (1988). سەعدوڵلا فەتحی، بەڕێوەبەری گشتیی بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی رژێمی ئێراق. عەمید روکن مەحمود فەرەج بیلال ئەلسامەڕائی، بەرپرسێکی بەرز لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری نیشتمانی و بەرپرسی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی. عەبدولتەواب مەلا

حوەیش تكریتی، وەزیری پیشەسازییە قورسەكان كە پەیوەندییەكی توندو تۆڵی هەبووە لەگەڵ ئەو وەزارەتەو هاركارو یارمەتیدەریان بووە، كە پێش رووخانی رژێم هەم وەزیری پیشەسازی سەربازی و هەم جێگری سەرۆكی وەزیران بووە، بەڵام دوای لەناوبردنی رژێم لە رێكەوتی (2.5.2003)دا كەوتە دەست هێزەكانی هاوپەیمانەوە. عەمید حاتەم عەبدوڵلا سەقەر، ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی تیمی كردەوەی (موزدەوەج 24). مولازمی یەكەم سەفاء محەمەد رەزا مەهدی، سەرۆكی لیژنەی چاودێریكردنی مادده كیمیاوییە لەناوبەرەكان لە لیوای (443). تەڵاڵ سەرسام، بەڕێوەبەر لە دەزگای پیشەسازی سەربازی و نوێنەری ئێراق بۆ كڕینی كەرەستە كیمیاوی و گازە كوشندەكان لە رێگای تاوانباری هۆڵەندی (فرانس ڤان ئەنرات). ئەندازیار ماجد مزبان ئەلدلیمی، ئەندازیار لە وەزارەتی پیشەسازی سەربازی. فازڵ عەباس عامر بەرپرسێكی وەزارەتی سەربازی بووە.

كارگەی (عەكاشات) شانبەشانی كارگەكانی سامەڕا، قائم، موسڵ و تاجی یەكێك بووە لە گەورەترین (11) كارگەكەی بەرهەمهێنانی چەكی كیمیاوی و كۆكوژی لە ئێراق. رژێمەكەی بەعس و سەدام بۆ بەرهەمهێنانی چەكی كیمیاوی، بایۆلۆجی و كۆمەڵكوژییەكان گرێبەستی لەگەڵ (207) كۆمپانیای جیهانی وڵاتانی (ئەمەریكا، ئەرجەنتین، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، ئیتاڵیا، بەریتانیا، بەرازیل، بەلجیكا، جێرسی، فەرەنسا، ژاپۆن، هیندستان، هۆڵەندە، مۆناكۆ، میسر، پۆڵۆنیا، سوید، سویسراو یۆنان). بەستووە، كە لە نێویاندا (90%)یان ئەوروپی و ئەمریكی بووینە، لە (10%)ەكەی تریش سەربە وڵاتانی تر بووینە. وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەت (ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، بەریتانیا، فەرەنساو سویسرا) یارمەتی زۆری ئێراقیان داوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە چەكانە. هەروەها لە كارگەی (عوكاشات)دا بە سەدان پسپۆر، زانا، ئەندازیارو كارمەندی بیانی تایبەت بە بەرهەمهێنانی چەكی كیمیاوی كاریان كردووە، لەنێویاندا (30) پسپۆرو ئەندازیارو زانای روسی هەبووە كە ئەمانەی خوارەوە بوون:

1- ئەلیگ میخائیل ڤیچ.
2- ئەناتۆلی بەگاتەف.
3- ئەناتۆلی روسلانەف.
4- ئەندریی ئیڤانە ڤیچ.

5- ئەنتۆن ئەگینۆف.
6- ئیگەر سەكەلۆف.
7- ئیڤان رۆزەف.
8- ئەلیكساندەر یاكەڤلیف.
9- ئەلیكسێی لیۆنەف.
10- بەریس نەدێژدین.
11- تایتانە سونتیڤە.
12- دینیس رەمانەف.
13- ڤەلێری پیترۆڤیچ.
14- ڤلادمیر میلنیكەف.
15- ڤەدیم زیكین.
16- ڤیكتەر نیكەلایف.
17- فیودەر كەنستە نتینەڤیچ.
18- كۆستە سمیلیاكەف.
19- لیڤیتان گراسیمەف.
20- مارك پۆگا چیۆف.
21- مەكسیم بریوموف.
22- میخائیل كنیازیف.
23- پیۆتەر نیكسێچ.
24- پاڤێل خەریتۆنەف.
25- ستیپان بانتیشیف.
26- ستانیسلاف نەڤیكەف.
27- سڤیتلانە سەگۆڤە.
28- سیرگیتی پۆشكاریۆف.
29- سیریۆژە دینیەف.
30- یوری بابروف - سەرچاوە: (عەبدوڵڵا كەریم مەحمود، رەشەبای ژەهرو ئەنفال، بەرگی یەكەم، ل65).

دەسەڵاتدارانی بەعس و پیاوەکانی سەدام هەر لە سەرەتای ساڵی (1981)ەوە بەهۆی دەزگای پیشەسازی سەربازی و وەزارەتی پیشەسازییەوە دەستیانکردووە بە بەرهەمهێنانی گازو چەکی کیمیاوی. بەڵام بەشێوەیەکی چڕوپڕ لە ساڵانی (1986-1987)دا پەرەیان پێداوە. ئێراق لە سەرەتای ساڵی (1988)دا لە کارگە کیمیاوییەکانی خۆیدا بڕێکی یەکجار زۆر پیشەسازی کیمیاوی بەرهەمهێناوە کە بریتین لە (Sarin, Tabun, Zyanid, Mustardgas, CX, VX, Kemikbinder - زارین، تابون، سیانید، گازی مۆستەرد (خەردەل)، سی ئێکس، ڤی ئێکس و کیمیاوی مزدەوەج)، کە لە کیمیا باران کردنی شاری هەڵەبجەدا بەکار هاتوون. دوو لەو تاوانبارانەی کە زۆرترین کەرەستەی کیمیاوییان بە ئێراق فرۆشتبێت، (سەعید حەداد)ی ئەمریکی بە رەگەز ئێراقی و بازرگانی بە رەگەز هۆڵەندی (فرانس ڤان ئەنرات) بووینە، کە دووەمیان بەهۆی هەوڵ و کۆششی دڵسۆزان و وڵاتپەروەرانی رێکخراوەکانی (کۆمیتەی بەدادگاییکردنی تاوانبارانی هەڵەبجە و ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد – چاک، کە لە رێکەوتی (5.1.2002)دا دامەزراوە)، دادگایەکی هۆڵەندی لە شاری لاهای لە رۆژی هەینی، رێکەوتی (23.12.2005)دا سزای (15) ساڵ زیندانی بۆ فرانس ڤان ئەنرات بڕییەوە، کە دواتر دادگای پێداچوونەوەی شاری لاهای لە رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (9.5.2007)دا بڕیاری دادگای لاهای جێگیرکرد کە سزای پازدە ساڵ زیندانیکردن بوو بۆ تاوانباری ناوبراو. ئەو بڕە کەرەستەیەی کە تاوانباری ناوبراو بە ئێراقی فرۆشتووە، ئێراق (350) تۆن گازی خەردەلو (812) تۆن گازی مێشک (تابون)ی لێ بەرهەمهێناوە، هەروەها (250) تۆن کەرەستەی (ڤی ئێکس)ی کڕیوە کە زۆربەی لەکوردستانی ئێراقدا لەکاتی کیمیاباران کردنی کوردستان و هەڵەبجەو ئەنفالەکاندا لە ساڵانی (1987-1988)دا بەکارهێنراون. کەرەستەی سەرەکی لە بەرهەمهێنانی گازی خەردەل بریتیبووە لە مادەی (تی. دی. گی) کە فرانس ئەنرات (1116) تۆنی بە دەوڵەتی ئێراق فرۆشتووە. ئێراق هەم کارگەی بەرهەمهێنانی گازی خەردەل و هەم کارگەی پڕکردنی گوللە تۆپ بە چەکی کیمیاوی هەبووە. سەرەڕای ئەمانەش تۆپ و راجیمەی نەمساوی زۆر ناسراو بوون لە ئێراق و کوردستان کە بڕێکی یەکجار زۆری لە وڵاتی نەمسا دەکڕی و بۆ کوشتن و جینۆسایدکردنی کورد بەکاری دەهێنان.

ئێراق نزیکەی نیوە زۆرتر لە پێوانەی خاکی باشووری کوردستانی کیمیاباران کردووە لە ئەنجامی بەکارهێنانی زۆرتر لە (8500) تۆن چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژی بە هەموو جۆرەکانیەوە.

ئەو گازانەی کە ئێراق لە دژی کورد بەکاری هێناون بریتیین لە گازی خنکێنەر، گازی دەمارو گازی سوتێنەر.

بسم الله الرحمن الرحيم

004966

الجمهورية العراقية
مجلس قيادة الثورة
هيئة التصنيع العسكري

٤٠٤٨

١. ان مجموعة الفرسان المعروفين بـ (الجاش) الموالين الى الحكومة العراقية يقدر عددهم بـ (عشرون الف) شخص بقيادة المدعو ملكو يتهيئون لشن هجوم واسع على مقرات أفراد البيشمركة في شمال العراق وخاصة مقر الفرع الأول .

٢. ان الوحدات العسكرية العراقية ستهاجم خلال اليومين أو ثلاثة أيام القادمة مقر الفرع الأول بالأسلحة الكيمياوية .

٣. تحاول افراد البيشمركة الأقتراب بقدر الأمكان من الوحدات العسكرية العراقية في المنطقة لأجل حماية انفسهم من الهجمات الكيمياوية .










عدنان الحمداني




WWW.GULFSON.COM







هدى عماش (رويترز)







## یەکەی کوشتارگەی مرۆڤ (وحدة المجازر البشرية) ناسراو بە یەکەی (وحدة 5013):

بەڕێوەبەری یەکەی (المجازر البشرية)، عەقید روکن (کەیعان کەنوش)ی کوڕە خوشکی دیکتاتۆری ئێراق (سەدام حوسێن) بوو. ئەو یەکەیە دەکەوتە دەستە راستی شارۆچکەی (سوێرە) بە (10-12) کیلۆمەتری باشووری شاری بەغدا، شارۆچکەی (سوێرە)ش دەکەوێتە سەر رێگای سەرەکی نێوان بەغداو بەسرا. هەندێک لە ئەندامە ناسراوەکانی ئەو یەکەیە بریتین لە: (دکتۆر عەبدولجەبار ئەحمەد ئەلزوبەیدی، بەڕێوەبەری کۆگاکانی سوێرەیە. عەمید حاتەم عەبدوڵڵا سەقەر، ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتیاری تیپی پرۆسێسی (مزدوج 24). دکتۆر (ها. م. ر)، سەرۆکی لیژنەی هاوبەشی تیمی (1). یارمەتیدەری کیمیاوی (ف. ج. أ)، ئەندامی لیژنەی تیمی (1). فەریقی یەکەمی روکن ئەیاد فتەیح خەلیفە ئەلڕاوی، فەرماندەی هێزەکانی گاردی کۆماری (کە دوای رووخانی رژێم لە رێکەوتی (5.6.2003)دا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە دەستگیرکرا). فەریقی روکن ئەیاد خەلیل زەکی محەمەد ئەلبەیاتی، فەرماندەی فەیلەقی پێنج. لیوا روکن سامی بەشیر، جێگری پشکێنەری گشتی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان. لیوا روکن بارەق عەبدوڵڵا حاجی ئەلحنتە، فەرماندەی هێزی تایبەتی پاراستنی نەوت. لیوا عادل ئەلسەغار، پشکێنەری فرۆکەوانی سوپا. لیوا راغب، پشکێنەری یاسایی. لیوا سالم، پشکێنەری یاسایی. عەمید روکن زەکی محەمەد، پشکێنەری هەواڵگری (ئیستخبارات). عەمید روکن خزەیر، پشکێنەری هەواڵگری. عەمید شەهاب ئەحمەد، پشکێنەری کیمیاوی. عەمید عەبدولئیلا عەبدولئەمیر ئەلمەشهەدانی، پشکێنەری کیمیاوی. عەمید عەبدولقادر ئیبراهیم ئەلدوری، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتیی حزبی بەعسی عارەبی. هەروەها حامد یوسف حەمادی، سکرتێری سەرۆک کۆماری ئێراق (سکرتێری سەدامی دیکتاتۆر) ناوی هاتووە لە بەڵگەنامەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەدژی دانیشتوانی بێتاوانی کوردستان لە ساڵانی (1987-1988)دا کە بە ساڵی ئەنفال و کیمیاباران کردنی کورد ناسراون.

## فەرماندەکانی سەربازگەی تۆبزاوە:

عەمیدی روکن ناتق نوری سالّح، فەرماندەیی سەربازگەی تۆبزاوە، موقەدەم روکن موحسین عەتیە ئەلعوبەیدی، جێگری فەرماندەیی سەربازگەی تۆبزاوە. ئەو سەربازگەیە بریتیبوو لە یەکەیەکی خەلفی ئەنفال، وە ژووری ئۆپراسیۆنیان لەم ئەفسەرانە پێکهێنابوو: (عەقید روکن کەمال مستەفا عەبدوڵڵا سولّتان ئەلمەجید ئەلناسری ئەلتکریتی، بەرپرسی یەکەی خەلفی ئەنفال و سەربە دەزگای ئەمنی تایبەت، کە دوای رووخانی رژێم لە رێکەوتی (17.5.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکرا. عەقید روکن فەنەر زەین حەسەن ئەلناسری، جێگری بەرپرسی یەکەی خەلفی ئەنفال و بەڕێوەبەری دەزگای ئەمنی تایبەت. لیوای روکن تالع خەلیل رەحیم ئەلدوری، لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپاو ئەفسەری حەرەکات. عەقید روکن تاریق فەیزی محەمەد ئەلهەزاع، سەرۆکی نووسینگەی شۆڕشگێڕانی تەموز کە پاسەوانی تایبەتی سەرۆکایەتی کۆمار بووە. عەمیدی روکنی هێزی تایبەت بارەق عەبدوڵڵا حاج ئەلحنتە، فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی پارێزگاری نەوت. موقەدەم موحسین عەتیە ئەلعوبەیدی، جێگری سەربازگەی تۆبزاوە بوو. موقەدەم خالید محەمەد، ئەفسەری مەشق پێکردن. نەقیب مەهدی ئەحمەد. نەقیب محەمەد نافع، ئەفسەری حەرەکات. مولازم قەیس ئەلدوری، ئەفسەری حەرەکات. مولازم ئەحمەد حەسەن، ئەفسەری ئالیات). موقەدەم عیسا حەویجەیی، بەڕێوەبەری زیندانی تۆبزاوە بووە.

ئەو کەسانەی کە بە بەردەوامی هامووشۆی ئەو سەربازگەیان دەکرد بریتیبوون لە: (عەلی حەسەن ئەلمەجید ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی (عەلی کیمیاوی)، رازگری نهێنی نووسینگەی باکووری پارتی بەعسی سوشیالیستی عارەبی. رازی حەسەن سەلمان، جێگری ئەمینداری گشتیی بیرۆی باکوور. فەریقی روکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلخەزرەجی، سەرۆکی ئەرکانی سوپا. فەریق روکن حوسێن رەشید محەمەد عارەب ئەلتکریتی، یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا – بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان. فەریق روکن ئەیاد فتەیح خەلیفە ئەلڕاوی، فەرماندەی گاردی کۆماری، کە دواتر لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە لە رێکەوتی (4.6.2003)دا دەستگیرکرا. لیوا روکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، بەڕێوەبەری

هەواڵگری گشتیی سەربازی. فەریقی روکن عەلائەدین کازم حەماد ئەلجەنابی، ئەمینداری نهێنی گشتی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان. لیوا روکن عەبدولواحید شنان ئالڕبات، لە سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان. عەقید روکن وەلید نایف شبیب، بەرپرسی هۆبەی (3)ی کوردەکان لە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی و بەڕێوەبەری رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور. لیوا روکن سەڵاح عەبود مەحمود جاسم ئەلجبوری. فەرماندەی فەیلەقی (2)و فەیلەقی (6) کە هەردوو فەیلەق بەشداری ئەنفاڵەکانیان کردووە. خدر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، ئەمینداری نهێنی لقی کەرکوکی پارتی بەعس. لیوای روکن یونس محەمەد سلێمان ئالزەڕب، بەڕێوەبەری پلاندانان. لیوای روکن ئیبراهیم عەبدولستار محەمەد ئەلدەهان، فەرماندەی تیپی حەمورابی و ئەفسەری روکن لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، کە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە لە رێکەوتی (15.5.2003)دا دەستگیرکرا. تاهیر تۆفیق یوسف ئەلعانی، سکرتێری بیرۆی باکووری رێکخستنەکانی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عارەبی. عەمید روکنی ق. خ. بارەق عەبدوڵڵا حاجی ئەلحنتە، فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی پارێزگاری نەوت. لیوا روکن ئەیاد خەلیل زەکی محەمەد ئەلبەیاتی، فەرماندەی فەیلەقی (5). عەمید روکن عائد مخڵف ئەلعجیل ئەلتکریتی، لە هەواڵگری گشتیی سەربازی بوو دواتریش بەپلەی فەریق روکن بووە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی. عەمید موعتەمەد نعمەت حەمەد ئەلتکریتی، سەربە دەزگای هەواڵگری فەیلەقی (1). عەقیدی روکن فەرحان موتلەگ سالح خەڵەف ئەلجبوری، بەڕێوەبەری رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی رۆژهەڵات. عەقید روکن فەنەر زەین حەسەن ئەلناسری، جێگری بەرپرسی یەکەی خەلفی ئەنفال و بەڕێوەبەری دەزگای ئەمنی تایبەت بوو.

عەقید تاهیر عەبدولجەلیل حەبوش سەلوم ئەلحەبوش ئەلتکریتی، بەڕێوەبەری نووسینگەی عەلی حەسەن مەجید، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (268)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. رائید نەزهان تۆغان، بەرپرسی پاسەوانەکانی عەلی حەسەن مەجید. هەریەک لە (رائید عەبدی پاسەوانی عەلی حەسەن کیمیاوی، مولازمی یەکەم سعود عەزاوی، مولازمی یەکەم حازم، مولازمی یەکەم سائب تکریتی و مولازمی یەکەم سائم ئەنباری، کە هەموویان پاسەوانی عەلی

کیمیاوی بووینە، لە تیمی گوللە بارانکردنی ئەنفالەکان بووینە). (موفەوەزی ئەمن و شۆفێری شۆڤڵ عەبدولحەسەن مۆحان موراد، موفەوەزی ئەمن و شۆفێری شۆڤڵ ئەحمەد ئیسماعیل تکریتی و موفەوەزی ئەمن و شۆفێری شۆڤڵ فەرحان جابر نەجەفی، ئەو سێ کەسە گۆڕهەڵکەن بووینە بە شۆڤەڵ و خەڵکی ئەنفالەکانیان زیندەبەچاڵ کردووە). ئەو تاوانبارانەی سەرەوە بەگوێرەی قسەکانی موفەوەزی ئەمن عەبدولحەسەن مۆحان موراد، یازدە ئەفسەری رژێم تەنیا لە شەوی (12.8.1988)دا نزیکەی (1300) هاووڵاتی کوردی بێتاوانی گوندنشینیان بەهۆی گوللەبارانەوە ئەنفالکردووەو، تێکڕایان دواتر خستوونەتە ناو بیست چاڵ و خۆڵیان بەسەردا کردوون. عەبدولحەسەن مۆحان موراد، موفەوەزی ئەمنی سەربە دەزگای ئەمنی تایبەت و شۆفێری یەکێک لە شۆڤڵەکانی کە هەزاران کوردی سیڤیلی ئەنفال کردووەو خۆڵی بەسەردا کردوون، سەبارەت بە ئەنفالکردنی ژنە عارەبێک کە پێشمەرگەی حزبی شیوعی ئێراقی بووە، دەڵێت: (پێم ناخۆش بوو ژنە عارەبەکەیان کوشت، لەبەرئەوەی عارەب بوو. بەڵام پەشیمان نیم لەو کارەی کردوومە لەدژی کوردەکاندا) - سەرچاوە: عارف قوربانی، لە ئوم رێعانەوە بۆ تۆبزاوە – ئەو سایەق شۆفلەی بەشێک لە ئەنفالەکانی داپۆشی، چاپخانەو ئۆفسێتی ئارابخا، باشووری کوردستان – کەرکوک، 2004. لەکاتی ئەنفالەکانی ساڵی (1988)دا، زۆرتر لە سێ هەزار منداڵ لە تۆبزاوە لەبەر نەخۆشی و لەبرسان مردن، کەچی ناوبراو تەنیا پێی ناخۆش بووە ئەو ژنە عارەبەیان کوشتووە، تەنیا لەبەرئەوەی عارەب بووە، کەچی دوای ئەو تاوانە گەورەیەش بەرامبەر بە کوردو کوردستان کە سەدان هەزار کەس لەناوبردران و هەر خۆی خۆڵی کردۆتە سەر سەدان و هەزاران کەسی بێتاوان، نە پەشیمانەو نە ئامادەشە داوای لێبوردن لە کورد بکات، لە ئەنجامی بەشداریکردنیدا لە ئەنفالکردنی دەیان هەزار کوردی بێتاوان لە تۆبزاوە.

هامووشۆکردنی ئەو ئەفسەر، فەرماندەو کاربەدەستە گەورانە لەپێناوی لە نزیکەوە سەرپەرشتی کردنی شاڵاوە دڕندانەکانی ئەنفال و لەناوبردن و بەکۆمەڵکوشتنی خەڵکی دێهاتەکانی ناوچەکانی ئەنفال بووە. هەروەها موقەدەمی پۆلیس ئیحسان ئەحمەد، بەرپرسی زیندانی نوگرە سەلمان بووە - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی شەشەم، ل297)، رائید غازی کەریم، ئەفسەری ئەمن لە نوگرە سەلمان

بووە کە دیلە کوردەکانی زۆر ئەشکەنجە داوەو مامەڵەی نامرۆڤانەی لەگەڵدا کردوون. (عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، رەشەبای ژەهرو ئەنفال، بەرگی دووەم،ل167).





## سوپای ئێراق و پێکهاتەکانی:

هەروەکو چۆن حکومەتی ئێراق دەستکردی ئینگلیزەکان بوو، بەهەمان شێوەش سوپاکەشی هەر دەستکردی ئەوان و پیاوانی ئەوان بووینە. بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو سوپایە دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە پیاوە هەرە ناسراوەکانی ئەوسای هەواڵگری ئینگلیز کە تۆماس ئیدوارد لۆرانس (Thomas Edward Lawrence) بووە. تۆماس لاورانس کە بە لۆرانسی عارەب ناسرابوو (16.8.1888–19.5.1935) دۆستێکی نزیک و هەرە دڵسۆزی نەتەوەی عارەب بوو، لە ڕێکەوتی (8.8.1920)دا لە ڕۆژنامەی (ئۆبزێرڤەر)ی بەریتانی و لە (22.8.1920)دا لە ڕۆژنامەی (سانادی تایمس)دا باسی دامەزراندنی سوپایەکی بۆ ئێراق کردبوو. هەروەها باوەڕپێکراوی باڵای بەریتانی لە ئێراق (سێر پێرسی زەکەریا کۆکس)، لەکاتی بەستنی کۆنگرەی قاهیرە کە لە ماوەی نێوان (12–30.3.1921)دا لە میوانخانەی (سەمیر ئەمیس) لە وڵاتی میسر لەژێر سەرکردایەتی و سەرپەرشتی وەزیری کۆلۆنییەکانی بەریتانی (سێر وینستۆن لیونارد بسنسد چەرچڵ 1874–1965) بەسترا، باسی دامەزراندنی سوپایەکی (15) پازدە هەزار سەربازی بۆ ئێراق کردەوە، ئەوەبوو جەعفەر عەسکەری (1886–29.10.1936) کە پیاوی هەرە دڵسۆزی ئینگلیزو حکومەتی ئێراق بوو لە ڕۆژی (25.3.1921)دا هەواڵی دامەزراندنی سوپای ئێراقی ڕاگەیاند، کە کۆنگرەی قاهیرە بڕیاری دامەزراندنەکەی دابوو. بەڵام لەبەرئەوەی لە ڕێکەوتی (6.1.1921)دا کۆمەڵێک ئەفسەر کە ژمارەیان (10) ئەفسەر بوو، لەو ئەفسەرە ئێراقی و کوردانەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) کە لە بارەگا تایبەتییەکەی وەزیری بەرگری ئێراق (جەعفەر عەسکەری) لە بەغدا کۆببوونەوە، بە مەبەستی دامەزراندنی سوپایەک بۆ ئێراق، بۆیە ئەو ڕۆژەیان کرد بە ڕۆژی دامەزراندنی سوپای ئێراق نەک ڕۆژی (25.3.1921). لەنێو ئەو دە ئەفسەرەی کە سوپای ئێراقیان دامەزراند، کە چواری یەکەمیان بە ڕەگەز کورد بووینە (لیوا ڕوکن جەعفەر مستەفا عەسکەری، تۆفیق مەعروف محەمەد (تۆفیق وەهبی 1890–15.1.1984)، محەمەد ئەمین زەکی سلێمان بەگ، یاسین حلمی سەلمان هاشمی، عەقید ڕوکن نوری سەعید ساڵح مەلا تەها، ئەحمەد ئەلسڕی (ئەحمەد ئەلحاج سڕی ساڵح ئەلجبوری 1878–1957)، عەبدولموحسین فەهد سەعدون (1889–

13.11.1929)، عەقیدی روكن خەلیل زەكی، لیوا روكن عیزەت پاشا كەركوكی و لیوا فەتاح پاشا). بەڵام جەعفەر عەسكەری خۆی بە كورد نەزانیوە بەڵكو خۆی بە عارەب داناوە، یەكەم ئەفسەر بووە كە گەڕاوەتەوە بۆ بەغداو هاوكاری ئینگلیزو حكومەتی ئێراقی كردووە، ناوبراو لەلایەن ئینگلیزەكانەوە لە رێكەوتی (16.10.1920)دا پۆستی وەزیری بەرگری درایێ، لەكاتێكدا هێشتا نە حكومەتی ئێراقی دروست ببوو، هەروەها نە وەزارەتی ناوبراو خاوەنی تاكە سەربازێك یان سوپایەك بوو. كاتێك كە هەر لە ساڵی (1921)دا مەكتەبی عەسكەری لە بەغدا دامەزرا بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی سوپای ئێراق، لە پێنج ئەفسەر پێكدەهات كە سێ لەوانە كورد بوون (تۆفیق وەهبی، ئەمین زەكی و یاسین هاشمی، كە ئەوەی دواییشیان خۆی بە عارەب زانیوە نەك كورد). لەگەڵ دامەزراندنی یەكەمین حكومەتی عروبەی ئێراقی لە رێكەوتی (25.10.1920)دا بە سەرۆكایەتی عەبدولرەحمان نەقیب، پۆستی یەكەم وەزیری بەرگری ئێراقی درا بە جەعفەر عەسكەری. وەزارەتی بەرگری لە یەكەم كۆبوونەوەی خۆی لە رێكەوتی (6.1.1921)دا بڕیاری دامەزراندنی سوپای ئێراقی دەركردو وەزارەتی بەرگری لە خانووی (عەبدولقادر خزەیری) جێگیربوو، دواتر گواستیانەوە بۆ قشلەو لە (خانەی موشیریە) جێگیربوون. عەسكەری لەبەر دڵسۆزی بۆ ئینگلیزو حكومەتی ئێراق و نەبوونی هیچ هەستێكی كوردایەتی سێ جار كراوە بە وەزیری بەرگری و دوو جاریش بە سەرۆك وەزیرانی ئێراق! ناوبراو لە پەرلەمانی ئێراقدا، كاتێك كە پەرلەمانتارانی كوردو شیعە بەزۆر رەوانەكردنی سەربازیان رەتكردەوە، پێی گوتن: (ئەوانەی كە سوپایان ناوێت، ناپاكن). بێگومان دامەزراندنی سوپای ئێراق لەلایەن ئینگلیزەكانەوە بەپلەی یەكەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بۆئەوەی ئەو سوپایە ببێت بەهاوكارو رێنیشاندەری سوپای ئینگلیز بۆ دامركاندنەوەو سەركوتكردنی هەر سەرهەڵدانو شۆڕشێكی كوردی لەدژی لكاندنی ویلایەتی موسڵ، كە خاكو نیشتمانی كورد بووە بە ئێراقی عارەبییەوە كە ئەوكات بریتیبوو لە هەردوو ویلایەتەكانی (بەغداو بەسرا)، یان دامركاندنەوەی هەر شۆڕشێكی شیعەگەری لەدژی كەمایەتی عارەبی سوننە لە ئێراق، هەروەها هەوڵدان بۆ كەمكردنەوەی خەرجییەكانی سوپای ئینگلیز لەئێراق كە خەرجییەكی زۆری دەویستو كاری زۆری كردبووە سەر بودجەی بەریتانیا، بۆیە بەریتانیا بەدامەزراندنی ئەو سوپایە

دەیەویست بەشێک لە سوپاکەی خۆی بکێشێتەوە، تاوەکو خەرجییەکانی لەم وڵاتەدا کەم بێتەوە. لەپێناوی دامەزراندنی سوپایەک بۆ ئێراق، لە رێکەوتی (12.2.1921)دا فەریق روکن نوری سەعید مەلا تەها، کە لەنێوان ساڵانی (1887–14.7.1958)دا ژیاوە، بە بریکاری فەرماندەی گشتی سوپا دامەزرا، نوری سەعید وەکو یەکەم سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق لە رێکەوتی (22.2.1921–28.5.1928) لەژێر چەندین ناوی وەکو (سەرۆک ئەرکانی سوپا، بریکاری سەرۆکی ئەرکانی جەنگو بریکاری فەرماندەی گشتی) بەردەوام بووە، هەروەها پۆستی وەزیری بەرگریو سەرۆک وەزیرانی بۆ چەند جارێک وەرگرتووە. پاشان ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراقی لە رێکەوتی (26.5.1921)دا یاسای خۆبەخشی (التطوع)ی کاتی لە سوپای ئێراق دەرکردو، لە رۆژی (22.6.1921)دا رادیۆی بەغدا بڕیاری دامەزراندنی وەزارەتی بەرگری بڵاوکردەوە لەگەڵ کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەسەربازیکردن (دائرة التجنید) لە هومووو شارەکاندا بۆ ناونووسکردنی خەڵک بۆ سوپای ئێراق. هەر باوەڕپێکراوی باڵای بەریتانی لە ئێراق (سێر پێرسی زەکەریا کۆکس) بوو، کە لە (27.11.1920)دا لە رێگای کۆنسوڵی فەرەنسی لە بەغداوە توانی ناوی (240) ئەفسەری بەرەگەز کوردی باشووری کوردستان و ئێراقی بەناوی ئەفسەرانی ئێراقی کە پێشتر لە سوپای عوسمانیدا کاریان دەکرد، کارئاسانیان بۆ بکات و بیانگەڕێنێتەوە بۆ ئێراق بۆئەوەی لە سوپای نوێی ئێراقدا کاربکەن، هەروەها نزیکەی (400) ئەفسەرێکیش لەگەڵ خێزانەکانیاندا لە ئازاری ساڵی (1921)دا بە رێگەی میسر گەڕانەوە. پاشان لە رێکەوتی (28.7.1921)دا یەکەم فەوجی ئەو سوپا شومەی ئێراق بە فەرماندەیی ئەحمەد ئەلسڕی (ئەلحاج سڕی کوڕی ساڵح)دا لە ناوەڕاستی ئێراق لە گەڕەکی (خان کەربولی) لە شاری بەغدا دامەزرا، سەربازەکانی گشتی ئێراقی بوون، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرەکانی ئێراقی نەبوون لەنێویاندا چەندین ئەفسەری فەلەستینی وەکو (سەلاحەددین سەباغ، فەهمی سەعیدو یونس سەبعاوی). فەوجی ناوبراو لە رێکەوتی (9.10.1921)دا رەوانەی شاری حلە (بابل) کرا، بەڵام دواتر لە رێکەوتی (9.3.1922)دا ناوی نرا (فەوجی ئیمام موسای کازم)، کە جەعفەر عەسکەری ئەو ناوەی هەڵبژاردووە بۆ یەکەم فەوجی سوپاو، هەر ئەو فەوجە (فەوجی ئیمام موسای کازم)، بە فەرماندەیی ئەحمەد ئەلسڕی، لە مانگی تەموزی ساڵی (1924)دا رەوانەی کوردستان کراو شەڕی شۆڕشگێڕانی

کوردو شێخ مەحمودی ئەمری کرد. هەروەها لە مانگی ئابی ساڵی (1921)دا کەتیبەیەکی ئەسپ سواری (كتيبة الخيالة) بەناوی (کەتیبەی ئەلهاشمی) دامەزرا.

دوای کۆنگرەی قاهرە، وەزیری بەرگری بڕیاریدا ئەو بەشانە دامەزرێنن (شعبة الحركات – شعبة الادارة والميرة – شعبة الطبابة – وشعبة الحسابات). فەوجی دووەمی سوپای ئێراق لە ڕێکەوتی (10.8.1921)دا لە بەغدا دامەزرا. لە ڕێکەوتی (24.7.1921)دا سریەی گواستنەوەی یەکەم (سرية النقلية الاولى) هەر لە بەغدا دامەزرا، کە دواتر لە (5.3.1922)دا گواسترایەوە بۆ شاری موسڵ. لە کۆتایی ساڵی (1921) ژمارەی ئەفسەرو سەربازانی سوپای ئێراق (2616) کەس بوون. هەروەها لە ڕێکەوتی (27.8.1921)دا کەتیبەی یەکەمی ئەسپ سواری (كتيبة الخيالة) دامەزرا، کە دواتر لە ڕێکەوتی (9.3.1922)دا بە فەرمانێکی دەسەڵاتی پادشایەتی ناوی نرا (کەتیبەی هاشمی). لە ڕێکەوتی (12.10.1921)دا بەتەریری یەکەم لە بەغدا دامەزرا، کە دواتر لە ڕێکەوتی (9.5.1922)دا گواسترایەوە بۆ موسڵ. لە ڕۆژی (1.12.1922)دا سریەی دووەمی گواستنەوە (سرية نقلية الثانية) لە بەغدا دامەزراو، لە هەمان ڕۆژیش فەوجی سێیەمی سوپا هەر لە بەغدا دامەزرا، کە دواتر لە ڕێکەوتی (9.1.1922)دا گواسترایەوە بۆ موسڵ. کەتیبەی دووەمیش لە ڕێکەوتی هەمان ساڵدا دامەزراو، ڕەوانەی موسڵ کرا، کە پاشان لە ڕێکەوتی (1.4.1922)دا ڕەوانەی شارۆچکەی تەلەعفەر کراو لەوێ جێگیرکرا. هەروەها لە مانگی یەکی ساڵی (1922)دا بەتەریەی دووەمی چیایی (البطرية الجبلية الثانية) لە کازمیەی بەغدا دامەزرا، کە لە ڕێکەوتی (26.6.1922) بۆ (القلعة) گواسترایەوە. لە ڕێکەوتی (26.8.1922)دا وەزارەتی بەرگری گواسترایەوە بۆ (بەڕێوەبەرایەتی ڕەدیف) لە باب المعظم). لە ڕێکەوتی (19.6.1923)دا فەوجی چوارەمی سوپا لە شاری موسڵ و بەتەریەی یەکەمی بیابانی لە بەغدا دامەزران. بەتەریەی سێیەمی چیایی لە ڕێکەوتی (8.6.1924)دا لە بەغدا دامەزرا، فەوجی پێنجەمی سوپا لە ڕێکەوتی (1.11.1924)دا لە بەغداو فەوجی شەشەمیش لە ڕێکەوتی (15.10.1925)دا دامەزران. ژمارەی سەربازو ئەفسەرانی ئێراقی لە کۆتایی ساڵی (1924)دا (7340) کەس بوون. لە ڕێکەوتی (1.8.1925)دا یەکەم سریەی هێزی سنوور دامەزراو، لە ڕێکەوتی (1.1.1926)دا یەکەم لیوای تۆپهاوێژی (لواء المدفعية) دامەزرا. لە کۆتایی ساڵی (1926)دا ژمارەی ئەفسەرو سەربازانی سوپا گەیشتە (8781) کەس. لە

ڕێکەوتی (1.2.1927)دا فەوجی حەوتەمی سوپا دامەزرا، لە ڕێکەوتی یەکی تەمووزی هەمان ساڵدا بەتەریەی دووەمی بیابان پێکهات. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا ژمارەی ئەفسەرو سەربازانی سوپای ئێراق (9694) کەس بوون. لە نیسانی ساڵی (1929)دا فەرماندەی تۆپهاوێژی باکوور دامەزرا. لە کۆتایی ساڵی (1929)دا ژمارەی ئەفسەرو سەربازانی سوپای ئێراق (10446) کەس بوون. کاتێک کە دەوڵەتی ئێراق وەکو ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان وەرگیرا، هێزی سەربازی ئێراقی بریتیبوو لە (11) فەوجی پیادە، پێنج بەتەریەی تۆپهاوێژ، یەک کەتیبەی ئەسپ سواری و چەند یەکەیەکی جیاجیا. لە ساڵی (1933)دا فەوجی دوازدەمی سوپا، لیوای سێیەمی بیابان و کەتیبەی شەشەمی تۆپهاوێژی دامەزران. لە ڕێکەوتی (23.10.1937)دا یەکەم سریەی تانک (سرية دبابات) دامەزرا کە بریتیبوو لە (16) تانک و ڕاستەوخۆ سەربە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا بوو. هەروەها لە ڕێکەوتی (1.10.1938)دا تیپی سێیەم (الفرقة الثالثة) لە بەغدا دامەزراو، لە ساڵی (1940)یشدا تیپی چوارەم لە دیوانیە (قادسیە) پێکهات. لە ڕێکەوتی (16.7.1951)دا سریەی دووەمی تانک پێکهات کە لە جۆری (شەرشل)ی ئینگلیزی بوون، کە بەناوی (سریەی یەکەمی تانکەکانی سەربەخۆ) ناونرا. هێزی پیادە، وەکو هێزێکی سەربەخۆ لە ڕێکەوتی (15.10.1963)دا دامەزرا، هەروەها بەشی جۆری کیمیاوی لە ڕێکەوتی (14.1.1964) پێکهات. یەکەم جەوقی موسیقی سەربازی ئێراقی لە ڕێکەوتی (22.8.1922)دا دامەزراوە. لەکاتی پەلاماری میلیشیا دڕندەکەی ئێراق بۆ سەر کوێت، ئەو میلیشیا بەناو سوپایە لە هەشت فەیلەق پێکهاتبوو، کە بریتیبوون لە (72) تیپ، تێکڕای تیپەکان (216) لیوا بوون و تێکڕای لیواکانیش (648) فەوج بوون.

حکومەتی بەریتانیا لە ڕێگای چەند پەیماننامەیەکی سەربازیدا سوپای ئێراقی بە دامەزراوی سەربازی خۆی بەستایەوە، کە گرنگترینیان پەیماننامەکەی ڕێکەوتی (10.10.1922) بوو، کە بەگوێرەی خاڵەکانی هەشت و دوازدە ڕێگە بە سوپای ئێراقی دەدات بە هاوکاری سوپای بەریتانیا هەموو ڕاپەڕینێکی ناوخۆی جەماوەری سەرکوت بکات. لە ئەیلولی ساڵی (1927)دا یەکەم شاندی ئێراقی پەیوەندیکرد بە کۆلیژی (کرانویل)ی ئاسمانی بەریتانی و، لە ڕێکەوتی (22.4.1931)دا یەکەم دەستەی فڕۆکەوانی گەڕانەوەو یەکەم پێکهاتەی هێزی ئاسمانی ئێراقیان دامەزراندو، هێزی ئاسمانی ئێراق لە ڕێکەوتی (22.4.1931)دا دامەزرێنرا، کە بە هێنانی یەک

پۆل فڕۆکەی شەڕکەر (پێنج فڕۆکە بوون) کە فڕۆکەوانەکانی ئێراقی بوون و لە بەریتانیا مەشقیان پێکرابوو گەڕانەوە ئێراق. شا فەیسەڵ فەرمانیدا ئەو پۆلە فڕۆکەیە گەشتێکی ئاسمانی بەسەر پارێزگاکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و تەواوی قەزاو ناحیەکانی ئەو پارێزگایانەدا بکات، ئەوەبوو یەکەم پۆلی فڕۆکەی ئێراقی لە ڕێکەوتی (5.6.1931)دا لە پارێزگای موسڵ-ەوە دەستیکرد بە گەشتەکەیداو لە سلێمانی کۆتایی پێهێنا – سەرچاوە: (عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، تأريخ الوزارات العراقية، الجزء الثالث، ص142). ئەو گەشتەی یەکەم دەستەی فڕۆکەی ئێراقی بە فەرمانی شا فەیسەڵ بەسەر تەواوی پارێزگاکانی کوردستان (موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، دیالە و تەواوی قەزاو شارۆچکەکانی سەر بەو پارێزگایانە)، نامەیەکی هەڕەشە بوو لە کورد، کە بەو شێوەیە دەیخوێنمەوە: (کوردەکان تێبگەن، ئەگەر لەمەودوا داوای مافی خۆتان بکەن و شۆڕش لەدژی میری ئێراقی بەرپا بکەن، وا دەبینن کە بووین بە خاوەنی فڕۆکەو بەو فڕۆکانە شارو خانووەکانتان کاول دەکەین و لەناوتان دەبەین). هەر ئەو پۆلە فڕۆکەیە دوای چەند مانگێک واتە هەر لە ساڵی (1931)دا بۆردومانی شاری سلێمانی و شۆڕشگێڕانی کوردستانیان کرد. لە ساڵی (1932)دا پۆلی (سرب)ی یەکەمی هێزی ئاسمانی دامەزرا، لە ساڵی (1941)دا ژمارەی پۆلەکان بوون بە حەوت پۆل و لە ساڵی (1951)دا کۆلیژی فڕۆکەوانی سەربازی دامەزرا.

بەگوێرەی یاداشتێکی حکومەتی ئێراقی، کە لە ڕێکەوتی (12.7.1932)دا لەپێناوی کۆتایی هێنانی ماندێتی بەریتانی بەسەر ئەو وڵاتەدا نووسراوە، ژمارەی هێزی سوپای ئێراق بە (10.500) سەرباز دادەنێت. لە ساڵی (1940)دا بەناو سوپای ئێراق ژمارەی (1.800) ئەفسەر و (45.000) هەزار سەرباز بووە، کە تێکڕا چوار تیپی پیادەیان پێکدەهێنا. ئەو چوار تیپەش بریتیبوون لە (42) فەوجی پیادەو (21) بەتەریەی تۆپهاوێژی، چوار کەتیبەی ئەسپ سواری، چەند دەستەیەکی فڕۆکەوانی سەربە هێزی ئاسمانی و چوار کەشتی دەریایی – سەرچاوە: (عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، تأريخ الوزارات العراقية، الجزء السادس، ص181). لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی (11ی ئەیلولی 1961)ی کوردی باشووری کوردستان، بەناو سوپای ئێراق بریتی بووە لە (12) لیوا کە بەسەر (5) تیپدا دابەشکرابوون، کە تیپی یەک چوار لیوا بوو، بنکەکەی لە موسڵ بوو، دابەشبوو بەسەر موسڵ و بادینان، تیپی

دووش کە چوار لیوا بوو بنکەکەی لە کەرکوک بوو، دابەشکرابوو بەسەر کەرکوک، هەولێرو سلێمانی. ئەوکاتەی کە عەبدولڕەحمان محەمەد عارف لە (17.7.1968)دا لادرا، سوپای ئێراق تەنیا هەر (5) تیپ (فرقة)ی هەبوو (تیپی ئالی یەک، تیپی پیادەی دوو، تیپی زرێپۆشی سێ، تیپی پیادەی چوار، تیپی پیادەی پێنج) لەگەڵ لیوایەکی پاسەوانی کۆماری و چەند یەکەیەکی سەربازی سووک و دوو بەڕێوەبەرایەتی (بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی گشتیی و بەڕێوەبەریێتی ئەمنی عەسکەری) کە تا کۆتایی ساڵی (1968) هەروا مایەوە. لە سەرەتای ساڵی (1969)دا تیپێک بەناوی تیپی زرێپۆشی شەش دامەزرێنرا. کاتێک کە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق و ئێران لەماوەی نێوان (22.9.1980-8.8.1988) دەستپێکرد، سوپای ئێراق پێکدەهات لە (تیپی ئالی یەک، تیپی پیادەی دوو، تیپی زرێپۆشی سێ، تیپی پیادەی چوار، تیپی پیادەی پێنج، تیپی زرێپۆشی شەش، تیپی پیادەی حەوت، تیپی پیادەی هەشت، تیپی زرێپۆشی نۆ، تیپی زرێپۆشی دە، تیپی زرێپۆشی دوازدەو لیواکانی (31، 32)ی سەربە پاسەوانی کۆماری). کەچی لەگەڵ دەستپێکردنی ئەو شەڕە نەگریسەی سەدام، سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان پێکهاتەی سوپای ئێراقی فراوانکردو کردی بە حەوت فەیلەق و دوو فەیلەقی پاسەوانی کۆماری و فەیلەقێکی پاسەوانی کۆماری تایبەت کە پێکدەهاتن لە سەربازو ئەفسەرە خانەنشینە لایەنگرەکانی رژێم و بەعس. سوپای ئێراق لەکاتی داگیرکردنی کوێت (2.8.1990)دا بریتیبوو لە (66) تیپ (فرقة)ی پیادە، ئالی و زرێپۆش.

ژمارەی سەربازانی سوپای ئێراق لە سەرەتادا چەند هەزارێک دەبوو، دواتر بەرەبەرە زۆرتر بوو تا گەیشتە پازدە هەزارو، لەکاتی دەسەڵاتی (زەعیم عەبدولکەریم قاسم)دا گەیشتە پەنجا هەزارو، لەگەڵ هاتنی بەعسییەکان لە ساڵی (1968)دا بەرز بووەوە بۆ (82) هەزارو، لە ساڵی (1972)دا گەیشتە (102) هەزارو، لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی (ئێراق-ئێران)دا گەیشتە (430) هەزارو، لە ساڵی (1984)یشدا گەیشتە (778) هەزارو لەکاتی خۆئامادەکردنو دەستپێکردنی شاڵاوە دڕندانەو هۆڤییەکەی ئەنفالی سەدام و بەعس بۆ سەر گەلی باشووری کوردستان، واتە لە ساڵانی (1987-1988)دا ژمارەیان گەیشتە نزیکەی یەک ملیۆن سەرباز، کەچی لە ساڵی (1990)و لەکاتی داگیرکردنی کوێتدا ژمارەکە بەرزبۆوە بۆ یەک ملیۆن و سێسەد هەزار (1.300.000) سەرباز، کە یەک لەسەر سێی ئەو

ژمارەیە لە کوردستان بووە، کە دەکاتە نزیکەی (400-500) هەزار سەرباز. دوای نزیکەی حەوت مانگ بەسەر ئەو داگیرکردنەدا، لە شەڕی رزگارکردنی (کوێت)دا کە لە (17.1.1991-27.2.1991) درێژەی کێشا، توانرا سوپای سەدام لە کوێت دەربکرێت و لەکۆی (60) تیپی سەربازی، تەنیا (23) تیپی مایەوە، واتە (37) تیپی سوپای سەدام بەتەواوی قەلاچۆ کران. هەروەها لەکۆی (4500) تانک و (2750) ماشێنی زرێپۆش و (3110) پارچە تۆپ، تەنیا (700) تانک و (1400) ماشێنی زرێپۆش و (340) پارچە تۆپ مانەوە. سەبارەت بەهێزی ئاسمانی لەکۆی (760) فڕۆکەی جۆراوجۆر تەنیا (260) فڕۆکەی مایەوە، جگە لەوەی کە (115) فڕۆکە پەنایان برد بۆ ئێران ئەوانەیتر هەمووی یان هەر لەسەر زەوی تێکشکێنران یان لەئاسمانەوە خرانە خوارەوە.

ئاشکەرایە کە سوپا لەگشت جیهاندا هێزی یەکلاکەرەوەیە بۆ هەم گرتنەدەست و هەم پاراستنی دەسەڵات، بەڵام ئەگەر بێتوو ئێمە چاوێک بە مێژووی ڕابردووی (82)ساڵەی تەمەنی سوپای ئێراقدا بخشێنین، هەر لە رۆژی لەدایک بوونیەوە تاوەکو رۆژی گۆڕ بەگۆڕکردنی، بۆ مێژووش تاکە هەڵوێستێکی نیشتمان پەروەرانەو وەستانەوە لەدژی بڕیاری سەرکوتکردن و لەناوبردنی خەڵکی سیڤیل و بێتاوانانی نەنواندووە، بەڵکو هەردەم ئامێری سەرکوتکردنی خەڵکی ستەم دیدەو قەڵغانی پاراستنی رژێمە دیکتاتۆرو فاشییە یەک لەدوا یەکەکانی ئێراق بووە. بەدرێژایی مێژووی ئەو سوپایە، بۆ تەنیا جارێکیش نەک سەرپێچی لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرکردایەتی خۆی نەکردووە، بەڵکو بەشانازیشەوە فەرمانە ناڕەواو دڕندانەکانی سەرکردایەتی خۆیان لەدژی دانیشتوانی ئێراق بە کوردو عارەبەوە بەچەک سەپاندووە. بۆ کورد ئەفسەرانی دڕندەی وەکو (زەعیم سدیق، نەقیب عەبدولکەریم خەلیل ئەلجەیشی، زەعیم سەعید حەمۆ، لیوا روکن تەها شەکرچی، فەریق روکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ خەزرەجی، لیوا روکن سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەلتائی، لیوا روکن ئەیاد خەلیل زەکی بەیاتی، لیوا روکن محەمەد یونس ئالزەڕب، عەمید روکن بارەق عەبدوڵڵا حاج ئەلحنتە، عەلی حەسەن مەجید ترکریتی و عەقید حوسێن کامیل ئەلمەجید) ناسراون، کە لە دڕندایەتی و بێ ویژدانیدا نموونەیان کەمبووە تاوەکو وەرگرتنی دەسەڵاتی ئێراق لەلایەن بەعسییەکان و (سەدام)ەوە. پێکهایەی سوپای ئێراق هەروەکو پێشتریش باسکرا لەکاتی شەڕی

ئێراق – ئێران بریتی بووە لە حەوت فەیلەق، دوو فەیلەقی پاسەوانی کۆماری و فەیلەقێکی پاسەوانی کۆماری تایبەت، کە فەیلەقەکانی یەک و پێنجیان لە کوردستان بوون. ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە کە لە (80%)ی ئەفسەرو سەربازانی ئەو دوو فەیلەقە بریتیبوون لە عارەبی شیعە – سەرچاوە: (دراسات عراقية، العددان الثاني عشر – الثالث عشر، ل155). بەڵام دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکانی سەدام و بەعس لەدژی ئێران، فەیلەقەکانی شەش و حەوت هەڵوەشانەوەو تەنیا (5) فەیلەق مایەوە. لەکاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا بۆسەر باشووری کوردستان، پێکهاتەکانی بەناو سوپای (میلیشیای) حزبی بەعسی عارەبی ئێراقی بەمشێوەیە بووە:



الفريق جعفر العسكري
وزير الدفاع ١٩٢١م





ياسين باشا الهاشمي



## فەیلەقی یەكی ناسراو بە (هێزەكانی رەشید)

فەرماندەكانی بریتی بووینە لە لیوا روكن سەعدی توعمە عەباس ئەلجبوری (31.5.1982-28.1.1982). دواتر نوعمە فارس حوسێن ئەلمحیاوی لەنێوان (18.8.1983-4.6.1982)دا هات، كە ئێستاكە لە نەمسایەو لەگەڵ رێكخراوی چاودێری كوردۆساید سكاڵامان لەدژی تۆماركردووە، بەڵام حكومەتی ئێراقی هیچ هاوكارییەكی حكومەتی نەمسا و ئینتەرپۆل ناكات وای بۆدەچم لەبەرئەوە بێت كە نوعمە فارس شیعەیە و هیچ تاوانی لەدژی ئەوان ئەنجام نەداوە. لیوا روكن ماهر عەبدولرەشید محەمەد رەشید ئەلناسری، فەرماندەی فەیلەق لەماوەی نێوان (30.12.1983-18.8.1983)دا. لیوا روكن نزار عەبدولكەریم فەیسەل ئەلئەنساری ئەلخەزرەجی لەماوەی نێوان (17.7.1987-10.1.1984). لیوا روكن سوڵتان هاشم ئەحمەد محەمەد حەمەد ئەلحەمەد ئەلتائی (مانگی ئاب و ئەیلولی 1987)، لیوای روكن كامل ساجت عەزیز ئەلجەنابی (مانگی ئەیلولی 1987-1.4.1988)، لیوا روكن سوڵتان هاشم بۆ جاری دووەم لە (29.5.1989-2.4.1988). لیوا روكن سوڵتان هاشم (بەگوێرەی رۆژنامەی العراق، ژمارە (3803)ی رۆژی چوارشەممە، رێكەوتی (20.7.1988)دا، لە پاداشتی ئەنفالەكاندا وسام رافدەین و هەروەها لە پاداشتی ئەنفالی یەكەمدا چوار مەدالیای كورد كوشتنی لە رێكەوتی (18.7.1988)دا لە دیكتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە + بەگوێرەی رۆژنامەی العراق، ژمارە (3905)ی رۆژی دووشەممە، رێكەوتی (21.11.1988)، لە پاداشتی ئەنفالی یەكدا مەدالیایەكی بەناو ئازایەتی (كورد كوژی) لە دیكتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە). لیوا روكن سوڵتان هاشم ئەحمەد دوای رادەستكردنەوەی، لە رێكەوتی (19.9.2003)دا لەلایەن هێزەكانی ئەمریكاوە دەستگیركرا. فەریقی روكنی هێزی تایبەت غائیب ئەحمەد غائیب، جێگری فەرماندەی فەیلەقی (1). (عەمید روكن عەبدولقادر ئەلدوری، بەڕێوەبەری هۆبەی ئەمنی سەربازی فەیلەقی (1). لیوا روكن نزهان خەلیل ئیبراهیم ئەلجەعفەری، ئەفسەری روكن لە هۆبەی ئەمنی ناوەخۆی فەیلەقی (1). عەمید روكن فائیق عزەددین، ئەفسەری روكن لە هۆبەی ئەمنی ناوەخۆی فەیلەقی (1). عەمید روكن سەبار مستەفا عەبدوڵڵا، ئەفسەری روكن لە هۆبەی ئەمنی ناوەخۆی فەیلەقی (1)، عەمیدی روكن عەلی عەزیز ئەلفەدعەم،

ئەفسەری روكن لە هۆبەی ئەمنی ناوەخۆی فەیلەقی (1)، ئەو پێنج ئەفسەرە نوێنەری فەیلەق بوون بۆ گوللە بارانكردنی هاوولاتیانی كورد). عەمید روكن عەلی عەزیز ئەلفەدعەم، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی ئەندامێتی لە تیمی گوللەبارانكردن هەروەها بەشداریكردنی لە شاڵاوی ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (77)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان. عەمیدی روكن عەلی حوسێن سەفار، سەرۆكی ئەركانی فەرماندەیی جەحافیلی جاشە سووكەكانی (1). عەمید روكن رافع سەعدون زەنون، فەرماندەی فەرماندەیی بارەگاكانی فەیلەقی (1)، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی كارای لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (56)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان. عەمیدی روكن مزهر عەبد مەهدی، سەرۆكی ئەركانی جەحافیلی سووكی (1). عەقید روكنی پیادە عەلی حەسەن عەلی، سەرۆكی ئەركانی فەیلەقی (1). عەقید روكن ئەحمەد حەسەن عوبێد (موسڵ – گەیارە)، سەرۆكی ئەركانی فەیلەقی یەك لەماوەی نێوان (8.7.1988-20.6.1989)دا. عەقید روكن حوسێن حەمزە خەلیل شەبەك، ئەفسەری هەواڵگری سەربازی و نوێنەری فەیلەقی (1) بۆ گوللە بارانكردنی هاووڵاتیانی بێتاوانی كورد. لیوا روكن خالید ئەلجبوری، سەرۆكی دەستەی هەواڵگری سەربازی لە فەیلەقی (1). لیوا روكن قوسەی، ئەندامی دەستەی هەواڵگری سەربازی لە فەیلەقی (1). عەمید موعتەمەد نعمەت حەمەد ئەلتكریتی، سەربە دەزگای هەواڵگری سەربازی فەیلەقی (1). عەقید سەعد حاجی حوسێن ئەلبەیاتی، ئەفسەری ئیستخبارات لە فەیلەقی یەك، لە مانگی ئاب و ئەیلولی ساڵی (2008)دا لەگەڵ ئەو هێزەی سوپای نوێی شۆڤێنی عارەبی ئێراقی هات بۆ شاری خانەقین و دەوروبەری. رائیدی (تەموین و نەقل) غازی مجبل خەڵەف، سەربە (تەموینو نەقلی فل/1)، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (27)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان.

لیوا روكن مەحمود فەیزی محەمەد ئەلهەزاع، فەرماندەی فەیلەقی یەك بووە لەكاتی راپەڕینی (7.3.1991)ی شاری سلێمانی و هێرش كردنەوەی هێزەكانی بەناو سوپای بەعس لەكاتی كۆچڕەودا. فەیلەقی یەك بارەگاكەی لەناو شاری كەركوك بووە، هەروەها لەو تیپانە (فرقانە) پێكدەهات:

1. تیپی پیادە (فرقة مشاة)ی (2)ی ناسراو بە (هێزەکانی خالید بن وەلید) کە بارەگاکەی لە قەرەهەنجیر بوو، عەمیدی روکن عەدنان ناجی حەبیب تاوەکو کۆتایی نیسانی ساڵی (1988) فەرماندەی ئەو تیپە بووەو، دواتریش عەمیدی روکن عەبدولمەجید عەباس وەهەیب فەرماندەی تیپەکە بوو، تیپی پیادەی (2) پێکدەهات لە: (لیوای پیادەی (2)، لیوای پیادەی (4) کە کەتیبەی تانکەکانی (7)ی نیسان سەر بەو لیوایە بووە، لەگەڵ لیوای پیادەی (36)، کە موقەدەم روکن حوسێن عەلی حەمید، فەرماندەی لیوای ناوبراو بووە. عەمید روکن عەبدولمەجید عەباس وەهەیب، فەرماندەی تیپی دووی پیادە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (75)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.
2. تیپی پیادەی ئالی (5)ی ناسراو بە (هێزەکانی محەمەد قاسم)، کە فەرماندەکەی عەمید روکن مەحمود فەیزی محەمەد ئەلهەزاع بووە – سەرچاوە: (جریدة الثورة، ژمارە (6592)، رۆژی سێشەممە، ریکەوتی (14.6.1988)، ل11). بارەگای ئەم تیپە لە دارەمان بوو، پێکدەهات لە: (لیوای پیادەی ئالی (15) کە کەتیبەی تانکەکانی (5) سەر بەو لیوایە بوو، لیوای پیادەی ئالی (20) کە کەتیبەی تانکەکانی (10) سەر بەو لیوایە بوو، لیوای زرێپۆشی (26) کە ئەویش پێکدەهات لە (کەتیبەی تانکەکانی حەسەن، حوسێن، عەلی و پۆلی پیادەی ئالی 7). عەمید روکن مەحمود فەیزی محەمەد ئەلهەزاع، بەگوێرەی رۆژنامە (الثورة)، ژمارە (6698)، رۆژی چوارشەممە، ریکەوتی (28.9.1988)، فەرماندەی تیپی زرێپۆشی (10)یە، کە پێدەچێت گواسترابێتەوە. مەحمود فەیزی ئەلهەزاع بە پلەی لیوا روکن لەساڵانی (1990-1991)دا فەرماندەی فەیلەقی یەک بووە.
3. تیپی پیادەی (8)ی ناسراو بە (هێزەکانی موسەنا)، فەرماندەکەی عەمید روکن ناتق شاکر مەحمود ئەحمەد ئەلعوبەیدی برای (سەعدون شاکر مەحمود ئەحمەد ئەلعوبەیدی) ئەندامی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی

شۆڕش. بارەگاكەی ئەو تیپە لە تۆپزاوە بوو، هەروەها پێكدەهات لە: (لیوای پیادەی (22)، لیوای پیادەی (44) و لیوای پیادەی (48) كە پێكدەهات لە (سێ فەوج و كەتیبەی تانكەكانی ئەبو عوبەیدە و پۆلی كۆماندۆی سەربە تیپەكە).

4. تیپی پیادەی (27)ی ناسراو بە فەرماندەیی هێزەكانی سدیق (قیادة قوات صدیق)، كە فەرماندەكەی (عەقیدی روكن سەباح نوری عەلوان ئەلعجیلی) بوو، لیوای (119) سەر بەو تیپە بوو. موقەدەم سەلمان عەبدولحەسەن، فەرماندەی فەوجی كۆماندۆی سەربە تیپی (27) بووە. فەرماندەی ئەو فرقەیە عەقید روكن سەباح نوری عەلوان ئەلعجیلی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (71)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواكراوەكان دراوەتێ.
5. تیپی پیادەی (28)، كە بارەگاكەی لە فڕۆكەخانەی (الصدیق)ی خورماتوو بوو، فەرماندەكەی (لیوا روكن ئەحمەد حەسەن ئەلعوبەیدی) بوو. رائیدی پیادە عەبدولسەتار حوسێن عەبد/عەبۆ ئەلحەمیری، جێگری فەرماندەی فەوجی یەكەمی لیوای (705)ی سەر بەو تیپە بووە.
6. تیپی (37)، ناسراو بە فەرماندەیی هێزەكانی ئەجنادین (قیادة قوات أجنادین)، كە فەرماندەكەی عەمیدی روكن ئیبراهیم خەلیل ئیبراهیم بووەو، پێكدەهات لە لیواكانی (19، 91، 452). عەقیدی پیادە فەوزی جەواد هادی، فەرماندەی لیوای (19) بووەو، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (42)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان. فەرماندەی فرقەی ناوبراو لە سەرەوەدا، عەمید روكن ئیبراهیم خەلیل ئیبراهیم، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (67)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان.
7. تیپی پیادەی (38) ناسراو بە (هێزەكانی عومەر بن عەبدولعەزیز) كە فەرماندەكەی عەمیدی روكن عەبدولئەمیر عەلوان حوسێن بوو. تیپی

ناوبراو بارەگاکەی لە لەیلان بوو، هەروەها پێکدەهات لە: (لیوای پیادەی (130)، لیوای پیادەی (847) لیوای پیادەی (848) تانکەکانی ژمارە (385)و پۆلی کۆماندۆی سەربە تیپەکە. رائید ئەحمەد حەسەن مستەفا، ئەفسەری هەواڵگری سەرکردایەتی تیپی پیادەی (هێزەکانی عومەر بن عەبدولعەزیز)، کە لە ئەنفالی (8)ی بادینان لە گوندی (کەندک)دا نۆزدە هاووڵاتی بێتاوانی ئەو گوندەی گوللە باران کردووە – سەرچاوە: (چاک چەند بەڵگەیەک لەسەر وەفیق سامەڕایی بڵاودەکاتەوە، رۆژی چوارشەممە، ریکەوتی (28.5.2008)، ماڵپەڕی چاک نیوز). فەرماندەی ئەو تیپە عەمید روکن عەبدولئەمیر عەلوان حوسێن، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی کارای لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (73)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

8. تیپی پیادەی (39)، ناسراو بە (هێزەکانی شەرحەبیل بن حەسنا)، کە فەرماندەکەی (لیوا روکن عەلی محەمەد ئەلشەلال – شیعە) بوو، دواتر کرا بە فەرماندەی فەیلەقی (5) لە هەولێرو تا راپەڕین مایەوەو دواتریش کرا بە فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی سنوور. تیپی (38) میوان بوو بەسەر ئەو فەیلەقە. یەکێک لە لیواکانی لیوای (75)ی زرێپۆش بوو. لیوا روکن عەلی محەمەد ئەلشەلال، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی کارای خۆی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (95)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. لیوا روکن عەلی محەمەد شەلال، لە پاداشتی سەرکردایەتی کردنی هێزەکانی بەعس بۆسەر کوردستان، بە بڕیاری (329)ی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە رێکەوتی (2.9.1991)دا وسامی ئوم ئەلمەعارک پلە دوو و سێ مەدالیای بەناو ئازایەتی لە سەدامی دیکتاتۆر وەرگرتووە (العقيد الركن أحمد الزبيدي، أزمة القيادة في العراق، ل143).

9. فەرماندەی هێزەکانی تیپی (42)، کە عەمیدی روکن ئەیاد شەعبان رەمزی فەرماندەی ئەو تیپە بووە. عەمید روکن ئەیاد شەعبان رەمزی،

لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (98)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. پێشتر عەمیدی روکن عەلی حوسێن عوبێد، فەرمانەدەی تیپی ناوبراو بووە.

10. فەرماندەی هێزەکانی تیپی (43)، ناسراو بە هێزەکانی موغیر بن شوعەیب (قیادة قوات مغير بن شعيب)، عەمیدی روکن عەلی حوسێن عوەید ئەلمەلکاوی لە نێوان ساڵانی (1987–1988)دا، فەرماندەی تیپی (43) بووە. تیپی ناوبراو لە هەڵەبجە بووە، بەڵام ئەو تیپە بە تەواوی فەرماندە، ئەفسەرو سەربازەکانی لە رۆژی (15.3.1988)دا لە ناو شارۆچکەی هەڵەبجە خۆیاندا بەدەست هێزەکانی ئێرانەوە.
11. تیپی پیادەی (44)، کە فەرماندەکەی (لیوا روکن غانم سوڵتان عەبدوڵڵا) بووە.
12. تیپی پیادەی (50)ی ناسراو بە هێزەکانی (ئوسامە بن زەید)، کە فەرماندەکەی (عەمیدی روکن زوهێر یونس عەلی) بووەو بارەگاکەی لە تانجەرۆ بوو. عەمیدی روکن ناسر سەعید تۆفیق، فەرماندەی هێزەکانی (50) بوو، دواتر (ناسر سەعید تۆفیق) بە پلەی لیوا روکن لە ساڵی (1991)دا لەدوای راپەڕین کرا بە فەرماندەی فەیلەقی پێنجی هەولێرو، لەکاتی هێرش کردنەوەی سوپای سەدام بۆ سەر کوردستان لەگەڵدا بووەو، لە پاداشتی ئەو هێرشەدا بە بڕیاری (329)ی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس لە رێکەوتی (2.9.1991)دا وسامی ئوم ئەلمەعارک و پێنج مەدالیای بەناو ئازایەتی لە سەدام حوسێنی دیکتاتۆر وەرگرتووە (العقيد الركن أحمد الزبيدي، أزمة القيادة في العراق، ل143). عەمید روکن زوهێر یونس عەلی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (69)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. عەمید روکن ناسر سەعید تۆفیق، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی

دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (82)ی لە لیستی داواكراوەكان دراوەتێ.

13. فەرماندەیی هێزی تایبەتی پارێزگاری بارەگاكانی فەیلەقی یەك، كە فەرماندەكەی (لیوا روكن مونزر ئیبراهیم)و (عەمید روكن عەلاء محەمەد تەها) بوون.

14. فەرماندەیی هێزەكانی جەحفەلی پارێزگاری نیشتمانی یەكەم – امرية جحفل الدفاع الوطني الاول- كە فەرماندەكەی سەرەتا (لیوا روكن ئەیاد خەلیل زەكی محەمەد ئەلبەیاتی)، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی سەرپەرشتیكردنی كارای لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (89)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان. بەڵام ئەو تاوانبارە سەرەتای رووخانی رژێمەكەی سەدام دەستگیركرابوو، كەچی شیعەكان بە پەلەو بەبێ ئەوەی لێكۆڵینەوەی لەگەڵدا بكرێت و بدرێتە دادگا بەریاندا، چونكە لە خۆیان بوو، هەروەها هیچ تاوانێكی بەرامبەر بەوان نەكردبوو. دواتریش (عەمید روكن سەعد شەمسەدین خاڵس) هاتە شوێنەكەی ئەیاد خەلیل زەكی، ئەویش لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی سەرپەرشتیكردنی كارای لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (93)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان. عەمیدی روكن عەلی حوسێن سەفار، سەرۆكی ئەركانی فەرماندەیی جەحفەلی نیشتمانی یەكەم، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (52)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان. عەمیدی روكن مەزهەر عەبد مەهدی، سەرۆكی ئەركانی فەرماندەیی جەحفەلی نیشتمانی یەكەم، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (80)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان. عەقید عەبدولڕەزاق حەمید محەمەد، سەربە (م ا م ق ق جح د و/1)، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی

دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (36)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. عەقیدی (مدم) حوسێن محەمەد حەسەن، سەربە بارەگای (مدم ق ق جح د و/1)، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (39)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. عەمید سەمیر تۆفیق فەتحی، فەرماندەی (ت ن ق ق جح د و/1)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداری لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (57)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. موقەدەم حەسەن ئەحمەد عەبدوڵڵا، فەرماندەی (دجققجح دو/1)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی کارای لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (129)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. موقەدەم زاری عەبدولکەریم هادی (ئەفسەری ئەمن لە (ققجح دو/1)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (132)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

15. فەرماندەیی هێزەکانی پارێزگاری نەوتی ناسراو بە (قیادة قوات العابد الحرس الجمهوري)، عەمیدی روکنی هێزەکانی تایبەت بارەق عەبدوڵڵا ئەلحاج ئەلحنتە، فەرماندەی هێزەکانی پارێزگاری نەوت بوو. ئەو تیپە بارەگاکەی لە سەربازگەی خالید (معسکر الخالد) بووەو پێکدەهات لە لیواکانی پیادەی ئالی (38+39+40+ چەندین کەتیبەی جۆراو جۆر). لیوای پیادەی (40) پێکدەهات لە کەتیبەی تانکەکانی (66+67+68). عەمیدی روکنی هێزەکانی تایبەت بارەق عەبدوڵڵا ئەلحاج ئەلحنتە سوێرەیی، بەگوێرەی رۆژنامەی العراق، ژمارە (3905)ی دووشەممە، رێکەوتی (21.11.1988)، دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی (کورد کوشتنی) لە پاداشتی شاڵاوی ئەنفالی سێ و چواردا لە دیکتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە. جێگرەکانی عەمید بارەق عەبدوڵڵا (1) بریتیبوون

له (عەقید روکن فوئاد حوسێن عەلی) و (موقەدەم هاشم کامل مەحمود- کە لە راپەڕین کورە ئازاکانی بابەگوڕگوڕ بەسزای رەوای خۆیان گەیاند لە تۆڵەی ئەنفالکردنی کوردو دەستدرێژی کردنە سەر چەندین کچ و ژنی کورد، یەکێک لەو ژنانە ئەو ژنەیە بوو کە موقەدەم هاشم بۆخۆی بردوویەتی و، نووسەر عارف قوربانی لە لاپەڕە (45)ی پەرتووکی (شایەتحاڵەکانی ئەنفال)دا ئاماژەی پێکردووە، کە ژنەکە لە ترسی ئابڕووچوونی خۆی و بۆئەوەی ئەتک نەکرێت لەلایەن ئەو دڕندەیەوە، لەسەر پردێکەوە خۆی و منداڵەکەی فڕێ داوەتە ناو رووبارێک و هەردووکیان خنکاون). یەکێک لە یەکەکانی ئەو هێزە بەناوی یەکەی (وحدة 9087) بووە. ئەو فەرماندەییە لەکاتی ئەنفالەکاندا خرایە ژێر سەرکردایەتی فەیلەقی یەک، ئەگینا پێشتر راستەوخۆ سەربە دەزگای پاراستنی نەوت بوو. عەمیدی روکن ئیسماعیل عەبدولقادر ئەلجبوری، فەرماندەی فەرماندەیی هێزە گەڕۆکەکانی سەربە هێزی پاراستنی نەوت بووە. موقەدەمی روکن جاسم عیسا حەمید، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی هێزە گەڕۆکەکان و ئەفسەری هەواڵگری سەربە هێزی پاراستنی نەوت، کە لەگەڵ (بارەق عەبدوڵڵا)دا بەشداری کوشتارەکانی ئەنفالیان کردووەو، لە رۆژی (11.10.1988)دا بە گوللەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کۆپتەرەکەیان پێکراوەو هەردووکیان بریندار بووینە.

16. تیپی (57)ی پیادە، کە بارەگاکەی لە لەیلان بوو. ئەو تیپە پێکدەهات لە لیواکانی پیادەی (125+126+127).

(1)- عەمید روکن بارەق عەبدوڵڵا حاج ئەلحنتە، عارەبێکی شیعەی خەڵکی سوێرە بوو، یەکێک بوو لە دڕندەترین تاوانبارانی ئەنفال، لەکاتی شەڕی کوێت پلەکەی لیوا روکن و سەرۆکی ئەرکانی هێزەکانی کەنداوی عارەبی (قوات الخليج العربي)ی سەربە پاسەوانی تایبەتی (الحرس الخاص) بوو. لەدوای تێکشکانی هێزی سەربازی ئێراق لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، بارەق عەبدوڵڵا لەگەڵ عیسمەت سابیر عومەر فەتحوڵڵا ئەلبەیاتی کە جێگری فەرماندەی هێزەکانی کەنداوی عارەبی (قوات

الخليج العربي) سەربە پاسەوانی تایبەتی (الحرس الخاص) بوو، لە کوێت بڵاوەیان بەهێزەکانی خۆیان داو رایانکرد، هەروەها بە ئاشکرا لای سوپا ئۆباڵی ئەو تێکشکانەیان خستبووە ئەستۆی سەدام و جنێوی زۆریان بە سەدام دابوو. دوای گەڕانەوەیان بۆ بەغدا سەدام لە سەرەتادا دەستی لێنەدان، لەبەرئەوەی پێویستی پێیان هەبوو، بەڵکو لەگەڵ هێزێکی گەورە بۆ کوردستانی ناردن، دوای گرتنەوەی شارە گەورەکانی کوردستان و دەستپێکردنی گفتوگۆی بەرەی کوردستانیو رژێم، سەدام هەردووکیانی بەناوی خەڵاتکردن بانگکردەوە بۆ بەغداو هەردووکیانی بەتاوانی جێبەجێ نەکردنی فەرمانەکانی ئەوو کشانەوەیان لە کوێت بەبێ هیچ بڕیارێکی سەرکردایەتی و پاساوێک بۆ کشانەوەیان کوشت.









# فەیلەقی دووی ناسراو بە (هێزەکانی یەرموک)

فەرماندەکانی فەیلەقی دوو لەکاتی ئەنفالەکاندا (لیوا روکن یالچین عومەر عادل – کەرکوک موسەڵڵا، ساڵی (1990) بە پلەی فەریق روکن کرا بە فەرماندەی هێزەکانی گاردی کۆماری)، لیوا روکن عەبدولواحید شنان ئالڕبات ئەلسەماوی (شیعە)، ماوەیەک فەرماندەی فەیلەقی دوو بووە، دواتر گواستراوەتەوە بۆ سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان. فەریقی روکن سەڵاح عەبود مەحمود جاسم ئەلجبوری (فەلوجەیی) تاوەکو رێکەوتی (1.4.1988)و دواتر لە رۆژی (2.4.1988)ەوە تا کۆتایی ئەنفالەکان لیوا روکن کامیل ساجت عەزیز ئەلجەنابی بووە. عەقیدی روکن رەعد عەبد عۆن، لە دەستەی هەواڵگری فەیلەقی دوو بووە. فەیلەقی دوو بارەگاکەی لە (مەنسوریە)ی دیالە بوو، کامل ساجت لە سەرەتای ساڵی (1998)دا کاتێک کە بە پلەی فەریق روکن کرابوو بە راوێژکاری سەربازی سەرۆک کۆمار، لەلایەن سەدام حوسێنەوە بڕیاری لە سێدارە دانی بۆ دەرچوو بەتاوانی ئەوەی کە نامەیەکی لە ئۆپۆزسیۆنی ئێراقییەوە بەدەست گەیشتبوو، کەچی سەدامی لێ ئاگادار نەکردبووەوە، بۆیە قوسەی کوڕە بچووکی سەدام لە رۆژی (16.12.1998)دا کوشتی. هەروەها فەیلەقی دوو لەو تیپانە پێکدەهات:

1. تیپی زرێپۆشی (3)ی ناسراو بە (هێزەکانی سەڵاحەدین)، فەرماندەکەی عەمید روکن تاهیر عەبدولڕەشید بووە - سەرچاوە: (الثورة، (5717)، یەکشەممە، رێکەوتی (7.3.1988)، ل14). بەپێی لاپەڕە (1)ی رۆژنامەی (العراق)، ژمارە (3806)، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (24.7.1988) و رۆژنامەی (الثورة، (6632)، یەکشەممە، رێکەوتی (24.7.1988)، ل4)دا، رۆژی پێشتر عەمید روکن تاهیر عەبدولڕەشید (واتە 23.7.1988) بە کارەساتی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە مردووە. ئەم تیپە پێکدەهات لە: (لیوای زرێپۆشی (6)، کە بریتیبوو لە (کەتیبەی تانکەکانی خالید (عەمید روکن یوسف/رومادی)، کەتیبەی تانکەکانی شەداد، کەتیبەی تانکەکانی مقداد، کەتیبەی تانکەکانی یەرموک و فەوجی پیادەی ئالی (6)، لیوای پیادەی ئالی (8)، کە کەتیبەی تانکەکانی (3) سەر بەو لیوایە بووە،

هەروەها لیوای زرێپۆشی (12)ش سەر بەو تیپە بووە كە پێكدەهات لە (كەتیبەی تانكەكانی قادسیە، كەتیبەی تانكەكانی قوتەیبە، كەتیبەی تانكەكانی موعتەسەم و فەوجی پیادەی (12).

2. تیپی پیادەی (15)ی ناسراو بە (هێزەكانی فاروق) كە فەرماندەكەی لیوا روكن داود سەلمان ئەلجبوری بووە لە ساڵی (1986)داو، لەكاتی ئەنفالەكاندا عەمید روكن قەیس عەبدولڕەزاق محەمەد جەواد ئەلئەعزەمی (ئەبو محب) بووە. دواتر كراوە بە فەرماندەی تیپی (7)ی زرێپۆش - سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6698)، رۆژی چوارشەممە، رێكەوتی (28.9.1988)، ل4). تیپی (15)ی پیادە پێكدەهات لە: (لیوای پیادەی (76)، لیوای پیادەی (104) و لیوای پیادەی (432)، كە فەرماندەی لیواكە عەمید روكن عومران و بارەگاكەی لە كەلار بووە، هەروەها كەتیبەی تانكەكانی نەهاوەند سەر بەو لیوایە بووە، هەروەها لیوای پیادەی (436).

3. تیپی پیادەی (21)ی بنكە لە قەڵای قۆرەتوو، كە فەرماندەكەی سەرەتا (عەقید روكن غالیب حامد سلێمان بووە، بەڵام بە برینداربوونی ئەو لە شەڕی شێخ تەویل لە رێكەوتی (18.4.1988)دا، عەقید عەبدولئیللا حامد ئەلعەناز موسڵاوی جێگەی ئەوی گرتەوە، كە پێشتر لە ساڵی (1985-1986) ئەمینداری نهێنی لقی عەمورییەی عەسكەری حزبی بەعسی عارەبی سۆسیالیست بووە لە هەولێر، لەدوای راپەڕینیش كرا بە پارێزگاری زیقار – سەرچاوە: (العمید الركن نجیب مصطفی الصالحي، الزلزال، ص183). بەگوێرەی نووسراوی بنكەی هەواڵگری كەلار، ژمارە (ق679/2/2)، رێكەوتی (18.4.1988) بۆ رێكخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات، باسی برینداربوونی عەقید غالیب حامد سلێمان دەكات – سەرچاوە: (سەرچاوەی یەک، بەشی 25، ل5592). یەكێک لە لیواكانی ئەو تیپە لیوای (206)ی سارية الجبل بوو، كە فەرماندەی لیواكەی عەقید روكن یاسین فەلەستینی بوو. عەقید روكن هانی موسڵاوی ئەفسەری هەواڵگری (ئیستخبارات)و نەقیب عەلی عناد ئەلنەمراوی بەرپرسی ئەمنی تیپ (فرقة) بوون، كە ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی بێتاوانی گەرمیانیان

بەدەستی خۆیان گوللەبارانکردووە. عەقید عەبدولئیلا حامد ئەلعەناز، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی کارای لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (72)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

4. تیپی پیادەی (34)ی ناسراو بە (هێزەکانی حارس – قوات حارث)، کە لیوا روکن شاکر شالی فەرماندەی تیپەکە بووە. ئەو تیپە پێکدەهات لە (لیوای پیادەی (90) کە بارەگای فەوجی چواری لیوای (90) لە شارۆچکەی سەنگاو بووە، لیوای پیادەی (502)، لیوای پیادەی (504) و کەتیبەی تانکەکانی حارس.
5. تیپی زرێپۆشی (71)، ئەو تیپە سەربە فەیلەقی چوار بوو، بارەگاکەی لە (بوسێتێن)ی ناو ئێران بوو، بەڵام لەکاتی ئەنفالەکاندا هاتنە سەر فەیلەقی دوو.







كامل ساجت الجنابي



# فەیلەقی سێی ناسراو بە (فەرماندەیی هێزەکانی قادسیە)

لیوا روکن سەلاح عەبود مەحمود جاسم ئەلجبوری (رومادی) فەرماندەی فەیلەق بووە لەکاتی شالاوی ئەنفالەکاندا. بارەگای ئەو فەیلەقە لە شاری بەسرای باشووری ئێراق بووە، هەروەها فەیلەقەکە لەو تیپانە پێکدەهات:

1. لیوای هێزی تایبەتی (3) کە لیوای پارێزگاری بارەگاکانی فەیلەقەو لەو هێزانە پێکدەهات : (لیوای کۆماندۆی (1)، فەرماندەیی (بن غەزوان) کە پێکدەهات لە (فەوجی دووی (ئەلموستەقبەل) و (فەوجی تەواری سەربازی).
2. تیپی زرێپۆشی (6)، کە بە هێزەکانی (سەعد بن ئەبی وەقاس) ناسرابوو، فەرماندەکەی عەمیدی روکن نۆفل ئیسماعیل خزەیر – سەرچاوە: (العراق، ژمارە (3755)، پێنجشەممە، رێکەوتی (21.5.1988)، ل2). دواتریش عەمیدی روکن حوسێن حەسەن عەدای ئەلسەلمانی بووە – سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6698)، رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (28.9.1988)، ل4). ئەم تیپە لەو هێزانە پێکدەهات: (هێزی گەڕۆکی یەکەکانی (6204) و (3723)، لیوای زرێپۆشی (16) کە فەرماندەکەی عەمید روکن سابت سوڵتان تکریتی بوو (عەمید روکن سابت سوڵتان تکریتی کە پێشتر یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو بە پلەی فەریق روکن، بەلام سەدام لە تەموزی (1987)دا پلەکەی نزمکردەوە بۆ عەمید روکن، چونکە لە یانەیەکی شەوانی کەرکوک باسی ئەوەیکردبوو کە عەلی حەسەن مەجید رەئیس عورەفاو حوسێن کامل مەجید عەریف بووینە)، دواتر لە ساڵی (1993)دا لە یەکێک لە شەقامەکانی بەغدا لە لایەن ئەمنی تایبەتی قوسەی کوڕی سەدام حوسێن رفێنراو تەرمەکەی لە باشووری شاری بەغدا دۆزرایەوە)، لیوای پیادەی ئالی (25) کە پێکدەهات لە سێ فەوجی پیادەی ئالی + کەتیبەی تانکەکانی (6)، لیوای زرێپۆشی (30) کە پێکدەهات لە (کەتیبەی تانکەکانی تاریق، شەرحەبیل، موسەناو فەوجی ئالی (5)، لیوای زرێپۆشی (70)ی پێکهاتەی (ئەلزیب) کە فەرماندەکەی عەمید

روکن وەتبان/ خەڵکی رومادی بووەو جێگری فەرماندەی لیواکە عەقید روکن فوئاد گەیلانی بووە، لیواکە پێکدەهات لە (کەتیبەی تانکەکانی ئەلحەکەم، ئەلئیخلاس، ئەحفاد فاروق و فەوجی پیادەی ئالی (18). ئەو تیپە سەربە فەیلەقی (7) بوو، بەڵام میوان بوو لەسەر ئەو فەیلەقە.

3. تیپی پیادەی (11)ی ناسراو بە (هێزەکانی مقداد)، فەرماندەکەی عەمیدی روکن سامی عەباس مجوەل - سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6698)، رۆژی چوارشەممە، ریکەوتی (28.9.1988)، ل4). ئەم تیپەکە پێکدەهات لە (لیوای پیادەی (23)، لیوای پیادەی (45)، لیوای پیادەی (47) کە بریتیبوو لە سێ فەوج لەگەڵ کەتیبەی تانکەکانی (21)، هەروەها سریەی (1)ی پشتیوانی لیوای پیادەی (45).

4. تیپی پیادەی (29)، عەمید روکن عەبدولجەلیل عەبدولحەمید موحسین ئەلحەیدەری، فەرماندەی تیپی پیادەی (29) - سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6698)، رۆژی چوارشەممە، ریکەوتی (28.9.1988)، ل4). ئەو هێزەی لەکاتی ئەنفالی هەشتدا لە رێکەوتی (28.8.1988)دا کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێی بادینانی ئەنجامداوەو، (33) هاووڵاتی بێتاوانی ئەو گوندەیان گوللە باران کردووە، کە (28) هاووڵاتی کورد گیانیان لە دەستداو (5)یشیان بە برینداری رزگاریان بووە، هێزەکانی سەربە تیپی (29)ی عەمید روکن عەبدولجەلیل عەبدولحەمید موحسین ئەلحەیدەری بووە - سەرچاوە: رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ/ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئێراق و تاوانی جینۆساید شاڵاوی ئەنفال دژی کورد، ل204). هەر بەگوێرەی نووسراوی فەرمی فەیلەقی پێنج ژمارە (ج2/2422)ی کە لە رێکەوتی (25.12.1988)دا لەژێرناوی (شیکردنەوەی جەنگی دوا ئەنفال – تحلیل معرکة خاتمة الانفال)دا بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا نێردراوە، گۆڕەپانی شەڕی تیپی (29) لە زاخۆ بەرەو باتوفە و مانگێش بووە، گوندی (کورێمێ)ش سەربە شارۆچکەی مانگێش بووەو تەنیا چوار کیلۆمەترێک دەکەوتە باکووری ئەو شارۆچکەیە. فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمید روکن عەبدولجەلیل عەبدولحەمید موحسین ئەلحەیدەری، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی

دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (74)ی دراوەتێ لە لیستی تاوانبارە داواکراوەکان. بەڵام فەرماندەی تیپی (29)ی پیادە عەمید روکن عەبدولجەلیل عەبدولحەمید موحسین ئەلحەیدەری، لە کاتی راپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی باشووری ئێراقدا لە کۆتایی مانگی دووی ساڵی (1991)دا کەوتە ناو بۆسەیەکی هێزێکی ئێرانی، کە لەناو خاکی ئێراق دایان نابووەوە لەگەڵ خۆیاندا بردیان بۆ ئێران و دوای رووخانی سەدامیش چارەنووسی هەر بە نادیاری مایەوە - سەرچاوە: (العمید الرکن نجیب مصطفی الصالحي، الزلزال، ل162).

5. تیپی پیادەی (32)، ناسراو بە هێزەکانی حەسەن (قیادة قوات الحسن).
6. تیپی پیادەی (41) هێزەکانی عتبە بن غزوان (قیادة قوات عتبة بن غەزوان)، فەرماندەکەی لیوا روکن حەمید شاکر مەحمود - سەرچاوە: (رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6698)ی رۆژی چوارشەممە، ریکەوتی (28.9.1988)، ل4). ئەم تیپە پێکدەهات لە فەوجەکانی (40، 41، 46، 47، 282)ی پارێزگاری ئەرکەکان (دیفاع واجبات) کە زۆربەیان ئەرکی پاراستنی بۆرییە نەوتەکانی ئێراقی لە رومەیلەوەوە بۆ سەر سنوورەکانی کوێت و سعودیە دەگرتە ئەستۆ. لیوا روکن حەمید شاکر مەحمود، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (90)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.
7. تیپی ئالی (51) ناسراو بە (سارية ئەلجەبەل)، کە ئەویش پێکدەهات لە (لیوای پیادەی ئالی (31) کە بریتیبوو لە فەوجەکانی پیادەی ئالی (1 + 2 + 3 + کەتیبەی تانکەکانی (76)، لیوای پیادەی ئالی (32) کە بریتیبوو لە (فەوجی پیادەی ئالی (1) بە ژمارەی یەکەی (18278)، فەوجی پیادەی ئالی (2) بە ژمارەی یەکەی (18279)، فەوجی پیادەی ئالی (3) بەژمارەی یەکەی (18280)و کەتیبەی تانکەکانی (77)، لیوای زرێپۆشی (41) کە بریتیبوو لە کەتیبەی تانکەکانی (78+79+80 و فەوجی پیادەی ئالی (30). رائیدی (مدم) عەلی کرمش حەسەن، فەرماندەی کەتیبەی زرێپۆشی (79) بووە.

# فەیلەقی چواری ناسراو بە (هێزەکانی حەتین)

بارەگاکەی لە شاری عیمارەی باشووری ئێراق بووە. لیوا روکن ئەیاد خەلیل زەکی محەمەد ئەلبەیاتی (شیعە)، فەرماندەی فەیلەقی چوار – (رۆژنامەی (الجمهورية)، ژمارە (6881)، رۆژی چوارشەممە، ریکەوتی (20.7.1988)، ل1، رۆژنامەی (العراق)، ژمارە (3803)ی رۆژی چوارشەممە، ریکەوتی (20.7.1988)، ل14)، رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6628)، چوارشەممە، ریکەوتی (20.7.1988)، ل15). لیوا روکن ئەیاد خەلیل زەکی تاوەکو ساڵی (1991) بەردەوام بوو لەو پۆستەدا، دواتر لیوا روکن ئەحمەد حەسەن عوبێد ئەلجبوری کرا بە فەرماندەی ئەو فەیلەقە و تا کۆتایی ئەو ساڵە مایەوە، پاشان لیوا روکن سەباح ئیسماعیل فەرحان ئەلتکریتی کرا بە فەرماندەی فەیلەقی چوار و لە ساڵی (1992)دا کرا بە فەرماندەی هێزەکانی سنوور، کەچی لەو ساڵەدا گیراو دوو سێ ساڵێک لە زیندان مایەوە و دواتر لە ساڵی (1995)دا ئازادکراو دووبارە کرایەوە بە فەرماندەی فەیلەقی چوار تاوەکو لە ساڵی (1996)دا بە کارەساتی ئۆتۆمۆبێل مرد. فەیلەقی چوار لەو تیپانە پێکدەهات:

1. تیپی زرێپۆشی (10) ناسراو بە (فەرماندەیی هێزەکانی نەسر – قیادة قوات النصر)، کە فەرماندەکەی سەرەتا (عەمید روکن خالید ئەحمەد ئیبراهیم ئەلدلێمی)و دواتریش (عەمید روکن مەحمود فەیزی محەمەد ئەلهەزاع) بووە – سەرچاوە: (رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6698)ی رۆژی چوارشەممە، ریکەوتی (28.9.1988)، ل4)، هەروەها یارمەتیدەری فەرماندەی ئەو تیپە عەقید غەسان حەمود بوو. ئەو تیپە لە لیواکانی (لیوای زرێپۆشی (17) کە بریتیبوو لە (کەتیبەی تانکەکانی حەمادی شەهاب + کەتیبەی تانکەکانی 14ی تەموز + کەتیبەی تانکەکانی 30ی تەموز + فەوجی پیادەی ئالی 6)، لیوای پیادەی ئالی (24) کە بریتیبوو لە (سێ فەوجی پیادەی ئالی و کەتیبەی تانکەکانی یەکی حوزەیران)، لیوای زرێپۆشی (42) کە بریتیبوو لە (کەتیبەی تانکەکانی بەعس، یافا و سەدام)و فەوجی ئالی (9) پێکدەهات.

2. تیپی پیادەی (14)ی ناسراو بە (هێزەکانی هەمزە)، کە فەرماندەکەی لە ساڵی (1986)دا عەمیدی روکن ناتق مەنزور بووە، بەڵام لەکاتی ئەنفالەکانداو لە ساڵانی (1987-1988)دا روون نییە کە هەر خۆی بووە یان ئەفسەرێکی تر! ئەو تیپە پێکدەهات لە لیواکانی (لیوای پیادەی (14) کە ئەو ئەفسەرانە سەر بەو لیوایە بووینە (نەقیب غەزبان موراد، لە بارەگای لیوا، نەقیب مەزهەر جەمیل ئەمین، لە بارەگای لیوا، مولازمی یەکەمی پیادە جومعە کەریم و مولازمی پیادە جەبار کازم لە لیوای ناوبراو و مولازمی تەموین و گواستنەوە مازن عەلی حوسێن، لە پۆلی (1)ی لیوای ناوبراو). لیوای پیادەی (18) کە فەرماندەکەی عەقید عەبدوڵڵا حەمدان حوسێن بووە، لەگەڵ لیوای پیادەی (436) کە بریتیبوو لە (سێ فەوج + کەتیبەی تانکەکانی 73+ فەوجی کۆماندۆی تیپەکە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە لیوای (18)ی ئەو تیپە بەشێوەیەکی فراوان بەشداری ئەنفالەکانی کردووە. موقەدەم عەباس عەلی حوسێن/ خەڵکی ناسریە، فەرماندەی یەکێک لە لیواکان بووەو بەشداری ئەنفالەکان بووە.
3. تیپی پیادەی (18)ی ناسراو بە (هێزەکانی تارق بن زیاد)، کە فەرماندەکەی عەمید روکن فوئاد بووە. ئەو تیپە پێکدەهات لە لیواکانی (لیوای (95)ی پیادە، لیوای (127)ی پیادە و لیوای (422)ی پیادە کە فەرماندەکەی عەمید روکن ناتق نوری بووە، لەگەڵ لیوای پیادەی (704) کە پێکدەهات لە (سێ فەوج + کەتیبەی تانکەکانی (70). عەقید مسێعید محێیمید، فەرماندەی بارەگای تیپ بووە.
4. تیپی پیادەی (20)، کە لەکاتی ئەنفالەکاندا عەمید روکن محەمەد وەهیب لەتیف، فەرماندەی تیپی ناوبراو بووە - سەرچاوە: (رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6698)ی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (28.9.1988)، ل4). لیواکانی (60 + 435) سەر بەو تیپە بوون، موقەدەم روکن رەشید سنجار ئەزلام عۆدە ئەلجبوری فەرمانەدەی لیوای (435) بووە، کە لە رێکەوتی (30.11.1987)دا گواستراوەتەوە بۆ ئەو لیوایە. موقەدەم روکن رەشید سنجار ئەزلام عۆدە ئەلجبوری لە ژیاندا نەماوە.

5. فەرماندەیی هێزی تایبەتی پارێزگاری بارەگاکانی فەیلەق، کە لە لیوایەک لە فەوجەکانی یەکی مغاویر (یەکەی 163988)، فەوجی دووی مغاویر، فەوجی سێی مغاویر (یەکەی 162876)و کەتیبەی تانکەکانی قودس پێکدەهات.

عەقیدی زرێپۆش فاروق محەمەد حەسەن، فەرماندەی لیوای یەکی کۆماندۆی سەربە فەیلەقی (4)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (33)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. عەقیدی پیادە شەهاب ئەحمەد عەلی، فەرماندەی لیوای دووی مغاویرو، عەقیدی پیادە شەهاب ئەحمەد عەلی، فەرماندەی لیوای دووی کۆماندۆ (مغاویر)ی سەربە فەیلەقی (4)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی کارای لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (41)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. رائیدی روکن سادق سەوبەڵڵا محەمەد، لە لیوای دووی کۆماندۆ (مغاویر)ی سەربە فەیلەقی چوار، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە بەهۆی بەشداریکردنی کارای لە ئەنفالەکاندا و، ژمارە (19)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. عەمیدی پیادە عارف حەمید حاتەم، فەرماندەی جەحفەلی چواری بەرگری نیشتمانیی جاشە سووکەکان، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (66)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.



# فەیلەقی پێنجی ناسراو بە (هێزەكانی عەمورییە)

لە سەرەتادا ئەو فەیلەقە ناوی (فەرماندەیی هێزەكانی باكوور) بوو، دواتر بوو بە (هێزەكانی عەمورییە). فەرماندەكانی ئەو فەیلەقە لەكاتی ئەنفالەكاندا بریتی بووینە لە (لیوا روكن تالع خەلیل رەحیم جبوری ئەلدوری تاوەكو (28.6.1987)، لیوا روكن نوعمە فارس حوسێن ئەلمحیاوی تاوەكو (نیسانی 1988)، لیوا روكن فارس نوعمە (كە ئێستاكە لە نەمسا دەژیت و لە ناوەڕاستی ساڵی (2007)دا سكاڵای لەسەر تۆماركراوە كەچی حكومەتی ئێراق هاوكاری ناكات لەپێناو دەركردنی فەرمانی دەستگیركردنی لەلایەن ئینتەرپۆلەوە)، لیوا روكن ئەیاد خەلیل زەكی محەمەد ئەلبەیاتی (لە مانگی نیسان تاوەكو 27.6.1988)، لیوا روكن یونس محەمەد سلێمان ئال زەرب (26.6.1988-24.7.1989). لەكاتی ئەنفالەكاندا (واتە لە ساڵی 1988)دا، عەمید روكن سوبحی فازیل محەمەد، جێگری فەرماندەی فەیلەقی پێنجەم. سەرپەرشتی قۆڵی بنگرد-كانی تووی كردووە لە ئەنفالی یەك. عەمید روكن یونس محەمەد حەماد، جێگری فەرماندەی فەیلەقی پێنجەم، بەشداری ئەنفالەكانی (پێنج، شەش و حەوت)ی كردووە. عەمیدی ئیستخبارات محەمەد مستەفا ئیسماعیل، جێگری فەرماندەی فەیلەقی پێنجەم و ئەفسەر لە هۆبەی ئەمنی ناوخۆی فەیلەق، بەشداری ئەنفالەكانی (5، 6، 7، 8)ی كردووە، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (53)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان. عەقیدی روكن محەمەد ئەحمەد محەمەد ئەلسائغ، جێگری فەرماندەی فەیلەقی پێنجەم. لیوا روكن سەبری حەسەن عەبود، سەرۆكی ئەركانی فەیلەقی پێنجەم. عەمیدی روكن سەبار مستەفا عەبدوڵڵا، لە هۆبەی ئەمنی ناوخۆی فەیلەقی پێنجەم. عەمید روكن غانم ساڵح حەسەن رەبیع ئەلغەراوی فەرماندەی جەحفەلی پێنجی سووكی بەناو بەگری نیشتمانیی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (78)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان. عەمید عوەید خالد عەلی عەبدوللەتیف، جێگری فەرماندەی جەحافیلی سووكی پێنجەم. موقەدەم زاری عەبدولكەریم هادی، جێگری فەرماندەی جەحافیلی سووكی پێنجەم لە (1987)، كە دواتر گواستراوەتەوە بۆ

جەحافیلی سووکی یەکەم و فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە. عەمید زەنون خەلیل تۆفیق موسڵاوی فەرماندەی مەدخەر و تەموینی فەیلەقی پێنج. رائید عەبد عۆن حوسێن، جێگری فەرماندەی جەحافیلی سووکی پێنجەم. رائید عەبد عەزیز حەسەن، جێگری فەرماندەی جەحافیلی سووکی پێنجەم. نەقیب جیاد مەهدی خزر، جێگری فەرماندەی جەحافیلی سووکی پێنجەم. موقەدەم عارف حوسێن محەمەد، سەرپەرشتی قۆڵی ئەزمەڕ-دووبرا-قەیوانی کردووە لە ئەنفالی یەکدا. عەقید کەریم مەحمود خەڵەف، فەرماندەی جەحافیلی سووکی پێنجەم.

دوای لیوا روکن یونس محەمەد سلێمان ئال زەرب، لیوا روکن عەلی محەمەد شەلاڵ کرا بە فەرماندەی فەیلەقی پێنج و تا رۆژی (11.3.1991) مایەوە. لەگەڵ هێرش و هاتنەوەی بەناو سوپای بەعس لە رێکەوتی (31.3.1991)دا بۆسەر شاری هەولێر، لیوا روکن ناسر سەعید تۆفیق وەکو فەرماندەی فەیلەقی پێنج لەگەڵ هێزەکانی سەدام دا هاتەوەو تا رۆژی کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی ئێراق لە کوردستان لە رێکەوتی (26.10.1991)دا ئەو وەکو فەرماندەی ئەو فەیلەقە مایەوە. فەیلەقی پێنج بارەگاکەی لە هەولێر بوو وە لەو تیپانە پێکدەهات:

1. تیپی پیادەی ئالی (1) ناسراو بە (هێزەکانی ئەبوعوبەیدە)، فەرماندەکەی عەمید روکن رافع حەمدون زەنون بووە - سەرچاوە: رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6592)، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (14.6.1988)، ل11). دواتریش عەمیدی روکن سامر سوڵتان ئەحمەد بووە - سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6698)، رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (28.9.1988)، ل4. ئەم تیپە پێکدەهات لە: (لیوای پیادەی ئالی (1)، کە کەتیبەی تانکەکانی ئینتیسار سەر بەو لیوایە بووە، لیوای پیادەی ئالی (27)، کە کەتیبەی تانکەکانی غەرناتە سەر بەو لیوایە بووە، لیوای زرێپۆشی (34)، کە پێکدەهات لە (کەتیبەی تانکەکانی ئەندەلوس، کەتیبەی تانکەکانی ئەشبیلە، کەتیبەی تانکەکانی قرتوبە) و پۆلی پیادەی ئالی (8)یش سەر بەو تیپە بووە.
2. تیپی پیادەی (4) ناسراو بە (هێزەکانی قەعقاع) کە فەرماندەکەی عەمیدی روکن عیسمەت سابیر عومەر فەتحوڵلا ئەلبەیاتی (2) بوو، ئەو تیپە

پێکدەهات لە: (لیوای پیادەی (5)، لیوای پیادەی (29) و لیوای پیادەی (96). عەقید روکنی پیادە عەلی حەسەن عەلی، سەرۆکی ئەرکانی تیپی (4)، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (47)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. عەمید (مدم) حەبیب خزر ئیبراهیم، فەرماندەی (مدم فق 4)، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (63)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. عەقیدی (مدم) فەخری ئەحمەد محەمەد عەلی، فەرماندەی (مدم)ی تیپی (فرقەی 4)، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (40)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. عەمید روکن عیسمەت سابیر عومەر فەتحوڵڵا بەیاتی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (94)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

3. تیپی پیادەی (7)ی ناسراو بە (فەرماندەی هێزەکانی مەنسور – قیادة قوات المنصور) کە فەرماندەکەی عەمیدی روکن سەعد عەبدولهادی محەمەد ساڵح بووە تاوەکو ڕێکەوتی (10.5.1988)، بەڵام لەو ڕێکەوتەدا بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (440)ی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە خزمەتی سەربازی دەرکراوە بەبیانووی ئەوەی کە ئەرکەکانی سەرشانی خۆی بەڕێکی جێبەجێ نەکردووە بەگوێرەی پلانی رزگارکردن لە پرۆسەی رەمەزانی موبارەک و سزانەدانی فەرماندە کەمتەرخەمەکان کە بەشێوەیەکی دروست فەرمانەکانیان جێبەجێ نەکردبوو لە شەڕی رزگارکردنی فاودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6567)، رۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (18.5.1988)، ل1-7). دواتر عەمیدی روکن ئەمیر جاسم حەمۆ فەرماندەی تیپی حەوت بووە - سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6698)، رۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (28.9.1988)، ل4). ئەو تیپە پێکدەهات لە: (لیوای پیادەی (38)، لیوای

پیادەی (39) کە فەرماندەکەی عەقیدی پیادە نزار ئەحمەد شەهاب بووە، لەگەڵ لیوای پیادەی (116) کە کەتیبەی تانکەکانی (9) سەر بەو لیوایە بووە. فەرماندەی ئەو فرقەیە عەمید روکن ئەمیر جاسم حەمۆ، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (68)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

4. تیپی پیادەی (16) ناسراو بە (فەرماندەی هێزەکانی زولفەقار) کە فەرماندەکەی لە ساڵانی (1986–1988)دا عەمیدی روکن عەبد موتڵەق ئەلجبوری بووە (کە لە ساڵی 1992دا بە پازدە ساڵ زیندانی سزادرا لەلایەن سەدام حوسێن-ەوەو دواتر لە ساڵی 1995دا ئازادکرا). بەڵام فەرماندەی ئەو تیپە لە کاتی ئەنفالەکاندا لە ساڵی (1988)دا عەمیدی روکن شامل مەحمود محەمەد بووە. ئەو تیپە پێکدەهات لە: (لیوای پیادەی (108)، لیوای پیادەی (505)، لیوای پیادەی (606)، کەتیبەی تانکەکانی (16).

5. تیپی پیادەی (23)، ناسراو بە هێزەکانی عەباس (قیادة قوات عباس)، جێگری فەرماندەی ئەو تیپە عەمیدی روکن شامل مەحمود محەمەد بوو. عەقید عەلی عەبد غەزال، فەرماندەی تۆپهاوێژی ئەو تیپە بووە، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (38)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. هەروەها عەقیدی روکن سەلاح عەبدوڵڵا حەنتوش (میسان)، ئەفسەری هەواڵگری (ئیستخبارات)ی تیپەکە بووە لەکاتی ئەنفالەکاندا. عەقیدی روکن سەلاح عەبدوڵڵا حەنتوش لە ساڵی (1991)و لەکاتی داگیرکردنی کوێتدا بە پلەی عەمید روکن ئەفسەری روکنی دووەم بووە لە فەرماندەیی فەیلەقی سێ، کەچی لە ساڵی (1993)دا سەدام زیندانیکردو دوای نزیکەی سێ مانگێک لە سێدارەی دا – سەرچاوە: (العمید الرکن نجیب مصطفی الصالحي، الزلزال، ص129+134).

6. تیپی پیادەی (24) ناسراو بە (هێزەکانی موعتەسەم)و فەرماندەکەی لیوا روکن عەبد عۆن نوعمە نسور بوو. لیوای (603) یەکێک بوو لە لیواکانی ئەو تیپەیە، کە فەرماندەکەی عەمید روکن تەها بووە. لەکاتی ئەنفالەکاندا بۆماوەیەک لیوا روکن سەمیر غانم عەبد بووە، کە دایکیشی کورد بووە. لیواکانی (516+522) سەر بەو تیپە بوون. لیوا روکن عەبد عۆن نوعمە نسوری فەرماندەی تیپی (24)ی پیادە، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (83)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.
7. تیپی پیادەی (33)، کە ناسرابوو بە فەرماندەیی هێزەکانی بەدر (قیادة قوات بدر). فەرماندەکەی عەمیدی روکن رەمزی مەحمود عەبدوڵڵا فەتحی ئەلقەیسی بوو (کە بەگوێرەی رۆژنامەی العراق، ژمارە (3905)ی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (21.11.1988)، دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی (کورد کوشتنی) لە پاداشتی ئەنفالی یەک و سێدا لە دیکتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە). عەمید روکنی (مدم) عەتائوڵڵا ئەیوب خەڵەف، سەرۆکی ئەرکانی فرقەی (33)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (79)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. عەمیدی زرێپۆش کامل زێدان خەڵەف، (م1م فق 33)، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (55)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. رائید محەمەد رەشید سوڵتان، فەرماندەی یەکەیەکی سەر بەو تیپە بوو. عەمیدی (مدم) مەتەر محەمەد ساڵح، فەرماندەی (مدم فق 33)، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (64)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. عەمید روکن رەمزی مەحمود عەبدوڵڵا، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی کارای لە ئەنفالەکاندا،

فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (92)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. لیوای (116) سەر بەو تیپە بووە.

8. تیپی پیادەی (36)، کە فەرماندەکەی لیوا روکن عوسام مەحمود بوو، هەروەها جێگرەکەی عەمید محەمەد مستەفا بوو. لیوای (602) سەربە تیپی ناوبراو بووەو فەرماندەکەی عەمید روکن هادی خزەیر شەلال بووە – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە دوو، بەشی دوازدە، ل3392).

9. تیپی پیادەی (45)، فەرماندەکەی سەرەتا عەمید روکن سەباح ئیسماعیل فەرحان تکریتی بوو، عەمید روکن سەباح تکریتی لەساڵی (1992)دا گیراو دوو سێ ساڵ لە زیندان مایەوە. دوای ئازادکردنی لە ساڵی (1995)دا کرا بە فەرماندەی فەیلەقی دوو، کەچی ساڵی دواتر (1996) بە کارەساتی ئۆتۆمۆبێل مرد – سەرچاوە: (العميد الركن نجيب مصطفى الصالحي، الزلزال، ل206). دوای ماوەیەک لە دوای ئەنفالی چواردا فەرماندەی یەکەم لادراوەو عەمید روکن عامر ئەلزوبێدی شوێنەکەی ئەوی گرتۆتەوە، کە رۆڵێکی زۆر خراپی هەبوو لە ناوچەکەدا بەتایبەتی لەکاتی جێبەجێکردنی ئەنفالەکانی پێنج، شەش و حەوتدا، بەتایبەت لە رەشبگیریە گەورەکەی دانیشتوانی بێتاوانی سیڤیل لەناو شارۆچکەی رواندز لە رێکەوتی (15.6.1988)دا، کە خەڵکی لێقەوماوانی هەندێک لە گوندەکانی دەوروبەر پەنایان هێنابوو بۆ شارۆچکەی رەواندز، لەگەڵ دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر کەسی کوردپەروەرو بەهەڵوێستی ئەو شارۆچکەیە – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل126–127). فەرماندەی ئەو فرقەیە عەمید روکن سەباح ئیسماعیل فەرحان تکریتی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (70)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

(2)– عیسمەت سابیر عومەر فەتحوڵڵا ئەلبەیاتی (شیعە)، لەکاتی شەڕی یەکەمی کەنداو بە پلەی لیوا روکن کرابووە جێگری فەریق کامل ساجت عەزیز ئەلجەنابی

فەرماندەی هێزەکانی کەنداوی عارەبی (قوات الخليج العربي) کە سەربە پاسەوانی تایبەتی (الحرس الخاص) بوو لە کوێت. لیوا روکن عیسمەت سابیر عومەر لەگەڵ لیوا روکن بارەق عەبدوڵڵا حاج ئەلحنتە کە ئەویش سەرۆکی ئەرکانی هێزەکانی کەنداوی عارەبی بوو لە کوێت، بڵاوەیان بەهێزەکانی خۆیان کردو رایانکرد، هەروەها بەئاشکرا لەناو سوپادا ئۆباڵی ماڵوێرانی و جەنگیان خستبووە ئەستۆی سەدام و جنێوی زۆریان پێی دابوو. سەرەتا سەدام دەستی لێنەدان، چونکە ئیشی پێیان هەبوو هەروەها کاتەکەی ناسک بوو، بۆیە لەگەڵ هێزێکی گەورە بۆ کوردستانی ناردن‌و شارە گەورەکانی کوردستانیان گرتەوە، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی گفتوگۆی نێوان رژێم و بەرەی کوردستانی، سەدام بەناوی خەڵاتکردن هەردووکیانی بانگکردەوە بۆ بەغداو هەردووکیانی بە تاوانی جێبەجێ نەکردنی فەرمانەکانی سەرکردایەتی و کشانەوەیان لە کوێت بەبێ بڕیاری سەرووی خۆیان کوشت.

## فەیلەقی شەش (فەرماندەیی هێزەکانی خۆرهەڵاتی دیجلە)

ئەو فەیلەقە کەوتبووە رۆژهەڵاتی باشووری ئێراق و لەگەڵ سنووری ئێراق – ئێران درێژ دەبووەوە. فەرماندەی ئەو فەیلەقە (لیوا روکن یالچین عومەر عادل کەرکوکی بووە - سەرچاوە: (الثورة، العدد (6737)، الخمیس، المصادف، (28.6.1988)، ص4). ئەو تیپانەی کە ناسرابن بریتین لە:

1. تیپی (19)ی پیادە، ناسراو بە فەرماندەیی هێزەکانی قوتەیبە (قیادة قوات القتیبة)، کە فەرماندەکەی عەمیدی روکن مەجید مەحمود حوسێن بووە - سەرچاوە: (رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6592)، سێشەممە، رێکەوتی (14.6.1988)، ل11)، کە دواتر بە پلەیەکی نزمتر لە پلەکەی خۆی خانەنشین کراوە لەبەر هۆکاری شکستهێنانی لە سەرکردایەتی کردنی و دڵەڕاوکێی لە شەڕدا – سەرچاوە: (رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6626)، دووشەممە، رێکەوتی (18.7.1988)، ل15). دوای لادانی ئەویان عەمیدی روکن کەنعان مەنسور خەلیل بووە بە فەرماندەی تیپی (19)ی پیادەی ناسراو بە فەرماندەیی هێزەکانی قوتەیبە - سەرچاوە: (رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6698)ی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (28.9.1988)، ل4). ئەو تیپە لە کاتی ئەنفالەکاندا میوانی فەیلەقی سێ بووە.
2. تیپی (25)ی پیادە، ناسراو بە هێزەکانی (موسا بن ئەلنەسیر – قیادة قوات موسی بن النصیر)، کە بارەگاکەی لە (ئەلعوزێر)ی نزیک قوڕنە بوو.
3. تیپی (31)ی پیادە، ناسراو بە (فەرماندەیی هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا – قیادة قوات بدر الکبری)، کە فەرماندەکەی عەمید روکن جاسم زەینەل بوو، هەروەها بارەگای ئەو تیپە لە (قوڕنە) بوو. فەرماندەیی هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا، بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت (قوات الخاصة) عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی سورداش و گوندەکانی (بەرگەلوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن)و دۆڵی جافایەتی واتە ئەنفالی یەکیان کردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە درێژەی قسەکانیدا بۆ هاوکاری دەڵێت: (هاریکاری کردن لەنێوان ئێمەو لەنێوان

فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو ڕێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە دە فەوج بوون - سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (960)، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (24.3.1988)، زکریات محەمەد حەسەن، نێردراوی هاوکاری: یەکەمین کەس بوون گەیشتنە بنکەکانی خاین جەلال تاڵەبانی لە سەرگەڵوو، ل6-7).

عەمیدی هێزی تایبەت نسەیف جاسم حەمادی، فەرماندەی لیوای کۆماندۆی (2)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (61)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

ڕائیدی هێزی تایبەتی (ق. خ) عەبدولحەمزە ئیسماعیل حەمزە، فەرماندەی بەتەریەی تایبەتی (64)ی لیوای کۆماندۆی (2)ی سەربە فەیلەقی (6)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (14)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

## فەیلەقی حەوت (فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەكانی كەنداوی عارەب – قیادة عملیات شط العرب)

سەرەتا ناوی (فەرماندەیی هێزەكانی شەتولعەرەب) بوو، دواتر ناوەكەی گۆڕا بۆ (فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەكانی شەتولعەرەب). بارەگای فەیلەقی حەوت كەوتبووە شارۆچكەی زوبێری باشووری شاری بەسرا، فەرماندەی فەیلەق فەریق روكن ماهر عەبدولڕەشید (فەریق روكن ماهر عەبدولڕەشید محەمەد رەشید ئەلناسری تكریتی) بوو – سەرچاوە: (الثورة، (6544)، دووشەممە، رێكەوتی (25.4.1988)، ل2). لیوا روكن نایف قەسەب جوندیل فەرماندەی تۆپهاوێژی (امر مدفعیة)ی فەیلەقی حەوت بووە. دوای گێڕانەوەی فاو لەلایەن سوپای ئێراق لە (17.4.1988)دا، فەریق ماهر عەبدولڕەشید بۆ هاوكاری هەریەک لە عەلی حەسەن مەجیدو فەریق روكن نزار خەزرەجی هاتە كوردستان و لە نزیكەوە بەشداری نەخشەدانان و جێبەجێكردنی كوشتارەكانی ئەنفالەكانی كردو، لە شوێنی ئەو لیوا روكن حكمەت ئەلدوری بە شێوەیەكی كاتی بە فەرماندەی فەیلەقی حەوت دانرا. ئەو تیپانەی كە لەو فەیلەقە بۆمن ناسرابن بریتین لە:

1. تیپی زرێپۆشی (15)، ناسراو بە هێزەكانی فاروق (قیادة قوات فاروق)، فەرماندەكەی عەمید روكن قەیس عەبدولڕەزاق محەمەد جەواد ئەلئەعزەمی (ئەبو محب) بوو. بارەگای ئەو تیپە لە زوبێر بوو.
2. تیپی زرێپۆشی (17)، ناسراو بە هێزەكانی عەباس (قیادة قوات عباس). موقەدەم سەلمان عەبدولحەسەن، فەرماندەی فەوجی یەكی كۆماندۆی سەربە تیپی (17).
3. تیپی (26)ی پیادە، ناسراو بە هێزەكانی یاسر بن عەمار (قیادة قوات یاسر بن عمار)، كە فەرماندەكەی عەمید روكن ئەمجەد رەشاد چیاد بوو. بارەگای ئەو تیپە لە (مەملەحە – كەنداوی عارەب) بوو.

## تیپە نادیارەکان:

یەکەم: عەمید روکن نەبیل رەحمان ئەحمەد هاشم، فەرماندەی تیپی پیادەی (30) – سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6698)، رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (28.9.1988)، ل4).

دووەم: لیوا روکن محەمەد تاهیر تۆفیق، فەرماندەی فرقەی (35)ی ناسراو بە (قوات موسی بن نصیر). مولازمی یەکەمی پیادە حەلیم حەمید خەلیل، فەرماندەی پۆلی کۆماندۆی (1)ی تیپی (35). لیوا روکن محەمەد تاهیر تۆفیق، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (97)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

سێیەم: عەمید روکنی هێزەکانی تایبەت (قوات الخاصة) دورەید مستەفا شاکر، فەرماندەی فرقەی (40)ی ناسراو بە (موغیر بن شوعەیب)، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (82)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. موقەدەم عەلی موتلەگ موسا کە جێگری فەرماندەی تیپەکە بوو، هەروەها هەرسێ لیوای ئەو تیپە لە ئەنفالی پێنجەمدا بەشدارییان کردووە کە بریتیبوون لەو لیوایانە: (لیوای (76)، بە سەرکردایەتی عەقید عەلی شاکر رەزا، لیوای (82)، بە سەرکردایەتی عەقید ئەفریم خدر داودو لیوای (98)، بە سەرپەرشتی نەقیب محەمەد رەزا جەواد.

چوارەم: عەمید روکن عەلی ئەحمەد محەمەد ساڵح، فەرماندەی فرقەی (46)، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (76)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

پێنجەم: تیپی (47)، فەرماندەی ئەو تیپە عەمید روکن حوسێن بووەو بارەگاکەی لەلای عەربەت بووە.

## فەیلەقی یەکی تایبەت (فیلق الأول الخاص):

فەریقی روکن سەعدی توعمە عەباس ئەلجبوری (شیعە)، فەرماندەی فەیلەقی یەکی تایبەت (قائد الفیلق الاول الخاص). فەیلەقی یەکی تایبەت ناسرابوو بە (قوات الله أکبر) - سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6698)، رۆژی چوارشەممە، ریکەوتی (28.9.1988)، ل4).

لیوا روکن سەلمان شوجاع سوڵتان، فەرماندەی فرقەی دووی تایبەت (فەرماندەی هێزەکانی گلگامش – قائد قوات الگلگامش)، کە بەگوێرەی رۆژنامەی (الثورة، ژمارە (6640)، رۆژی دووشەممە، ریکەوتی (1.8.1988)، ل4)، ناوبراو لە ریکەوتی (31.7.1988)دا بەهۆی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەیەک مردووە. بەڵام بەگوێرەی (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6698)، رۆژی چوارشەممە، ریکەوتی (28.9.1988)، ل4)، لیوا روکن سەلمان شوجاع سوڵتان لە (معارک التحریر الکبری)دا کوژراوە.

لیوا روکن قیدار محەمەد ساڵح، فەرماندەی فرقەی سێی تایبەت - سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6698)، رۆژی چوارشەممە، ریکەوتی (28.9.1988)، ل4).

عەقید روکن تارق سادق عەبدولحسێن، فەرماندەی لیوایەک بووە لە لیواکانی سەربە فەیلەقی یەکی تایبەت (24.6.1986-30.8.1987).

پۆلی کۆماندۆی (1)ی تیپی (2)ی تایبەت. پۆلی کۆماندۆی (1)ی تیپی (2)ی تایبەت. عەمیدی روکن فوئاد ئیبراهیم محەمەد، فەرماندەی پۆلی (18)ی ئالی لیوای زرێپۆشی (70)ی سەربە فەیلەقی یەکی تایبەت بوو. مولازمی یەکەمی پیادە سەعید حەمید خزەیر، لە پۆلی (18)ی ئالی لیوای زرێپۆشی (70). فەرماندەیی کەتیبەی تانکەکانی کەرامە، سەربە فەیلەقی یەکی تایبەت بوو. عەقید روکنی هێزی تایبەت (ق.خ) خالید بەهلول ئەللعێبی، فەرماندەی لیوای کۆماندۆ (مغاویر)ی یەکی فەیلەقی یەکی تایبەت، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (46)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

رائیدی پیادە مونزر ئیبراهیم یاسین، فەرماندەی پۆلی (فەوج)ی کۆماندۆی (1)ی تیپی (1)ی تایبەت. مولازمی یەکەمی پیادە عەدنان سلێمان موسڵح، لە فەوجی (1)ی کۆماندۆی تیپی (1)ی تایبەت.



## کەرتەکانی سەربازی (قواطع العسكرية ) و ئەفسەرە نادیارەکان:

عەمید زیائەددین عەبدولوەهاب عزەت، فەرماندەی کەرتی سەربازی هەولێر.
عەمید جاسم حوسێن مەحمود، فەرماندەی کەرتی سەربازی رێزان.
عەقید فەهمی (قەیس) سەید عادل سەید رەشید، فەرماندەی کەرتی سەربازی قەرەداغ.
مولازم عەبدولحەمید مەحمود حەمادی، جێگری فەرماندەی کەرتی قەرەداغ.
عەمیدی پیادە تەڵعەت سلێمان وەلی، فەرماندەی کەرتی سەربازی دوکان.
عەمید خالید، فەرماندەی کەرتی سەربازی سوسێ.
عەقید خالید عەلی عەبدوڵڵەتیف، فەرماندەی کەرتی سەربازی هەڵەبجەو سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لقی قەزای هەڵەبجە (1987-1988)، هەروەها لە (1987)دا جێگری فەرماندەی جەحافیلی سووکی (5) بووە.
عەقید غانم محەمەد حوسێن، فەرماندەی کەرتی سەربازی شەقڵاوەو سەرۆکی لیژنەی ریشەکێشکردنی چالاکیی دوژمنانە لە شەقڵاوە.
عەقید ئوسامە ئیسماعیل عەبدوڵڵا، فەرماندەی کەرتی سەربازی شەقڵاوە - سەڵاحەددین و سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە سەڵاحەددین.
عەقید خالید عەبدولڕەحمان ئەلبەکوع، فەرماندەی کەرتی سەربازی سەدیق.
موقەدەم ئەسعەد محەمەد شێخ بزێنی، سەرۆکی لیژنەی ریشەکێش کردنی چالاکیی دوژمنانە لە شەقڵاوە.
موقەدەم سەباح یونس سەعید، جێگری فەرماندەی کەرتی سەربازی سەنگاو (فەوجی چواری لیوای 90).
رائید سەعدی مەحمود حوسێن، فەرماندەی کەرتی سەربازی زاخۆ.
موقەدەم (مدم) حوسێن فەزلئەددین عەبدولقادر، فەرماندەی (کمم/22).
موقەدەم (مدم) سەحاب جەدوع زیاب، فەرماندەی (کمم/10).
موقەدەم (مدم) سەڵاحەددین محەمەد عەبدولکەریم، فەرماندەی (ک مدم/662).
موقەدەم (درع) عەبدولکەریم عەبدولهادی سالم، فەرماندەی (کدب/41).
نەقیبی هێزەکانی تایبەت حەمزە خزر حەمزە، فەرماندەی (بت خ/17).
عەمیدی روکن باسل شەفیق عەلی، بەڕێوەبەری (المعدات الفنية).

عەمیدی روكن حەسەن عومران عەبد، فەرماندەی هێزەكانی جەحفەلی سووك.
عەمیدی روكن مەڕوان خزەیر كازم، لیژنەی گولله بارانكردنی ئەنفالكراوەكان.
نەقیب عەبد عەواد، فەرماندەی لیوای پیادەی (417).
عەقید ناوز محەمەد حەسەن، فەرماندەی پۆلی (1)ی لیوای پیادەی ئالی (99).
عەقید عەبدولقادر عەبدولڕەحمان قەدۆ، فەرماندەی كەتیبەی تۆپهاوێژی مەیدانی (78).
عەقیدی پیادە سەلاح داود عەبدوڵلا.
موقەدەمی روكن زەكی محەمەد حەسەن، فەرماندەی لیوای پیادەی (428).
عەقیدی پیادە قەیس ئیبراهیم مەدحەت، فەرماندەی لیوای (445).
عەمیدی پیادە عارف حەمید حاتەم، فەرماندەی جەحفلی جاشە سووكەكانی (4).
عەقیدی پیادە محەمەد یەعقوب یوسف، فەرماندەی لیوای (438).
موقەدەمی روكن حوسێن عەلی حەمید.
موقەدەم محەمەد كەنوش حەمەد، فەرماندەی لیوای پیادەی (115).
موقەدەم حوسێن فەزلەددین عەبدولقادر.
موقەدەم حەسەن ئەحمەد عەبدوڵلا.
رائیدی پیادە عەبد حەمید عیال، پۆلی (2)ی لیوای هێزی تایبەتی (118).
رائیدی هێزی تایبەت عەبدولحەمزە ئیسماعیل حەمزە. فەرماندەی بەتەریەی ().
نەقیب محەمەد سەگەر سەلو، لیوای (702).
نەقیبی پیادە عەبدولڕەزاق ئەلیاس علك، پۆلی (2)ی لیوای تایبەتی (118).
نەقیبی زرێپۆش فوئاد عەلی هادی، كەتیبەی زرێپۆشی (2).
نەقیبی پیادە تاڵب شەمخی یاسین، پۆلی (2)ی لیوای هێزی تایبەتی (118).
مولازمی یەكەمی پیادە وەلید ئیسماعیل محەمەد، لیوای (702).
مولازمی یەكەمی زرێپۆش تەها عەبد ئیبراهیم، كەتیبەی زرێپۆشی سەدام.
مولازمی یەكەمی پیادە حەسەن ئەحمەد عەبد، پۆلی (3)ی لیوای (509).
مولازمی یەكەمی ئەمن ئەحمەد عەبدوڵلا ناسر، ئەمنی سلێمانی.
مولازمی یەكەمی پیادە محەمەد لعێبی عەبدولڕەحمان، فەوجی كۆماندۆی لیوای (118).
مولازم محەمەد توعمە محەمەد، لیوای (702).

مولازم كەریم جابر محەمەد، لیوای (702).
مولازم غدیر فدیە علێوی، لیوای (702).
مولازمی پیادە جەبار كازم فەیسەڵ، لیوای (702).
مولازمی پیادە غالب ئیبراهیم عەبدولواحید، پۆلی (2)ی لیوای كۆماندۆی (1)ی سەربە فەیلەقی (6).
مولازمی پیادە باسل عەبدولساحب حەسەن، فەرماندەی پۆلی كۆماندۆی لیوای (805).
مولازمی پیادە فەلاح حەسەن علیان، پۆلی (2)ی لیوای كۆماندۆی (1)ی سەربە فەیلەقی (5).
مولازمی پیادە فازڵ مەهدی جاسم، پۆلی (2)ی لیوای هێزی تایبەتی (118).
مولازمی پیادە محەمەد عەزیز، پۆلی (2)ی لیوای هێزی تایبەتی (118).
مولازمی پیادە لەزام عكاش مەناحی، پۆلی (2)ی لیوای هێزی تایبەتی (118).
مولازمی پیادە ئەكرەم موخەرب محەمەد، پۆلی (2)ی لیوای هێزی تایبەتی (118).
مولازمی پیادە حەسەن عەلی حەسەن، پۆلی (2)ی لیوای هێزی تایبەتی (118).
مولازمی موجەنەدی مغاویر حوسێن جاسم حەمادی، بارەگای سریەی كۆماندۆی لیوای (118).
مولازمی پیادە محەمەد ئیسماعیل سلێمان، بارەگای سریەی لیوا كۆماندۆی (118).
مولازمی پیادە حوسێن عەبد حەسەن، پۆلی (1)ی لیوای (702).
مولازمی پیادە عامر عەبدولئەمیر حوسێن، لیوای كۆماندۆی (1)ی فەیلەقی (5).
مولازمی پیادە یەحیا مەكی شەهباز، سریەی (1)ی لیوای (411).
مولازمی یەكەمی پیادە كازم خەلەف، پۆلی (3)ی لیوای (702).
مولازمی پیادە كازم خەلەف ناهی، پۆلی (3)ی لیوای (509).
مولازمی زرێپۆش محەمەد یاسین محەمەد، كەتیبەی زرێپۆشی سەدام.
مولازمی یەكەمی زرێپۆش ئەحمەد مستەفا شەریف، فەرماندەی كەتیبەی تانكی كەرامە.
مولازمی پیادە كەریم جاسم شەریف، فەوجی كۆماندۆی (1)ی تیپی (2)ی تایبەت.
مولازمی پیادە شەهاب عەزیز حەمزە، فەوجی كۆماندۆی (1)ی تیپی (2)ی تایبەت.
بەرپرسی تەواوی سەرۆک جاشی فەوجەکان (سەرۆک جاشەکان)، وەزیری دەوڵەت ئەرشەد ئەحمەد محەمەد زێباری بوو، کە کۆنە ئەفسەرێکی ئێراقی و بەعسی بوو. ئەو جاشە گەورەو ناپاکە هەر لە منداڵییەوە بە بنەماڵە جاشی حکومەتی ئێراقی بووینە تاوەکو روخانی سەدام لە (9.4.2003)دا، دواتریش رایکرد بۆ دەرەوەو ماوەیەک لە سوریاو ئوردەن‌و تورکیا بوو، ئێستاش لە تورکیا جێگیرەو بۆتە جاشی تورک. ئەرشەد زێباری دوای لە ناوچوونی رژێمی سەدامی ئاغای، ماوەیەک هەستا (بزووتنەوەی رزگارکردنی کوردستان)ی دروستکرد، پاشان لە کۆنگرەی (قاهیرە)دا لە ساڵی (2007)داو لەسەر داوای کەمالی و تۆرانییە شۆڤینیستەکان و پارت و رێکخراوە ئیسلامی و عروبییە تیرۆریستەکان ناوی بزوتنەوەکەی گۆڕی بۆ گردبوونەوەی ئێراقییەکانی باکوور (تجمع عراقيي الشمال)، کە ئەرشەد بوو بە ئەمینداری گشتیی ئەو گردبوونەوەیە، ئەو گردبوونەوەیە هەر جاشە کۆنەکەن بەڵام لەبەرگێکی نوێدا. جێگری یەکەمی ئەرشەد بۆ ئەو بەناو بزووتنەوەیە، جەوهەر محێدین جهانگیر حاجی ئاغای هەرکییە، کە سەرۆک جاشی فەوجی هەشت بووە. هەروەها جێگری دووەمی محەمەد کەلحی رێکانییە، کە ئەویش هەر خۆفرۆش و جاش بووە (سەرۆک جاشی فەوجی حەوت بووە). ئەندامانی بەناو سەرکردایەتی ئەو جاشە نوێیانە بریتیین لە: (زاهیر سابیر سوورچی، ئەمین چیچۆ، شێخ ئەحمەد ئەلوەشان و عەبدولمەجید شێخکی).

فەوجی جاشەکانی سەدام کە زۆربەیان بەشداری شاڵاوەکانی ئەنفالیان کردووە، بەگوێرەی ریزبەندی لە ژمارەی فەوجەکانیان بریتیین لە:

1. سەرۆک جاشی فەوج، قەدری ئەحمەد محەمەد زێباری و لەتیف ئەحمەد محەمەد زێباری. فەوجی لەتیف زێباری بەشداری کردووە لە کاولکردنی گوندی بارزان و شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4+8)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە کاولکردنی گوندی بارزان، لە کاسێتێکی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج کە لەکاتی کاولکردنی گوندی بارزان و ناوچەکەدا تۆمارکراوەو باسی ئەو هێرش و پەڵامارە هاوبەشەی سوپاو جاشەکان

دەکرێت کە لە رۆژانی (10 و 11.8.1987)دا کراوەتە سەر ناوچەی بارزان و، گوندی بارزان و دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەڵ خاپوور دەکەن. هەروەها کاسێتەکە روونی دەکاتەوە کە هێرشی جاشەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر پێنج رەتڵ دابەشکراون: (رەتڵی یەکەم: فەوجی (8)ی جەوهەر هەرکی. رەتڵی دووەم: فەوجی (7)ی محەمەد کەڵحێ ڕێکانی. رەتڵی سێیەم: فەوجی (1)ی لەتیف زێباری. رەتڵی چوارەم: فەوجی (23)ی عاسف زێباری و کۆمەڵەی جاسم محەمەد زێباری، کە دەکاتە فەوجی (225)ی جاشە سووکەکان. رەتڵی پێنجەم: فەوجی (17)ی محەمەد سەلیم شوشی، فەوجی (6)ی حوسێن سوورچی، فەوجی (77)ی عومەر سوورچی و کۆمەڵەی زەید سوورچی، کە دەکاتە فەوجی (219)ی جاشە سووکەکان). ناوی هەردووکیان وەکو سەرۆک جاشی فەوجی یەک هاتووە. سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا، سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988)، هەروەها سەبارەت بە ئەنفالی چوار - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل162). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). هەروەها ئەرشەد زێباری و لەتیف زێباری، فەرماندەی فەوجی یەکی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی کارای هەردووکیانەوە لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووەو، ژمارە (7+116)یان دراوەتێ لە لیستی تاوانبارە داواکراوەکان.

2. سەرۆک جاشی فەوج، سابیر ئەحمەد رەقیب محەمەد سوورچی (سابیر سوورچی)، جێگری سەرۆک جاشی فەوج جابر رەفعەت سوورچی، رائید سەباح نازم رەقیب سوورچی، فەرماندەی فەوج. فەوجی ناوبراو بەشداری هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+3+4+8)یان کردووە. دەربارەی بەشداریکردنی فەوجی دوو لە ئەنفالی یەک هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا، بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی،

بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی سورداش و هەریەک لە گوندەکانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن)و دۆڵی جافایەتی واتە ئەنفالی یەکیان کردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێکیدا بۆ هاوکاری دەڵێت: (هاریکاری کردن لەنێوان ئێمەو لەنێوان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو رێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە رۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە ژمارەیان دە فەوج بوو _ سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (960)ی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (24.3.1988)، زکریات محەمەد حەسەن، نێردراوی هاوکاری: یەکەمین کەس بوون گەیشتنە بنکەکانی خاین جەلال تاڵەبانی لە سەرگەڵوو، ل6-7). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوو، سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988)، هەروەها سەرچاوەی دووەم: (رۆژنامەی ئەلجمهوریە، ژمارە (6777)ی رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (5.4.1988)، ل6). هەروەها سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی یەکدا، سەرچاوە: (مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل26). کەچی سەبارەت بە ئەنفالی سێ، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل156). سابیر رەقیب سوورچی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی دەشتی کۆیەی کردووە، واتە ئەنفالی (4)، سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). هەروەها سابیر سوورچیو رائید نازم رەقیب سوورچی، فەرماندەی فەوجی دووی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنیان لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی هەردووکیان دەرچووەو، ژمارەکانی (107+280+12)یان دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. سابیر رەقیب سوورچی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

3. سەرۆک جاشی فەوج، عوسمان میران قادر خۆشناو. فەوجی سێ بەشداری لە ئەنفالەکانی (2+8)دا کردووە. سەبارەت بە ئەنفالی دوو – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل152). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).
4. سەرۆک جاشی فەوج، نەوزاد ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە. ئەو فەوجە بەشداری ئەنفالەکانی (1+2)یان کردووە. نەوزادی ئەنوەر بەگی بێتواتە لە مانگی ئاداری ساڵی (1978)دا لە ئەشکەوتێکی چیای هەورێ نزیک گوندی چیوە، سێ پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە خەودا بەدیلگرت بە ناوەکانی (سەباح نادر حەمەدئەمین گەرۆتەیی – هیران، عومەر تەها دۆرێیی – هیران و سەباح زاهیر شێخ محەمەد - هیران)، کە دواتر لە مانگی سیپتێمبەری هەمان ساڵدا لە شاری موسڵی داگیرکراوی کوردان لە سێدارە دران – سەرچاوە: (شەهید شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی بیرەوەرییەکانی شار و شاخ 1974–1980، ل205). نەوزاد بێتواتە و ئەنوەر بەگی باوکی لە ساڵی (1982)دا کێخوا ڕەسوڵ بێتواتەیی باوکی پێشمەرگەی قارەمان ڕەشۆی کێخوا ڕەسوڵ، کە لە ترسی ئەو باوک و کوڕەدا چووە ناو مونەزەمەی بەعس لە شارۆچکەی ڕانیە، کەچی ئەنوەر بەگ و نەوزاد دەریان هێناو، تاوەکو بێتواتە بە زیندوویی بەدوای ئۆتۆمۆبێلدا بە بەرچاوی خەڵکی ڕانیە، چوارقوڕنە، گردجان، سەروچاوە و بێتواتە ڕایانکێشاو لەوێش سەدان ئۆتۆمۆبێلیان ناچارکرد بەسەر تەرمەکەیدا بڕوات، دواتر لە بێتواتە نەوتیان بەزۆر لە ماڵی خوشکێکی کێخوا ڕەسوڵ وەرگرت و بە پێشیان گووت وا براکەتی پێ دەسووتێنین. دوای وەرگرتنی نەوتەکە لەو ژنە بەستەزمانە، ئاگریان بەردایە جەستەی کێخوا ڕەسوڵی بێتاوان. هەر لە ساڵی (1983)دا برایەکی تری ڕەشۆی کێخوا ڕەسوڵ بەناوی سەربەست لە لایەن نەوزادی ئەنوەر بەگی بێتواتە بێ هیچ تاوانێک شەهیدکرا، تەنیا لەبەرئەوەی ڕەشۆی برای پێشمەرگەی یەکێتیی بوو. لە داستانی ڕزگارکردنی شارەدێی بێتواتە و بەشێک لە دێکانی ناوچەی خۆشناوەتی، لە ئەنجامی ئەوەی کە جاشەکانی ئەنوەر

بەگی بێتواتە لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1983)دا پەلاماری بەشێک لە گوندەکانی دۆڵی بالیسانیان داو تا گوندی مێرگەسەر پێشڕەویان کرد، بەزۆر تەواوی دانیشتوانی ئەو گوندانەیان چەکدارکرد کە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئەوان. بەمەش بارەگای مەڵبەندی چواری ئەوکاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە گوندی بالیسان بوو کەوتە ژێر هەڕەشەی حکومەت و جاشەکانی ئەنوەر بەگی بێتواتە، بۆیە هێزێکی هەڵبژاردەی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەنێوان رۆژانی (21–24)ی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1983)دا لە هێرشێکی توند و فراواندا دا بۆ سەر مۆڵگای جاشەکانی بێتواتە، توانیان چیاکانی هەورێ، دەرە شیر، کڵاوی دێوانە، لەگەڵ شاخەکان و گوندەکانی کە لەلایەن جاشەکانی ئەنوەر بەگەوە داگیرکرابوون هەروەها شارەدێی بێتواتە و ناوچەکە بەتەواوی لە دەستی ئەنوەر بەگ، نەوزادی ئەنوەر بەگ و جاشەکانیان رزگار بکەن، بەڵام ئەو داستانە مەزنە بە خوێنی گەشی دە پێشمەرگەی کوردپەروەر تۆمارکرا، کە هەندێکیان ئەمانەن: (شەهید شێرزاد ساڵەیی خەڵکی دوبز، شەهید عەبدوڵڵا ئیبراهیم یابە ناسراو بە کاکۆ دوبزی – تیپی (21)ی کەرکوک (لە رێکەوتی 23.10.1983)دا شەهیدبوو، فوئاد عەبدولحەمید محەمەد مستەفا کەرکوکی – تیپی (21)ی کەرکوک، کەریم عەلی سەمیر مشاری ناسراو بە کەریم مشاری – پێشمەرگەی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر، سەید تەیب رەمەزان شێخ شەروانی پێشمەرگەی کەرتی یەکی سەربە تیپی (86)ی دەشتی هەولێر کە لە رێکەوتی (14.10.1983)دا شەهیدبوو، ناسر خۆرانی کە لە رێکەوتی (14.10.1983)دا شەهیدبوو، ناسر خۆرانی پێشمەرگە بوو لە کەرتی پارێزگاری مەڵبەند لای عەلی نەبی، کە ناوبراو و نەسروڵڵا ئێلینجاغی دوو لە بریندارەکانی ئەو داستانە مەزنە بووینە). سەبارەت بە بەشداریکردن فەوجی ناوبراو لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988)، هەروەها سەبارەت بە ئەنفالی یەک –سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل147). نەوزاد ئەنوەر رەشید بەگی بێتواتە، بەگوێرەی مەرسومێکی کۆماری، کە لە

ڕۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6753) و ژمارە (3906)ی ڕۆژنامەی (العراق)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (22.11.1988)دا بڵاوکراوەتەوە، دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە ڕاستیدا مەدالیای خۆفرۆشی و کوردکوژی) لە سەدام حوسێنی دیکتاتۆردا وەرگرتووە. هەروەها سەرۆک جاش نەوزاد ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە، فەرماندەی فەوجی چواری جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی کارای لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، لە لیستی داواکراوەکان ژمارە (121)ی دراوەتێ. نەوزادی ئەنوەر بەگ سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانەو لە هۆڵەندە دەژیت.

5. سەرۆک جاشی فەوج، ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج حوسێن ئەحمەد خان ئاودەل و خالید سوار محەمەد ئەمین شێروانی فەرماندەی کۆمەڵ لە فەوجی پێنج. فەوجی (5)ی ئەسعەد ئاغای هەرکی، فەوجی (25)ی سەرۆک جاش سەعید یوسف ئەسعەد زراری و فەوجێکی جاشە سووکەکانی سوورچییەکان، لە ڕێکەوتی (21.4.1985) لەگەڵ هێزێکی گەورەی ڕژێم کە لە هەولێر و کەرکوک بە پشتیوانی چەندین کۆپتەری شەڕکەر هاتبوون، لە گوندی کەپەنک ڕەشی سەربە شارۆچکەی دیبەگە چوونە سەر هێزێکی تیپەکانی (85)ی بەڕانەتی و تیپی (87)ی قەرەچوغ و، شەڕ لە کاتژمێری دەی پێش نیوەڕۆ تاوەکو کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ بەردەوام بوو. لەو شەڕەدا هەشت پێشمەرگەی قارەمان شەهیدبوون بە ناوەکانی (مەجید ڕەحمان حەمەدئەمین نۆغەرانی ناسراو بە (مەجیدە سوور) جێگری فەرماندەی تیپی (85)ی بەڕانەتی، ئەحمەدە سوور خەڵکی گوندی گردی ڕەوەی قەراج، بەرپرسی ناوچەی شۆڕشگێڕان، دکتۆر هەمزە عەباس سیان خەڵکی گوندی گابەرەکەی سەربە شارۆچکەی دیبەگە، جەمال ئەنوەر حەسەن لاوە مێرخوزاری، حاجی ئەنوەر و یەحیا ناسراو بە بەختیار) و سێ پێشمەرگەش بە برینداری بەدیل گیران بەناوەکانی: (عەبدولڕەزاق ساڵح حەمەدئەمین دۆنە عەوێنەیی، یاسین برایم باولی – قەراج، کە ئەو دوانەیان لە ڕێکەوتی (27.11.1985)دا لە بەغدا لە سێدارە دران، لەگەڵ سەیفەدین ئەحمەد

ئیسماعیل دیبەگەیی، كە لە دادگای بەناو شۆڕشی ئێراقی بەعس و سەدام لەلایەن عەواد حەمەد بەندەری خوێنمژ (15) ساڵ سزای زیندانی بۆ بڕایەوەو، دواتر لە ڕێكەوتی (14.9.1988)دا بەر لێبووردنی گشتی كەوت و ئازادكرا). هەروەها سێ پێشمەرگەی تریش بەناوەكانی (فاتیح مەولود حەسەن (فاتیح مەلاقەرە)، بۆتان محەمەد سەعید قۆڕیتانی و حاجی سەباح پیرداود بندیان خدرجیجەیی) بریندار بوون. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەكانی (1+2+3+5+8)ی كردووە. دەربارەی بەشداریكردنی فەوجی پێنج لە ئەنفالی یەك هێزەكانی بەدر ئەلكوبرا، بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالكردنی دانیشتوانی سورداش و هەریەك لە گوندەكانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن)و دۆڵی جافایەتی واتە ئەنفالی یەكیان كردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی لە لێدوانێكیدا بۆ هاوكاری دەڵێت: (هاریكاری كردن لەنێوان ئێمەو لەنێوان فەوجەكانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو ڕێك و پێك بوو، تێیدا فەوجەكان لە ڕۆڵەكانی گەلی كوردی خۆشەویستمان قوربانییەكی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان كرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) كە ژمارەیان دە فەوج بوو – سەرچاوە: (هاوكاری، ژمارە (960)ی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێكەوتی (24.3.1988)، زكریات محەمەد حەسەن، نێردراوی هاوكاری: یەكەمین كەس بوون گەیشتنە بنكەكانی خاین جەلال تاڵەبانی لە سەرگەڵوو، ل6–7). هەر بەگوێرەی ژمارە (960)ی ڕۆژنامەی هاوكاری ناوبراو لە سەرەوەدا، سەرۆك جاش ئەسعەد جهانگیر ئاغا هەركی سێ مەدالیای بەناو ئازایەتی و جاشەكانی سەربە فەوجەكەی ئەو (162) مەدالیای بەناو ئازایەتییان وەرگرتووە. سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەكانی یەك و دوودا – سەرچاوە: (ئەلسەورە، ژمارە (6523)ی ڕۆژی دووشەممە، ڕێكەوتی (4.4.1988)، كە ئەسعەد جهانگیر ئاغاو حوسێن ئەحمەدخان باسی بەشداریكردنی فەوجەكەیان دەكەن لە هەردوو ئەنفالدا + ڕۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی ڕۆژی یەكشەممە، ڕێكەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە

بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی یەكدا، سەرچاوە: (مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل26). كەچی سەبارەت بە ئەنفالی سێ، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، ل156). سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەك، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەكانی (5220-5228). هەروەها ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەركی، سەرۆك جاشی فەوجی پێنجی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی دەرچووەو، ژمارە (8)ی دراوەتێ لە لیستی داواكراوەكان. ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەركی، عومەر سۆفی، عەبدولخالق سەلیم، عەبدوڵڵا سەلیم و قاسم رەشید خدر لەگەڵ ئەو هێزەی ئەمنی هەولێر بوون، كە بە سەرپەرشتی راستەوخۆی بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر (عەقید روكن تەحسین موسڵاوی) لە رێكەوتی (19.9.1990)دا پێشمەرگەو كادیری یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان هاشم جەمیل محەمەدئەمین (هاشم شەمامكی)یان لە دەلوگوڵ لە پشتی (عارەب كەند) لەگەڵ پێشمەرگەیەكی تردا بەناوی (ئیسماعیل خورشید مورتكەیی) شەهیدكردو پێشمەرگەیەكی تریش بە برینداری بەناوی (كاوە ناسیح مشاری/ئاقوبانی) توانی خۆی دەرباز بكات و ئێستاكە موقەدەمی پۆلیسە لە هەولێر، ئەو سێ قارەمانەش چوار جاشی نۆكەرو چڵكاوخۆریان رەوانەی زبڵدانی مێژوو كرد – سەرچاوە: (ئەو زانیارییەم لە رێكەوتی (9.5.2010)دا لە دكتۆر مەجید محەمەدئەمین جەمیلی برای شەهید هاشم شەمامكی وەرگرتووە)!

6. سەرۆك جاشی فەوج، حوسێن خدر حەمەد سوورچی. فەوجی حوسێن ئاغای سوورچی بەشداری كاولكردنی گوندی بارزان و شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2+8)یان كردووە. سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە كاولكردنی گوندی بارزان، لە كاسێتێكی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج كە لەكاتی كاولكردنی گوندی بارزان و ناوچەكەدا تۆماركراوەو باسی ئەو هێرش و پەلامارە هاوبەشەی سوپاو جاشەكان دەكرێت كە لە رۆژانی (10 و 11.8.1987)دا كراوەتە سەر تەواوی ناوچەی بارزان و، گوندی بارزان و

دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەڵ خاپوور دەکەن. هەروەها کاسێتەکە روونی دەکاتەوە کە هێرشی جاشەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر پێنج رەتڵ دابەشکراون: (رەتڵی یەکەم: فەوجی (8)ی جەوهەر هەرکی. رەتڵی دووەم: فەوجی (7)ی محەمەد کەڵحێ رێکانی. رەتڵی سێیەم: فەوجی (1)ی لەتیف زێباری. رەتڵی چوارەم: فەوجی (23)ی عاسف زێباری و کۆمەڵەی جاسم محەمەد فارس محەمەد زێباری، کە دەکاتە فەوجی (225)ی جاشە سووکەکان. رەتڵی پێنجەم: فەوجی (17)ی محەمەد سەلیم شوشی، فەوجی (6)ی حوسێن سوورچی، فەوجی (77)ی عومەر سوورچی و کۆمەڵەی زەید سوورچی، کە دەکاتە فەوجی (219)ی جاشە سووکەکان). سەبارەت بە بەشداری کردنی فەوجی ناوبراو لە شالاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). هەروەها سەبارەت بە ئەنفالی دوو، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل152). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). هەروەها حوسێن خدر حەمەد سوورچی، سەرۆک جاشی فەوجی (6)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (325)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. حوسێن ئاغای سوورچی، لە رێکەوتی (16.6.1996)دا لە ئەنجامی تۆپبارانکردنی گوندی کێڵەکین لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی لایەنگری بنەماڵەی حوسێن ئاغا لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دژی پارتی، کوژرا.

7. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد کەڵحێ تاهیر رێکانی رەزگەیی. محەمەد کەڵحێ رێکانی (ئەندامی ئەنجومەنی کارتۆنی نا نیشتمانی سەدامی بوو لە بەغدا). فەوجی جاشە سووکەکانی محەمەد کەڵحێ تاهیر رێکانی بەشداری کاولکردنی گوندی بارزان و شالاوی ئەنفالی (8)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە کاولکردنی گوندی بارزان، لە کاسێتێکی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج کە لەکاتی کاولکردنی گوندی بارزان و ناوچەکەدا

تۆماركراوەو باسی ئەو هێرش و پەلامارە هاوبەشەی سوپاو جاشەكان دەكرێت كە لە رۆژانی (10 و 11.8.1987)دا كراوەتە سەر ناوچەی بارزان و، گوندی بارزان و دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەڵ خاپوور دەكەن. هەروەها كاسێتەكە روونی دەكاتەوە كە هێرشی جاشەكان بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر پێنج رەتڵ دابەشكراون: (رەتڵی یەكەم: فەوجی (8)ی جەوهەر هەركی. رەتڵی دووەم: فەوجی (7)ی محەمەد كەڵحێ رێكانی. رەتڵی سێیەم: فەوجی (1)ی لەتیف زێباری. رەتڵی چوارەم: فەوجی (23)ی عاسف زێباری و كۆمەڵەی جاسم زێباری، كە دەكاتە فەوجی (225)ی جاشە سووكەكان. رەتڵی پێنجەم: فەوجی (17)ی محەمەد سەلیم شوشی، فەوجی (6)ی حوسێن سوورچی، فەوجی (77)ی عومەر سوورچی و كۆمەڵەی زەید سوورچی، كە دەكاتە فەوجی (219)ی جاشە سووكەكان). سەبارەت بە بەشداری ئەنفالی (8)یان كردووە – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەكانی (5220–5228). هەروەها محەمەد كەڵحێ رێكانی، سەرۆک جاشی فەوجی حەوتی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە شاڵاوی ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی دەرچووەو، ژمارە (225)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواكراوەكان دراوەتێ.

8. سەرۆک جاشی فەوج، جەوهەر محێدین جهانگیر حاجی ئاغا هەركی و حەسەن محێدین جهانگیر حاجی ئاغا هەركی، هەروەها عەلی سەلیم خواجە هەركی جێگری سەرۆک جاشی فەوج، حەسەن نوری ئەمیر یارمەتیدەری سەرۆک جاشی فەوج و محەمەد مەجید سوندی فەرماندەی كۆمەڵ لە فەوجی ناوبراودا. فەوجی ناوبراو بەشداری كاولكردنی گوندی بارزان و شاڵاوی ئەنفالی (8)یان كردووە. سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە كاولكردنی گوندی بارزان، لە كاسێتێكی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج كە لەكاتی كاولكردنی گوندی بارزان و ناوچەكەدا تۆماركراوەو باسی ئەو هێرش و پەلامارە هاوبەشەی سوپاو جاشەكان دەكرێت كە لە رۆژانی (10 و 11.8.1987)دا كراوەتە سەر ناوچەی بارزان و، گوندی بارزان و دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەڵ خاپوور دەكەن. هەروەها كاسێتەكە

روونی دەکاتەوە کە هێرشی جاشەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر پێنج ڕەتڵ دابەشکراون: (رەتڵی یەکەم: فەوجی (8)ی جەوهەر هەرکی. رەتڵی دووەم: فەوجی (7)ی محەمەد کەڵحێ ڕێکانی. رەتڵی سێیەم: فەوجی (1)ی لەتیف زێباری. رەتڵی چوارەم: فەوجی (23)ی عاسف زێباری و کۆمەڵەی جاسم محەمەد فارس محەمەد زێباری، کە دەکاتە فەوجی (225)ی جاشە سووکەکان. رەتڵی پێنجەم: فەوجی (17)ی محەمەد سەلیم شوشی، فەوجی (6)ی حوسێن سوورچی، فەوجی (77)ی عومەر سوورچی و کۆمەڵەی زەید سوورچی، کە دەکاتە فەوجی (219)ی جاشە سووکەکان). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). فەوجی ژمارە (8)ی جاشە سووکەکانی جەوهەر محێدین هەرکی، بەشداری شەڕی هەڵەبجەی کردووە – سەرچاوە: (نووسراوی ژمارە (153)ی رۆژی (16.3.1988)ی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ئێراق (کە ئەوکاتە فەریقی یەکەمی روکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە) بۆ فەرماندەیی فەیلەقی یەک، کە تیایدا هاتووە: هێزە بەشدارەکانی شەڕی هەڵەبجە فەرماندەیی هێزەکانی (43)، لیوای کۆماندۆی یەکی سەربە فەیلەقی چوار، فەوجی پارێزگاری نیشتمانیی (8)و تیپی (فرقة 28)، سەرچاوە: (سێ دێی پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال، بەشی بیست و پێنج، لاپەڕە 5824). هەروەها جەوهەر محێدین جهانگیر حاجی ئاغا هەرکی، سەرۆک جاشی فەوجی هەشتی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (166)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

9. سەرۆک جاشی فەوج، حوسێن جهانگیر جادر مزوری. فەوجی نۆ بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (2+8)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداری ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالی دوو – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل152). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو،

لاپەڕەكانی (5220-5228). هەروەها حوسێن (حەسەن) جهانگیر جادر مزوری، سەرۆک جاشی فەوجی (9)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی دەرچووەو، ژمارە (323)ە لە لیستی داواكراوەكان. حوسێن جهانگیر جادر مزوری، بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، رێكەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی بەرەی كوردستان لە ساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ رژێمی سەدامی عروبەو بەعس هەر هەبووە تاوەكو رووخانی رژێم لە رێكەوتی (9.4.2003)دا پەیوەندی بەردەوام بووە.

10. سەید قەهار سەید حسێن سەید شەریف خورمەڵەیی، سەرۆک جاشی فەوجی (10). دوای كوژرانی سەید قەهار لە رێكەوتی (26.4.1984)دا لە شەڕێكدا لەگەڵ هێزێكی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە گردەڕەشە، سەید حوسێن سەید شەریف هاتە شوێنی كوڕەكەی. عەباس سەید حوسێن سەید شەریف جێگری سەرۆک جاشی فەوج، لە رۆژی كوژرانی سەید قەهاری برای لە گەڕەكی كورانی هەولێر پەلاماری خوێندكارێكی ئامادەیی دا بەناوی (عزەت عەزیز عەلی) كە تاكە تاوانی ئەوەبوو لە بەردەم ماڵەكەی خۆیاندا پێكەنی بوو، بە سەختی لە دەست رێژێكدا بریندارێكردو دوای پێنج رۆژ عزەت عەزیز عەلی نەمر لە رێكەوتی (1.5.1984)دا گەیشتە كاروانە سەربەرزەكەی شەهیدان. ئەو بنەماڵەیە ئێستا سەربە پارتی دیموكراتی كوردستانن.

11. سەرۆک جاشی فەوج، بەهرام محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد ناسراو بە (بەهرامی شێمەی هاڕونی). شێخ محەمەد هاڕونی باوكی بەهرام لە ناوەڕاستی ساڵی هەشتاكانی سەدەی رابردوودا لە جاشایەتی و لە شەڕی ئێراق – ئێرانی بەناو قادسیە دۆڕاوەكەی سەدامی دیكتاتۆردا كوژرا. فەوجی (11)ی جاشە سووكەكان بە فەرماندەیی سەرۆک جاش بەهرام محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد هاڕونی لە هاوینی ساڵی (1986)دا دوو پێشمەرگەی تێكۆشەر و ماندوونەناسی حزبی شیوعییان لە گوندی هێلەوەی بناری زورگەزراو بەناوەكانی سەركەوت خدر كاكیل و عادل

شەبەک موسڵاوی شەهیدکرد. لە ڕێکەوتی (2.7.1986)دا، جاشەکانی فەوجی یازدەی بەهرامی شێمەی هاڕونی دوو کادیر و پێشمەرگەی (ئاڵای شۆڕش)یان بەناوکانی سەدرەدین ڕەزا حەسەن قوڕشاغڵوویی ناسراو بە نەبەز و مەهدی باپیر حەمەدئەمین ناسراو بە ڕێباز لە بەڕانەتی لە گوندی (بەرووشتر/بەرحوشتر) دەستگیرکردو ڕادەستی دائیرەی ئەمنی هەولێریان کردن. ئەو دوو پێشمەرگەیەی ئاڵای شۆڕش لە ئەمنی کۆن بەرامبەر چایخانەی بایز لە حەوزەکە لەگەڵ ئێمە بوون، دواتریش لە ئەمنە نوێکە لە ژووری چوار ماوەیەک بەیەکەوە بووین، بەر لەوەی من بگوازرێمەوە بۆ ژووری یەک، ئەوان لە ناوەڕاستی مانگی یەکی ساڵی (1987)دا ڕەوانەی دادگای بەناو شۆڕشی عەواد حەمەد بەندەری جەللاد لەپێستی دادوەردا کران، عەواد حەمەد بەندەر لە ڕێکەوتی (21.1.1987)دا سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاندن و، دواتریش لە ڕێکەوتی (29.12.1987)دا لە ژووری سێدارەی بەغدا لەگەڵ ژمارەیەکی تری زۆر لە کورد لە سێدارەدران و گەیشتنە کاروانە هەرگیز نەمر و سەربەرزەکەی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان. فەوجی یازدە بەشداری ئەنفالی (8)ی کردووە - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). بەهرام محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد، سەرۆک جاشی فەوجی (11)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (308)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ. ئەو بنەماڵەیە ئەوڕۆکە سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانن.

12. سەرۆک جاشی فەوج، موشیر ئیسماعیل ئاغا ڕۆڤی (بەرزنجی)، ڕەزا موشیر ئیسماعیل جێگری ڕاێژکاری فەوج. فەوجی دوازدەی موشیر ئیسماعیل ئاغا بەرزنجی لە ڕێکەوتی (8.3.1983)دا دامەزراوە. فەوجی موشیر ئیسماعیل ئاغا، بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228).

13. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد رەشید مەحمود جاف، جێگری سەرۆک جاشی فەوج عوزێر سەرگەڕانی. فەوجی سێزدە بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+8)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (الثورة، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).
14. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ مەسعود شێخ کەبیر قەیوم سوورچی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج ئەمیر شێخ کەبیر قەیوم سوورچی و نەقیب عەدنان عەباس بەتاش فەرماندەی فەوج. فەوجی (14)ی جاشە سووکەکان لە رێکەوتی (22.1.1984)دا دامەزراوە و نزیکەی (2.500) جاشی هەبووە. ئەو فەوجە بە سەرپەرشتی مەسعود کەبیر سوورچی بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا، هێزێکی پێکهاتوو لە (325) جاش بە فەرماندەیی مەسعود کەبیر سوورچی لەگەڵ تیپی (45)دا بەشدارییان کردووە – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).
15. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ حاجی عەبدولغەفور خالید دوبەردانی و یاریدەدەری راوێژکار خالید عەبدولغەفور خالید دوبەردانی. فەوجی پازدە بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا، هێزێکی (615) جاشی بە فەرماندەیی حاجی عەبدولغەفور خالید و لەژێر فەرمانی تیپی (فرقة 7)دا بەشدارییان کردووە – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). هەروەها حاجی عەبدولغەفور خالید دوبەردانی، سەرۆک جاشی فەوجی (15)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (168)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. راوێژکار و جێگری سەرۆک جاشی فەوجی پازدە ئێستاکە سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانن.

16. سەرۆک جاشی فەوج، عاسم ئەمین ئەحمەد (دانیشتووی دارەتوو/ بەردەڕەش)، دواتر عزەدین محەمەد ئەمین یاسین عچاچ رەشگەری (گۆران)ی ئاغای گۆمەزەرد شوێنی ئەوی گرتەوە (ئێستا ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانن). بەگوێرەی لێدوانی سەرۆکی جاشەکانی فەوجی ناوبراو، فەوجەکەیان لە ساڵی (1984)دا دامەزراوە و ژمارەیان هەزارو سێ سەد جاش بووە. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالی (1+2)ی کردووە. نەقیب محەمەد رەزا جاسم محەمەد فەرماندەی فەوج و هەریەک لە یوسف بەکر یاسین و عەبدولڕەزاق مەحمود مەجید ئامر سریە بووینە – سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (967)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی 18.4.1988، ل4). سەرۆک جاشی فەوج بۆ هاوکاری ژمارەی دیاریکراو لە سەرەوەدا باسی ئەوەی کردووە کە بەشداری شەڕی پێشمەرگەیان کردووە لە (سەنگاو، دوکان، کارێزە، ماوەت و مانگێش)، کەواتە فەوجی (16)ی جاشە سووکەکان بەشداری ئەنفالی کردووە. هەروەها نەقیب محەمەد رەزا جاسم محەمەد بۆ هەمان رۆژنامە باسی ئەوەی کردووە کە فەوجەکەیان بەشداری ئەنفالی یەک و دووی کردووە.

17. سەرۆک جاشی فەوج، محەمد سەلیم شوشی زێباری، جێگری سەرۆک جاشی فەوج عەبدولکەریم محەمەد سەلیم شوشی زێباری (لەوانەیە محەمەد سەلیم قادر عوسمان هەر ئەو بێت)، بەشداری کاولکردنی گوندی بارزان و شاڵاوی ئەنفالی (8)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە کاولکردنی گوندی بارزان، لە کاسێتێکی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج کە لەکاتی کاولکردنی گوندی بارزان و ناوچەکەدا تۆمارکراوەو باسی ئەو هێرش و پەلامارە هاوبەشەی سوپاو جاشەکان دەکرێت کە لە رۆژانی (10 و 11.8.1987)دا کراوەتە سەر تەواوی ناوچەی بارزان و، گوندی بارزان و دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەڵ خاپوور دەکەن. هەروەها کاسێتەکە روونی دەکاتەوە کە هێرشی جاشەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر پێنج رەتڵ دابەشکراون: (رەتڵی یەکەم: فەوجی (8)ی جەوهەر هەرکی. رەتڵی دووەم: فەوجی (7)ی محەمەد کەلحی ڕێکانی. رەتڵی سێیەم: فەوجی (1)ی لەتیف زێباری. رەتڵی چوارەم: فەوجی (23)ی عاسف زێباری و کۆمەڵەی

جاسم محەمەد فارس زێباری فەوجی (225)ی جاشە سووکەکان. رەتڵی پێنجەم: فەوجی (17)ی محەمەد سەلیم شوشی، فەوجی (6)ی حوسێن سوورچی، فەوجی (77)ی عومەر سوورچی و کۆمەڵەی زەید سوورچی فەوجی (219)ی جاشە سووکەکان). سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی محەمەد سەلیم فارس زێباری لە شاڵاوی ئەنفالی هەشتدا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). هەروەها سەرۆک جاش محەمەد سەلیم شوشی زێباری و عەبدولکەریم محەمەد سەلیم شوشی زێباری، جێگری سەرۆک جاشی فەوجی (17)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنیان دەرچووەو، ژمارە (224+201)یان دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

18. سەرۆک جاشی فەوج، ساڵح محەمەد جەمیل ئاغا خۆشناو. فەوجی هەژدە بەشداری لە هەریەک لە ئەنفالەکانی (3+8)دا کردووە. سەبارەت بە ئەنفالی سێ – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل156). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).

19. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد قادر عەزیز ئاغای سوورچی. فەوجی نۆزدە بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (2+4+8)ی کردووە. سەبارەت بە ئەنفالی دوو – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل152). محەمەد قادر عەزیز ئاغای سوورچی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی دەشتی کۆیەی کردووە، واتە ئەنفالی (4) – سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). محەمەد قادر ئاغای سوورچی، سەرۆک جاشی فەوجی (19)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی کارای لە ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (223)ی

دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. محەمەد قادر عەزیز ئاغا سوورچی، بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، ڕێکەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لەساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ رژێمی سەدامی عروبەو بەعس هەر هەبووە تاوەکو رووخانی رژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا پەیوەندی بەردەوام بووە.

20. سەرۆک جاشی فەوج، ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ مزوری و جێگرانی سەرۆک جاشی فەوج محێدین شێخ مەعروف مزوری و  شەعبان محەمەد تەها جێگری فەوج بووینە. فەوجی ناوبراو بەشداری هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+3+4+5+8)ی کردووە. دەربارەی بەشداریکردنی فەوجی بیست لە ئەنفالی یەک: (هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا، بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی شارۆچکەی سورداش و هەریەک لە گوندەکانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن)و دۆڵی جافایەتی واتە ئەنفالی یەکیان کردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێکیدا بۆ هاوکاری دەڵێت: (هاریکاری کردن لەنێوان ئێمەو لەنێوان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو ڕێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە رۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە ژمارەیان دە فەوج بوو - سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (960)ی رۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (24.3.1988)، زکریات محەمەد حەسەن، نێردراوی هاوکاری: یەکەمین کەس بوون گەیشتنە بنکەکانی خاین جەلال تاڵەبانی لە سەرگەڵوو، ل6-7). سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا - سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6526)، رۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (7.4.1988)و ژمارە (6605)ی رۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (27.6.1988)، کە دوو جاش بەناوەکانی شەعبان محەمەد تەهاو کەمال ئیبراهیم لە پاداشتی ئەو بەشداریکردنەیاندا مەدالیای ئەنفالکردنی کوردیان لە سەدامی دیکتاتۆر وەرگرتووە. هەروەها سەبارەت

بە بەشداریكردنیان لە ئەنفالەكانی یەك و دوو – سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6536)ی رۆژی یەكشەممە، ریكەوتی (17.4.1988) + رۆژنامەی جمهوری، ژمارە (6777)ی رۆژی سێشەممە، ریكەوتی (5.4.1988)، ل6 + رۆژنامەی ئێراق، ژمارە (3721)ی رۆژی چوارشەممە، ریكەوتی 13.4.1988)، كە سەرۆك جاشی فەوج ئیبراهیم حاجی مەلۆ مزوری خۆی سەرپەرشتی هەردوو ئەنفالەكانی یەك و دووی كردووە، هەروەها محیدین شێخ مەعروف مزوری جێگری سەرۆك جاشی فەوج، كە ئەویش سەرپەرشتی بەشێكی زۆری جاشەكانی كردووە لە هەردوو ئەنفالدا، سووربووە لەسەر ئەوەی كە بە دەستخەتی خۆی نامەی سەركەوتن (ئەنفالكردن و كورد كوشتن) بۆ سەدامی ئاغای بنووسێت و نامەكەشی بۆ نووسیوە. هەروەها سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی یەكدا – سەرچاوە: (مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل26 + 71، كە سەرۆك جاشی فەوجەكە باسی بەشداریكردنی خۆیان دەكات لە ئەنفالەكانی یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج و هەشتدا، هەروەها باسی وەرگرتنی سی و پێنج نیشانەی ئازایەتی دەكات لە پاداشتی ئەنفالكردنی كورددا – سەرچاوە: هاوكاری، ژمارە (1004)ی دووشەممە، ریكەوتی (5.9.1988). سەبارەت بە ئەنفالی چوار، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، ل162)، سەبارەت بە ئەنفالی دوو – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، ل152). سەبارەت بە بەشداریكردنی فەوجی ئیبراهیم مزوری لە ئەنفالی پێنجدا، بەگوێرەی نووسراوی (رێكخراوی هەواڵگری ناوچەی باكوور) بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتیی، ژمارە (ش3/ق1041/2)، ریكەوتی (2.6.1988)دا فەوجی ناوبراو لەگەڵ فەوجەكانی (34) و (40)ی جاشە سووكەكان، بەشداری ئەو ئەنفالەیان كردووە – سەرچاوە: (بەشی بیست و یەكی سێ دێی پرۆسەی دادگاییكردنی تاوانبارانی ئەنفال، ل5014). سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەك، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەكانی (5220–5228). ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ مزوری، سەرۆك جاشی

فەوجی (20)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارەکەی (408)ە لە لیستی داواکراوەکان.

21. سەرۆک جاشی فەوج، ئیسماعیل مەحمود رەسوڵ ئاغا پشدەری. فەوجی بیست و یەک بەشدارییان کردووە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2). سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە ئەنفالەکانی یەک و دوو – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، ریکەوتی (17.4.1988)، هەروەها سەبارەت بە ئەنفالی یەک، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل147). هەروەها ئیسماعیل مەحمود پشدەری، فەرماندەی فەوجی بیست و یەکی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (10)ە لە لیستی داواکراوەکان. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

22. سەرۆک جاشی فەوج، هەمزە عەباس مامەند ئاکۆ ئاغای پشکۆ، جێگری سەرۆک جاشی فەوج محەمەد فەقۆ میرزا برادۆستی، فەقێ لاجانی فەرماندەی سریە. فەوجی هەمزەی ئاکۆ بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوەکان: رۆژنامەی ئەلجمهوریە، ژمارە (6784)ی رۆژی سێشەممە، ریکەوتی 12.4.1988)، هەروەها (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، ریکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە ئەنفالی یەک – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل147). هەمزە عەباس مامەند ئاکۆ ئاغای پشکۆ، سەرۆک جاشی فەوجی (22)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (172)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هەمزە عەباس مامەند ئاکۆ، بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، ریکەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا

پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ رژێمی سەدامی عروبەو بەعس هەر هەبووە تاوەکو رووخانی رژێم لە ریکەوتی (9.4.2003)دا پەیوەندی بەردەوام بووە.

23. سەرۆک جاشی فەوج، عاسیف ئەحمەد ئاغای زێباری. فەوجی عاسیف ئاغا لە ساڵی (1986)دا دامەزراوەو دوو هەزار جاشی هەبووە. فەوجی سەرۆک جاش عاسیف ئەحمەد ئاغای زێباری جاشە سووکەکان بەشداری کاولکردنی گوندی بارزان و شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+3+4+5+6+8)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە کاولکردنی گوندی بارزان، لە کاسێتێکی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج کە لەکاتی کاولکردنی گوندی بارزان و ناوچەکەدا تۆمارکراوەو باسی ئەو هێرش و پەلامارە هاوبەشەی سوپاو جاش دەکرێت کە لە رۆژانی (10 و 11.8.1987)دا کراوەتە سەر ناوچەی بارزان و، گوندی بارزان و دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەڵ خاپوور دەکەن. هەروەها کاسێتەکە روونی دەکاتەوە کە هێرشی جاشەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر پێنج رەتڵ دابەشکراون: (رەتڵی یەکەم: فەوجی (8)ی جەوهەر هەرکی. رەتڵی دووەم: فەوجی (7)ی محەمەد کەلحی رێکانی. رەتڵی سێیەم: فەوجی (1)ی لەتیف زێباری. رەتڵی چوارەم: فەوجی (23)ی عاسف زێباری و کۆمەڵەی جاسم زێباری فەوجی (225)ی جاشە سووکەکان. رەتڵی پێنجەم: فەوجی (17)ی محەمەد سەلیم شوشی، فەوجی (6)ی حوسێن سوورچی، فەوجی (77)ی عومەر سوورچی و کۆمەڵەی زەید سوورچی، کە دەکاتە فەوجی (219)ی جاشە سووکەکان). دەربارەی بەشداریکردنی فەوجی بیست و سێ لە ئەنفالی یەک هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا، بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالکردنی دانیشتوانی سورداش و گوندەکانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن)و دۆڵی جافایەتی واتە ئەنفالی یەکیان کردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێکیدا بۆ هاوکاری دەڵێت: (هاریکاری کردن لەنێوان ئێمەو لەنێوان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو رێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە رۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و

ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە ژمارەیان دە فەوج بوو – سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (960)ی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (24.3.1988)، زکریات محەمەد حەسەن، نێردراوی هاوکاری: یەکەمین کەس بوون گەیشتنە بنکەکانی خاین جەلال تاڵەبانی لە سەرگەڵوو، ل6-7). سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک و دوو – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە ئەنفالی چوار، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل162). هەروەها سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی یەکدا، سەرچاوە: (مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل26). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). عاسیف ئاغای زێباری بۆ ژمارەیەکی رۆژنامەی هاوکاری دەدوێ کە کۆپی دیمانەکەم هەیە، بەڵام بەداخەوە ژمارەو مێژووەکەی دیارنییە کە دەڵێت: (مە پشکداریا کردی د هەمی وان شەڕادا ئەوێت هاتینە رویدان لکەرتێ فەیلەقا پێنج و فەیلەقا ئێک، بگرە ژ گردەمەند، باتوفی، شێلادزێ، پێنجوین، شوان، مەسیف سەلاحەدین، کانی ماسی، گەڕناسکێ، چیایێ سەکران، مانگێش و عەربەت. هەروەها فەوجامە فەوجا (23) پشکداریا کری دکارێت ئەنفالا ئێکێ، ئەنفالا دوویێ، ئەنفالا سێ، ئەنفالا چارێ، ئەنفالا پێنجێ و ئەنفالا شەشێ). سەرۆک جاش عاسیف ئەحمەد ئاغای زێباری، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (198)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

24. سەرۆک جاشی فەوج، حکمەت نەجمان شەفیق دۆسکی، عەبدولواحێد موسا جێگری سەرۆک جاشی فەوجو مولازمی یەکەم ئەحمەد تەها حوسێن فەرماندەی فەوج. فەوجی حکمەت دۆسکی بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). پارتی دیموکراتی کوردستان.

25. سەرۆک جاشی فەوج، سەعید یوسف ئەسعەد زراری، هەمزە سێوی جێگری سەرۆک جاشی فەوج. فەوجی (25)ی سەرۆک جاش سەعید یوسف ئەسعەد زراری، فەوجی (5)ی ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی و فەوجێکی جاشە سووکەکانی سوورچییەکان، لە رێکەوتی (21.4.1985) لەگەڵ هێزێکی گەورەی رژێم کە لە هەولێر و کەرکوک بە پشتیوانی چەندین کۆپتەری شەڕکەر هاتبوون، لە گوندی کەپەنک رەشی سەربە شارۆچکەی دیبەگە چوونە سەر هێزێکی تیپەکانی (85)ی بەڕانەتی و تیپی (87)ی قەرەچوغ و، شەڕ لە کاتژمێری دەی پێش نیوەڕۆ تاوەکو کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ بەردەوام بوو. لەو شەڕەدا هەشت پێشمەرگەی قارەمان شەهیدبوون بە ناوەکانی (مەجید رەحمان حەمەدئەمین نۆغەرانی ناسراو بە (مەجیدە سوور) جێگری فەرماندەی تیپی (85)ی بەڕانەتی، ئەحمەدە سوور خەڵکی گوندی گردی رەوەی قەراج، بەرپرسی ناوچەی شۆڕشگێڕان، دکتۆر هەمزە عەباس سیان خەڵکی گوندی گابەرەکەی سەربە شارۆچکەی دیبەگە، جەمال ئەنوەر حەسەن لاوە مێرخوزاری، حاجی ئەنوەر و یەحیا ناسراو بە بەختیار) و سێ پێشمەرگەش بە برینداری بەدیل گیران بەناوەکانی: (عەبدولڕەزاق ساڵح حەمەدئەمین دۆنە عەوێنەیی، یاسین برایم باولی – قەراج، کە ئەو دوانەیان لە رێکەوتی (27.11.1985)دا لە بەغدا لە سێدارە دران، لەگەڵ سەیفەدین ئەحمەد ئیسماعیل دیبەگەیی، کە لە دادگای بەناو شۆڕشی ئێراقی بەعس و سەدام لەلایەن عەواد حەمەد بەندەری خوێنمژ (15) ساڵ سزای زیندانی بۆ بڕایەوەو، دواتر لە رێکەوتی (14.9.1988)دا بەر لێبووردنی گشتی کەوت و ئازادکرا). هەروەها سێ پێشمەرگەی تریش بەناوەکانی (فاتیح مەولود حەسەن (فاتیح مەلاقەرە)، بۆتان محەمەد سەعید قۆڕیتانی و حاجی سەباح پیرداود بندیان خدرجیجەیی) بریندار بوون. فەوجی ناوبراو بەشداری هەریەک لە ئەنفالەکانی (1+2+3)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988)، بەگوێرەی نووسراوی بنکەی هەواڵگری توز بۆ رێکخراوی خۆرهەڵات بە ژمارە

(1988/4/10/10340)، فەوجی بیست و پێنج بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی قەزای توز، قادرکەرەم، نەوجول و گوندەکانی (زندانەی بچووک، سالْحی، دوڕاجی، زیندانەی گەورە، باشتەپە، ئیبراهیمی بچووک، ئیبراهیمی گەورە، حەیدەرە سوور، عومەر سۆفی، شێخ جەلال، تازەشارو شێخ حەمید)ی کردووە – (1–25–93). هەر سەبارەت بە ئەنفالی سێ – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسولْ، ئەنفال کوردو دەولْەتی ئێراق، ل156). سەعید یوسف ئەسعەد زراری، ئێستا سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

26. سەرۆک جاشی فەوج، نەقیب مەحمود حەمە رەسولْ ئاغا پشدەری و جێگری سەرۆک جاشی فەوج رەسولْ حەمە رەسولْ ئاغا پشدەری، ئیبراهیم خالید رەسولْ و حەمە مەحمود ئیبراهیم ئامر سریە. فەوجی ناوبراو بەشداری هەریەک لە ئەنفالەکانی (1+2)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە ئەنفالەکانی یەک و دوو – سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988)، هەروەها سەبارەت بە بەشداری ئەنفالی یەک – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسولْ، ئەنفال کوردو دەولْەتی ئێراق، ل147). هەروەها مەحمود حەمە رەسولْ ئاغا، فەرماندەی فەوجی (26)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای بالاْی تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (120)ە لە لیستی داواکراوەکان. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

27. سەرۆک جاشی فەوج، لەزگین فەریق تاهیر دۆسکی. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالی (8)ی کردووە – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). لەزگین دۆسکی ئێستاکە سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە. لەزگین فەریق تاهیر دۆسکی، بەگوێرەی رۆژنامەی هاولاْتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، رێکەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە سالْی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەلْ رژێمی سەدامی عروبەو بەعس هەر هەبووە تاوەکو رووخانی رژێم لە رێکەوتی (9.4.2003)دا پەیوەندی بەردەوام بووە.

28. سەرۆک جاشی فەوج، عومەر حەسەن رەسوڵ گەردی، جێگرانی سەرۆک جاشی فەوج مەعروف زەنگەنە و سەدیق عوسمان مەولود تورەقی (کە دوای راپەڕین لە رێکەوتی (9.12.1994)دا کوژرا چونکە یەکێک بوو لە جاشە بەدناوەکانی هەولێر کە چەندین کەسی بەگرتدابوو)، هەروەها عەلی ئیبراهیم حەمەد فەرماندەی سریە. فەوجی (28)ی عومەر حەسەن لە ساڵی (1983)دا دامەزراوە. عومەر حەسەن (لە پاداشتی ئەنفالەکانداو لە شەڕی چوارتا مەدالیای بەناو ئازایەتی (ناپاکی و نیشتمان فرۆشی) لە سەدام وەرگرتووە). فەوجی عومەر حەسەن گەردی بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+8)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6519)ی رێکەوتی (31.3.1988)ی رۆژی پێنجشەممە). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). عومەر حەسەن رەسوڵ گەردی، سەرۆک جاشی فەوجی (28)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (361)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. ناوبراو مردووە.

29. سەرۆک جاشی فەوج، جەمیل کەریم مەجید عەبدوڵڵا ئاغای کۆڕێ (خۆشناو)، نەقیب رەزوان محەمەد فەرماندەی فەوجی ناوبراو. فەوجی جەمیل ئاغای کۆڕێ بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). هەروەها جەمیل کەریم مەجید ئاغا کۆڕی، سەرۆک جاشی فەوجی (29)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (321)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. جەمیل کەریم ئاغای کۆڕێ ئێستا سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە. جەمیل کەریم مەجید خۆشناو، بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، رێکەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی بەرەی

کوردستان لە ساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ رژێمی سەدامی عروبەو بەعس هەر هەبووە تاوەکو رووخانی رژێم لە رێکەوتی (9.4.2003)دا پەیوەندی بەردەوام بووە.

30. سەرۆک جاشی فەوج، سەعید محێدین ئەحمەد زەنگەنە بەردەرەشی. فەوجی سەعید زەنگەنە بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). سەعید محێدین ئەحمەد زەنگەنە، سەرۆک جاشی فەوجی (30)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (80)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. سەعید بەردەڕەشی ئێستا سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

31. سەرۆک جاشی فەوج، قادر بەگ مەحمود خان خەلیفە عەبدولسەمەد برادۆستی، محەمەد ئەمین برادۆستی جێگری سەرۆک جاشی فەوج. فەوجی قادر مەحمود خەلیفە برادۆستی بەشداری ئەنفالی (2)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداری ئەنفالی دوو - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل152). قادر مەحمود خەلیفە عەبدولسەمەد، سەرۆک جاشی فەوجی (31)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (368)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. قادر مەحمود خەلیفە برادۆستی سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. قادر مەحمود خەلیفە برادۆستی، بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، رێکەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ رژێمی سەدامی عروبەو بەعس هەر هەبووە تاوەکو رووخانی رژێم لە رێکەوتی (9.4.2003)دا پەیوەندی بەردەوام بووە.

32. سەرۆک جاشی فەوج، سابیر ئەحمەد ئیبراهیم مەنتک/ ئیبراهیم ئەحمەد ئیبراهیم مەنتک. فەوجی ئیبراهیم مەنتک بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە. سابیر مەنتک بەر لە ئەنفالەکاندا، لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی

کوردستان (ی. ن. ک)دا کوژراو ئیبراهیمی برای شوێنی گرتەوە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). هەروەها ئیبراهیم ئەحمەد ئیبراهیم مەنتک، سەرۆک جاشی فەوجی (32)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (305)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

33. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد سلێمان محەمەد سلێمان پاڵانی و سلێمان محەمەد سلێمان پاڵانی. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (2+8)یان کردووە. سەبارەت بە ئەنفالی دوو – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل152). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).

34. سەرۆک جاشی فەوج، سەعید ئەسعەد ئاغای شێتنە، کە پێشتر مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (67)ی هەبووە. فەوجی سەعید شێتنە بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+5)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988)و، سەبارەت بە ئەنفالی دوو – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل152). سەبارەت بە ئەنفالی دوو – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل152). سەبارەت بە بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی پێنج، بەگوێرەی نووسراوی (رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور) بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتیی، ژمارە (ش3/ق2/1041)، رێکەوتی (2.6.1988)دا فەوجی (34)ی سەعید شێتنە بەشداری ئەو ئەنفالەی کردووە – سەرچاوە: (بەشی بیست و یەک لە سێ دێی پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال، ل5014). سەعید ئەسعەد شێتنە، بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە. سەعید ئەسعەد شێتنە، سەرۆک جاشی فەوجی (34)ی جاشە

سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (398)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. سەعید ئەسعەد ئاغای شێتنە، بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، رێکەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ رژێمی سەدامی عروبەو بەعس هەر هەبووە تاوەکو رووخانی دەسەڵاتی سەدام لە رێکەوتی (9.4.2003)دا پەیوەندی بەردەوام بووە.

35. سەرۆک جاشی فەوج، عەمید فەتاح کەریم فەتاح جاف، پێشتر عەمیدی هەواڵگری هۆبەی (3) بووە. جێگرانی سەرۆک جاشی فەوج هەریەک لە بەختیار خالید جاف و هیوا عەلی کەریم جاف و هەروەها هەریەک لە فەرماندەی سریە تاهیر عوسمان رۆستەم رۆغزایی و محێدین کوێخا محەمەد حەسەن جاف. تاوانبار تاهیر عوسمان رۆستەم، فەرماندەی سریە لە فەوجی (35)ی جاشە سوکەکان و پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (62) بووەو، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی تیلەکۆ، کفری، سەنگاو، کەرکوک، پێبازو کەلاری کردووە، واتە بەشداری شاڵوی ئەنفالی (3)ی کردووە - سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل238). دوای راپەڕین تاوانبار تاهیر عوسمان رایکرد بۆ بەغداو تا رووخانی بەعس لە رێکەوتی (9.4.2003)دا بە چرکەش درێخی نەکرد لە راژەکردنی دوژمندا، کەچی ئێستاکە لە دەربەندیخان دادەنیشێت. تایەر عوسمان رۆستەمی فەرماندەی سریەی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی بەهۆی بەشداری کارای لە ئەنفالەکاندا بۆ دەرچووەو، ژمارە (197)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە هەریەک لە ئەنفالەکانی (1+2+3)دا. سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک و دوو - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک و سێ - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل147+156). لە پاداشتی ئەنفالەکاندا،

بەگوێرەی مەرسومی كۆماری ژمارە (1014)ی رۆژی (3.10.1988)دا، مەدالیای ئەنفالكردن و كوردكوشتنی وەرگرتووە. هەروەها عەمید فەتاح بەگ جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (35)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی دەرچووەو، ژمارە (269+403)ی دراوەتێ، واتە ناوەكەی دووبارە بۆتەوە لە لیستی ناوی داواكراوەكان. فەتاح كەریم بەگی جاف، تا رووخانی رژێمی سەدام لە بەغدا بوو، كەچی ئێستاكە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دەیپارێزێت و لایەنگری ئەوانە.

36. سەرۆک جاشی فەوج، سادق زێرۆ ئەمین هەركی و (ئەحمەد/ حەمید) زێرۆ ئەمین هەركی برای جێگری فەوج بووەو، نەقیب عەلی مەولود شوەیش ئەفسەری لێپرسراوی بەڕێوەبەری فەوج. ئەم فەوجە لە رێكەوتی (24.10.1984)دا دامەزراوەو بەشداری شاڵاوی هەریەک لە ئەنفالەكانی (1+2+3+8)یان كردووە - سەرچاوە: (هاوكاری، ژمارە (998)ی رۆژی دووشەممە، رێكەوتی (15.8.1988)، دەربارەی بەشداریكردنی فەوجی سی و شەش لە ئەنفالی یەک هێزەكانی بەدر ئەلكوبرا، بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالكردنی دانیشتوانی سورداش و هەریەک لە گوندەكانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن)و دۆڵی جافایەتی واتە ئەنفالی یەكیان كردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێكیدا بۆ هاوكاری دەڵێت: (هاریكاری كردن لەنێوان ئێمەو لەنێوان فەوجەكانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو رێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەكان لە رۆڵەكانی گەلی كوردی خۆشەویستمان قوربانییەكی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان كرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) كە ژمارەیان دە فەوج بوو - سەرچاوە: (هاوكاری، ژمارە (960)ی رۆژی پێنجشەممە، رێكەوتی (24.3.1988)، زكریات محەمەد حەسەن، نێردراوی هاوكاری: یەكەمین كەس بوون گەیشتنە بنكەكانی خاین جەلال تاڵەبانی لە سەرگەڵوو، ل6-7). هەروەها سەبارەت بە بەشداریكردنیان لە ئەنفالەكانی یەک و دوودا، سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی

یەكشەممە، ڕێكەوتی (17.4.1988). هەروەها سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی یەكدا - سەرچاوە: (مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل26). سەبارەت بە بەشداریكردنی فەوجی سادق زێڕۆ هەركی لە ئەنفالەكانی یەک، دوو و سێدا، سەرۆک جاشی فەوج بۆ ڕۆژنامەی هاوكاری دەڵێت: (لە كارەكانی ئەنفالی یەكەم و دووهەمدا بەشدار بووین لە رزگاركردنی ناوچەی قەرەداغ. هەروەها بەشداربوونی فەوجەكەمان لە كاری گەلیماسی و ئەنفالی یەكەم، دووهەم و سێیەم - رۆژنامەی هاوكاری، ژمارە (998)، رۆژی دووشەممە، ڕێكەوتی (15.8.1988). سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەكانی (5220-5228). سادق زێڕۆ ئەمین، سەرۆک جاشی فەوجی (36)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (338)ی دراوەتێ لە ناوی لیستی ناوی داواكراوەكان.

37. سەرۆک جاشی فەوج، تاریق فایەق وەلەد كاكەیی زەنقڕی. فەوجی تاریق كاكەیی بەشداری شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2+3+4)یان كردووە. دەربارەی بەشداریكردنی فەوجی سی و حەوت لە ئەنفالی یەک هێزەكانی بەدر ئەلكوبرا، بە فەرماندەیی عەمید عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالكردنی دانیشتوانی سورداش و هەریەک لە گوندەكانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن)و دۆڵی جافایەتی واتە ئەنفالی یەكیان كردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێكیدا بۆ هاوكاری دەڵێت: (هاریكاری كردن لەنێوان ئێمەو لەنێوان فەوجەكانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو ڕێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەكان لە ڕۆڵەكانی گەلی كوردی خۆشەویستمان قوربانییەكی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان كرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) كە ژمارەیان دە فەوج بوو - سەرچاوە: (هاوكاری، ژمارە (960)ی رۆژی پێنجشەممە، ڕێكەوتی (24.3.1988)، زكریات محەمەد حەسەن، نێردراوی هاوكاری: یەكەمین كەس بوون گەیشتنە

بنکەکانی خاین جەلال تاڵەبانی لە سەرگەڵوو، ل6-7). سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا، سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، رۆژی یەکشەممە، ریکەوتی (17.4.1988)، هەروەها سەرچاوەی دووەم: (رۆژنامەی ئەلجمهوریە، ژمارە (6777)ی رۆژی سێشەممە، ریکەوتی (5.4.1988)، لاپەڕە6). هەروەها سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک و چوار، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەکانی 149، 162). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی یەکدا، سەرچاوە: (مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل26). تاریق فایەق کاکەیی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی نەوجول، دووز، کفری، کەرکوک و سەرقەڵای کردووە، واتە ئەنفالی (3)، سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل240). تاریق فایەق کاکەیی، سەرۆک جاشی فەوجی (37)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (272)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. دواتر تاریق ئاغای کاکەیی فەوجی ناوبراوی لێسەندرایەوەو فەوجەکە درا بە ئەدهەم محەمەد سلێمان عەلی سەرایی و، هەریەک لە براکانی سامی محەمەد سلێمان و سوبحی محەمەد سلێمان عەلی سەرایی بوون بە جێگرانی سەرۆک جاشی فەوج.

38. سەرۆک جاشی فەوج، فارس مستەفا حەسەن سلێڤانی. فەوجی فارس سلێڤانی بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228).

39. سەرۆک جاشی فەوج، وریا بایز جەمیل کاکل گەردی و بایز جەمیل کاکل گەردی و جێگری سەرۆک جاشی فەوج ئیبراهیم تۆفیق. فەوجی ناوبراو لە ریکەوتی (1.12.1984)دا دامەزراوەو بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228).

40. سەرۆک جاشی فەوج، کەریم خان مەحمود خەلیفە برادۆستی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج سەلام کەریم خان برادۆستی، کە ئەندامی خولی

یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بووە لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. فەوجی کەریم خان برادۆستی، بەشداری ئەنفالی (2+5)یان کردووە. سەبارەت بە ئەنفالی دوو – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل152). سەبارەت بە بەشداری شالاوی ئەنفالی پێنج، نووسراوی (رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەلات) بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتیی، ژمارە (ش3/ق1041/2)، رێکەوتی (2.6.1988)دا، بەشداری شالاوی ئەو ئەنفالەیان کردووە – سەرچاوە: (بەشی بیستویەکی سێ دێی پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال، ل5014). کەریم خان مەحمود خەلیفە، سەرۆک جاشی فەوجی (40)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای بالای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (371)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

41. سەرۆک جاشی فەوج، سەدیق عەلی باویل ئاغاو جێگرانی سەرۆک جاشی فەوج شەفیق عەلی باویل ئاغا و دلاوەر کوردۆ باویل ئاغا. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+8)ی کردووە. سەبارەت بە ئەنفالی دوو، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل152). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).

42. سەرۆک جاشی فەوج، سەید تاهیر حوسێن سەید محەمەد جەباری چەمچەماڵی (سەید تاهیری گەورە)و مەریوانی کوڕی جێگری باوکی بووەو هەریەک لە عزەت محەمەد، حەسەن ئەحمەد، حوسێن ئەحمەد، جەبار رەشید، غازی عەبدوڵلا، حاجی ئەمین محەمەد، نوری سەعید و عادل جابر فەرماندەی سریە بووینە. هێزێکی جاش کە پێکهاتبوو لە هەریەک لە سەید تاهیر سەید حوسێن محەمەد جەباری (سەید تاهیری گەورە) کە دواتر بووە سەرۆک جاشی فەوجی (42)ی جاشە سووکەکان، کاوە ئەحمەد تۆفیق (کاوە بازیانی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (79)، کە دوای راپەڕین چۆتە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، قادر فەرەج عەبدوڵلا (قالە فەرەج)ی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (49)ی سەربە

ئیستخباراتی سەربازی ناوچەی شیمالی بە هاوکاری و پشتیوانی میلیشیاو هەلیکۆپتەری جەنگی، لە ڕێکەوتی (5.3.1982)دا لە گوندی قازانی بەرامبەر بە ئۆردوگای پیرەمەگرون توانیان پێشمەرگەی ئازا و فەرماندەی تێکۆشەر ئەنوەر حەسەن لە ڕێکەوتی (5.3.1982)دا لە گوندی قازانی بەرامبەر بە ئۆردوگای پیرەمەگرون توانیان پێشمەرگەی ئازا و فەرماندەی تێکۆشەر ئەنوەر حەسەن (ئەنوەر حەسەن خدر مەحمود ئاری کوتکی کەرکوکی)، فەرماندەی هەرێمی دووی کەرکوک و یازدە پێشمەرگەی تر شەهید بکەن بەناوەکانی: (محەمەد شوکر بلوکێنی، رزگار جەلال قەساب ناسراو بە هێمن، محەمەد شێخ سدیق ناسراو بە سوارە، عەبدولخالیق ساڵح ئەحمەد سۆنەگوڵی ناسراو بە مامۆستا ئاسۆ، عەبدوڵڵا ساڵح رەسوڵ ناسراو بە مامۆستا چیا، کامەران مام عومەر نەجاڕ، کەمال قادر فەتاح چەمچەماڵی ناسراو بە گۆران، نوعمان عەبدوڵڵا عوبێد مەعروف کلاوقوتی ناسراو بە هاوڕێ، نەجمەدین فاتیح شوکر کەرکوکی ناسراو بە شێروان، جومعە حەسەن کەریم ناسراو بە سیروان و مۆفەق عەبدولڕەحمان تەقی کە بە بریندارى کەوتە بەردەستی جاشەکان و دوای ماوەیەک سزای زیندانی هەتا هەتایەی بۆ بڕایەوە، بەڵام لە مانگی تەموزی هەمان ساڵدا بەر لێبووردنی گشتی کەوت و ئازادکرا. دوای ئازادبوونی گەڕایەوە ناو شۆڕش و دووبارە بوو بە پێشمەرگە، بەڵام بەداخەوە دواتر لە ڕاپەڕینی شاری کەرکوک لە ڕێکەوتی (19.3.1991)دا شەهید بوو). فەوجی ناوبراو بەشداری لە ئەنفالەکانی (1+5+6+7)دا کردووە. سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک، پێنج، شەش و حەوت – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەکانی 149، 166). سەید تاهیر حوسێن محەمەد جەباری، بەگوێرەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، ڕێکەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامی عروبەو بەعس هەر هەبووە تاوەکو رووخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا پەیوەندی بەردەوام بووە. ناوبراو سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

43. سەرۆک جاشی فەوج، رەشید سەلیم حاجی عەلی ئاغا خەیلانی. موعین ئەحمەد مامەک خەیلانی جێگری سەرۆک جاشی فەوج، بەڵام حکومەت لەساڵی (1988)دا موعین، خێزانەکەی بەناوی مریەم وسو ئەسعەد و کچە برایەکی بەناوی خانم خدر مامەک خەیلانی گرتن، کە دواتر هەموویانی پێکەوە لە رێکەوتی (15.2.1989)دا لە سەربازگەی رەشکین واتە بارەگای فەیلەقی پێنج بە تۆمەتی هاوکاریکردنی پێشمەرگە گوللە باران کردوون. سەرۆک جاش رەشید سەلیم حاجی عەلی ئاغا خەیلانی، دوا راپەڕینی ساڵی (1991) ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام دوو سێ ساڵ بەر لە ئێستا مرد.

44. سەرۆک جاشی فەوج، .

45. سەرۆک جاشی فەوج، مەحمود ئەسعەد فەتاح هەرکی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج محەمەد دەروێش. فەوجی چل و پێنجی مەحمود هەرکی بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). پارتی دیموکراتی کوردستان.

46. سەرۆک جاشی فەوج، موشیر ئیبراهیم ئەحمەد ئاغای سەرگەڕان. فەوجی چل و شەشی موشیر ئیبراهیم ئاغای سەرگەڕان بەشداری لە هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+3+4+5+6+7)دا کردووە. سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک، سێ، چوار، پێنج، شەش و حەوت - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەکانی، 147، 156، 166). بە گوێرەی نووسراوی ژمارە (5/24/2318/ق3)ی رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات بۆ هۆبەی سێی هەواڵگری سەربازی گشتیی بە رێکەوتی (23.5.1987)، سەبارەت بە کاولکردنی چەندین گوندی کوردستان بە سەرپەرشتی هێزێک لە رێکەوتی (17.5.1987)دا کە هێزەکە پێکهاتبوو لە (فەوجی جاشە سووکانی (46)ی فەوجی موشیر ئیبراهیم ئەحمەد ئاغای سەرگەڕانە لەگەڵ فەوجی (79)ی جاشە سووکەکان و هێزێکی ئەندازیاری سەربازی) کە گوندەکانی (ئەلیاوە، بەرخ، پێ دۆڵە، پیڕەش، دەسکەرە، سلێمانە، سەید مەحمود، مشکۆتان، غولام کۆە، میرمار،

کواجە)یان لەسەر نەخشە لابرد، کە سەر بە قادرکەرەم، لەیلان، قەلا شێروانە، هەڵەبجەو پێنجوینن – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و پێنج، ل5573). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە فەوجی جاشەکان شانبەشانی سوپای داگیرکەری سەدام، گوندو شارۆچکەو شارەکانی کوردستانیان کاولکردووە. موشیر ئیبراهیم ئەحمەد، سەرۆک جاشی فەوجی (46)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی کارای لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (386)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ.

47. سەرۆک جاشی فەوج، مەدحەت تۆفیق مەنسور داودی. فەوجی مەدحەت داودی بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988)، هەروەها سەبارەت بە ئەنفالی یەک، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل149). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی چواردا لە ژمارە (975)ی رۆژنامەی هاوکاری، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (16.5.1988)دا هاتووە کە (هێزەکانی بەعس بە سەرپەرشتی عەقید نعمەت غەریب عەبدوڵڵاو بەشداری هێزەکانی دووهەم، رەتلی دەیەمین، فەوجی (138)، فەوجی (47)و پۆلێک لە هێزە تایبەتییەکان پەلاماری ناوچەی شوان (شیوەسوور، کەژە خاڵخاڵ، تەکمان باغ، ئۆمەرمەندان، کارێزە)یان داوەو دواتریش بەرەو کەرتی کۆیە بۆ ناوچەی جلەمۆرد، چنارۆک و دارەقوتە هەنگاویان ناوە). مەدحەت تۆفیق داودی، بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. مەدحەت تۆفیق مەنسور، سەرۆک جاشی فەوجی (47)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (227+417)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارەیە لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

48. سەرۆک جاشی فەوج، موشیر هادی ئەحمەد ئاغای سەربەشاخ. فەوجی موشیر ئاغای سەرگەڕان بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). موشیر هادی حەمەد ئاغا، سەرۆک جاشی فەوجی (48)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (387)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

49. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد مەعروف پیرداود ئاغا دزەیی، فەریق قاسم محەمەد، جێگری سەرۆک جاشی فەوج و نەقیب باسل ئاغا فەرماندەی فەوج. فەوجی محەمەد مەعروف پیرداود بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). محەمەد شێخ مەعروف پیرداود ئاغا دزەیی، سەرۆک جاشی فەوجی (49)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (375)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

50. سەرۆک جاشی فەوج، عەبدولڕەزاق محەمەد نەجم ئاغا بۆتانی و جێگری سەرۆک جاشی فەوج شێخ سەڵاح محەمەد نەجم ئاغا بۆتانی. فەوجی ناوبراو لە ڕێکەوتی (22.5.1985)دا دامەزراوەو بەشداری ئەنفالەکانی (2+3+8)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداری ئەنفالی دوو و سێ سەرۆک جاشی فەوج عەبدولڕەزاق بۆتانی بۆ ژمارەیەکی ڕۆژنامەی هاوکاری دەدوێت کە کۆپی دیمانەکەم لایە، بەڵام بەداخەوە ژمارە و ڕێکەوتەکەی دیار نییە دەڵێت: (شەڕکەرێت فەوجا مە پشکداریا کری دهەژمارەکا شەڕادا دگەڵ دوژمنێ ئێرانی تایبەت لدەڤەرا چوارتە، کانیماسی، سورەدێ، کۆیسنجەق و کەرتێ دەڤەرا دوکان. هەروەسا فەوجا مە پشکداریا کری دکارێ ئەنفالا دوویێ و ئەنفالا سێدا). سەبارەت بە ئەنفالی هەشتیش – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228).

51. راوێژکارانی فەوج، ئیبراهیم مەولود گەردی و مامەند حەمەد مەولود گەردی (قەتۆ)، جێگری سەرۆک جاشی فەوج فەرهاد مامەند حەمەد مەولود گەردی، هەروەها عەقید کاکل حەمەد مەولود گەردی فەرماندەی فەوجی جاشەکانی فەوجی (51) و رەشید مەحمود مەولود فەرماندەی سریە. عەقید کاکل کاتێک کە فەرماندەی فەوجی (51)ی جاشە سووکەکان بوو، لە بۆسەیەکدا پێشمەرگەی ئازاو هەرگیز نەمر تەحسین عوسمان مەحمود گەردی (دیبەگەیی)، جێگری فەرماندەی کەرتی چواری شەهیدانی تیپی (83)ی هەورێ لە سالآنی (1983–1985) و دواتر فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی (91)ی سەفینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سێ پێشمەرگەی تری بەناوەکانی نەوزاد مام وسو کاوانی، تەحسین کێشکە و کوڕێکی تر لە ڕێکەوتی (2.5.1986)دا لە نزیک گوندی هەنارەی بناری چیای سەفین شەهید کرد. هێزێکی جاشەکانی فەوجی (51)ی جاشە سووکەکان بە فەرماندەیی رائید کاکل حەمەد مەولود گەردی لە ڕێکەوتی (26.101986)دا لە گوندی ترپەسپیانی سەربە شارۆچکەی قوشتەپە، چوونە سەر هێزێکی پێشمەرگەو شەڕ لە کاتژمێری (12)ی نیوەڕۆ دەستییپێکرد و هێزی دوژمن لە سەرباز، کۆپتەر فڕۆکەی پیلاتۆز و ئەمن و مونەزەمەی حزبی لە هەولێر، موسڵ، مەخمور و دیبەگە بەهانای جاشەکانی کاکل ئاغاوە هاتن. دوای شەڕێکی قارەمانانەی چەند کاتژمێری، دوو پێشمەرگەی ئازاو کوڕە جووتیاری دەشتی هەولێر بەناوەکانی عەبدولقەهار عەزیز عەبدوڵڵا قەرەچناغەیی ئەندامی سەرکردایەتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و فەرهاد ئەحمەد عەزیز خەڵکی گوندی (جدیدە لەک) و پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان شەهید بوون. کاکل حەمەد مەولود گەردی لە ڕێکەوتی (1.2.1987)دا لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پێشمەرگە و کادری ئازای تیپی (86)ی دەشتی هەولێر رزگار هاشم محەمەدئەمین گەردی (دیبەگەیی) لە گوندی باغەمرە بە بریندار گرت و هەمان رۆژ رادەستی مەنزومەی شیمالی کرد، دوای بڕینەوەی قاچێکی رزگار هاشم، ناوبراو لە ڕێکەوتی (29.3.1988)دا سزای هەتا هەتایەی بۆ بڕایەوە و هاتە زیندانی ئەبوغرێب،

کە خۆی بە دەیان جار چۆنییەتی شەڕەکەو ئەو قسانەی بە رائید کاکلی گووتبوو بۆی گێڕاومەتەوە. رزگار هاشم گەردی لە (14.9.1988)دا بە لێبووردن ئازاد کراو ئێستا لە وڵاتی ئەمریکایە. فەوجی (51)ی ئیبراهیم، مامەند (قەتۆ)، فەرهاد و کاکل ئاغای گەردی بەشداری هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4+8)یان کردووە. دەربارەی بەشداریکردنی فەوجی پەنجاو یەک لە ئەنفالی یەک هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا، بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی سورداش و هەریەک لە گوندەکانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن)و دۆڵی جافایەتی واتە ئەنفالی یەکیان کردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێکیدا بۆ هاوکاری دەڵێت: (هاریکاری کردن لەنێوان ئێمەو لەنێوان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو رێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە رۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە دە فەوج بوون - سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (960)ی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (24.3.1988)، زکریات محەمەد حەسەن، نێردراوی هاوکاری: یەکەمین کەس بوون گەیشتنە بنکەکانی خاین جەلال تاڵەبانی لە سەرگەڵوو، ل6-7). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوو - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988)، هەروەها سەبارەت بە بەشداریکردن لە ئەنفالی یەکدا - سەرچاوە: (مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل26). سەبارەت بە شاڵاوی ئەنفالی چوار - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل162). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). سەرۆک جاش مامەند حەمەد مەولود گەردی (قەتۆ)، بەگوێرەی مەرسومێکی کۆماری، کە لە هەریەک لە رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6753) و ژمارە (3906)ی رۆژنامەی (العراق)، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی

(22.11.1988)دا بڵاوکراوەتەوە، دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە راستیدا مەدالیای خۆفرۆشی و کوردکوژی) لە سەدام حوسێنی دیکتاتۆردا وەرگرتووە. هەریەک لە مامەند حەمەد مەولود گەردی (قەتۆ)، سەرۆک جاشی فەوجی (51)ی جاشە سووکەکان و مولازم فەرهاد مامەند حەمەد گەردی جێگری سەرۆک جاشی فەوجی (51)، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنیان لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووەو، ژمارەکانیان (117+142)ە لە لیستی داواکراوەکان. بەڵام فەرهاد مامەند حەمەد گەردی مردووە. لە رێکەوتی (17.10.1989)دا عەقید کاکل حەمەد مەولود گەردی بوو بە پارێزگاری سلێمانی – سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (1118)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (16.10.1989)، ل4). عەقید کاکل گەردی لە پۆستی پارێزگاری سلێمانیدا مایەوە تاوەکو راپەڕینی کۆمەڵانی خەلکی ستەمدیدەی شارەکانی باشووری کوردستان، کە لە رێکەوتی (8.3.1991)دا واتە دووەم رۆژی راپەڕینی شاری هەڵمەت و قوربانی شاری سلێمانی شەهیدان، ناوبراو لەگەڵ چەندین تاوانبارو گەورە بەرپرسی ئەمن و ئیستخباراتی سەربە رژێمی سەدام لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی، کوژرا. ئەو بنەماڵەیە دوای راپەڕین تێکڕایان چوونە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنگری ئەو پارتەن.

52. سەرۆک جاشی فەوج، ئەنوەر رەشید خدر میران (ئەنوەر بەگی بالیسان)، رەشاد ئەنوەر رەشید خدر میران جێگری سەرۆک جاش. فەوجی ناوبراو لە رێکەوتی (20.7.1985)دا دامەزراوەو بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (2+8)یان کردووە – سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (1016)ی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (17.10.1988)، بەڵام ناوبراو لە رۆژنامەی هاوکاری–دا بە شێخ رەشید ئەنوەر میران ناوی هاتووە. سەبارەت بە ئەنفالی دوو – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل152). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5228–5220). هەروەها ئەنوەر رەشید خدر میران، سەرۆک جاشی

فەوجی (52)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (303)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. ئەنوەر بەگی بالیسان لە سەرەتای ساڵی (2009)دا مردووە، بەڵام رەشاد ئەنوەر رەشید میران لە هەولێر دادەنیشێت و سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

53. سەرۆک جاشی فەوج، ئیسماعیل عەبدوڵڵا ئەمین رێکلانی. سەرۆک جاشی فەوج ئیسماعیل عەبدوڵڵا ئەمین رێکلانی، ئێستاکە سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

54. سەرۆک جاشی فەوج، سمکۆ عەبدی حەسەن زێدبەگی و جێگری سەرۆک جاشی فەوج لوقمان سمکۆ عەبدی حەسەن. فەوجی ناوبراو لە رێکەوتی (1.6.1985)دا دامەزراوەو بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+8)یان کردووە – سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (1015)ی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (13.10.1988)، سەرۆک جاشی فەوج باسی بەشداریکردنی فەوجەکەیان دەکات لە شاڵاوە دڕندەکانی یەک و هەشتی ئەنفالەکاندا، لەگەڵ ئەنفالکردنی دێهاتەکانی کۆیە، خەلیفان‌و رواندز). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). سمکۆ عەبدی حەسەن زێدبەگی، سەرۆک جاشی فەوجی (54)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (336)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

55. سەرۆک جاشی فەوج، کامیل شێخ هادی شێخ نوری شێخ حوسێن سۆڵەیی (بەرزنجی). فەوجی کامیل سۆڵەیی بەشداری ئەنفالەکانی (1+3+4)یان کردووە. باوکی ناوبراو سەرۆک جاشی فەوجی ناوبراو بوو، بەڵام لە ساڵی (1987)دا لەشەڕی دژی پێشمەرگە کوژرا، دوای کوژرانی ئەو کامیلی کوڕی شوێنەکەی باوکی گرتەوە. سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک و چوار – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق،

لاپەڕەکانی 149، 162). کامیل شێخ هادی شێخ نوری سۆڵەیی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی پێبازو کەرکوکی کردووە، واتە بەشداری شاڵاوی ئەنفالی (3)ی کردووە – سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل243). کامیل شێخ هادی، سەرۆک جاشی فەوجی (55)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی کارای لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (218)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

56. سەرۆک جاشی فەوج، ڕەفعەت کێخوا عەبدوڵڵا عومەر شێروانی و جێگرانی سەرۆک جاشی فەوج هەریەک لە مەدحەت عەبدوڵڵا عومەر شێروانی و فازڵ محەمەد عەبدوڵڵا عومەر شێروانی. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+8)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ڕەفعەت کێخوا عەبدوڵڵا عومەر شێروانی لە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالی یەک و دوودا – سەرچاوە: (ڕۆژنامەی العراق، ژمارە (3795)، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (11.7.1988)، کە جێگری سەرۆک جاشی فەوج مەدحەت عەبدوڵڵا شێروانی برای ڕەفعەت عەبدوڵڵا شێروانی بۆ ڕۆژنامەی ناوبراو دەڵێت: (بەشداریمان لە هەردوو ئەنفالی یەک و دوودا کردووەو لەو داستانی پاڵەوانێتیەدا ئەوپەڕی ئازایەتیمان نواندووە)، سەرچاوە: ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (270)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی 19.12.2006). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).

57. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ سەدیق نوری بریفکانی.

58. سەرۆک جاشی فەوجی، چیاد دێوالی دۆسکی، زیرەک تاهیر سەعید دۆسکی جێگری ڕاوێژکاری فەرجەکە بووەو بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+3+8)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی چیاد دۆسکی لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوو، سەرچاوە: (ڕۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988). بەگوێرەی نووسراوی فەرمی ژمارە (1988/4/10/10340)ی بنکەی دەزگای

هەواڵگری توز بۆ مەنزومەی ئیستخباراتی خۆرهەڵات، فەوجی پەنجاو هەشتی چیاد دێوالی دۆسکی بەشداری ئەنفالکردنی هەریەک لە توز، قادرکەرەم‌و نەوجول‌و گوندەکانی (زندانەی بچووک، ساڵحی، دوڕاجی، زیندانەی گەورە، باشتەپە، ئیبراهیمی بچووک، ئیبراهیمی گەورە، حەیدەرە سوور، عومەر سۆفی، شێخ جەلال، تازەشارو شێخ حەمید)ی کردووە (1-25-93). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). زیرەک تاهیر سەعید دۆسکی، بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. زیرەک تاهیر سەعید دۆسکی، جێگری سەرۆک جاشی فەوجی (58)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (413)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

59. سەرۆک جاشی فەوج، عەلی عەبوش عەبدی یوسف غەزالە سلێڤانی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج یونس رەشید عەبدی غەزالە سلێڤانی و هەڤاڵ مەحمود جاسم رازگری نهێنی رێکخراوی پارتی بەعسی عارەبی لە فەوجەکە. فەوجی ناوبراو لە رێکەوتی (1.8.1985)دا دامەزراوە و بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). عەلی عەبوش عەبدی یوسف غەزالە سلێڤانی، سەرۆک جاشی فەوجی (59)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (354)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

60. سەرۆک جاشی فەوج، سوعاد فەیزوڵڵا محەمەد تاڵەبانی. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+3)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە ئەنفالەکانی یەک و دوو – سەرچاوە: (ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988)، هەروەها سەبارەت بە ئەنفالی یەک – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو

دەوڵەتی ئێراق، ل149). سەرۆک جاشی فەوجی (60)ی جاشە سووکەکان، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی سەنگاو و کەرکوکی کردووە، واتە ئەنفالی (3) - سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل240). سوعاد تاڵەبانی، بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای بەناو ئازایەتی (ناپاکی و نیشتمان فرۆشی) وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. سوعاد فەیزوڵڵا محەمەد، سەرۆک جاشی فەوجی (60)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (414+191)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارەیە لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

61. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ مەجید شێخ بایز حەسەن محەمەد بەرزنجی قەڵاسێوکەیی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج عاسی عەبدولکەریم ئاغا. شێخ مەجید شێخ بایز بەرزنجی، ئێستاکە فەرماندەی فەوجی فەرماندەیی کەرکوکی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە. فەوجی (61)ی شێخ مەجید شێخ بایز بەرزنجی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی شێخ مەجید شێخ بایز بەرزنجی لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوو - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، ریکەوتی (17.4.1988)، هەروەها سەبارەت بە ئەنفالی یەک، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل147). هەروەها بایز حەسەن بەرزنجی، فەرماندەی فەوجی (61)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە. مەجید شێخ بایز حەسەن، سەرۆک جاشی فەوجی (61)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (106+373)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. سەرۆک جاش شێخ مەجید بایز حەسەن بەرزنجی، بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، رێکەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی بەرەی

کوردستان لە ساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ رژێمی سەدامی عروبەو بەعسدا هەر هەبووە تاوەکو رۆژی رووخانی رژێم لە رێکەوتی (9.4.2003)دا.

62. سەرۆک جاشی فەوج، کەریم عەبدوڵڵا محەمەد (جمور). فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+2)یان کردووە. سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک و دوو، سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە ئەنفالی یەک و دوو، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەکانی 147، 152). کەریم عەبدوڵڵا محەمەدو عەبدوڵڵا محەمەد مستەفا، بەگوێرەی مەرسومی کۆماری ژمارە (807)ی رۆژی (9.8.1988)، لە پاداشتی کورد کوشتندا لە ئەنفالی دووەمدا، مەدالیای ناپاکیان وەرگرتووە. ناوبراو لەسەر زاری خۆی و لێدوانەکانی بۆ رۆژنامەکان سێ مەدالیای خۆفرۆشی و ناپاکی وەرگرتووە - (پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نا نیشتمانی ئێراق، رۆژنامەی (العراق)ی رێکەوتی (29.8.1989). سەرۆک جاش کەریم عەبدوڵڵا محەمەد، بەگوێرەی رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6689)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (19.9.1988) مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە راستیدا کورد کوشتن و ناپاکی)ی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە. کەریم عەبدوڵڵا محەمەد، سەرۆک جاشی فەوجی (62)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (404)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

63. سەرۆک جاشی فەوج، قادر شەفیق نوعمان کافرۆشی. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+3)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریان لە شاڵاوی هەریەک لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988) + بەشداری ئەنفالکردنی دێهاتەکانی سەربە پارێزگای کەرکوکی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3) - سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل243). سەرۆک جاش قادر شەفیق نوعمان کافرۆشە، بەگوێرەی رۆژنامەی

(الثورة)، ژمارە (6689)، رۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (19.9.1988) مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە ڕاستیدا کورد کوشتن و ناپاکی)ی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە. هەروەها قادر شەفیق نوعمان کافرۆشی، فەرماندەی فەوجی (63)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (114)ەیە لە لیستی ناوی داواکراوەکان. سەرۆک جاش قادر شەفیق نوعمان کافرۆشی ئێستاکە سەربە بزووتنەوەی گۆڕانی سەربە نەوشیروان مستەفایە. هەروەها تاریق شەفیق (شەفیع) کافرۆش، بەگوێرەی ناوەکە دەبێت برای قادر شەفیق نوعمان کافرۆشیی بێت، کە وەکو سەرۆک جاشی فەوجی (63) ناوی هاتووە، لەوانەشە هەر قادر شەفیق بێ و بەهەڵە ناوەکەی بەمشێوەیە نووسراوە. تاریق شەفیق (شەفیع) کافرۆشی سەرۆک جاشی فەوجی ناوبراوی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالە بەدناوەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (195)ی دراوەتێ.

64. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ موعتەسەم عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج شوکر عەزیز قادر بەرزنجی. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+3+4+8)ی کردووە – سەرچاوە: (ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (995)ی رۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (4.8.1988)، سەرۆک جاشی فەوج موعتەسەم بەرزنجی سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجەکەیان دەڵێت: (فەوجەکەمان خاوەنی چەندین شەهیدو بریندارە کە ئەم ناوچانە شوێنی تۆمارکردنی نەبەردەکانمانە (چوارتا، ماوەت، قادرکەرەم، سەرگەڵو، کونجرین، سەنگاو بەنەدۆرە، کارێزەو ئەزمر)، هەروەها لە کارەکانی ئەنفالدا بەتایبەتی ئەنفالەکانی (1، 3، 4)دا کە رۆڵی دیاری فەوجەکەمان جێگەی شانازیمانە). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوو، سەرچاوە: (ڕۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988)، هەروەها سەبارەت بە ئەنفالی یەک، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی

ئێراق، ل147)، سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5228-5220). شێخ موعتەسەم عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی، بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. شێخ موعتەسەم عەبدولکەریم بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (64)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (418)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. سەرۆک جاشی فەوجی (64)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە. بەڵام شێخ موعتەسەم بەرزنجی لە ساڵی (1994)دا، لە بەغدا بە فەرمانی سەدام لە سێدارە درا.

65. سەرۆک جاشی فەوج، .

66. سەرۆک جاشی فەوج، عەباس حاجی ئاغا رەسوڵ ترکەڕەشی، بەشداری ئەنفالەکانی (1+2)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە هەریەک لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە ئەنفالی یەک – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل147). هەروەها بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. عەباس حاجی ئاغا رەسوڵ، سەرۆک جاشی فەوجی (66)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (109+402)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە لە لیستی داواکراوەکان.

67. سەرۆک جاشی فەوج، .

68. سەرۆک جاشی فەوج، هەریەک لە شێخ عابد عەبدال مزوری و حکمەت عابد عەبدال مزوری. فەوجی ناوبراو لە ساڵی (1985)دا دامەزراوە و

بەشداری شاڵاوی ئەنفالی (8)یان کردووە – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228).

69. سەرۆک جاشی فەوج، مەحمود حەمەئەمین حەمە ساڵح (مەحمود بەگی گوڵێ). فەوجی مەحمود گوڵێ بەشداری شاڵاوی هەریەک لە ئەنفالەکانی (1+2+5+6+7)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە ئەنفالی یەک، پێنج، شەش و حەوت – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەکانی 147، 167). مەحمود حەمەئەمین گوڵێ، بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق، مەدالیای بەناو ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. مەحمود حەمەئەمین حەمە ساڵح گوڵێ، سەرۆک جاشی فەوجی (69)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (407)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان.

70. سەرۆک جاشی فەوج، تۆفیق محەمەد فەرەج حەمە رۆستەم مۆریاسی. فەوجی تۆفیق مۆریاسی بەشداری ئەنفالی (1)یان کردووە. سەبارەت بە ئەنفالی یەک – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل147). هەروەها تۆفیق حەمە فەرەج حەمە رۆستەم نەورۆڵی (مۆریاسی)، سەرۆک جاشی فەوجی (70)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (310)ی دراوەتێ لە لیستی تاوانبارە داواکراوەکان.

71. سەرۆک جاشی فەوج، حەمود عومەر ساڵح تاجەدین میران ئاکرەیی، جێگرانی سەرۆک جاشی فەوج سەلاّح عومەر ساڵح میرانی و ئەحمەد عەبدولحەمید ساڵح میرانی، نەقیب عادل محەمەد عەلی فەرماندەی فەوج. فەوجی ناوبراو لە رێکەوتی (28.2.1985)دا دامەزراوە و بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا –

سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). ئەحمەد عومەر سالْح میرانی، سەرۆک جاشی فەوجی (71)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (327)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

72. سەرۆک جاشی فەوج، فوئاد کەریم محەمەد کابایز هەمەوەندی. فەوجی ناوبراو بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی فوئاد کەریم هەمەوەندی لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا - سەرچاوە: (ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988) + (ئێراق، ژمارە (3721)ی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی 13.4.1988)، کە سەرۆک جاشی فەوج باسی ئەوە دەکات بەشداری هەردوو ئەنفالەکانی یەک و دوویان کردووە. سەبارەت بە ئەنفالی یەک و چوار – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148، 162). سەرۆک جاش فوئاد کەریم محەمەد کابایز، بەگوێرەی رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6689)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (19.9.1988) مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە راستیدا کورد کوشتن و ناپاکی)ی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە. فوئاد کەریم محەمەد کابایز هەمەوەندی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی کارای لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (214)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. ئەو سەرۆک جاشە لە دەرەوەی وڵاتەو دوای راپەڕین کوردستانی جێهێشتووە.

73. سەرۆک جاشی فەوج، سەعید مەحمود محەمەد عەلی قەڵاسێوکەیی (سەعید مەحمود باریکە). فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+3+4)ی کردووە. سەبارەت بە ئەنفالی یەک - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148). سەعید مەحمود باریکە، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی سلێمانی، بازیان، سەنگاو، چەمچەماڵ، قەرەحەسەن، ئاغجەلەرو قەرەهەنجیری کردووە، واتە بەشداری ئەنفالەکانی

(3، 4)یان کردووە – سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل237). سەعید مەحمود محەمەد قەڵاوێوکەیی، بەگوێرەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، ڕێکەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامی عروبەو بەعس هەر هەبووە تاوەکو رووخانی رژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا پەیوەندی بەردەوام بووە.

74. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد حەسەن عەلی میرزا جاف شەمێرانی. فەوجی جاشەکانی محەمەد حەسەن شەمێرانی بەشداری هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە هەریەک لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (ڕۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک و دوو – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148، 152). محەمەد حەسەن شەمێرانی، بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. محەمەد حەسەن عەلی میرزا جاف شەمێرانی، سەرۆک جاشی فەوجی (74)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (406)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

75. سەرۆک جاشی فەوج، کیسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگی جاف، خەسرەو محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگی جاف، جێگری سەرۆک جاشی فەوج، رائید مەزهەر فەرماندەی فەوج، محەمەد ساڵح قادر سلێمان، محەمەد عارف و کەریم عەلی عەزیز فەرماندەی سریە. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+3)ی کردووە. محەمەد عارفی فەرماندەی مەفرەزە، لەکاتی ئەنفالی (3)دا خۆی و جاشەکانی گوندەکەی خۆیان (سەرکەل)ی سووتاندووە – سەرچاوە: (ئەنفالستان، ژمارە (4)، ڕێکەوتی (14.4.2007)، ل43). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (ئەلسەورە، ژمارە (6536)، ڕۆژی

یەکشەممە (17.4.1988) + (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6523)ی رۆژی دووشەممە، ریکەوتی 4.4.1988)، کە کیسرا محەمەد سەعید جاف باسی ئەوە دەکات بەشداری ئەنفالەکانی یەک و دوویان کردووە + رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (965)ی ریکەوتی (11.4.1988)، کە فەرماندەی سریە کەریم عەلی عەزیز دەڵێت: (بە هەوڵ و کۆششی هەموو جەنگاوەران توانیمان ئەو ئەرکە مێژوویەی بەرەو رومان کرابووەوە لەکاری ئەنفالی دووەمدا بۆ پاکژکردنی ناوچەی قەرەداغ جێبەجێی بکەین). سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک، دوو و سێ – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148، 152، 156). بەگوێرەی نووسراوی بنکەی هەواڵگری کەلار بۆ رێکخراوی هەواڵگری سەربازی خۆرهەڵات بە ژمارە (1988/4/10/10328)، فەوجی حەفتاو پێنج بەشداری ئەنفالکردنی هەریەک لە گوندەکانی (عەلی وەسان و سۆفی رەحیم)ی کردووە – سەرچاوە: (1–25–5617). هەروەها بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. کسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح، سەرۆک جاشی فەوجی (75)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (405)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. کیسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگی جاف، ئێستا سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

76. سەرۆک جاشی فەوج، فەرزەندە جهانگیر حاجی هەرکی. فەوجی فەرزەندە هەرکی بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).

77. سەرۆک جاشی فەوج، عومەر خدر ئاغا سوورچی و نەجم عومەر خدر ئاغای سوورچی (سەرۆکی پارتی پارێزگارانی کوردستان). فەوجی ناوبراو بەشداریکردنی کاولکردنی گوندی بارزان و شاڵاوی ئەنفالەکانی (2+8)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە کاولکردنی گوندی

بارزان، لە کاسێتێکی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج کە لەکاتی کاولکردنی گوندی بارزان و ناوچەکەدا تۆمارکراوەو باسی ئەو هێرش و پەلامارە هاوبەشەی سوپاو جاشەکان دەکرێت کە لە رۆژانی (10 و 11.8.1987)دا کراوەتە سەر ناوچەی بارزان و، گوندی بارزان و دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەڵ خاپوور دەکەن. هەروەها کاسێتەکە روونی دەکاتەوە کە هێرشی جاشەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر پێنج رەتڵ دابەشکراون: (رەتڵی یەکەم: فەوجی (8)ی جەوهەر هەرکی. رەتڵی دووەم: فەوجی (7)ی محەمەد کەڵحێ ڕێکانی. رەتڵی سێیەم: فەوجی (1)ی لەتیف زێباری. رەتڵی چوارەم: فەوجی (23)ی عاسف زێباری و کۆمەڵەی جاسم زێباری. رەتڵی پێنجەم: فەوجی (17)ی محەمەد سەلیم شوشی، فەوجی (6)ی حوسێن سوورچی، فەوجی (77)ی عومەر ئاغای سوورچی و کۆمەڵەی زەید سوورچی). سەبارەت بە بەشداریکردن لە ئەنفالی دوو – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل152). شێخە محەمەدئەمین محەمەد پیرداود کورتاندروویی، کە پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو بەنیازبوو بچێتە ریزەکانی ئالای شۆڕش، جاشەکانی عومەر ئاغای سوورچی لە رێکەوتی (21.1.1987)دا گرتیان و رادەستی پیاوەکانی سەدامیان کرد لە خەلیفان. لە ئەمنی هەولێر ماوەیەک پێکەوە بووین، دواتر شێخە محەمەدئەمین لە رێکەوتی (7.12.1987)دا رەوانەی دادگای بەناو شۆڕش کراو سزای زیندانیکردنی هەتا هەتایەی لەلایەن عەواد بەندەرەوە بۆ بڕدرایەوە، لە دادگا جاشێکی عومەر ئاغای سوورچی هات و شایەتی ئەوەی دا کە ئەو شێخەی گرتووە نەک شێخە خۆی هاتبێت بۆئەوەی خۆی رادەستی حکومەت بکاتەوە. دواتر شێخە لە رێکەوتی (20.9.1988)دا بەر لێبووردنی گشتیی رێکەوتی (6.9.1988) کەوت و ئازادکرا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). عومەر خدر ئاغای سوورچی، سەرۆک جاشی فەوجی (77)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارەکانی

(213+296)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە لە لیستی ناوی داواکراوەکان. پارتی پارێزگاران و لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان.

78. سەرۆک جاشی فەوج، رەشید حەمەدئەمین عەزیز شێروانی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج حەیدەر رەشید حەمەدئەمین شێروانی (مەدالیای بەناو ئازایەتی و لە راستیدا (ناپاکی و نیشتمان فرۆشی) وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالکردنی کورددا – رۆژنامەی ئەلجمهوریە، ژمارە (6784)ی رۆژی سێشەممە، رێکەوتی 12.4.1988). فەوجی ناوبراو لە سەرەوەدا بەشداری لە هەریەک لە شالاوی ئەنفالەکانی (1+2+4+8)دا کردووە. هەروەها شەوکەت رەشید ئەویش وەکو جێگری سەرۆک جاشی فەوجی (78) ناوی هاتووە. سەبارەت بە بەشداری هەریەک لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە ئەنفالی دوو و چوار – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەکانی 152، 162). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شالاوی ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). رەشید حەمەدئەمین عەزیز شێروانی، بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای بەناو ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. رەشید حەمەدئەمین عەزیز شێروانی، سەرۆک جاشی فەوجی (78)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (410)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان.

79. سەرۆک جاشی فەوج، جەلال ئەسعەد رەزا چەرمەگایی (نووسەرەو ئێستا لە وڵاتی سویسرایەو لە رێکخراوێکی مافی مرۆڤ کاردەکات)، کەمال ئەسعەد رەزا چەرمەگایی جێگری فەرماندەی فەوج، مولازم ئەیاد خەڵەف خەلیل ئامر فەوج و مولازم حوسێن عەجاج جێگری ئامر فەوج، فارس حەمە عەزیز لێپرسراوی حزبی بەعس لە فەوجی ناوبراو، هەروەها هەریەک لە محەمەد ئەسعەد چەرمەگا، بەختیار حەمە نەجم، کەریم حەسەن

مستەفاو کەریم قادر بابەکر ئامر سریە بووینە. فەوجی جەلال چەرمەگا لە ریکەوتی (15.12.1985)دا دامەزراوەو بەشداری لە هەریەک لە شالاوی ئەنفالەکانی (1+2+4+5+6+7)دا کردووە لەگەڵ شەڕی هەڵەبجە، کە سەرۆک جاشی فەوج جەلال ئەسعەد رەزا کافرۆشی، بۆ رۆژنامەی هاوکاری دەڵێت: (لە زۆربەی نەبەردییەکانی ناوچەکەماندا بەشداریمان کردووەو جەنگاوەرانمان نموونەی ئازایەتی و گیان لەسەر دەست بوون بۆ پارێزگاری کردن لە ولاتی شیرینمان ناوچەی هەڵەبجە، زێوێ، کاری ئەنفال و چەمی رێزان، دیارترین نموونەی پاڵەوانیەتی فەوجەکەمانەو لەلایەن سەرکردایەتییەوە دەستی رێزیان لێنراوە) - سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری، ژمارەکانی (980)ی رۆژی دووشەممە، ریکەوتی (6.6.1988) + ژمارە (1017)ی رۆژی پێنجشەممە، ریکەوتی 20.10.1988). جەلال ئەسعەد رەزا چەرمەگایی، سەرۆک جاشی فەوجی (79)ی جاشە سووکەکان لە راپۆرتێکی رۆژنامەی هاوکاری بەناوی (هاوکاری لە فەوجی 79ی بەرگری نیشتمانیدا نیشتمان ماڵی پیرۆزمانەو پێویستە بەرگری لێ بکەین)دا، دەڵێت: (لە بارەی ئەو جەنگانەی کە بەشداریمان کردووە لە کەرتی ماوەت بووە لە ساڵی (1986)دا) – هەرواش لە جەنگەکانی هەڵەبجە ساڵی (1988)و کارەکانی ئەنفالی چوارەم – سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (1019)ی رۆژی پێنجشەممە، ریکەوتی 27.10.1988). کەچی سەبارەت بە بەشداریکردن لە شالاوی ئەنفالەکانی یەک، چوار، پێنج، شەش و حەوت – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەکانی 148، 162، 166). بە گوێرەی نووسراوی ژمارە (5/24/2318/ق3)ی رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەلات بۆ هۆبەی سێی هەواڵگری سەربازی گشتیی بە ریکەوتی (23.5.1987)، سەبارەت بە کاولکردنی چەندین گوندی کوردستان بە سەرپەرشتی هێزێک لە ریکەوتی (17.5.1987)دا کە هێزەکە پێکهاتبوو لە (فەوجی جاشە سووکانی (46)، فەوجی (79)ی جەلال ئەسعەد رەزا چەرمەگایی و هێزێکی ئەندازیاری سەربازی) کە گوندەکانی (ئەلیاوە، بەرخ، پێ دۆڵە، پێرەش، دەسکەرە، سلێمانە، سەید مەحمود، مشکۆتان، غولام کۆە، میرمار،

کواجە)یان لەسەر نەخشە لابرد، کە سەر بە قادرکەرەم، لەیلان، قەلا شێروانە، هەڵەبجەو پێنجوین – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و پێنج، ل5573). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە فەوجی جاشەکان شانبەشانی سوپای داگیرکەری سەدامی عروبە، گوندو شارۆچکەو شارەکانی کوردستانیان کاولکردووە. هەروەها جەلال ئەسعەد رەزا چەرمەگایی، سەرۆک جاشی فەوجی (79)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (316)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان.

80. سەرۆک جاشی فەوج، قادر سوارە حەمەد بلْباس و مامەند عەلی بەشیر فەرماندەی سریە. فەوجی جاشە سووکەکانی قادر سوارە بلْباس بەشداری ئەنفالەکانی (1+2)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شالاوە بەدناوەکانی ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە ئەنفالی یەک، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148).

81. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد عومەر ئەمین جەمیل باساکی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج ئەحمەد عومەر ئەمین جەمیل باساکی و فەرماندەی سریە جەمال رەئوف عومەر ئەمین باساکی. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+3+4+8)ی کردووە. دەربارەی بەشداریکردنی فەوجی هەشتاو یەک لە ئەنفالی یەکدا هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا، بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت (قوات الخاصة) عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی سورداش و هەریەک لە گوندەکانی (بەرگەلوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن)و دۆڵی جافایەتی واتە ئەنفالی یەکیان کردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێکیدا بۆ هاوکاری دەڵێت: (هاریکاری کردن لەنێوان ئێمەو لەنێوان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو رێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە رۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم

جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە ژمارەیان دە فەوج بوو – سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (960)ی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (24.3.1988)، زکریات محەمەد حەسەن، نێردراوی هاوکاری: یەکەمین کەس بوون گەیشتنە بنکەکانی خاین جەلال تاڵەبانی لە سەرگەڵوو، ل6-7). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988)و (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە 6523، دووشەممە 4.4.1988). سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە ئەنفالەکانی (1+2+3)دا، سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەروە، ژمارە (6692)ی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (22.9.1988)، کە سەرۆک جاشی فەوج محەمەد عومەر باساکی باسی بەشداری فەوجەکەیانی کردووە لە ئەنفالەکانی یەک، دوو، سێ، هەروەها وەرگرتنی سێ مەدالیای ئازایەتی بە یەکجار لە سەدام لە پاداشتی ئەنفالکردنی کورددا). هەروەها سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالی یەکدا – سەرچاوە: (مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل26). سەبارەت بە ئەنفالەکانی دوو و چوار – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەکانی 152، 162). محەمەد عومەر ئەمین باساکی، ئەحمەد عومەر ئەمین باساکی و جەمال رەئوف عومەر ئەمین باساکی، بەگوێرەی مەرسومی کۆماری ژمارە (807)ی رۆژی (9.8.1988)، لە پاداشتی کورد کوشتندا لە ئەنفالی دووەمدا، مەدالیای ناپاکیان وەرگرتووە. سەرۆک جاش محەمەد عومەر ئەمین باساکی، بەگوێرەی مەرسومێکی کۆماری، کە لە لاپەڕە (3)ی رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6754)، و لاپەڕە (2)ی رۆژنامەی (العراق)، ژمارە (3907)ی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (23.11.1988)دا، مەدالیایەکی بەناو ئازایەتی (لە راستیدا مەدالیای خۆفرۆشی و کوردکوژی) لە دیکتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە. محەمەد عومەر باساکی، بەگوێرەی نامەی فەرماندەیی تیپی چلی پیادە، ژمارە (ا/501/3)ی رێکەوتی (13.2.1989)ی بڕێک پارەیان وەکو خەڵاتی تایبەتی لە پاداشتی

بەشداریكردنیاندا لە ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، ل239-240). وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بەڵگەیەكی نكۆڵ لێنەكراوی بەشداریكردنی راوێژكارو فەوجی ناوبراوە لە ئەنفالی هەشتدا. راوێژكاری ئەو فەوجە لە لێدوانێكیدا بۆ رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6692)ی رۆژی پێنجشەممە، رێكەوتی (22.9.1988)دا دەڵێت: (سێ مەدالیای ئازایەتیم وەرگرتووە). محەمەد عومەر ئەمین باساكی سەرۆك جاشی فەوجی (81)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی كارای لە شاڵاوی ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، لە لیستی تاوانبارە داواكراوەكان ژمارە (380)ی دراوەتێ.

82. سەرۆك جاشی فەوج، سوارە عەباس مامەند ئاكۆ ئاغای پشكۆ. فەوجی سوارە عاباس ئاغای پشكۆ بەشداری ئەنفالی (1)ی كردووە - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148). سوارە عەباس مامەند ئاكۆ، بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، رێكەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی بەرەی كوردستان لە ساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ رژێمی سەدام و حزبی بەعسدا هەر هەبووە تاوەكو رووخانی رژێم لە رێكەوتی (9.4.2003)دا.

83. سەرۆك جاشی فەوج، هەڵگورد شێخ عەبدولكەریم كەسنەزانی، خەلیل باقی نادر فەرمادەی سریە. فەوجی شێخ هەڵگورد بەرزنجی. فەوجی هەڵگورد كەسنەزانی بەشداری شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2+5+6+7)یان كردووە. (شێخ محەمەد شێخ عەبدولكەریم، كە نوێنەری قادریەكانە، دوو فەوجی هەبوو، فەوجێك بەناوی هەڵگوردو ئەوی كەیان بەناوی عەزیز شێخ نوری). سەبارەت بە بەشداری ئەنفالەكانی یەك و دوو، سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، رۆژی یەكشەممە، رێكەوتی (17.4.1988)و، سەبارەت بە ئەنفالەكانی یەك، پێنج، شەش و حەوت، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەكانی 148، 167). هەڵگورد عەبدولكەریم كەسنەزانی، سەرۆك

جاشی فەوجی (83)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (390)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

84. سەرۆک جاشی فەوج، .

85. سەرۆک جاشی فەوج، قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغا غەفوری کرۆژی کۆیی، هەروەها فارس تاهیر مستەفا ئاغای باوکیشی ناوی لە رۆژنامەکانی رژێمدا وەکو سەرۆک جاشی فەوج هاتووە، جێگرانی سەرۆک جاشی فەوج هەریەک لە مەجید مەلا فەتاح و ئەکرەم فەتاح موسا، هەریەک لە چەتۆ کەریم سەعید ناسراو بە چەتۆی کەریمە سوور (کە خاوەنی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە 72 بوو)، حاجی ئیبراهیم عەزیز حەسەن، ئیبراهیم عەبدوڵلا فەرەج، بەکر عەبدوڵلا فەرەج، محەمەد عەبدوڵلا محەمەد، محەمەد عەلی بێشیری، لەتیف خورشید سەعید، مستەفا رەشید مستەفا تۆبزاوەیی و محەمەد ئەحمەد عەبدوڵلا فەرماندەی سریە بووینە. قاسم فارس تاهیر غەفوری، سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە رووناکی ژنی دەڵێت: (پارتی رێگەی پێداوین بێینەوە هەولێر دانیشین و خانوو دروست بکەین، چونکە ئێمەش پارتین و منداڵەکانیشمان هەمووی پارتینە. جگە لە سەرۆک بارزانی حساب بۆ کەسی دیکە ناکەین – سەرچاوە: رۆژنامەی هاولاتی، ژمارە (672)، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.10.2010)، ل2). مەجید مەلا فەتاح موسا، پێشتر پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو دواتر لە سەرەتای ساڵی (1983)دا گەڕایەوە ناو رژێم و بوو بە جێگری سەرۆک جاش لای قاسم فارس کۆیی، دوای راپەڕینیش گەڕایەوە ناو یەکێتیی و کرا بە ئەندامی مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتی لە کۆیە، بەڵام ئێستاکە لە هۆڵەندا دەژیت. قاسم ئاغا کۆمەڵێک تاوانی دژ بە هاووڵاتی، پێشمەرگە، کەسوکاری پێشمەرگە و نەتەوەپەرستانی کورد ئەنجام داوە و شەهیدی کردوون، کە بەشێکیان ئەمانەن: (لە بۆسەیەکی جاشەکانی قاسم فارس ئاغادا لە شەوی (19.11.1978)دا لە کۆدەرەی نزیک گوندی (سکتان)ی خۆشناوەتی بۆ مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پێشمەرگەی قارەمان رەسوڵ حاجی ئەحمەد خان خدر بۆڵیی

بریندارکرد کە بۆ بەیانی لە ئەنجامی سەختی برینەکەی ئەو پێشمەرگە شەهیدبوو – سەرچاوە: (شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی بیرەوەرییەکانی شار و شاخ 1974-1980، ل220). قاسم فارس تاهیر ئاغای غەفوری بەخۆی و جاشەکانی شانبەشانی سەدان سەرباز و ژمارەیەکی زۆر کۆپتەری دوژمن بەشداری شەڕی دەشتی قۆڕەبەرازەی ڕێکەوتی (11.8.1979)یان کردووە، کە لەو شەڕەدا نۆزدە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەم ناوانەی خوارەوە شەهید بوون: (شەفیق زاهیر کەریم گۆدە، فەرماندەی هەرێم، مەعروف عارف نەجم قەیسەری جێگری فەرماندەی هەرێم و شەهید شەفیق بووە، مەولود حاجی عەبدوڵڵا حاجی وسوویی (مەولود شینە)، محەمەد حەمەد قوڵقوڵەیی، محەمەد عەزیز عەلی، ئازاد حاجی ڕەفیق نانەوا، زاهیر محەمەد شەریف، ڕەفعەت محەمەد هەولێری، شێروان ئەمین ئیسماعیل نازەنینی (ئامانج)، ئەنوەر محەمەدئەمین ئیسماعیل نازەنینی، حەوێز ئیسماعیل مەحمود هەوارانی (حەوێزە ڕەش)، ئەحمەد مەحمود ئەحمەد (ئالوبلاغی – بازیان)، جبرائیل حاجی خدر قادر کافرۆشیانی، سەعید محەمەد عەلی ساڵح قەرەناوی (قالە قەرەناوی)، محەمەد قادر حەمەد (محەمەد زەکیە)، جەعفەر سەعید عەباس، عومەر ڕەفیق ئەحمەد عەبدوڵڵا، ئاودێر عەبدوڵڵا ساڵح و قوباد فەتحوڵڵا سەعید کە ئەم چوارەی دواییان بە برینداری دەستگیر کران و لە شەوی (11/12.8)دا لە خانەی میوانداری ئەفسەران – دار الضیافة للضباط لە کۆیە قاسم ئاغا خۆی گوللەبارانی کردبوون – سەرچاوەی ناوەکان: شەهید شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی بیرەوەرییەکانی شار و شاخ 1974-1980، ل253-254، هەروەها باهۆز عەبدولواحید، لە (29)یەمینساڵیادی شەهیدانی داستانی قۆڕەبەرازە-ی دەشتی کۆیە، کوردستانی نوێ، ژمارە (4656)، ڕۆژی پێنجشەممە، تیکەوتی (21.8.2008)، ل9). ئەوەی شایەنی گووتنە شەهید شەفیق زاهیر کەریم، باوکی و دوو برای تری بە ناوەکانی تۆفیق و ڕەفیق لە پێناوی کورد و کوردستان شەهید کراون. قاسم فارس تاهیر غەفوری سەرۆک جاشی فەوجی ژمارە (85)ی جاشە سووکەکان لە ڕێکەوتی (21.2.1980)دا دوو پێشمەرگەی کۆڵنەدەر و خۆڕاگری یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستانی بەناوەکانی ئیبراهیم شێخ مەحمود محەمەدی ناسراو بە دکتۆر رێباز برای شەهید شەماڵی باخ و پێشمەرگە جەلال محەمەد لە شەڕێکدا لە نزیک گوندی کلێسەی سەربە شارۆچکەی کۆیە بەدیل گرت و بە یەکەوە رادەستی ئیستخباراتی کەرکوک کردن، کە دواتر هەردوکیان پێکەوە لە شەوی (12.1.1981)دا لە ژووری سێدارەی قەسابخانەی شاری موسڵی کوردان لە سێدارەدران. لە رێکەوتی (5.5.1980)دا قاسم ئاغا بەهۆی خۆفرۆشێکەوە بەناوی جەرگۆ، توانی باوکی شەهید رەسوڵ واتە ئەحمەد خان خدر بۆڵی فەرماندەی هەرێمی (10)ی سەفینی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە گوندی سماقولی گرتکی دۆڵی خۆشناوەتیدا شەهید بکات. قاسم ئاغاو جاشەکانی لە ساڵی (1980)دا لە دۆڵی ئەسحابان سێ پێشمەرگەی یەکێتیی شەهید دەکەن بەناوەکانی (محەمەد ئیبراهیم مەنتک، مەجید ئیبراهیم مەنتک و بەکر کەریم کە بە برینداری قاسم ئاغا شەهیدیکرد، هەروەها لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەی تر بریندار بوون بەناوەکانی سەباح ئەحمەد، مەجید سوسەیی و فارس حەسەن). شەهیدکردنی دوو پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە رێکەوتی (16.8.1981)دا بەناوەکانی ئەحمەد ئیسماعیل حەمەد ناسراو بە ئەحمەد بڕنەو و یەکیەتی مەجید وسو، هەروەها دوو پێشمەرگەش بریندار بوون بەناوەکانی مامۆستا عەزیز کۆیی فەرماندەی هەرێمی کۆیە و شەمدین رەسوڵ. شەهیدکردنی هاووڵاتی دلێر مستەفا لەناو باخەکانی کۆیە لە ساڵی (1981)دا. شەهیدکردنی دوو هاووڵاتی بێتاوان بەناوەکانی ئەحمەد عەبدال و شوکریە قادر لەناو شاری کۆیە لە خۆنیشاندانەکانی ساڵی (1982)ی سەرجەم کوردستان بە بۆنەی یادی هەشت ساڵەی بۆردومانی قەڵادزێ لە رێکەوتی (24.4.1974). لە ساڵی (1982)دا جاشێکی قاسم ئاغا بەناوی میرزا ئیسماعیل پێشمەرگەیەکی (ی. ن. ک)ی بەناوی نەوزاد رەئوف پەڕەچی لە گەڕەکی جەمعیەی کۆیە نزیک کانی بن شاخان شەهیدکرد. شەهیدکردنی هاووڵاتییەک بەناوی نەجات حاجی عەبدوڵڵا لەناو شاری کۆیە لە ساڵی (1982)، دواتریش شەهیدکردنی کوڕێکی ئەو شەهیدە لە ساڵی (1987)دا بەناوی دلێر نەجات عەبدوڵڵا. قاسم ئاغاو جاشەکانی، لە

ساڵی (1983)دا لەناو شاری کۆیە پێشمەرگەیەکی قارەمانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی بەناوی جەلیل حاجی دێوانە شەهیدکرد. لە ساڵی (1984)دا لەناو شاری کۆیە ئازاد مام فەتاح لەلایەن قاسم ئاغا شەهیدکرا، هەر لە زستانی هەمان ساڵدا جاشەکانی قاسم ئاغا لەسەر ڕێگای کۆیە – هەولێر سێرەیان لە چەتری سەر سەری مامۆستای گوندی سماق شیرین مامۆستا نەریمان تاهیر گرتبوو بە مەبەستی پێکانی نیشانەو ناوبراویان شەهیدکرد. شەهیدکردنی هاووڵاتی جەمال ئەحمەد فەقێ خۆشناوی ناسراو بە جەمال خۆشناو لە ڕێکەوتی (26.9.1985)دا لەناو شاری کۆیە، کە پێشتر پێشمەرگەی یەکێتیی بوو و لە مانگی نۆڤێمبەری ساڵی (1977)دا لە گوندی (چناران)ی سەربە قەزای دوکان دەستگیرکراو، پاشان فەرمانی لە سێدارە دانی لە هەیئە خاسەی کەرکوک بۆ دەرچوو، بەڵام دواتر لە ڕێکەوتی (11.8.1979)دا بەبۆنەی دەسەڵات گرتنە دەستی سەدام حوسێنی دیکتاتۆرەوە وەکو سەرۆک کۆمار لێبووردنی گشتیی دەرچوو و، جەمال خۆشناو ئازاد بوو. شەهیدکردنی دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک) لە سەرەتای ساڵی (1985)دا لە چنارۆک بەناوەکانی شەهید ئەمیری عەبدە خڕە و شەهید سەرکەوت خورشید ئاغای غەفوری. جاشەکانی فەوجی (85) و قاسمە کۆر لە ڕێکەوتی (30.3.1985)دا دەچنە سەر گوندی گۆپتەپە، کە مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی بەشی کۆمەڵایەتی سەربە تیپی (86)ی دەشتی هەولێری (ی. ن. ک)ی لێدەبێت، جاشەکان بە (ئاڕ پی جی) هێرش دەکەنە سەر گوندی ناوبراو، کە بووە هۆی بریندار بوونی ژنێک بەناوی (ڕەحمە غەفور ئەحمەد) کە دایکی پێشمەرگە خەبات عەلی کێخوا ڕەحیم گۆپتەپەیی و خوشکی پێشمەرگە ئەحمەد غەفور ئەحمەد گۆپتەپەییە، کە ئەحمەد غەفور ئەحمەد دواتر بەدەستی جاشەکانی قاسم ئاغا شەهید بوو. سووتاندن و شەهیدکردنی پێشمەرگەی (ی. ن. ک) شەفیق ئیبراهیم ئیسماعیل مام قلینجی لە گوندەکەی خۆیاندا لە مانگی ئەپریلی ساڵی (1985)دا، دوای سووتاندنی خانووەکەیان بە بڕیاری قاسم ئاغا کە شەهید شەفیق لە خانووەکەدا بوو، هەروەها منداڵێکی تەمەن (4-5) ساڵان بەناوی ڕزگار ساڵح ئیسماعیل بە گوللەی جاشەکانی قاسم ئاغا شەهید دەبێت. لە

ڕێکەوتی (24.4.1985)دا هێزێکی جاشەکانی فەوجی (85) بە سەرۆکایەتی قاسم ئاغا، پەلاماری گوندی گۆمەشینی شێخانی دا، کە هێزێکی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بە فەرماندەیی هەریەک لە غەفور ئەحمەد غەزاڵ (مامە غەفە)، فەرماندەی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر و فەقێ عوسمان جەرجیس (فەقێ گۆمەشینی) فەرماندەی کەرتی چواری تیپی (86)ی دەشتی هەولێر، لەو پەلامارەدا پێشمەرگەیەک بەناوی ئەمجەد مەلا محەمەد بانی قەڵاتی بریندار دەبێت، هەروەها بە فەرمانی قاسم ئاغای غەفوری خانووەکەی شەهید فەقێ عوسمان جەرجیس ناسراو بە (فەقێ گۆمەشینی)، لەلایەن جاشەکانەوە ئاگری تێبەردرا و سووتاندیان. شەهیدکردنی هاووڵاتییەک لە ساڵی (1986)دا بەناوی ئەسوەد ئەحمەد لەلایەن شوفێرەکەی قاسم ئاغا، کە لەبەردەم فلکەی تایەر تۆفیق بە ئۆتۆمۆبێل بەسەریدا ڕۆیشت، کە پێشتر کوڕێکی مام ئەسوەد بەناوی شەهید جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد، لە شەڕی بەناوبانگی دەشتێو لە ڕێکەوتی (8.3.1978)دا بەدیل گیراو دواتر لە ڕێکەوتی (21.6.1978)دا لە شاری موسڵ لە سێدارە درا. قاسم فارس تاهیر ئاغای سەرۆک جاشی فەوجی (85)ی جاشە سووکەکان، لە مانگی (5)ی ساڵی (1986)دا دەچێتە سەر هێزێکی تیپی (93)ی کۆیەی سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گوندی داربەڕووی نێوان تەقتەق - کۆیە. لەدوای شەڕێکی چەند کاتژمێریدا، بە فەرماندەیی هەریەک لە رابەری سەید برایم سەرتیپی تیپی (93)ی کۆیە و فەقێ عوسمان جەرجیس (فەقێ گۆمەشتنی) جێگری سەرتیپی تیپی ناوبراو بوو. لەو شەڕەدا فەقێ گۆمەشینی بریندار بوو، هەروەها لە جاشەکان جاسم فارس تاهیر غەفوری برای قاسم ئاغا بریندار بوو. لە هاوینی ساڵی (1986)دا قاسم ئاغای غەفوری و جاشەکانی لە بۆسەیەکدا لە نزیک شیوی ساماڵ لە نێوان گوندی شیواشۆک و شارۆچکەی کۆیەدا، پێشمەرگەی دڵسۆز و قارەمان ئەحمەد غەفور ئەحمەد گۆپتەپەیی، لەکاتی پەڕینەوەی لە گۆپتەپە بۆ مەڵبەندی سێ، کە پێشمەرگەی تیپی مەڵبەندی چواری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لای شێخ عەلی شێخ حەمەساڵح فەرماندەی تیپی مەڵبەند، شەهید دەکەن و تەرمەکەی دەبەنەوە

ناو کۆیە و بەناو شاردا دەیگێڕن، ئینجا دواتر دەیدەنەوە بە کەسوکارەکەی. گرتن و بێسەرو شوێن کردنی دوو هاوولاتی لە سالّی (1986)دا لە رێگای بنکەی ئیستخباراتی سەربازی کۆیەوە بە ناوەکانی ئەحمەد کوێخا رەحیم و دلێر ئیسماعیل حەمەخان. شەهیدکردنی پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەناوی سالار کەریم بۆیاخچی ناسراو بە (سالارە سوور) لە سالّی (1986)دا لە رەبایەکی جاشەکانی قاسم ئاغا لە گوندی داربەڕوو. قاسم ئاغای کۆیە و جاشەکانی لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە رێکەوتی (10.7.1986)دا، رۆڵەیەکی قارەمان و کادیرێکی رۆشنبیری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی بەناوی شەهید جەلیل ئەمین سادق تەلەلخێمی ناسراو بە (رەنجدەر)، کە فەرماندەی کەرتی دووی تیپی (87)ی قەرەچوغ بوو لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر بەناوەکانی شاکر عومەر عەلی ناسراو بە (شاکر سۆربەشی) و یاسین ئیبراهیم عومەر تەلەلخێمی ناسراو بە (یاسین موعەلیم، کە دوو برای تریشی بەناوەکانی شەهید مەغدید ئیبراهیم عومەر تەلەلخێمی ناسراو بە (مەغدیدە قەڵەو) و شەهید سەمەد ئیبراهیم عومەر تەلەلخێمی لە سەرەتای سالّی (1987)دا لە بۆسەیەکدا لە نزیک گوندی مەلاقەرەی سەربە دیبەگە شەهید بوون)، لە گوندی سێگرتکان شەهیدی کردن و سێ پێشمەرگەش بەناوەکانی حامد هەینی سەعید خەیلانی، دینۆ زرار ئیبراهیم خالّند سیان و ئیبراهیم تەلەلخێمی دەستگیرکران کە دواتر حامد و دینۆ بە سزای هەتا هەتایە زیندانی کران و (ئیبراهیم تەلەلخێم)یش سزای لە سێدارە دانی بۆ بڕدرایەوەو دواتر لە سێدارە درا. ئەو سێ دیلە (حامید، ئیبراهیم و دینۆ) لە سەرەتای سالّی (1987)دا لە ژووری ژمارە یەکی زیندانی ئەمنی هەولێر بەیەکەوە بووین و بە دەیان جار باسی ئەو شەڕەیان کردووە کە جاشەکانی قاسم فارس ئاغای کۆیە ئەوانی دەستگیرکردووە. ئەو سێ پێشمەرگەیە لەپێناوی رێکخستنی قسەکانیان لەبەردەم دادگای بەناو سەورەی بەغدا و بۆئەوەی لە سزای لە سێدارە دان دووركەونەوە، دەیان جار لەگەڵیان دانیشتووم، ئەوەی کە سەرنجی هەمووماني راکێشابوو لە ژوورەکەدا زۆر ئاستەم بوو بۆ شەهید ئیبراهیم تەلەلخێمی بە جاش بلێت

فورسان، کە هەردەم ئامۆژگاریمان دەکردن لەبری جاش بڵێن فورسان، چونکە دەمانزانی بەکارهێنانی ووشەی جاش بە تەنیا لە دادگادا بەسە بۆ عەواد حەمەد بەندەری سەرۆکی بەناو ئەو دادگایە، بۆ ئەوەی سزای لە سێدارە دانیان بۆ ببڕێتەوە، بەڵام هەر ئەودەم بوو بۆ شەهید ئیبراهیم و یەک خولەک دواتر دیسان دەیگووت: (کە جاشەکان گەیشتنە ناو گوندی، ئێمە خۆمان رادەستی جاشەکان کرد، دواتر جاشەکان هەر لە خۆیانەوە ئەو چەکانەیان کردۆتە هی ئێمە، ئەگینا ئێمە پێشمەرگە نەبووینە، بەڵکو فیرار بووینەو لەو گوندە دانیشتبووین). پاشان لە هاوینی ساڵی (1987)دا هەرسێ پێشمەرگەی دەستگیرکراو لەلایەن جاشەکانی قاسم ئاغای کۆیە رەوانەی دادگا کران و شەهید ئیبراهیم بەتەنیا لە بەردەم عەواد حەمەد بەندەری جەللاددا ووشەی جاشی بەکارهێنابوو و دووەکەی تریش فورسان، بۆیە عەواد بەندەر هەریەک لە حامید هەینی و دینۆ زراری بە سزای هەتاهەتایە زیندانی کردو فەرمانی لە سێدارە دانیشی بۆ ئیبراهیم تەلەلخێمی دەرکرد، هەروەها پێشی گووتبوو: (إنت الجحش، أبوک الجحش، جدک الجحش، عشیرتک الجحش، أدزک للجهنم وبئسک المصیر)، نزیکەی مانگێک دەبوو من گەیشتبوومە زیندانی (ألأحکام الخاصة)ی ئەبوغرێب کە حامد هەینی و دینۆ زرار بەبێ شەهید ئیبراهیم تەلەلخێمی هاتنە لامان و ئەو رووداوەی ناو دادگایان بۆ گێڕاینەوە. دواتر حامید هەینی خەیلانی و دینۆ زرار لەگەڵ ئێمەدا (تەواوی زیندانیانی کورد لەو بەشەدا) لە رێکەوتی (14.9.1988) و رۆژانی دواتردا بەر بڕیاری لێبووردنی گشتیی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر ژمارەکانی (736+737) کەوتین و ئازاد کراین. لە رێکەوتی (28.10.1986)دا جاشەکانی قاسم فارس تاهیر ئاغای کۆیە بە پشتیوانی هێزێکی زۆری رژێم و چەندین کۆپتەر هێرشیان کردە سەر گوندەکانی پەڵکانە و قۆڕیتانی دەشتی کۆیە، دوای شەڕێکی سەخت و بۆردومان کردنی گوندەکە لەلایەن هێزەکە و کۆپتەرەکانی رژێمەوە دوو پێشمەرگەی کەرتی (5)ی گۆڕقەرەجی سەربە تیپی (86)ی دەشتی هەولێر بەناوەکانی سابیر بانیمارانی و فارس بانیمارانی لەگەڵ دوو کەس لە هێزی پشتگیری گوندەکان بە ناوەکانی لەتیف شەوگێڕی و مام بەکر ناسراغەیی

شەهید دەبن و، جاشەکانی قاسم ئاغا پێشمەرگەیەکی قارەمانی تر بەناوی محەمەد عەبدوڵڵا عەلی ناسراو بە (رزگار مام قلینجی) بە بریندار بەدیل دەگرن و رادەستی رژێمی دەکەن کە دواتر لە سێدارە درا، هەروەها زۆرتر لە (20) کەس لەو دوو گوندەدا شەهید بوون لەگەڵ ماڵ و منداڵی هەریەک لەو دوو پێشمەرگەیە: (سابیر قۆڕیتانی و کەریمە ڕەش) – سەرچاوە: (ئەحمەد کوردە، بیرەوەری رۆژانی سەختی خەبات، بەرگی یەکەم، ل219-220). شەهیدکردنی پێشمەرگەیەکی تیپی (91)ی سەفینی یەکێتیی بەناوی سەفین سەعید رەزا، کە لە ساڵی (1987)دا لە گوندی فەقێیان دەکەوێتە بۆسەی جاشەکانی قاسم ئاغاوە. شەهیدکردنی دوو برا لە ساڵی (1988)دا لە بەردەم یانەی کۆیە بە ناوەکانی رزگار رەسوڵ محەمەد سوێسنی و عەبدوڵڵا رەسوڵ محەمەد سوێسنی و بریندارکردنی گەنجێک بەناوی محەمەد عەبدوڵڵا ئیبراهیم کە ئامۆزازای ئەو دوو شەهیدەیە و ئێستاکە وەکو کەم ئەندامێک لە ئەڵمانیا دەژیت. شەهیدکردنی هاووڵاتی بێتاوان مامەی سەمون فرۆش لە ساڵی (1988)دا لە گەڕەکی (قەسرێ)ی کۆیە. دەستگیرکردنی شەش راکردو لە خزمەتی سەربازی لەلایەن جاشەکانی فەوجی قاسم فارس تاهیر ئاغای غەفوری لە شەوی (10/11.8.1988)دا لە دەوروبەری گوندی سکتانی دۆڵی خۆشناوەتی کە بریتین لە هەریەک لە: (ئیبراهیم ئەحمەد بەگ، بارزان رەفیق عەبدولکەریم، دلاوەر عەبدوڵڵا مام یەحیا، شێروان رەفیق عەبدولکەریم، هاوڕێ بەکر ئەمین و کامەران حەوێز)، پاشان رادەستکردنیان بە ئیستخباراتی کۆیەو بێسەرو شوێنکردنی پێنج کەسی یەکەمیان تاوەکو ئێستاکە، کە تەنیا کامەران حەوێز ئازادکرا، کەچی ئەویش دواتر لە رێکەوتی (9.3.1991)ی رۆژی راپەڕینەکەی کۆیە هەر بەدەستی قاسم ئاغاو جاشەکانی ئەو شەهیدکرا. لە کۆتایی شاڵاوە دڕندانەکانی ئەنفال، لە شەڕێکی ئازایانەی پارتیزانەکانی حزبی شیوعی کە (11) پێشمەرگە بوون، لە رێکەوتی (4.9.1988)دا بە فەرماندەیی بەرپرسی دەستەی پارتیزانەکانی لقی هەولێر، مولازم هەژار (رەفعەت کاک ئەحمەد مەعروف) کە ئێستاکە لە دانیماک دەژیت، لەگەڵ فەوجی جاشەکانی قاسم ئاغای کۆیەدا لەنێوان گوندەکانی سماقە و بایزئاغادا، جاشەکانی قاسم ئاغا

دوو پێشمەرگەی ئازاو گیان لەسەر دەستی حزبی شیوعییان بەناوەکانی (ئیسماعیل مەلا قادر ساڵح سەردەشتی ناسراو بە (ئارام شاهین) و فەیسەڵ نەجم رەمەزان ماستاوەیی – شەمامک ناسراو بە جووتیار چاوشین) شەهیدکردو، قاسم ئاغا تەرمەکانی هەردوو شەهیدی بەدیاری بردن بۆ ئیستخباراتی کۆیە. شەهیدکردنی دوو پێشمەرگەی تێکۆشەری حزبی شیوعی کوردستان – ئێراق لە گوندی مێوژێی بناری چیای کۆسرەت لە رێکەوتی (5.3.1989)دا کە هەردووکیان بە بریندارى لە سەربازگەی دوکان شەهیدکران، کە دوو پێشمەرگەکە سەربە لقی کۆیەی حزبی ناوبراو بوون و بریتین لە هەریەک لە: (جەنگی کەریم بۆگدی ناسراو بە شەپۆڵ و جەلیل ئیبراهیم ئەحمەد کێلەسپی ناسراو بە رێباز)، هەروەها بریندار بوونی دوو پێشمەرگە کە برینی ئاسۆ کاکەخان سەخت و برینی هاوڕێ خەسرەو سووک بووە. بەگوێرەی بیرەوەرییەکانی ئاسۆ کاکەخان، لەو شەڕەدا چواردە پێشمەرگە بەشداری شەڕەکەیان کردووە کە ئەمانەن: (هەڵکەوت، ملازم شێرزاد سلێمان گۆڵتەپەیی، ئاسۆ کاکەخان، پشتیوان حەمە کەریم (کوردە)، حەمە رەشاش، خەسرەو، دڵشاد، دکتۆر هۆشەنگ، شالاو، شەپۆڵ، رێباز، عومەر شەریف ئەمین (چالاک)، موراد حەمەدئەمین ئاغا (کامەران) و کاوە حەمید بەهرام ناسراو بە هەرێم). هۆکاری هێرشی سەرباز و جاشەکانی قاسم ئاغا، بەگوێرەی بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەی پارتیزان ئاسۆ کاکەخان، ناپاکی کردنی هەریەک لە سیخوڕ و پێشمەرگەی گەڕاوە بۆ باوەشی رژێم ساڵح شێخ محەمەد خەرابەیی ناسراو بە (بێکەس) و پێشمەرگە کاوە حەمید بەهرام ناسراو بە هەرێم بووینە، کە ساڵح خەرابەیی حەشارگەی پێشمەرگەکانی بۆ دوژمن دەستنیشان کردووە و گوایە هەرێمیش پێشتر پەیوەندی نهێنی بە دەزگاکانی سیخوڕی رژێمەوە کردووە و لە رۆژی شەڕەکەدا تێکەڵ بە جاشەکان بووە و دواتر پاش چەند مانگێک ئازاد کراوە – سەرچاوە: (ئاسۆ کاکەخان، بیرەوەری پێشمەرگایەتی سەردەمی پارتیزانی چیای کۆسرەت، بەشی دووەم، گۆڤاری چیا، ژمارە (32)، نیسانی (2010)، لاپەڕەکانی 52-75). بەڵام بەگوێرەی ژمارەیەک لە فەرماندە و بەرپرسانی حزبی شیوعی، کاوە حەمید بەهرامی ناسراو بە

هەرێم ناپاک نەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی چەند کەسێکی نزیکی خۆی لەگەڵ هێزەکەی حکومەت و جاشەکاندا بووینە، دوای دەستگیرکردنی هەرێم بە هەوڵی خزمەکانی و لەپێناوی رزگارکردنی گیانی ئەودا وایان بۆ نووسیوە کە هەرێم پێشتر پەیوەندی بە حکومەتەوە هەبووە، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری رزگارکردنی ناوبراو. ئەو شەڕە لەگەڵ سریەیەکی حزبی شیوعی بوو کە فەرماندەی سریەکە ملازم شێرزاد سلێمان گۆڵتەپەیی بوو، کە مولازم شێرزاد دواتر لە ڕێکەوتی (27.3.1991) لە هێرشی بەناو سوپای درندەی سەدام و بەعس بۆ سەر شاری کەرکوکی گڕو بڵێسەدا لەناو ئەو شارەدا شەهید بوو. بەگوێرەی ئەو فیلمە ڤیدیۆیەی کە کەمپینی کۆیە لەپێناوی دادگاییکردنی تاوانباری دژ بە کورد و کوردستان قاسم ئاغا سەبارەت بەو شەڕەی بناری کۆسرەت بڵاویان کردۆتەوە، دەریدەخات کە موقەدەمێکی سەربازی بەناوی موقەدەم روکن عەزیز و قاسم ئاغا دەردەکەون لەگەڵ ناوهێنانی چەند جاشێکی وەکو ئەکرەم (کە پێدەچێت ئەکرەم مەلا فەتاح موسای جێگری قاسم ئاغا بێت، کە پێشتر پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو دواتر لە سەرەتای ساڵی (1983)دا هاتەوە ناو رژێم و بوو بە جێگری قاسم فارس کۆیی، دوای راپەڕینیش گەڕایەوە ناو یەکێتیی و ئێستاکە لە مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتی کۆیەدایە)، جەلیل، کەمال، سەید جەمال حەمەدئەمین (دوای راپەڕین چۆتە ناو پارتی و ئێستاکە بەرپرسی ناوچەی تەقتەقی پارتی دیموکراتی کوردستان)، مەحمود، میران، رزگار، شێخ محەمەد، مام هەژار، تۆفیق و چەتۆ (کە پێدەچێت چەتۆ کەریم سەعیدی خاوەنی کۆنە مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (72) و فەرماندەی سریە لای قاسم ئاغای پووشتە بێت، کە چەند ساڵێک لەمەوبەر لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گوایە هەندێک لە خزمەکانی خۆی کوشتوویانە). شەهیدکردنی خوێندکار ئاراس عەبدولواحێد حەمید حەوێزی لە زستانی ساڵی (1990)دا، کە ئەوکاتە تەمەنی لە خوار (18) ساڵان بووەو سەربە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، جاشەکانی قاسم ئاغا دوای دەکەون لەسەر هەڵواسینی پۆستەر و بڵاوکراوە، ئەو مێردمنداڵە لەناو ماڵ دەردەهێنن و لە کۆڵاندا بە بەرچاوی

دایک و خوشکی شەهیدی دەکەن. شەهیدکردنی دوو پێشمەرگە و بیست و هەشت هاووڵاتی لە رۆژی (9.3.1991)ی رۆژی راپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کۆیەی قارەمان، کە دوو پێشمەرگەکە بە بریندار لەناو قشڵەی کۆیە بەدەستی تاوانبار قاسم ئاغا شەهیدکران، کە بریتی بوون لە ئەحمەد کانی وەتمانی و جەوهەر بایز حەمکۆل (جەوهەری ناسکە)، هەروەها (28) هاووڵاتییەکەش بریتیین لە: (ئاکۆ کەریم، بەرزان تۆفیق، ئەمیر عەبدوڵڵا، ئیبراهیم حەسەن، ئیبراهیم سەدرەدین، جاسم فەرحان، جەلیل خالید، جەنگی ئەسعەد، حەمید مستەفا، ستار حەمید، سەمەد حەمید، سەمیرە ئەحمەد، سوارە عومەر، شێروان ئیسماعیل، عومەر حەمەد، عومەر ساڵح، فەیسەڵ مەجید، قارەمان عومەر، کامەران حەوێز، کاوە حەمەدئەمین، کاوە حەمەد، محەمەد خدر، محەمەد عەبدوڵڵا، میرزا فەتاح، نازم ساڵح، نازەنین قەرەنی، نەسرین سدیق و نامیق سلێمان – سەرچاوە: کۆیە: کەمپینێک دژ بە موستەشارێک رێکدەخات، ماڵپەڕی کوردستانیوز). جاشێکی قاسم فارس ئاغا بەناوی رەحمان عەلی ئیسماعیل لە رۆژی راپەڕین و ئازادکردنی شاری کۆیە لە رێکەوتی (9.3.1991)دا دوای هێرش و فشاری زۆری خەڵکی کۆیە بۆسەر دامودەزگاکانی رژێم و جاشە خۆفرۆشەکان بە قاسم ئاغای گوتبوو: (ئاغا با تەسلیم بە جەماوەر بین)، قاسم ئاغا هەناوی جاشی ناوبراوی پڕ لە گوللە کردبوو و کوشتبووی. فەوجی قاسم فارس تاهیر ئاغا بەشداری شاڵاوە دڕندانەکانی ئەنفالەکانی (1+2+4+5+6+7)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی قاسم فارس تاهیر ئاغای کۆیە لە هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988) + (ئەلجمهوریە، ژمارە (6777)، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (5.4.1988)، لاپەڕە6). هەرچی سەبارەت بە بەشداری کردنە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و چواردا – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەکانی 148، 162). لەکاتی شاڵاوی ئەنفالی چوارەمدا ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی دێهاتەکانی دەشتی کۆیە کە ژمارەیان نزیکەی (500) هاووڵاتییەک دەبێت و پەنا دەبەنە بەر شاری

کۆیە، بەڵام قاسم ئاغاو جاشەکانی ژمارەیەکی زۆریان لێدەگرن و رادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی کۆیەیان دەکەن، کە لەنێویاندا نۆزدە هاووڵاتی گوندی کلێسەی تیایە کە ئەمانەن: (کاکەسوور ئەحمەد ئەمین یونس، سەردار حەمەد عارف، زاهیر عەزیز قادر، سوارە حەمەد عەزیز، محەمەد مەحمود رەزا، سەعید ئەحمەد ئەمین، محەمەدئەمین ئەحمەد ئەمین، فەتحوڵڵا ئەحمەد ئەمین، نەوزاد مەحمود ئەمین، عەلی عەبدولڕەحمان عەلی، فەتحوڵڵا عەبدولڕەحمان عەلی، عوسمان عەبدولڕەحمان عەلی، عومەر عەبدولڕەحمان عەلی، عەلی خدر ئیسماعیل، سەعید خدر مارف، سەباح عەبدوڵڵا یونس، عەباس عەبدوڵڵا یونس، ئاراس محەمەد لەتیف و سەرهەد محەمەد لەتیف). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالەکانی (پێنج، شەش و حەوت)دا، نووسراوی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی ڕێکخراوی هەواڵگری شیمالی بۆ هۆبەی سێی ئیستیخبارات بە ڕێکەوتی (28.6.1988)، ئاماژەی بەوەکردووە کە لە ڕێکەوتی (21.6.1988)دا هێزێک بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەربە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/6، جاشە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر دەشتی کۆیەو ناو شاری کۆیە – (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕە 5144). قاسم ئاغای فارس تاهیر ئاغای سەرۆک جاشی فەوجی (85)ی جاشە سووکەکان بۆ رۆژنامەی هاوکاری بەمشێوەیە دەدوێت: (ئێمە هەرچ فەرمانێکمان پێ سپاردرابێ بەجێمان هێناوە بێدواکەوتن، وە دوا فەرمانیش ئەوەبوو کە بەشداری شەڕی ئەنفالمان کرد بۆ راونانی بەکرێگیراوەکانی خومەینی و، جەنگاوەرانمان بەشداریی پاککردنەوەی گوندەکانی چۆغماغ، یاخسەمەر، چیای ئاسنگەران و گاپیلۆن-یان کرد - هاوکاری، ژمارە (972)، رۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (5.5.1988). وابزانم کەسمان گومانمان نییە لە نۆکەرێتی و دڵسۆزی قاسمە کۆری راوێژکار بۆ سەدام و بەعس، دوای کۆچڕەوەکەی ساڵی (1991)، لە پێشوازییەکی سەدامی دیکتاتۆر بۆ

کۆمەڵێک خۆفرۆشی کورد کە یەکێکیان قاسم ئاغا بوو، کە بە عارەبییەکی شەق و شڕ کە خۆم ئەو دیدارەم لە تەلەفزیۆنی ئێراقی بینی و ئەوەی لە بیرم مابێت بە سەدامی گووت: (گەورەم من بە فەرماندەی فەیلەق (لیوا روکن عەلی محەمەد شەلال)م گووت کە بە کیمیاوی لە رانیەو چوارقورنەو پشدەر بدات، یان ساروخەکان بداتە من و خۆم بە کیمیاوی لێیان بدەم، بەڵام فەرماندەی فەیلەق بەقسەی نەکردم و بە کیمیاوی لێینەدان. ئەوەبوو دواتر شارەکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک و کەرکوک کەوتە دەست ئاژاوەچی و تێکدەران و ئێمەش ناوچەکەمان چۆڵکرد). هەروەها قاسم فارس تاهیر، فەرماندەی فەوجی (85)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (115)ەیە لە لیستی داواکراوەکان. قاسم فارس تاهیر کۆیی، دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی (1991) چووە خزمەتی سەدامی ئاغای و تاوەکو رووخانی رژێم لە رێکەوتی (9.4.2003)دا خزمەتی بەعس و عروبەی سەدامی کرد. دواتریش بۆ ماوەیەک هاتەوە هەولێرو پاشان چووە سوریا. کەچی لە بەهاری ساڵی (2010)دا بۆ جارێکی تر گەڕایەوە کوردستان و لە ناوچەکانی ژێردەستی پارتی لە هەولێر لە میوانداری سەرۆک جاشی فەوجی (11)ی جاشە سووکەکانی سەدام (بەهرام محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد)ی ناسراو بە (بەهرامی شێمەی هاڕوون)ی بووە لە (مەلا ئۆمەر)ی نزیک هاوینەهەواری پیرمام. بەڵام قاسم ئاغای کۆیی، رۆژی هەینی، رێکەوتی (1.10.2010) لەژێر فشاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەگشتی و خانەوادەی قوربانییانی دەستی ئەو، کە نیازیان وابوو رۆژی شەممە، رێکەوتی (2.10.2010)، خۆنیشاندانێک ئەنجام بدەن لەپێناوی دادگاییکردنی ئەو تاوانبارە خۆفرۆشە، کەچی گوایە لە فڕۆکەخانەی هەولێر بە یارمەتی دەسەڵاتدارانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەت عەبدولکەریم سوڵتان عەبدوڵڵا (کەریم شەنگالی) وەزیری ناوخۆ و نەوزاد هادی قەساب ئاغای ساتووری پارێزگاری هەولێر گوایە بۆ دەرەوەیووڵات و وڵاتێکی ئەوروپی بەڕێ خراوە، کە گومانی زۆرم لەو قسەیە هەیە کە گوایە بۆ ئەوروپا ناردرابێت،

چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان باش دەزانێت کوردانی ئەوڕوپا و هەندەران قاسم ئاغا دەدۆزنەوە، سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەن، دواتر دەستگیر دەکرێت کە دەستگیرکرا دادگایی دەکرێت و سزای زیندانیشی بۆ دەبڕدرێتەوە. پێموایە لە بەرژەوەندی خانەوادەی قوربانییان و کوردپەروانە ئەگەر هاتبێتە ئەوڕوپا، کە بە دۆزینەوەی دادگایی دەکرێت، بەڵام دەسەڵاتی کوردی هەرگیز لە دڵی نایەت قاسم ئاغا و قاسم ئاغاکانی تری باشووری کوردستان بداتە دادگا. کەچی دواتر دەرکەوت هێشتا هەر لە کوردستانە و پاتی دیموکراتی کوردستان داڵدەی داوە، لەبەرئەوەی قاسم فارس تاهیر ئاغا و بنەماڵەکەی سەربە لایەنی پارتین – سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (672)، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.10.2010)، ل2).

86. سەرۆک جاشی فەوج، عوسمان عومەر مام یەحیا کۆیی و جێگرانی سەرۆک جاش مامە عوسمان عومەر مام یەحیا (مامەی مام یەحیا) و بێستون عوسمان عومەر مام یەحیا. فەوجی ناوبراو بەشداری هەریەک لە ئەنفالەکانی (1+2+4)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردن لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (ئەلسەورە، ژمارە (6536)، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988)، هەروەها سەرچاوەی دووەم: (ئەلجمهوریە، ژمارە (6777)ی رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (5.4.1988)، لاپەڕە6). سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک و چوار، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەکانی 148، 163). هەروەها مام یەحیا کۆیی، فەرماندەی فەوجی (86)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، لەئەنجامی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (122)ەیە لە لیستی داواکراوەکان. لە ساڵی (1994)د یەکێتیی نیشتمانی کوردستان مامەی مام یەحیا و دوو برای ناوبراوی بە ناوەکانی کارۆخ و ئاسۆ کوشت.

87. سەرۆک جاشی فەوج، خەلیل حاجی عەبدی سلێڤانی و هەریەک لە ساڵح عەلۆ حەسەن، ئەکرەم جەمیل ئەحمەد، رەمەزان جەمیل ئەحمەد و حاجی جهانگیر فەرماندەی سریە بووینە لە فەوجی (87)دا. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالی (8)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە

ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).

88. سەرۆک جاشی فەوج، یوسف رەمەزان باڵەکی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج ئاراس فاخیر مێرگەسووری، هەریەک لە حەسەن مەحمود ئەمین، محەمەد ئەمین محەمەد مستەفا، عەلی ئیسماعیل عەزیز، محەمەد ئیبراهیم جەلالو قادر حاجی رەسوڵ ئامر سریەی فەوجی ناوبراو بووینە. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالی (2)ی کردووە. سەبارەت بە ئەنفالی دوو – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل152 + رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (996)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (8.8.1988)، ل11.

89. سەرۆک جاشی فەوج، .

90. سەرۆک جاشی فەوج، ئەحمەد کوێخا رەجەب شوانی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج سەلاحەدین عزەدین، کوێخا مەجید رەشیدو مەعروف محەمەد فەرماندەی سریە بووینە. ئەحمەد رەجەب ئێستا سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە. فەوجی ئەحمەد کوێخا رەجەب شوانی بەشداری لە شالاوی ئەنفالەکانی (1+2+5+6+7)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلجمهوریە، ژمارە (6777)، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (5.4.1988)، ل6). سەبارەت بە ئەنفالی یەک – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148). سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی (90)ی سەربە ئەحمەد کوێخا رەجەب لە هەریەک لە ئەنفالەکانی (پێنج، شەش و حەوت)دا، نووسراوی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی هەواڵگری شیمالی بۆ شوعبەی سێی ئیستیخبارات بە رێکەوتی (28.6.1988)، ئاماژەی بەوەکردووە کە لە رێکەوتی (21.6.1988)دا هێزێک بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەربە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/6، جاشە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر دەشتی کۆیەو ناو شاری کۆیە –

(سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕە 5144). هەروەها ئەحمەد كوێخا رەجەب، سەرۆک جاشی فەوجی (90)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە شاڵاوی ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (301)ی دراوەتێ لە لیستی داواكراوەكان.

91. سەرۆک جاشی فەوج، عەباس بایز باڵو ئاغا، كە فەوجەكەی لە ساڵی (1986)دا دامەزراند بەڵام پێشتر مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (9)ی سەربە ئیستخباراتی قەڵادزێی هەبووە. عەباس بایزی باڵو، وەكو فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات و سەرۆک جاشێكی دڵسۆزی بەعس و سەدام كۆمەڵێک تاوانی زۆری ئەنجام داوە، كە بەشێكیان ئەمانەن: شەهیدكردنی دوو پێشمەرگەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە رێكەوتی (25.6.1977)دا لە گوندی ماخۆبزنان لە بۆسەیەكی جاشەكانی عەباسی بایزی باڵودا، بەناوەكانی عومەر عەبدوڵڵا عومەر مەلا باوانێیی و كانەبی رەسوڵ كانەبی ناودەشتی، هەروەها بریندارکردنی پێشمەرگەیەكی تر بەناوی عەبدوڵڵا حاجی شێخە عەبدوڵڵا گرتكی كە تا ئێستاكە لە ژیاندا ماوە. سەرۆک جاش عەباس بایز باڵو ئاغا، لە بۆسەیەكدا كادیری كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان و پێشمەرگە لەتیف عەبدوڵڵا ئیبراهیمی لە ساڵی (1978)دا لە نزیک ئاوایی بەستەسێن دەستگیركردو رادەستی بەعسی كردەوە، كە دواتر فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، پاشان حكومەتی سەدام لە ساڵی (1979)دا لە موسڵ خنكاندیان. لە بۆسەیەكی جاشەكانی عەباسی بایزی باڵودا لە رێكەوتی (17.5.1980)دا لە گوندی (دووگۆمان)ی پشدەر كە هێزێكی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی یەكگرتووی كوردستان بە سەركردایەتی حاجی حاجی برایم شیرخۆر، كە ئەوكات ئەندامی سەركردایەتی حزبی ناوبراو بوو كەوتنە ناو بۆسەكەو، عەباس ئاغای فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (9)ی سەربە ئیستخباراتی قەڵادزێ و جاشەكانی توانیان دە پێشمەرگە بەدیل بگرن كە ئەمانە بوون: (حەسەن سوور مینە ساڵح ژاراوەیی، حەسەن حوسێن حەسەن، حوسێن عەبدوڵڵا محەمەد، خدر حەمەسوور مستەفا پشدەری (خەڵكی دێی بادینی)، رەسوڵ

سلێمان سەنگەسەری، محەمەد هەمزە قەجەر ژاراوەیی، مەحمود حاجی محەمەد عەبدوڵڵا پاچکاری، فەقێ عەبدوڵڵا فەقێ، عەبدوڵڵا هەمزە بێشیری و عەلی حەمەدئەمین خرویڵکە - سوڵتانەدێ)، کە دواتر هەموویان لە ڕێکەوتی (30.12.1980)دا بەیەکەوە لە سێدارە دران، کە لە هەردوو مانگی نۆڤێمبەر و دیسێمبەری هەمان ساڵدا، بەندە ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی لە زیندانی قەسابخانەی موسڵ بینی، کە برایەک و ئامۆزایەکم لە ڕێکەوتی (29.10.1980)دا ڕەوانەی ئەو زیندانە کران و تا لە دەوروبەری کۆتایی مانگی مایسی (1981)دا لە سێدارە دران. شەهیدکردنی هاووڵاتییەک لەلایەن عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (9)ی سەربە ئیستخباراتی سەربازی قەڵادزێ، بەناوی مام کانەبی لە ساڵی (1980)دا لە پشت سەنگەسەر. عەباس بایز خۆی و جاشەکانی لە ڕێکەوتی (19.10.1980)دا لە هێرشێکیدا بۆسەر سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاخی مامەندە، چوار پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بەناوەکانی مستەفا سەعید زۆراب پێنجوێنی فەرماندەی مەفرەزە لە هەرێمی یەک، غەفور ئیسماعیل ناسراو بە غەفور جورجە، ڕەشید گەلاڵی خەڵکی گوندی ئەولاقوتی گەرمیان و حەمە خالید، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بەناوی عەبدوڵڵا قادر شێنەیی، شەهیدکردن، هەروەها برینداركردنی دوو پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەناوەکانی محەمەد حاجی مەحمودی فەرماندەی هەرێمی یەکی ئەوکاتی یەکێتیی نیشتمانیی، کە دواتر چووە ریزەکانی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان و ئێستاکە سکرتێری گشتیی حزبی ناوبراوە، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر بەناوی عەبدولڕەحیم – سەرچاوە: (حەمەی حاجی مەحمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەشی یەکەم). عەباسی بایز ئاغا، لە مانگی ئابی ساڵی (1981)دا هەڵسا بە شەهیدکردنی سلێمان حەمەدئەمین (کێخوا سلێمان) موختاری سەنگەسەر لەپێناوی ئەوەی کێشە بخاتە نێوانی بنەماڵەی ناوبراو و بنەماڵەی حەسەنە گەورە. عەباس ئاغای فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (9)ی ئیستخباراتی قەڵادزێ، لە ڕێکەوتی (27.9.1981)دا مامۆستا

ئەمین مستەفا حەسەن (ئەمینی حەسەنە گەورە)ی برای مستەفا حەسەنە گەورەی نووسەر و ئەندامی (ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید – چاک)ی لەناو شارۆچکەی سەنگەسەر شەهیدکرد، کە ناوبراو سەر بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو. شەهیدکردنی دوو برا بەیەکەوە بە ناوەکانی ڕەسوڵ سلێمان مینەو حاجی سلێمان مینە، لەلایەن عەباسی بایزی باڵو ئاغاو جاشەکانی لەساڵی (1982)دا لە گوندی گرتک. شەهیدکردنی سەید حەسەنی دوکاندار (شیوعی) بە فەرمانی عەباس بایز ئاغا و بەدەستی خدر کاکەشینی جاشی عەباسەوە لە بەردەم چاوی دانیشتوانی شارەدێی سەنگەسەر و ژن و منداڵەکانیدا لەکاتی خۆنیشاندانە سەرانسەرییەکەی باشووری کوردستان لە ڕێکەوتی (24.4.1982)دا بەبۆنەی حەوتەمین ساڵڕۆژی بۆردومانی شاری قەڵادزێ لە ڕێکەوتی (24.4.1974)دا، تەنیا لەبەرئەوەی بە عەباسی بایز ئاغاو جاشەکانی گووتبوو: (تەقە لەو خەڵکە مەکەن کە خۆنیشاندان دەکەن، بۆ تەقەیان لێدەکەن). سەرۆک جاش عەباسی بایزی باڵو ئاغا، لە ڕێگای سیخوڕێکەوە بەناوی جەلال حەمەدئەمین خۆشناو سەروچاوەیی، دوو پێشمەرگەی چاونەترس و ئازای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کە ئامۆزا بوون بەناوەکانی شەهید محەمەد حەسەن ئەحمەد و حەسەن حوسێن ئەحمەدی لە ڕێکەوتی (22.7.1983)دا لە نزیک گوندی سەید ئاوای ڕانیە شەهیدکردن، کە براو ئامۆزای مستەفای حەسەنە گەورەن. دواتر عەباس بایز ئاغا، هەر خۆی جەلال حەمەدئەمین خۆشناو سەروچاوەیی سیخوڕ و بکوژی ئەو دوو پێشمەرگەیەی کوشت. دوو پێشمەرگەی حزبی شیوعی بە ناوەکانی سدیق عەبدوڵڵا تاپڕ ناسراو بە فەرهاد و محەمەد کەمال نوری ناسراو بە مەلا شۆڕش (برازای بەهائەدین نوری سکرتێری پێشووی حزبی شیوعی ئێراق لە ساڵی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو)، لە کۆتایی ساڵی (1983)دا لە گوندی (بۆسکین)ی نزیک ڕانیە کەوتنە بۆسەی جاشەکانی عەباسی بایزی باڵو ئاغاو، ناوبراو هەردووکیانی ڕادەستی ئیستخباراتی قەڵادزێ کرد، دواتر هەدوو تێکۆشەر لە ڕێکەوتی (22.7.1984)دا لە قەسابخانەکەی ئەبوغرێب – بەغدا لە سێدارەدران. عەباس بایز باڵو ئاغا، لە

ساڵی (1984)دا و لە کاتی گفتوگۆی یەکێتیی و بەعسدا، دوو پێشمەرگەی یەکێتیی لە دەربەندی رانیە شەهیدکرد، کە پێشمەرگە بوون لای عەبدوڵڵا عەلی ئیبراهیم حوسێن ناسراو بە عەبدوڵڵا مام عەلی رانیەیی، کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە لەسەر لیستی کوردستانی نوێنەرایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هەروەها عەباس بایز برایەکی مام جەلال حوسامەدین تاڵەبانی بەناوی شێخ حەمەساڵح تاڵەبانی و دوو کچی ناوبراوی بەناوەکانی نازدار شێخ حەمەساڵح و هێرۆ شێخ حەمەساڵح لە شەوی جەژنی رەمەزان رێکەوتی (30.6.1984)دا لە گوندی کەلکان شەهید کردووە، ئەوەش گوایە لە تۆڵەی کوژرانی دوو خوشکەزای عەباس ئاغا یەکێکیان بەناوی کانەبی کە لە مانگی یونی ساڵی (1984)دا لە گوندی گردجانی سەربە بتوێن کوژرا، کە دواتر ئازادی حەمەی گەمحانی سەرتیپی (99)ی بتوێنی پێ تۆمەتبار کرا، کە ئەویش پاش ماوەیەک شەهیدکرا. شەهید کردنی قادر محەمەد حەمەد لاجانی ناسراو بە (قادر لاجانی) پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کوردی ئاوارەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە رێکەوتی (30.8.1984)دا، لەلایەن عەباسی بایزی باڵو ئاغا بە بەرچاوی ژن و منداڵەکانی لە سەنگەسەر و بریندارکردنی چەند میوانێکی شەهیدی ناوبراو بە ناوەکانی عەلی تاهیر کەریم ناسراو بە (سەید عەلی هاشمی) کە خەڵکی شارۆچکەی خانە (پیرانشار) بوو و لە ئەنجامی سەختی برینەکەی قاچێکی بڕایەوە، ناوبراو ئێستاکە لە وڵاتی سوید وەکو پەناهەندەیەک دەژیت، لەگەڵ مەلا ئیسماعیل حاجی نەغەدەیی ناسراو بە (مەلا سمایلی حاجی) بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی رەبەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ناوبراو پێشتریش بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی ناوبراو بووە، هەروەها لەگەڵ بریندارکردنی مەلا رەسوڵ حەمەد ئیبراهیم گەردی خانەیی، کە دواتر لە رێکەوتی (29.10.1991)دا بەدەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی لە ئۆتۆبوسێکدا لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەناوەکانی حەسۆ عەلی پور موراد و جەلیل مامانی ناسراو بە جەلیل عەجەم لەنێوان گوندەکانی بۆڵێ و ئینزێ لە باشووری

کوردستاندا بە کۆنترۆڵ تەقێندرانەوە کە بووە هۆی سووتاندنیان و شەهیدبوونیان. سەرۆک جاشی فەوجی نەوەد یەکی جاشە سووکەکان عەباس بایز باڵو ئاغا، کۆمەڵێک پێشمەرگەو هاوولاتی تری شەهیدکردووە کە رۆژ و ساڵی شەهید کردنیان بۆمان دیار نییە بۆیە ناوەکانیان بەیەکەوە دەنووسم، کە بریتیین لە: (شەهیدکردنی ئەحمەد قادر قەمچوغەیی. شەهیدکردنی ئومێد رەسوڵ سونەیی. شەهیدکردنی برایەک و ئامۆزایەکی سەردار رەسوڵ حەمەد ماخۆبزنانی. شەهیدکردنی پیرۆت عەولا شێخە پێشمەرگەی یەکێتیی. شەهیدکردنی حاجی پیرۆت حەمەد. شەهیدکردنی حەسەن ئەمین ساڵح ژاراوەیی. شەهیدکردنی حەمە ئەبوبەکر چاوشین ژاراوەیی (پێشمەرگە). شەهیدکردنی خدر حەسەن فەقێ ژاراوەیی. شەهیدکردنی رەسوڵ شێخە عەبدوڵڵا. شەهیدکردنی هاوولاتی رەسوڵ حاجی ئالایی زەنگلانی و کوڕەکی ناوبراو. شەهیدکردنی رەسوڵ حاجی شەریف چەکوانی. شەهیدکردنی رەمەزان سوورە رەمەزان. شەهیدکردنی هاوولاتی ساڵح ئیسماعیل سەنگەسەری. شەهیدکردنی سلێمان موراد کاکە عەبدوڵڵا. شەهیدکردنی سەعید حەسەن شیوعی. شەهیدکردنی عەبدوڵڵا ئەحمەد. شەهیدکردنی مامێکی نەبی عومەر قادر گرتکی سەنگەسەری. شەهیدکردنی محەمەد ئەبوبەکر. شەهیدکردنی محەمەد عەبدوڵڵای ناسراو بە مام فەقێ. شەهیدکردنی میرە عەباس مامەند رانیەیی. شەهیدکردنی کانەبی رەسوڵ کانەبی باوانیی. شەهیدکردنی کوڕی وەستا عەزیزی دۆڵێ. شەهیدکردنی ژنێک بەناوی فاتیمە سەعید لەناو شارۆچکەی سەنگەسەر. شەهیدکردنی فەقێ عەبدوڵڵا) – سەرچاوە: مستەفای حەسەنە گەورە، بەرماڵەکەی حەزرەتی عەباس و شۆڕشگێڕییەکەی سەرانی کورد، ماڵپەڕی کوردستان پۆست، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (5.1.2010) + رۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (220)، رێکەوتی (3.3.2007)، ل8 + ژمارە (225)، رێکەوتی (14.4.2007)، ل6). عەباسی بایزی باڵو ئاغا لە ساڵی (1987)دا هاوولاتی محەمەد حاجی تۆفیق دۆڵەبیی لەگەڵ هاوسەرەکەی گرتن و رادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی سەربازی شارۆچکەی قەلادزێی کردن و تا ئێستاکەش ئەو ژن و مێردە چارەنووسیان بزرە. شەهیدکردنی

پێشمەرگەی کوردپەروەر و دڵسۆزی نیشتمان رەسوڵ حەسەن خدر ناسراو بە سەید رەسوڵی بابی گەورە یان (سەید رەسوڵی دێهقان)، کە لە رێکەوتی (11.1.1988)دا لەناو جەرگەی شاری سلێمانی و لە گەڕەکی هەوارەبەرزەدا شەهیدکرا. سەید رەسوڵی بابی گەورە پێشتر ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، لە رابەرایەتی شەهید عەبدولڕەحمان قاسملو جیا ببووەوە و لە شاری سلێمانی دانیشتبوو لەکاتی شەهیدکردنیدا. عەباس بایز باڵو ئاغای سەرۆک جاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان، بەشداری هەریەک لە شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفالەکانی (1+2+5+6+7)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی نەوەد و یەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988)و، سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک، پێنج، شەش و حەوت - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148+166). لە رێکەوتی (12.5.1994)دا عەباسی بایزی باڵو ئاغا و جاشەکانی، لەکاتی تێپەڕبوونی کاروانی هێزێکی گەورەی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرپەرشتی قادری حاجی عەلی لە رێگای سەنگەسەرەوە بەرەو حاجی ئۆمەران، کە شەڕی نێوانی یەکێتیی و پارتی لە سەرەتادا بوو، لە گەڕەکی جاشاوەی عەباس بایزدا (کە دوای دەرپەڕاندنی عەباس ئاغا ناوەکەی گۆڕا بۆ ئازادی) تەقەیان لە هێزەکەی یەکێتیی کردوو دوو پێشمەرگەیان شەهید کرد، کە سەربە هۆزی هەمەوەندی و دانیشتووی چەمچەماڵ بوون. لە تۆڵەی ئەو دوو شەهیدە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاریدا پەلاماری عەباسی بایزی باڵو ئاغا بدات، بەڵام ئێران فشاری زۆری بۆ یەکێتیی نیشتمانیی هێناو، مام جەلال بڕیارەکەی هەڵوەشاندەوە. عەباسی بایزی باڵو ئاغای سەرۆک جاشی فەوجی ناوبراو، لە ساڵی (1995)دا لاوێکی شاری خانەی رۆژهەڵاتی کوردستانی بەناوی ئاکۆ شەهیدکرد. هەروەها عەباس بایز باڵو ئاغا، فەرماندەی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (108)ی

دراوەتێ لە لیستی ناوی تاوانبارە داواكراوەكان. عەباس بایز بالو ئاغا، بەگوێرەی رۆژنامەی هاولاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، رێكەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی بەرەی كوردستان لە سالی (1991)دا پەیوەندی ژێر بەژێری لەگەڵ رژێمی سەدامی عروبەو بەعس هەر هەبووە تاوەكو رووخانی رژێم لە رێكەوتی (9.4.2003)دا ئەو پەیوەندییەی هەر مابوو. عەباسی بایزی باڵو ئاغای كۆنە سەرۆك جاشی فەوجی (91)ی جاشە سووكەكان، ئێستاكە بەرپرسێكی بەرزی سەربازی (پارتی دیموكراتی كوردستان)ەو بە دەیان سكالای لەسەر تۆماركراوە لەلایەن كەسوكاری قوربانییەكانی دەستی ئەو سەرۆك جاشە تاوانبارە، بەڵام پارتی دیموكراتی كوردستان ئامادە نییە رادەستی دادگای بكاتەوە.

92. سەرۆك جاشی فەوج، بوڕهان محەمەد مستەفا شوانی. فەوجی ناوبراو بەشداری شالاوی ئەنفالەكانی (1+2+4+5+6+7)ی كردووە. سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە هەریەك لە ئەنفالەكانی یەك و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلجمهوریە، ژمارە (6777)، رۆژی سێشەممە، رێكەوتی (5.4.1988)، ل6). هەروەها سەبارەت بە بەشداریكردن لە ئەنفالی یەك – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148). فەوجی بوڕهان محەمەد شوانی بەشداری ئەنفالكردنی دانیشتوانی ناوچەكانی كەركوك، ئاغجەلەر، شوان و دەشتی كۆیەی كردووە، كە دەكاتە ئەنفالی (4) – سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل240). سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە هەریەك لە ئەنفالەكانی (پێنج، شەش و حەوت)دا، نووسراوی هەواڵگری شیمالی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی بۆ شوعبەی سێی ئیستیخبارات بە رێكەوتی (28.6.1988)، ئاماژەی بەوەكردووە كە لە رێكەوتی (21.6.1988)دا هێزێك بە فەرماندەیی هێزەكانی دوو كە پێكهاتبوو لە (سریەكی تانك، سریەكی زرێپۆش، سریەكی كۆماندۆی سەربە بارەگای فەیلەقی یەك، سریەی مورەتەبی/6، جاشە سووكەكانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕكەرەكانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان كردۆتە سەر گوندەكانی دەشتی كۆیەو ناو شاری كۆیە –

سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕە 5144). سەرۆکجاش بورهان شوانی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، بۆ دەرچووەو، ژمارە (156)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

93. سەرۆک جاشی فەوج، عەلی ئەحمەد حاجی شەعبان. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (5+6+7+8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (پێنج، شەش و حەوت)دا، بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی رێکخراوی هەواڵگری شیمالی بۆ شوعبەی سێی ئیستخبارات بە رێکەوتی (28.6.1988)، ئاماژەی بەوەکردووە کە لە رێکەوتی (21.6.1988)دا هێزێکی رژێم بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەربە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/6، جاشە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر دەشتی کۆیە و ناو شاری کۆیە - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕە 5144). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). عەلی ئەحمەد حاجی شەعبان، سەرۆک جاشی فەوجی (93)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (352)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

94. سەرۆک جاشی فەوج، کەمال محەمەد مام رەشید چوارتایی و کامەران کەمال محەمەد مام رەشید چوارتایی جێگری باوکی بووە. بەقسەی کەمال محەمەد مام رەشید بۆ رۆژنامەکان، فەوجەکەیان بەشداری هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+3+4+5+6+7)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوو - سەرچاوە: (ئەلسەورە، ژمارە (6536)، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988)و (رۆژنامەی

ئەلسەروە، ژمارە (6692)، رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (22.9.1988)، کە سەرۆک جاشی فەوج کەمال محەمەد چوارتایی باسی بەشداری فەوجەکەیانی کردووە لە تەواوی ئەنفالەکانداو بەتایبەتی ئەنفالی دوو، هەروەها شەڕەکانی چوارتاو ماوەت). کەمال محەمەد مام رەشید چوارتایی، سەرۆک جاشی فەوجی (94)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداری کارای لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (219)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

95. سەرۆک جاشی فەوج، .

96. سەرۆک جاشی فەوج، خالد مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە (خالیدی خولە سوور)، هەروەها فاروق رەشید عەلی نوری ئەویش وەکو سەرۆک جاشی فەوجی ناوبراو ناوی هاتووە - سەرچاوە: (نوروز العراق، الجزء السادس، مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1988، ل63). خالیدی خولەسوور دوای هاتنەوەی بۆناو رژێم لە ناوەڕاستی ساڵی (1980)دا، بووە خاوەنی مەفرەزەی تایبەتی هەواڵگری ژمارە (74) و تا ساڵی (1985) فەرماندەی ئەو مەفرەزەیە بووە، هەرچەندە ناوبراو بەر لە دەرچوونی بۆناو پێشمەرگە لە رێکەوتی (7.6.1979)دا هەر لە ساڵی (1977)ەوە جاش و مەفرەزەی خاسە بووە. خالیدی خولەسوور دواتر فەوجی ژمارە (96)ی جاشە سووکەکانی وەرگرت و ماوەیەکیش ئەندامی ئەنجومەنە کارتۆنییەکەی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو، ماوەیەکیش باوکی سەرۆک جاشی فەوجەکە بووە، جێگری سەرۆک جاشی فەوج هەریەک لە ئەحمەد حەمە عێزەت سەید سادقی (سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە) و ئەحمەد محەمەد مەحمود بووینە. مەریوان هەڵەبجەیی، نووسەری پەرتووکی (سێکس و شەرع و ژن)، لە وتارێکدا بەناوی (لە نێوان من و خالید خولە سووردا نامەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ برایانی کوردۆساید، زیندانییە سیاسییەکان)دا، کە لە رێکەوتی (31.8.2009)دا لە ماڵپەڕی رێکخراوی چاودێری کوردۆساید – چاک بڵاوکراوەتەوە، باسی ئەوە دەکات کە لە ساڵی (1979)دا کاتێک کە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی

کوردستان بووەو بە کاری ڕێکخستن هاتۆتەوە شاری هەڵەبجە، خالیدی خولەسوور و جاشەکانی سەربە مەفرەزەکەی لە بۆسەیەکدا بە بریندارى بەدیلی دەگرن و رادەستی بەعسی دەکات، کە دواتر فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت، وەلێ خۆشبەختانە سزاکەی بۆ دەکرێت بە پازدە ساڵ و پاشان لە ساڵی (1982)دا ئازاد دەکرێت. خالیدی خولە سوور، زۆر شانازی بەوەوە دەکات کە لەسەر داوای سەرکردایەتی کورد هاتۆتەوە ناو رژێم و بۆتە جاشی سەدام، کەچی ناوبراو بەرلەوەی دەربچێت جاشی رژێم بووەو بەگوێرەی قسەکانی سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان محەمەدی حاجی مەحمود، کە سەبارەت بە دەرچوونی جاشی ناوبراو دەڵێت: (لە شەوی (7/8-6-1979)دا ئەو ناوانە چەکداری رژێم (جاش) بوون هاتنە لامان لە شانەدەری سەروو دەرچووین بە دەمیانەوە چووینە ماڵی کاک ئەحمەد و ئەوان، ئەوانەش ئەوە ناوەکانیانە: شێخ خالید شێخ مەحمود ناسراو بە خالیدی خولەسوور. عومەری حەمەساڵح مارف پەریوەیی. قانع ئەحمەد ساڵح توتاقاچ. والی عەلی رەزا خانەقەویلەیی. سابیر ئەمین عەلی پەریوەیی. عەلی سەعید شەریف خانەقەویلەیی. خەلیل جەمیل شەریف. خالید قادر ئەمین کوڵیتان (کوێخا قادر). شێخ مەحمود شێخ ئەحمەد (باوکی شێخ خالید). ئەمانەش هەموویان بە چەکەوە (چەکی جاشایەتی) پەیوەندییان پێوە کردین – سەرچاوە: محەمەدی حاجی مەحمود، رۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی یەکەم، بەشی پێنجەم، ل25-26). بەمەش بۆمان دەردەکەوێت خالیدی خولەسوور بەرلەوەی بچێتە دەرەوە جاشی سەدام و بەعس بووە. هەر بەگوێرەی قسەکانی حەمەی حاجی مەحمود، خالیدی خولەسوور دوای گەڕانەوەی بۆناو رژێم دووبارە بۆتە جاشی عروبە و وەکو جاشێکی دڵسۆزی رژێم هاتۆتە سەر پێشمەرگە و ماڵ و منداڵی پێشمەرگەی بەگرت داوە، فەرموون با بزانین حەمەی حاجی مەحمود فەرماندەی ئەوکاتی هەرێمی یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چۆن باسی هاتنەکەی خالیدی خولەسوورمان بۆ دەکات: (لە رۆژی (6.9.1980) لە چوارتاوە بیست فڕۆکەی هەلیکۆپتەر هاتن بیۆەستان لە دەوری گوندی پارەزان سەربازیان

دابەزاندوو ئەوان کردیان بە تەقەو لەچوار دەوری گوندەکەوە وایان دانابوو لە ماڵدا بمگرن. ئێمە سەرکەوتین بۆ بەرزایی نێوان پارەزان و حاجی مامەند و چنارەکان. سەبازەکان چوونە ناو گوند و دوای سێ چوار کاتژمێر بە پشکنینی گوندوو کۆکردنەوەی خەڵکی گوند هەمووی بەدوای ماڵی ئێمەدا هاتبوون منیان دەست نەکەوت و بۆ مناڵەکان دوایی خەڵک ووتیان ناسراویان لەگەڵ بوو ووتیان شێخ خالید بووە مناڵی ئێمەیان ناسیبوو (گەردەی هاوسەرم، عەتیەی کچم لەدایکبووی 1972 بوو، عەتا و پشتیوانی کوڕم لەدایکبووی 1979 بوون واتە یەک ساڵان بوون گیرابوون کوێستان خۆی شاردبووەوە لەدایکبووی 1975 بوو ترسابوو وەکو جاری پێشوو لە ساڵی 1976 بۆ پازدە مانگ لە ناسریە دەستبەسەر بوون، بەسەریەکەوە ماڵ و منداڵی من سی و حەوت مانگ لە زیندان بوون) – سەرچاوە: محەمەدی حاجی مەحمود، رۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی یەکەم، بەشی حەوتەم، ل2). سەبارەت بە ناوی خالیدی خولەسوور کە محەمەدی حاجی مەحمود، تەنیا نووسیوێتی (شێخ خالید)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (25.10.2010)، کاتژمێری (19:26:12) بەکاتی دانیمارک تەلەفۆنم بۆ نووسەری پەرتووکی ناوبراو کرد، وەڵامی نەبوو کەچی دواتر کاتژمێر (22:08:29) خۆی تەلەفۆنی بۆ کردم و بۆماوەی (3:31) خولەک قسەمان کردوو، پرسیاری ئەوەم لێکرد ئایا مەبەستی لە (شێخ خالید) کە لە رۆژژمێری پێشمەرگەیەکدا باسی دەکات و ماڵ و منداڵەکەی ئەوی بۆ پیاوانی رژێم دەستنیشان کردووە و گیراون، خالیدی خولەسوورە. لە وەڵامدا محەمەدی حاجی مەحمود گوتی: (بەڵێ مەبەستم خالیدی خولەسوورە و خەڵکی دێکە دواتر پێیان گووتم خالید لەگەڵ هێزەکە بوو، هەر بەقسەی ئەوان ئەو ماڵ و منداڵەکەمی بۆ هێزەکەی حکومەت دەستنیشان کردبوو). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە خالیدی خولەسوور دوای گەڕانەوەی بۆ باوەشی رژێم، دەبێت پێش رێکەوتی (6.9.1980) کە لەو رۆژەدا بوو بە کەوا سووری پێش لەشکری داگیرکەری عارەب و منداڵی تەمەن یەک ساڵانەی پێشمەرگەی کوردی بۆ فاشی و عارەبە رەگەزپەرستەکان دەستنیشان کردووە، بووبێتە جاشی

رژێم و فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (74)، هەروەها بۆمان دەردەکەوێت نەک بەقسەی خۆی کە گوایە لەپێناوی شۆڕش و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ئەوکارەی کردووە کە وانییەو دوورە لە راستی، بەڵکو لەلایەک چۆتە سەر پێشمەرگەیەکی ئازاو تێکۆشەر کە تا ئەوکاتەش فەرماندەی هەرێمی (1)ی یەکێتیی نیشتمانیی بووە، کە خالید بەگوێرەی قسەکانی خۆی قایل بووە جاشایەتی بۆ بەرژەوەندی کوردو یەکێتیی نیشتمانیی بکات کەچی کردەوەکانی پێچەوانەی قسەکانێتی، لەلایەکی تریشەوە بەقسەی خەڵکی گوندی پارەزان ژن و منداڵی پێشمەرگەیەکی کورد و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بۆ دوژمن دەستنیشان کردووە تا بیانگرن و گیراویشن. بە دووری دەزانم کە خالیدی خولەسوور تەنانەت سەرۆک هۆزی غەوارەش بێت وەکو خۆی بانگێشەی بۆ دەکات، چونکە ئەنوەری حاجی عوسمان کە بریکاری وەزیری پێشمەرگە بووە بۆ ژمارە (32)ی رۆژنامەی رووداو باسی ئەوە دەکات کە: (غەوارە پێنج تیرەیە، قەویلەیی میرزا فارس سەرۆکیەتی، چوچانی مەلا فایەق سەرۆکیەتی، بێسەری فارسی عەزە بەڕە سەرۆکیەتی، پەرەخی حاجی نادر سەرۆکیەتی، هۆزی سەنی کە خالیدی خولەسوور لەو هۆزەیە حەمەی کوێخا فەرەج سەرۆکیەتی کە نوێنەری مام جەلالە بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی. خالید سەرۆک جاشی غەوارە بوو)، هەروەها محەمەدی حاجی مەحمود لە پەرتووکەکەی خۆیدا کە پێشتر ناوم برد، باسی ئەوەی کردووە کە خالیدی خولەسوور بەرلەوەی بچێتە ناو هێزی پێشمەرگە، ئەو هەر بەرخەوان و شوان بووە. لەگەڵ رێزم بۆ هەموو بەرخەوان و شوانێک کە نەک بەتەنیا پیشەیەکی سەربەرزانەیە بەڵکو هەر تاوانیشە بەراورد بکرێت لەگەڵ جاشایەتی، وەلێ ئەو بەهۆی جاشایەتی و نۆکەرێتی کردنی بۆ بەعس و سەدام لە ئەنجامی تۆقاندن و بەزۆرکردن لە ئەندامانی هۆزەکەی، خۆی وەکو سەرۆک هۆزی غەوارە سەپاندووە. بەپێی وەڵامی کۆمەڵێک گەنجی هۆزی غەوارە لە هەندەران، کە لەژێر ناوی (وەڵامێک بۆ خالە جاش)دا لە رێکەوتی (25.2.2010)دا لە ماڵپەڕی چاودێری کوردۆساید بڵاوکراوەتەوە، خالیدی خولەسووری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت و جاشەکانی

مەفرەزەی ئیستخباراتی شیمالی ژمارە (74)، بکوژی چوار پێشمەرگەیە بەناوەکانی (شێخ جەعفەر کەریم (کەریمە ریشە) لە گوندی کەوڵوس و چوالە، حەمەدئەمین هاڕونی گردەنازەیی، جەمالی براخاس هەسەنی جەلال دۆڵەسووری). شەهید جەعفەر ریشە، فەرماندە و پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە هێزی سورێن و لە رێکەوتی (8.2.1982)دا بەدەستی خالیدی خولەسووری غەوارە شەهیدکراوە. خالیدی خولەسووری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (74)ی ئیستخباراتی سەربازی شیمالی، لە شەوی (16.8.1983)دا لە بۆسەیەکدا شازدە پێشمەرگەی دڵسۆز و کوردپەروەری پارتی دیموکراتی کوردستانی شەهیدکردووە (کە هەندێکیان ئەمانەن برای ئەنوەری حاجی عوسمانە بەناوی ئەبوبەکر حاجی عوسمان قەویلە، تۆفیق چاوجوان، جەعفەر، جەمال، دلێر، کاوە و وەلید هەورامی) – سەرچاوە: (ئەنوەری حاجی عوسمان، رۆژنامەی رووداو، ژمارە (32)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی 17.11.2008)، ل3). هەروەها ئەنوەری حاجی عوسمان بۆ (رووداو) باسی ئەوەش دەکات کە خالیدی خولەسوور، کەسێکی بەناوی محەمەد (محەمەد ئیبراهیم محەمەد) بەگرتداوەو رەوانەی سێدارەی موسڵی کردووەو دواتریش ژنەکەی مارە کردۆتەوە. بریکاری پێشووی وەزیری پێشمەرگە باسی ئەوە دەکات کە خالیدی خولەسوور سەردانی عەمرو موسای کردووە لە بارەگای کۆمکاری عارەبی و رایگەیاندووە: (مادەی (140) کۆمەڵێک دزی سەرکردایەتی کورد دایانناوە، ئەگەرنا میللەتی کورد ئەو مادەیەی ناوێت). بەو قسانەی خالیدی خولەسوور بۆمان دەردەکەوێت کە ناوبراو هاوکارو هاو بۆچوونە لەگەڵ رەگەزپەرستانی عارەب بۆ لەناوبردنی مادەی (140) و دەستکەوتەکانی نەتەوەی کورد. فەوجی خالد مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە (خالیدی خولە سوور)، بەشداری هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+8)یان کردووە. دەربارەی بەشداریکردنی فەوجی نەوەدو شەشی خالیدی خولەسوور لە ئەنفالی یەک لەگەڵ هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا، بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، کە بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی سورداش و هەریەک لە گوندەکانی (بەرگەڵوو،

سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن)و دۆڵی جافایەتی واتە ئەنفالی یەکیان کردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێکیدا بۆ هاوکاری دەڵێت: (هاریکاری کردن لەنێوان ئێمەو لەنێوان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو رێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە رۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە ژمارەیان دە فەوج بوو _ سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (960)ی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (24.3.1988) - زکریات محەمەد حەسەن: نێردراوی هاوکاری: یەکەمین کەس بوون گەیشتنە بنکەکانی خاین جەلال تاڵەبانی لە سەرگەڵوو، ل6-7). سەبارەت بە بەشداریکردنی سەرۆک جاشی فەوجی (96)ی جاشە سووکەکان و فەوجەکەی لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). هەروەها سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی (96)ی جاشە سووکەکان لە هێرشی ئەنفالی یەکدا – سەرچاوە: (مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل26). سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی (96)ی خالید مەحمود ئەحمەد غەوارە (خالیدی خولەسوور) لە شاڵاوەکانی ئەنفالی یەک و دوودا ئەو لێدوانەی کە ناوبراو بۆ رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (1000)ی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (22.8.1988)دا داویێتی، دەڵێت: (پاش دروستبوونی فەوجەکەمان چالاکییەکانمان سنوورێکی فراوانتری گرتوو کارەکانی (ئەنفال) دیارترینیانە، رزگارکردنی "شەدەڵە" و "سورداش" و "قەرەداغ" لە کارە گرنگەکانی فەوجەکەمانە ئەوەشم لەیاد نەچێت فەوجەکەمان دەورێکی باڵای هەبوو لەرزگارکردنی شاخی (گۆجاڕ)دا). ئەنفالی گوندەکانی شەدەڵەو سورداش ئەنفالی یەکەمی دۆڵی (جافایەتی)و ئەنفالی (قەرەداغ)یش ئەنفالی دووەمە. سەرۆک جاشی فەوج خالید مەحمود ئەحمەد و سێ جاشی تر بە ناوەکانی ئەحمەد محەمەد قادر، عەلی حەمە پورشاە محەمەد قادر و قادر سەعید رەشید، بەگوێرەی نامەی فەرماندەیی تیپی (40)ی پیادەی بەناو سوپای رژێم، ژمارە (ا/501/3)ی رێکەوتی (13.2.1989)ی بڕێک پارەیان وەکو خەڵاتی تایبەتی لە پاداشتی

بەشداریکردنیاندا لە ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل239–240). وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بەڵگەیەکی نکۆڵ لێنەکراوی بەشداریکردنی سەرۆک جاشی فەوجی ناوبراوە لە شاڵاوی ئەنفالی هەشتدا. هەروەها بەگوێرەی لێدوانی خالیدی خولەسووری غەوارەی سەرۆک جاش بۆ رۆژنامەی (العراق)، ژمارە (3793)ی ڕێکەوتی (9.7.1988)، باسی شانازیکردن لە بەشداریکردنی شەڕی ماوەت دەکات. بەگوێرەی رۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (38)ی رۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (29.6.200)، لاپەڕەکانی (1+3)دا خالیدی خولەسوور دوای ڕاپەڕین تاوەکو کاتی ڕووخانی ڕژێمی سەدام سیخوڕی لەسەر مەلا عەلی عەبدولعەزیزی رابەری گشتیی بزووتنەوەی ئیسلامی کردووە. هەر لەبەر بەشداری کارای خالید مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی فەرمانی دەستگیرکردنی داوەو، ناوی ئەو ژمارە (174)ی دراوەتی لەناوی (423) تۆمەتبارەکەی کەیسی ئەنفال. خالیدی خولەسووری غەوارە، دوای ڕاپەڕین بەرپرسێکی سەربازی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، ئێستاش بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕانی سەربە نەوشیروان مستەفایە. دوای بڵاوکردنەوەی زنجیرە وتارێکم بەناوی (هەر سەرۆک جاشێک زۆرتر لە هەزار کوردی لە مردن پاراستووە، خالیدی خولەسوور وەک نموونە)دا بەشی پێنجەمم تەرخانکرد بۆ سەرۆک جاشی ناوبراو و لە ڕێکەوتی (26.10.2010)دا لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاوکرایەوە، ئەو جاشە باڵا کورتە نامەیەکی زۆر ناشیرین و پڕ لە هەڕەشە ئامێزی بەمشێوەیەی خوارەوەی بۆ ناردووم: (تۆ بە چ هەقێ بە من دەحەپی. ئایا تۆ منت بینیوە دەمناسیت دەتناسم دەزانی من کێم هاتووی بە هەوەسی دڵی خۆت منالانە باسی من ئەکەیت. هەتیو وا مەزانە وەک قاسم ئاغا و ئەوانی ترم و دەستم کورتە و وا مەزانە نازانم لە کوێیت و لە کوێ نیت بە هەموو موقەدەساتم خۆت و خێزان و منالەکانیشت قوربانی یەک ئاڕ پی جی ئەکەم. تۆ چ سەخیفێکی هاتووی باسی من ئەکەیت و پرسیاری من لە خەڵک ئەکەیت کێ ڕێگای پێ داویت قسەکانت لە کلک زەرد و جەلالیە خوێڕیەکانی وەک خۆت ئەچێ. کەی

باوی ئەم قسە قۆڕانە ماوە. جارێکی تر پێت ئەڵێمەوە لە باسکردنی من دوور بکەوە من شێخم و سەرۆک عەشرەتێکم هەموو دونیا ئەمناسێ بەخوا لە مەریخیش بیت دەستم پێت ئەگات بۆیە ئەمجارە دواجارە باسی من بکەیت ... ناوەندی چاک خۆی بەدوور گرت جا تۆ چیت. گەر شتی دروستت دەوێت فەرموو وەک لڤین موقابەلەم بکە نەک لە خۆتەوە قسەی حیزم بۆ هەڵبەستی، ئەگەر پارەشیان پێت داوە بۆ ئەم فشەفشە فەرموو من چوار هێندەت ئەدەمێ و باسی خیانەتەکانی بارزانی و تاڵەبانی بکە. تۆش ئەتەوێ لە رێگای منەوە تیر لە بزووتنەوەی گۆڕان بدەیت کە نەیخۆیت تاڵە. ئەمجارەشیان ئاگادارت ئەکەمەوە و چیتر نا .......). خاڵیدی خولەسوور، رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (28.10.2010)دا نامەی دوومی پڕ لە هەڕەشەی بۆ ناردووم کە دەقی نامەکە بەمشێوەیە: (بەخوا بێ ئەقڵی رۆڵە دونیای تەکنۆلۆجیا پێشکەوتووە و تۆی هەندەرانی لێی بێ ئاگای ئەم ئیمێڵە نا ئیمێڵێکی تر لەمە زیاتر هەنگاو مەنێ بۆ خۆت چاکترە بۆ خوات پێ ئەڵێم واز بێنە من بە باپیرەت ئەشێم ئەگەر ئەتەوێ بە سای منەوە نانێک پەیدا بکەی ئەمە شتێکی ترە ئەگەر دەتەوێ راستییەکانی من بزانیت بڕۆ هەر سێ بەشی کتێبەکەم بخوێنەوە ئینجا دەزانی من کێم و چیم و چی بوومە تۆ لە دیبەگەوە چیت لە بانی بنۆک و سورێن و شارەزوور داوە خۆت و ماڵ و منداڵت بەدبەخت مەکە ئەزانم ئاراستە کراویت و ئەزانم کێش هانی داویت لەسەر گەورەیی من بنووسیت دەشزانم چەندت وەرگرتووە و زۆر شتی تریش. زۆر بە ئاسایی ئەتوانم ئیمێڵم بگۆڕم و نکۆڵیش لە هەموو ئەو نامانە بکەم بۆیە پێم چاکە واز بهێنی ئەمە ئیشی تۆ نییە ببورە لە نامەی یەکەمیشمدا وا بە توندی هێرشم کردە سەرت من زوو توڕە ئەبم و زو سارد ئەبمەوە بەڵام تۆش پێ ئەچێ کوڕە هەژاری ئەم میللەتە بیت و قوربانی دەستی پارتی و یەکێتی بیت و لە داغی قاسم ئاغا تیرت لە من گرتبێ رۆڵە گیان وەک پێم وتی واز بێنە بۆ خۆت چاکترە تکایە ژمارە حیسابیەکەی بانکتم بۆ بنێرە). لە ئیمێلی سێیەمی خالید خولەسووردا بەناوی (تکایە ئەو ئیمێلەم دزراوە)دا رایدەگەیەنێت کە پاسوۆردەکەی دزراوە، ناوبراو چۆنی نووسیووە کە نامەکەی پڕە لە هەڵە،

بەندەش وەکو خۆی دەینووسێتەوە: (سلاوتان لیبیت پریزان ئەم ئیمیلم کلمە سرەکەی دزراوە هەرچی بەو ئایمیلا بۆتان بیت هی من نیە و خەڵکیکی تر تحکمی پێیەوە ئەکات ئەمە فیتی کلک زەردەکان و جاشجەلالیەکان ئەزانم لەمە بەدواوە بە ئایمیلیکی تر پەیوەنتدیتان پیوە ئەکەم بۆ مەعلەماتان). بەندە هیچ قسەیەکم نییە لەسەر هەڕەشەکانی خالیدی خولەسوور، چونکە کاتێک کە خوێنەر ئەو نامە پڕ لە هەڕەشە ئامێزانەی ئەو دەخوێنێتەوە، ئاستی ناوبراوی بۆ دەردەکەوێت. بەڵام یەک شت دەڵێم بێدەنگی تاسەری بزووتنەوەی گۆڕان و نەوشێروان مستەفا ئەمین لەو هەڕەشانەی خالیدی خولەسوور کە خۆی بە گۆڕان دەزانێت بەرامبەر بە خۆم، خێزان و منداڵەکانم، بە هەڕەشەی بزووتنەوەی گۆڕان و بەرپرسی یەکەمی ئەو بزووتنەوەی دەزانم، کە دیارە ئەوانیش وەکو پارتی و یەکێتیی دەیانەوێت بە سەدان تەحسین شاوەیس، مەلا عوزێر، قاسم ئاغا و فەتاح بەگی جاف دروست بکەن.

97. سەرۆک جاشی فەوج، جەمال فەقێ حوسێن کەلهوڕی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج کەمال فەقێ حوسێن کەلهوڕی، فەرماندەکانی سریە هەریەک لە محەمەد ئەحمەد ساڵح، محەمەد قادر محەمەد. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+2)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردن لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە ئەنفالی دوو، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل152). جەمال فەقێ حوسێن، محەمەد قادر محەمەدو محەمەد ئەحمەد ساڵح، بەگوێرەی مەرسومی کۆماری ژمارە (807)ی رۆژی (9.8.1988)، لە پاداشتی کورد کوشتندا لە ئەنفالی دووەمدا، مەدالیای ناپاکیان وەرگرتووە + بەگوێرەی لاپەڕە سێی (العراق، ژمارە (3905)ی رێکەوتی (21.11.1988)، دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە راستیدا مەدالیای کورد کوشتنی) لە پاداشتی بەشداریکردنی لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا لە کەرتی فەیلەقی یەکدا لە دیکتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە). هەروەها جەمال فەقێ حوسێن، فەرماندەی فەوجی (97)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای

باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (101)ە لە لیستی داواکراوەکان.

98. سەرۆک جاشی فەوج، سەلیم مەمەند رەسوڵ ئاغای میراودەلی. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+4)ی کردووە. سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک و دوو – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوج سەلیم ئاغای میراودەلی لە ئەنفالەکانی یەک و دوو و چوار – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148، 152، 162). سەلیم مامەند رەسوڵ ئاغاو عەبدوڵڵا ئاغا مەولود، بەگوێرەی مەرسومی کۆماری ژمارە (807)ی رۆژی (9.8.1988)، لە پاداشتی کورد کوشتندا لە ئەنفالی دووەمدا، مەدالیای ناپاکیان وەرگرتووە. سەلیم مەمەند رەسوڵ ئاغای میراودەلی، بەگوێرەی مەرسومێکی کۆماری، کە لە رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6753) و ژمارە (3906)ی رۆژنامەی (العراق)، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (22.11.1988)دا بڵاوکراوەتەوە، دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە راستیدا مەدالیای ناپاکی و نیشتمان فرۆشی) لە سەدامی دیکتاتۆردا وەرگرتووە. هەروەها سەلیم مەمەند میراودەلی، فەرماندەی فەوجی (98)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (103)ە لە لیستی داواکراوەکان.

99. سەرۆک جاشی فەوج، تاهیر عەلی عەبدولڕەحمان جەباری و سەید فازڵ سەید سابیر جێگری سەرۆک جاشی فەوج. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+4)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە هەریەک لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک و چوار – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148 + 162). تاهیر عەلی عەبدولڕەحمان جەباری، بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای بەناو ئازایەتی (ناپاکی) وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا +

بەگوێرەی لاپەڕە سێی (رۆژنامەی العراق، ژمارە (3905)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (21.11.1988)، سێ مەدالیای بەناو ئازایەتی (مەدالیای خۆفرۆشی و کورد کوشتنی) لە پاداشتی بەشداریکردن لە شالاوەکانی ئەنفالدا لە کەرتی فەیلەقی یەکدا لە دیکتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە). تاهیر عەلی عەبدولڕەحمان جەباری، سەرۆک جاشی فەوجی (99)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (415)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

100. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد عیسا پیروەیس عیسا جاف، سالار وادی عەزیز جاف فەرماندەی سریە. فەوجی محەمەد عیسا جاف، بەشداری هەریەک لە ئەنفالەکانی (1+3)ی کردووە. سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک و سێ - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148+156). محەمەد عیسا پیروەیس عیسا جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (100)ی جاشە سووکەکان، بەگوێرەی مەرسومی کۆماری ژمارە (1024)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای بەناو ئازایەتی (ناپاکی) لە سەدامی دیکتاتۆر وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. محەمەد عیسا پیروەیس عیسا جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (100)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شالاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (422)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

101. سەرۆک جاشی فەوج، جەلال ئاغا رەفیق سەید وەلەد ئاغای کاکەیی (عەلی سەرایی) و جێگری سەرۆک جاشی فەوج رەفیق سەید وەلەد ئاغا کاکەیی عەلی سەرایی. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+3+4)ی کردووە. فەوجی جەلال ئاغا رەفیق سەید وەلەد ئاغای کاکەیی لە رێکەوتی (17.3.1986)دا دامەزراوەو، دوو هەزار جاشی هەبووە. سەرۆک جاشی فەوجی ناوبراو لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە رێکەوتی (17.6.1987)دا، کوڕێکی بەناوی وەلید کوژراوە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شالاوە دڕندانەکانی ئەنفالەکانی یەک و سێدا

– سەرچاوە: (شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148 + 156). هەروەها سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی (101) لە شاڵاوی ئەنفالی چواردا – سەرچاوە: هاوکاری، ژمارە (983)، پێنجشەممە، ڕێکەوتی (16.6.1988).

102. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ ئیبراهیم شێخ نەسرەددین عەزیز بەرزنجی (شارەزووری)، پێنج هەزار جاشی هەبووەو بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+5+6+7)ی کردووە. شێخ ئیبراهیم ئێستاکە سەربە بزووتنەوەی گۆڕانی نەوشێروان مستەفایە. سەبارەت بە بەشداری کردنی فەوجی ناوبراو لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (ڕۆژنەمەی ئەلسەورە، ژمارەی (6536)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988)، هەروەها ڕۆژنامەی ئەلجمهوریە، ژمارە (6777)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (5.4.1988)، ل6، کە شێخ ئیبراهیم نەسرەدین بەرزنجی دەڵێت: شەڕکەرانی فەوجەکەمان بەشداری کاریگەریان کردووە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا). سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک، پێنج، شەش و حەوت، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەکانی 148، 167). شێخ ئیبراهیم نەسرەدین عەزیز بەرزنجی، بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (1024)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای بەناو ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. ئیبراهیم نەسرەدین عەزیز بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (102)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (4+421)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

103. سەرۆک جاشی فەوج، عەونی حاجی مستەفا جوبرائیل ئاکرەیی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). عەونی حاجی مستەفا جوبرائیل ئاکرەیی، سەرۆک جاشی فەوجی (103)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە

شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (355)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

104. سەرۆک جاشی فەوج، عومەر حەمە عەلی رۆستەم چەرمەگایی. هێزێکی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شەوی (11.11.1987)دا پەلاماری گوندی چەرمەگاو جاشەکانی عومەر چەرمەگایی دەدەن، لەو پەلامارەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (42) جاش و هاووڵاتی کوشت و دوازدە پێشمەرگەش شەهید بوون. بەداخەوە بەگوێرەی یاداشتەکانی سابیر کۆکەیی پێسمەرگەکانی یەکێتیی لەو شەوەدا تەڕو ووشک هەروەها چاک و خراپیان بەبێ جیاوازی پێکەوە سووتاندووە، بۆ نموونە ناوبراو لە لاپەڕە (270)ی (ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو)، باسی ئەوە دەکات کە یەکێک لە هاووڵاتییەکان قالەی ئافتاو بووە کە سەربە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان واتە رێکخستنەکانی خۆیان بووە، کەچی لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە شەهید کراوە. هەروەها نووسەری ناوبراو ناوی سێ لە پێشمەرگە شەهیدەکانی نووسیوە کە ئەمانەن: (شەهید مام هێرش (محەمەد ئەحمەد)ی جێگری سەرتیپی (17)ی زمناکۆ، مامۆستا بارزان فەرماندەی کەرت لە تیپی (57)ی سەگرمە و لەتیف مەجید کاکل بنەی سەربە چەمچەماڵ (لەتیف محەمەد مۆردانەی جەباری – سەرچاوە: عەبدوڵلا کەریم مەحمود، پێشمەرگە پۆڵایینەکە، چاپی دووەم، ل162)، فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی (57)ی سەگرمە. عومەر حەمە عەلی چەرمەگایی و فەوجی ژمارە (104)ی جاشە سووکەکان، بەشدارییان کردووە لە شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفالەکانی (1+2+3+4+5+6+7)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). عومەر حەمە چەرمەگایی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی نەوجول، دووز، ئاغجەلەر، رانیە و سورداشی کردووە، واتە شاڵاوی ئەنفالەکانی سێ و چوار - سەرچاوە: (زیاد عەبدولرەحمان، تونی مەرگ، ل241). هەروەها سەبارەت بە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک، پێنج، شەش و

حەوت - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەکانی 148+167). ئەو سەرۆک جاشە هەر لە دوای راپەڕینەوە تا ئێستا لە ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دایەو، تۆمەتبارە بە گرتن و رادەستکردنەوەی (12) پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە رێکەوتی (7.5.1988)دا لە نزیک چەرمەگاو، دواتر گوللەباران کردنیان یان لە سێدارە دانیان. ناوی دوازدە پێشمەرگە شەهیدەکە بریتین لە: (رێبوار عومەر محەمەد، تەها ئەحمەد سەعید (جووتیار)، محەمەد قادر ئەحمەد، هاوڕێ شاکر مەحمود، محەمەد غەفور مەحمود، کەریم عەلی کەریم، جەمال حوسێن حەمە ساڵح، ئەنوەر محەمەد رەشید، ئاوات حوسێن، عەلی ئەنوەر رەشید، کاروان کەریم و ئەبوبەکر ئەحمەد محەمەد) - سەرچاوە: (ئاکۆ حەمە سەعید، ئەو (12) پێشمەرگەیەی کە بەدەستی (عومەری حەمەعەلی چەرمەگا) شەهیدکران، ماڵپەڕی کوردستاننێت، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی 29.3.2009). دوای بڵاوکردنەوەی بەشی هەشتەمی ووتارەکەم لەژێر ناوونیشانی (هەر سەرۆک جاشێک ژیانی زۆرتر لە هەزار کوردی لە مردن پاراستووە، عومەر حەمە عەلی رۆستەم چەرمەگایی وەک نموونە)، کە زنجیرە ووتارێک بوو لەسەر بەشداری سەرۆک جاشەکان و فەرماندەی مەفرەزە تایبەتییەکانی رژێمی رەگەزپەرستی سەدام تکریتی لە شاڵاوی ئەنفالەکان و رەفتارو کرداری ناکوردانەی ئەو خۆفرۆشانە لە گرتن و شەهیدکردنی هاووڵاتیان و پێشمەرگەدا نووسیومن، کەسێک لە بنەماڵەی ئەو (12) پێشمەرگە شەهیدە لە کوردستانەوە پەیوەندی پێوەکردم و باسی ئەوەی بۆ کردم کە پێشمەرگەیەکی تر بەناوی (رزگار مام حوسێن شەریف) هەر لەگەڵ ئەو (12) پێشمەرگە بوو دەگیرێت، کە ناوەکەی لە لیستەکەدا نییە و لەلایەن عومەر حەمە عەلی چەرمەگا رادەستی ئیستخباراتی سەربازی سلێمانی دەکرێتەوە، دواتر هەموویان پێکەوە دەدرێنە دائیرەی ئەمنی سلێمانی و بێسەرو شوێن دەکرێن و تاوەکو ئێستاکە هیچ زانیارییەک و هەواڵێک نییە لەبارەی ئەوانەوە. هەر لەکاتی ئەنفالەکاندا عومەر حەمە عەلی چەرمەگا، لە ناوچەی سورداش و دۆڵی جافایەتی چەندین پێشمەرگە

و هاووڵاتی کە دەچنە لای سەرۆک جاشی ناوبراو بە مەرجی ئەوەی گیانیان بپارێزێت ئەویش بەڵێنیان پێدەدات، کەچی دواتر رادەستی دائیرەی ئەمنیان دەکات و ئەنفال دەکرێن، بەشێک لەوانە بریتین لە: (جەبار ئەحمەد کاکەمەد دانیشتووی دێی سابوراوای کۆن، خەسرەو مەحمود عەبدوڵڵا، جەعفەر فەرماندەی کەرت لای غەریب عەسکەری، بەکر ئەحمەد مەرجان، هاشم رەحمان، مام غەریب پێشمەرگە لە تیپی (23)ی سورداش و خزمی حەمە غەریب سەعید عەسکەری لەگەڵ گوڵناز ئەحمەد سلێمانی هاوسەری شەهید غەریب عەسکەری و دوو کوڕیان بەناوەکانی رێباز حەمە غەریب سەعیدو زاگرۆس حەمە غەریب سەعید، شەهیدی فەرماندە غەریب سەعید عەسکەری کە لە رێکەوتی (5.9.2007)دا کۆچی دواییکرد). سەرۆک جاش عومەر حەمە عەلی رۆستەم چەرمەگایی، بەگوێرەی رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6689)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (19.9.1988) مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە راستیدا کورد کوشتن و ناپاکی)ی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە. عومەر حەمە عەلی رۆستەم چەرمەگایی، سەرۆک جاشی فەوجی (104)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (278+212)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە لە لیستی ناوی داواکراوەکان. عومەر حەمە عەلی رۆستەم چەرمەگایی، بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی گشتیی بەرەی کوردستان لەساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ رژێمی سەدام و حکومەتی بەعسدا هەر هەبووە تا رۆژی رووخانی رژێم لە رێکەوتی (9.4.2003)دا، کەواتە لێبووردنی ناوبراو ئەو سەرۆک جاشە ناگرێتەوە، کە بۆ سەرۆک جاش و پیاوانی سەربە بەعس دەرچوو بوو بەمەرجێک واز لە راژەی بەعس و سەدام بێنن. بۆیە پێویستە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی رادەستی دادگای بکات و سزای تاوانەکانی وەربگرێت.

105. سەرۆک جاشی فەوج، ئیبراهیم شێخ محەمەد، بەشدارییان کردووە لە ئەنفالی (8). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی 5220-5228).

106. سەرۆک جاشی فەوج، سەباح سەعید کەریم فەتاح کاکەیی (هاواری) و جێگرەکەی محەمەد ئەڵماس هەیاس کاکەیی. سەرۆک جاش و جاشەکانی ئەو فەوجە بەشدارییان کردووە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (ڕۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە ئەنفالی یەک، سەرچاوە: (شۆڕش، حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148).

107. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد تاهیر یونس محەمەد زیناوە شکاک، جێگری سەرۆک جاشی فەوج جەلال محەمەد تاهیر یونس زیناوە. فەوجی محەمەد تاهیر بەشدارییان کردووە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4+8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی یەکەم – سەرچاوە: (ڕۆژنامەی ئێراق، ژمارە (3709)ی، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (31.3.1988). سەبارەت بە بەشداریکردن لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوەکان: (ڕۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988) + (ڕۆژنامەی ئێراق، ژمارە (3721)ی چوارشەممە، ڕێکەوتی 13.4.1988). سەبارەت بە بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالی چواردا – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل162). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). هەروەها محەمەد تاهیر یونس محەمەد زیناوەیی، فەرماندەی فەوجی (107)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (118)ەیە لە لیستی داواکراوەکان.

108. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد جەوهەر ئیسماعیل سالّح گۆران (رۆڤی).
فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). محەمەد جەوهەر ئیسماعیل سالّح، سەرۆک جاشی فەوجی (108)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای بالاّی تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (374)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

109. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ خەلیل عەبدوڵڵا ئیبراهیم شەرەفانی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج شێخ بەیار خەلیل عەبدوڵڵا ئیبراهیم شەرەفانی.
فەوجی خەلیل عەبدوڵڵا شەرەفانی لە هەریەک لە ئەنفالەکانی (1+2+8)دا بەشدارییان کردووە. فەوجی ناوبراو لە ساڵی (1986)دا دامەزراوە. دەربارەی بەشداریکردنی فەوجی سەدو نۆ لە ئەنفالی یەک هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا، بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی سورداش و هەریەک لە گوندەکانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن)و دۆڵی جافایەتی واتە ئەنفالی یەکیان کردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێکیدا بۆ هاوکاری دەڵێت: (هاریکاری کردن لەنێوان ئێمەو لەنێوان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو رێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە رۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە ژمارەیان دە فەوج بوو – سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (960)ی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (24.3.1988)، زکریات محەمەد حەسەن، نێردراوی هاوکاری: یەکەمین کەس بوون گەیشتنە بنکەکانی خاین جەلال تاڵەبانی لە سەرگەڵوو، ل6–7). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا، سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). بۆ زانیاری زۆرتر سەبارەت بە بەشداریکردنی

ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دووودا، سەرۆک جاشی فەوج دەڵێت: (لە جەنگی ئەنفالی یەکەمدا لە سەرگەڵوو بەرگەڵوو جەنگی ئەنفالی دووەمدا لە قەرەداغ، فەوجەکەمان چەکێکی زۆری دەستکەوت). هەروەها سەرۆک جاشی فەوج باسی وەرگرتنی پاداشتی ئەنفالکردنی کوردی لە دیکتاتۆری ئێراق سەدام کردووە) - سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (983)، رۆژی پێنجشەممە، ریکەوتی 16.6.1988). هەروەها خەلیل شێخ عەبدوڵڵا ئیبراهیم شەرەفانی سەرۆک جاشی فەوجی (109)ی جاشە سووکەکان، بەگوێرەی (رۆژنامەی العراق، ژمارە (3905)ی رۆژی دووشەممە، ریکەوتی (21.11.1988)، دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی (مەدالیای کورد کوژی و خۆفرۆشتنی) لە پاداشتی بەشداریکردنی لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا لە کەرتی فەیلەقی یەکدا لە دیکتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). هەروەها خەلیل عەبدوڵڵا ئیبراهیم شەرەفانی، فەرماندەی فەوجی (109)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (102)ە لە لیستی داواکراوەکان.

110. سەرۆک جاشی فەوج، جەمال خدر خالید گۆران دووبەردانی. جاشەکانی ئەو فەوجە بەشدارییان کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2+8)دا. جەمال خدر دووبەردانی، لە پاداشتی ئەنفالدا دوو میدالیای بەناو ئازایەتی لە سەدام وەرگرتووە - سەرچاوە: (ئەلسەورە، ژمارە (6523)، رۆژی دووشەممە، ریکەوتی (4.4.1988). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). هەروەها بەگوێرەی دیمانەیەکی راوێژکار جەمال خدر خالید گۆران دووبەردانی لەگەڵ رۆژنامەی (العراق)، ژمارە (3913)ی رۆژی چوارشەممە، ریکەوتی (30.11.1988)دا، ناوبراو باسی ئەوەی کردووە کە بۆ ماوەی شەش مانگ لەگەڵ هێزەکانی فەیلەقی (1)دا بەشداری شەڕیان کردووە، لەگەڵ هێرشەکانی ئەنفال و پەلاماردانی (کانی

توو) و گرتنی بارەگای مام جەلال. راوێژکاری ئەم فەوجە جەمال خدر خالید دووبەردانی، بەگوێرەی مەرسومێکی کۆماری، کە لە رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6754)ی رۆژی چوارشەممە، ریکەوتی (23.11.1988)دا لە لاپەڕە (3)دا بڵاوکراوەتەوە، دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی تری (لە راستیدا مەدالیای خۆفرۆشی و کوردکوژی) لە دیکتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە. جەمال خدر دووبەردانی، سەرۆک جاشی فەوجی (110)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو ژمارە (100)ە لە لیستی داواکراوەکان.

111. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ بەدیع حەسەن موراد بەرزنجی، سێ برای ناوبراو بەناوەکانی شێخ نوری حەسەن موراد بەرزنجی، شێخ لەتیف حەسەن موراد بەرزنجی و شێخ سوبحی حەسەن موراد بەرزنجی جێگری سەرۆک جاشی فەوج بووینەو، مولازمی یەکەم عەبدولحەمید خەتاب عەبدوڵڵا جێگری فەرماندەی فەوج و ئەحمەد ئەمین ئەحمەد فەرماندەی سریە و هەڤاڵ کەمال عەبدولهادی بەرپرسی رێکخراوی پارتی بەعسی عارەبی فەوجی ناوبراو بووە. فەوجی شێخ بەدیع لە ساڵی (1986)دا دامەزراوەو بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). شێخ نوری حەسەن موراد بەرزنجی، جێگری سەرۆک جاشی فەوجی (111)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (389)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

112. سەرۆک جاشی فەوج، بابەکر (بەکر) وسو محەمەد نورەدینی پشدەری، جێگری سەرۆک جاشی فەوج محەمەد بابەکر (بەکر) وسو محەمەد. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2+4)دا. سەبارەت بە ئەنفالی یەک – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148). هەروەها سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی بەکر وسو محەمەد لە ئەنفالی چواردا – سەرچاوە: (مەحمود سەنگاوی، جاش و

جینۆساید، ل50، کە وەریگرتووە لە: هاوکاری، ژمارە (975)، رۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (16.5.1988). هەروەها بابەکر وسو محەمەد، فەرماندەی فەوجی (112)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (99)ە لە لیستی داواکراوەکان.

113. سەرۆک جاشی فەوج، تۆفیق سلێمان یاسین بەرواری شکیرانی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج کوڕێکی ناوبراو بوو بەناوی غیاس توفیق سلێمان یاسین بەرواری شکیرانی، بەشدارییان کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2+8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، رۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). هەروەها تۆفیق سلێمان یاسین بەرواری سەرۆک جاشی فەوج و غیاس تۆفیق سلێمان یاسینی جێگری فەوجی (113)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنیان لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووەو، ژمارە (311+363)یان دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

114. سەرۆک جاشی فەوج، عومەر بابەکر سەلیم ئاغا پشدەری و جێگری سەرۆک جاشی فەوج عومەر بابەکر سەلیم ئاغا بەناوی مەحمود عومەر بابەکر سەلیم ئاغای پشدەری. فەوجی ناوبراو بەشدارییان کردووە لە هەریەک لە ئەنفالەکانی (1+2+8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). هەروەها عومەر بابەکر سەلیم، سەرۆک جاشی فەوجی (114)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە

ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (112)یە لە لیستی داواکراوەکان.

115. سەرۆک جاشی فەوج، حەسەن مەحمود محەمەد ئەمین بەگ هەورامی، بەشدارییان کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2+8). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە هەریەک لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا، سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی 17.4.1988). سەبارەت بە ئەنفالی یەکەم، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148). حەسەن مەحمود محەمەدئەمین، بەگوێرەی نامەی فەرماندەیی تیپی چلی پیادە، ژمارە (ا/501/3)ی رێکەوتی (13.2.1989)ی برێک پارەیان وەکو خەڵاتی تایبەتی لە پاداشتی بەشداریکردنیاندا لە ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل239-240). وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بەڵگەیەکی نکۆڵ لێنەکراوی بەشداریکردنی راوێژکارو فەوجی ناوبراوە لە ئەنفالی هەشتدا. حەسەن مەحمود محەمەدئەمین هەورامی، سەرۆک جاشی فەوجی (115)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (169)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

116. سەرۆک جاشی فەوج، عومەر مورادخان جەلیلە. عومەر مورادخان جەلیلە، سەرۆک جاشی فەوجی (116)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (358)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

117. سەرۆک جاشی فەوج، قادر حامد ئیبراهیم لاجانی، جێگرانی سەرۆک جاشی فەوج هەریەک لە حامد قادر حامد ئیبراهیم لاجانی و ئیبراهیم حامد ئیبراهیم لاجانی. فەوجی ناوبراو لە ساڵی (1986)دا دامەزراوە.

118. سەرۆک جاشی فەوج، هەریەک لە شێخ محەمەد سەعید شێخ مەحمود شەمێرانی و جەمال مەحمود محەمەد سان ئەحمەد شەمێرانی –

سەرچاوە: (پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی بەناو یاسادانانی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی – سەرچاوە: (رۆژنامەی العراق، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی 29.8.1989). فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2). سەبارەت بە ئەنفالی یەک – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148). محەمەد سەعید مەحمود شمێرانی، سەرۆک جاشی فەوجی (118)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (379)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

119. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ محەمەد نەجیب سادق بەهائەدین نەقشبەندی. فەوجی شێخ محەمەد نەجیب نەقشبەندی لە سەرەتای ساڵی (1986)دا دامەزراوەو بەشدارییان کردووە لە ئەنفالی (1). سەبارەت بە فەوجی شێخ محەمەد نەقشبەندی و بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالی یەک – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148). محەمەد نەجیب سادق بەهائەدین، سەرۆک جاشی فەوجی (119)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (381)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

120. سەرۆک جاشی فەوج، حوسێن محەمەد فەتاح قادر گەلاڵی. فەوجی ناوبراو بەشدارییان کردووە لە ئەنفالی (1)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە ئەنفالی یەک – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148). هەروەها حوسێن حەمە فەتاح قادر، سەرۆک جاشی فەوجی (120)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (324)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

121. سەرۆک جاشی فەوج، هەمزە باپیر بابەکر ئاغا میراودەلی پشدەری، سێ لە کوڕەکانی هەمزە باپیر بە ناوەکانی ئەسکەندەر هەمزە باپیر میراودەلی،

ئەبابەكر هەمزە باپیر میراودەلی و عەبدوڵڵا هەمزە باپیر میراودەلی وەكو جێگرانی سەرۆک جاشی فەوج لە رۆژنامەكاندا ناویان هاتووە – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6606)، رۆژی دووشەممە، رێكەوتی (28.6.1988)، ل5). مولازمی یەكەم ئەحمەد مەحمود موسا فەرماندەی فەوجی (121). بەگوێرەی بەڵگەنامەكان و قسەكانی عەبدوڵڵا پشدەری و ناوهێنانی ناوچەكان بێت، فەوجی (121)ی جاشە سووكەكان بەشداری كردووە لە هەریەک لە ئەنفالەكانی (1+2+3+4+5+6+7)دا. سەبارەت بە ئەنفالی یەک – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148). وە سەبارەت بە ئەنفالەكانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6518)ی رۆژی چوارشەممە، رێكەوتی (30.3.1988)، كە جووتەبرا ئەسكەندەرو بابەكر وەكو جێگرانی سەرۆک جاشی فەوجی (121) ناویان هاتووە، كە دەڵێن: (بەشداریمان لە پاككردنەوەی لانەی ناپاكاندا كردووە بۆئەوەی دووپاتی بكەینەوە كە دەستەی بەكرێگیراومان ناوێت)، لە رۆژنامەی میدیا، ژمارە (270)ی رۆژی سێشەممە، رێكەوتی (19.12.2006)دا وەرگیراوە). هەروەها لە دیمانەیەكی (هاوكاری)دا، كە ژمارەكەی دیارنییە بەڵام پێدەچێت هی مانگی ئابی ساڵی (1988) بێت، چونكە رۆژنامەكە بەبۆنەی (8)ی ئابەوە، دیمانەكەی لەگەڵ جێگری سەرۆک جاشی فەوج عەبدوڵڵا پشدەریدا كردووە، كە دەڵێت: (فەوجەكەمان لە جەنگەكانی هەموو ئەنفالەكاندا بەشداریكردووە لە بنگرد، مەرگە، قەرەداغ، سەنگاو، قادركەرەم و لە كۆتایی ئەنفالەكان لە ناوچەی بالیسان. هەروەها بەشداری جەنگەكانی چوارتاو ماوەت-مان كردووە – سەرچاوە: بەشدار قادر، ناوەندی چاک ئاگاتان لەم ئەنفالچیە پشدەرییە بێت لە ئەوروپایە – كوردستاننێت 5.2.2007).

122. سەرۆک جاشی فەوج، مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە. فەوجی ناوبراو بەشداری كردووە لە شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2)دا. سەبارەت بە بەشداری كردنی ئەو فەوجە لە هەریەک لە ئەنفالەكانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەكشەممە، رێكەوتی

(17.4.1988). بۆ زانیاری زۆرترو سەبارەت بە ئەنفالی یەک – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148). مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە، سەرۆک جاشی فەوجی (122)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی دەرچووەو، ژمارە (383)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان.

123. سەرۆک جاشی فەوج، ئیبراهیم كوێخا عەبدوڵڵا بندیان و جێگری سەرۆک جاشی فەوج ئیسماعیل كوێخا عەبدوڵڵا بندیان. ئەو راوێژكارانە سەربە پارتی دیموكراتی كوردستان بوون و برایم كوێخا عەدۆ لە مانگی نیسانی ساڵی (2008)دا مرد. سەرۆک جاشی فەوجی (123)ی جاشە سووكەكان ئیبراهیم كوێخا عەبدوڵڵا بندیان، بە هەڵە ژمارەی فەوجەكەی بە (23) نووسراوە لە بری (123) – سەرچاوە: (گۆڤاری رەنگین، ژمارە (29)ی ساڵی (1990)، ل11).

124. سەرۆک جاشی فەوج، عەبدولڕەحیم محەمەد رەمەزان ئیمامی. فەوجی ناوبراو بەشداری كردووە لە شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+5+6+7). سەبارەت بە شاڵاوی ئەنفالەكانی یەک، پێنج، شەش و حەوت – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەكانی 148، 167).

125. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد ئەحمەد سابیر محەمەد شوانی، بەشدارییان كردووە لە ئەنفالەكانی (1+2). سەبارەت بە بەشداریكردن لە ئەنفالی یەک – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، ل149). محەمەد سادق محەمەد شوانی، سەرۆک جاشی فەوجی (125)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی دەرچووە.

126. سەرۆک جاشی فەوج، شەریف مەحمود مەعروف كوڕەداوێ. جاشەكانی ئەو فەوجە بەشدارییان كردووە لە شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2+5+6+7)دا. سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەكانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەكشەممە، رێكەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە بەشداری لە ئەنفالەكانی پێنج،

شەش و حەوتدا - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل167). هەروەها شەریف مەحمود مەعروف، فەرماندەی فەوجی (126)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (105+185)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

127. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ دێوالی میرزا عومەر ئەتروشی. فەوجی شێخ دێوالی بەشداری کردووە لە ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228).

128. سەرۆک جاشی فەوج، عەلی عەبدوڵڵا عەلی کۆچەر.

129. سەرۆک جاشی فەوج، عەبدوڵڵا محەمەد ئەحمەد چۆمانی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228).

130. سەرۆک جاشی فەوج، عوزێر (عەزیز) حەمەد مەولود شێخانی و جێگری سەرۆک جاشی فەوج عەدنان تەحسین. مەلا عوزێر حەمەد مەولود، لە کۆتایی حەفتاکاندا پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بووەو، زۆرجار سەنگەری گواستۆتەوە، لە ناوەڕاستی ساڵی (1979)دا ئەوکاتە کە سەربە حزبی سۆسیالیست بووە، پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بەناوی (ئیبراهیم پۆلیس) کە لای شەهیدی سەرکردە رەفعەت عەبدوڵڵا پیرداود (شەهید رێباز) پێشمەرگە بووە، شەهیدکردووە و دواتر هاتۆتەوە ناو رژێمی دژ بە کورد و بووە بە فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی لە شاری هەولێر– سەرچاوە: (شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی بیرەوەرییەکانی شار و شاخ 1974-1980، ل275-276). مەلا عوزێری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، لە ناوەڕاستی ساڵی هەشتاکاندا فەوجی جاشانی وەرگرت، هەم لە سەردەمی فەرماندەیی مەفرەزەی تایبەتی ئەمنی سەربە مولازم محەمەدی قوشتەپە، هەم لە

سەردەمی سەرۆک جاشێتی فەوجی (130)ی جاشە سووکەکان، لە هەولێر وەکو یەکێک لە کوردە هەرە خۆفرۆش و دڵسۆزەکانی بەعس و سەدام و دژ بە نەتەوەکەی خۆی ناسراوە. مەلا عوزێر شێخانی، لە رێکەوتی (9.8.1981)دا، ئەنوەر عومەر ساڵح غائب ناسراو بە دکتۆر پەروەری دەستگیرکرد، کە سەربە رێکخستنە نهێنییەکانی ئەوکاتی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو، کە لە رێکەوتی (18.2.1982)دا بە حەوت ساڵ زیندانی کرا، بەڵام لە رێکەوتی (22.7.1982)دا بەر لێبووردنەکەی حەڤدەی تەموز کەوت و ئازادکرا. مەلا عوزێری جاش، لە ساڵی (1982)دا پێشمەرگەیەکی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی بەناوی عومەر حەسەن حەمەد کەردزی لە گوندەکەی خۆی (کەردز) دەستگیرکردو، رادەستی ئەمنی قوشتەپە مولازم محەمەدی کرد، کە دواتر عومەر حەسەن کەردزی لە سێدارەدرا. هەر لە ساڵی (1982)دا مەلا عوزێر شێخانی، لە بۆسەیەکدا پێشمەرگەیەکی حزبی سۆسیالیستی بەناوی ئەنوەر محەمەد شێخان لە گوندی پیرداودی نێوان هەولێر – دیبەگە بە برینداری گرت، کە بەهۆی سەختی برینەکەیەوە سەرەتا قاچەکانی ئیفلیج بوون، دواتر بەو برینەوە لە مانگی (12)ی ساڵی (1982) لە ئەمنی عامەی بەغدا گیانی پاکی بە کورد و کوردستان سپارد و شەهیدبوو. مەلا عوزێر شێخانی، بە هاوکاری لەگەڵ چەند سەرۆک جاش و فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەربە ئەمنی هەولێر، لە رێکەوتی (7.10.1982)دا لە گوندی سابڵاخ لە بۆسەیەکدا پێشمەرگەو فەرماندەی کەرتی ئازا و ناسراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نادر ئیسماعیل نادر ئەحمەد قەشقەیی ناسراو بە (نادر قەشقەیی) و محەمەد غەفور ئەحمەد مەنتک دووشیوانی فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی (90)ی باواجی، حەمە سەعید حەمەدئەمین قەشقەیی، محەمەد مەحمود قادر و عوسمان عەلی قەشقەیی شەهیدکرد، لەگەڵ بریندارکردنی هەریەک لە خالید ئەحمەد و سیامەند حوسێن قەشقەیی. مەلا عوزێر شێخانی خاوەنی مەفرەزەی تایبەتی بەعس و عروبی سەدام، لە کاتژمێری یەکی نیوەڕۆی رۆژی هەینی، رێکەوتی (31.7.1982)دا، نۆ هەڤاڵی رێکخستنەکانی سەربە حزبی سۆسیالیستی کوردستانی لە گوندی

قوڵتەپە دەستگیرکرد و رادەستی ئەمنی هەولێری کردن کە بریتیبوون لە هەریەک لە: (1. ئەبوبەکر عومەر ئەحمەد سۆربەشی ناسراو بە دیار، کە لە رێکەوتی (18.1.1983)دا سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دواتر لە رێکەوتی (14.5.1985)دا لە بەغدا لە سێدارەدرا. 2. نەجمەدین مستەفا مەجید سۆربەشی ناسراو بە دیار، کە لە رێکەوتی (18.1.1983)دا سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دواتر لە رێکەوتی (14.5.1985)دا لە بەغدا لە سێدارەدرا. 3. خەلیل یوسف محەمەد سۆربەشی ناسراو بە خەلیل مام وسو دزەیی، کە لە رێکەوتی (18.1.1983)دا فەرمانی زیندانی هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو، بە مەرجێک رەوانەی (قافات) بکرێت، کە سزایەکە بەدرێژایی مانەوە لە زیندان دیدەنی خزم و کەسی لێ قەدەغە دەکرێت. خەلیل مام وسو بەر لێبووردنی گشتی (6.9.1988) کەوت، بەڵام دواتر لە رێکەوتی (20.3.1989)دا ئازادکرا. 4. سەڵاح عەبدولقادر مەلا ئیسماعیل دیبەگەیی، لە رێکەوتی (18.1.1983)دا فەرمانی زیندانی هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو، بە مەرجێک رەوانەی (قافات) بکرێت، بەڵام بەر لێبووردنی گشتی (6.9.1988) کەوت، ئەوەبوو دواتر لە رێکەوتی (20.3.1989)دا لەگەڵ خەلیل مام وسو بەیەکەوە ئازادکران. 5. فەرهاد حوسێن سوڵتان سۆربەشی، لە رێکەوتی (18.1.1983)دا فەرمانی زیندانی حەوت ساڵی بۆ دەرچوو بەمەرجێک رەوانەی قافات بکرێت، بەڵام بەر لێبووردنی گشتی (6.9.1988) کەوت، ئەوەبوو دواتر لە رێکەوتی (20.3.1989)دا لەگەڵ ئەو دوو هەڤاڵەی سەرەوەدا ئازادکران. 6. محەمەد عەبدولڕەحمان حەمە شەریف دیبەگەیی ناسراو بە مام ئاراس. مام ئاراس، لە رێکەوتی (18.1.1983)دا لە دادگا بێتاوان دەرچوو، چونکە دانی بەهیچ شتێکدا نەنابوو، ئەوەبوو دواتر لە رێکەوتی (23.1.1983)دا لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی خوارەوە ئازادکرا. مام ئاراس هەم لە رێکخستنەکانی سۆسیالیست و خۆنیشاندانەکانی ساڵی (1982)ی هەولێر رۆڵ و جێ پەنجەی دیاربوو، هەم لە پێشمەرگایەتی لەناو ریزەکانی حزبی سۆسیالیست و دواتریش یەکێتیی نیشتمانیی کە فەرماندەیەکی ئازا و نەترس بووە لە هەموو شەڕەکاندا. 7. عەبدوڵڵا کاکەمین رەسوڵ، لە دادگا بێتاوان دەرچوو و

ئازادکرا. 8. روار عوسمان ئیسماعیل سۆربەشی، لە دادگا بێتاوان دەرچووو و ئازادکرا. 9. قادر عوسمان ئیسماعیل سۆربەشی، لە دادگا بێتاوان دەرچووو و ئازادکرا). مەلا عوزێر هەر لە ساڵی (1982)دا نەجیبە خانی هاوسەری مامۆستا موحسین عوسمان حەمەد، پێشتر کادیری سیاسی و بەرپرسی رێکخستنی ناو هێزی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و ئێستا ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بە پلەی لیوا پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی رەگەزنامەو پاسپۆرت و نشینگەی کوردستانی هەیە لە شاری سلێمانی، دەستگیرکردو رادەستی ئەمنی هەولێری کردو، دواتر نەجیبە خان رەوانەی زیندانی فوزەیلیە - (الفضيلية)ی تەنیشت (بغداد الجديدة – المشتل) کرا لە بەغداو، ماوەیەک لەوێ مایەوە، ئەوەبوو دواتر ئەو ژنانەی منداڵیان هەبوو رەوانەی عەرعەری سەر سنووری وڵاتی سعودیەی عارەبی کران کە نەجیبە خان یەکێک بووە لەوان. مەلا عوزێری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، لە سەرەتای ساڵی (1982)دا خزمێکی سەید کاکە سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە (سەید کاکە)ی پارتی و ئەندامی پەرلەمانی کوردستانی خولی پێشووی دەستگیرکرد، بەناوی سەید ئیسماعیل عەبدولحەمید دانیشتووی گوندی چاڵەگردەی سەربە شارۆچکەی قوشتەپە، کە بە (3) ساڵ زیندانی سزادرا، پاشان لە رێکەوتی (17.7.1982)دا بەر لێبووردنی گشتی کەوت و لە رێکەوتی (22.7.1982)دا ئازادکرا. مەلا عوزێر شێخانی نۆکەر و پیاوی سەدام، لە رێکەوتی (18.11.1982)دا دوو پێشمەرگەی ئازاو جەربەزەی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی لە نێوان هەولێر – دیبەگە لە نزیک گوندی منارە شەهیدکرد بەناوەکانی کاکەزیاد حەسەن عەزیز هەینی کەردزی و خەسرەو ئیسماعیل ساڵح کەردزی. هەرچی سەربارەت بە شەهیدکردنی (11) پێشمەرگە و بریندارکردنی (9) پێشمەرگەی تری حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە کۆی (23) پێشمەرگەدا، لە کاتژمێری (9)ی شەوی رێکەوتی (15.1.1983)ی گوندی بیرەعارەبان، زانیارییەکانم لە کادیرێکی سیاسی و پێشمەرگەیەکی دێرینی ئازاو تێکۆشەری حزبی سۆسیالیستی کوردستان بەناوی نامیق رەسوڵ

ئەحمەدی برازای مامە غەفە وەرگرتووە، كە ئێستاكە جێگری مەڵبەندی سێی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانە لە هەولێر. لەگەڵ نامیق رەسوڵ ئەحمەد غەزاڵ، هەم خەڵكی ناوچەیەكین و هەم چەند ساڵێك هاوپۆلی یەكتر بووینە لە خوێندن، كە بەمشێوەیە كارەساتی شەهیدكردنی ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی حزبی سۆسیالیستی بۆ گێڕامەوە: (ئێمە ژمارەمان بیست و سێ پێشمەرگە بوو، سەربە هەرێمی حەوتی قەرەچوغ بووین، كە فەرماندەكەمان مام غەفوری مامم بوو (غەفور ئەحمەد غەزاڵ). لە شەوی (15.1.1983) بەرێكەوتین لە گەڕەشێخان بەرەو هەردوو دۆرەزە و لە جادەی كەركوك پەڕینەوە، نیازمان وابوو بەرەو گوێڕ بڕۆین بۆ لێدانی مونەزەمەی حزبی بەعس لە گوێڕ، كەم كەمە بارانیش دەباری، ئێمەش بە پێیان بووین و بەرەو گوندی بیرەعارەبان دەڕۆیشتین. كاتێك گەیشتینە نزیك گوندی بیرەعارەبان و كاتژمێر نۆی تەواو بوو. لە ناكاو لە هەموو لایەك بووە دەستڕێژی تەقەی دوژمن لێمان و شەڕ دامەزرا. لە یەكەم دەستڕێژی چڕو سەختی دوژمندا زۆربەمان پێكراین، هەندێك شەهید و هەندێكمان زامدار بووین. ئێمە بە برینداری كەوتینە بەرگری و شەڕ گەرم بوو. شەڕێكی زۆر سەخت بوو، شەڕی مان و نەمان دەكرد، پێشمان وابوو دەرچوونمان زۆر ئەستەمە، بەڵام بیروباوەڕمان بەهێز بوو، چونكە شەڕ شەڕی بیروباوەڕ بوو. بڕیارماندا تا دوا هەناسە و دوا فیشەك بەرگری بكەین، دوای شەڕێكی زۆر سەختی چەند كاتژمێری یازدە شەهیدمان داو دوازدە كەسیشمان دەرباز بووین، بەڵام لەو دوازدە كەسە نۆ بریندارمان هەبوو، واتە تەنیا سێ كەس لەو بۆسەو شەڕەدا بێ زیان دەرچوون. شەهیدەكانمان بریتیبوون لە: رەمەزان عەبدولڕەحمان ئەحمەدی ئامۆزام. ئیسماعیل نورەدین فەتاح – كوڕی ئامۆزام لە دایكییەوە. ئیسماعیل عەبدوڵڵا قادر قوڕشاغڵوویی. رەحمان ئیسماعیل عەباس سەید عوبێدی (رەحمانی سمایل نۆبەتدار). سالم عومەر رەسوڵ تەلەلخێمی. رەشاد ئەحمەد عەبدوڵڵا بەردێنەیی. موزەفەر عوسمان بیرەبەرازەیی (سالح). ئەكرەم مەولود قادر سۆربەشی. رەمەزان محەمەد چۆلی باداوەیی. شێركۆ هەینی سەعید پیرداودی (شێركۆی مرور، ناسراو

بە هێمن). نوری محەمەد رەحمان دارەخورمایی. هەروەها بریندارەکان: غەفور ئەحمەد غەزال (مام غەفوری مامم)، فەرەیدونی مامە غەفوری ئامۆزام، خۆم (نامیق رەسوڵ ئەحمەد)، جامی شێخ عومەر عەلی عەلیاوەیی، فازل ئەحمەد رەسوڵ، خالید سەعید پیرداودی (مامی شەهید شێرکۆ هەینی سەعید پیرداودی)، عەلی حوسێن عەوێنەیی، عەلی قازیخانەیی و جەوهەر عوسمان عەبدوڵڵا وەسمان قورشاغلوویی). جەوهەر عوسمان عەبدوڵڵا قورشاغلوویی، کە لە شەڕی بیرەعارەبان بە بریندار کەوتە بەردەست و دواتر لە رێکەوتی (21.9.1983)دا لە دادگای بەناو شۆڕشەکەی سەدام و عەواد حەمەد بەندەر سزای زیندانی هەتا هەتایەی بۆ بڕدرایەوە، لە زیندان لە رێکەوتی (4.6.1987)دا یەکترمان ناسی و بەیەکەوە بووین. پاشان جەوهەر عوسمان عەبدوڵڵا بەهۆی لێبووردنی گشتی ژمارە (736-737)ی رێکەوتی (6.9.1988)ی سەدام لە رۆژی (21.9.1988)دا ئازاد کراو، ئێستاکە لە شارۆچکەی چەمچەماڵ دەژیت (دەرسیم). نامیق رەسوڵ ئەحمەد غەزاڵ لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و گووتی: (بەڵام دوای چەند رۆژێک نامەیەکی مەلا عوزێر شێخانی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئەمن گەیشتە مام غەفور و خۆم رابەری سیاسی هەرێم بووم نامەکەم خوێندەوە. مەلا عوزێر لە نامەکەیدا نووسیبووی کە ئەو لە بۆسەکەدا لەگەڵ نەبووە، هەرچەندە داوایان لێکردووە، بەڵام بە بیانووی مردنی خوشکێکیەوە نەهاتووە. مەلا عوزێر لە نامەکەدا نووسیبووی کە بۆسەکە پێکهاتبوو لە شازدە جاشی جەلال پیرباڵ قۆڕیتانی و شانزدە ئەمنی قوشتەپە بەسەرپەرشتی مولازم محەمەدی بەڕێوەبەری ئەمنی قوشتەپە، ناوی هەر شازدە ئەمن و شازدە جاشەکەشی نووسیبوو. هەتا ئاماژەی بەوەش کردبوو کە هێزێکی تریش هەبووە لە نزیک بۆسەکەوە، جگە لەو هێزە (32) کەسەی کە ئەمن و جاش بوون بۆسەکەیان دانابووەوە، ناوی حاجی مەولود حەمەد مەولود شێخانی برایی و چوار جاشی تری نووسیبوو کە سەربە حاجی مەولودی برای بووینە، واتە لە مەفرەزەکەی مەلا عوزێر خۆی بووینە، بەڵام مەلا عوزێر خۆی لەگەڵ بۆسەکەو هێزەکەدا نەبووە و

مەلا عوزێر تاوەکو ئێستاکەش کۆپی ئەو نامەیەی کە ناردبووی بۆ مامم لای خۆی هەڵیگرتووە). فەوجی ژمارە (130)ی مەلا عوزێر شێخانی بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (4+8)ی کردووە. مەلا عوزێر حەمەد مەولود شێخانی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی شوان، قەرەهەنجیرو دەشتی کۆیەی کردووە، واتە بەشداری شاڵاوی ئەنفالی (4)ی کردووە، سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل245). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)ی بادیناندا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). مەلا عوزێر حەمەد مەولود شێخانی بۆ لاپەڕە (17)ی رۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (128)، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (1.7.2008)، بەمشێوەیە دەدوێت: (ئەو سی و سێ کەسەی کە راکردووی سەربازی بوون بۆماوەی نزیکەی سێ مانگ لە ماڵی من بوون، بەڵام راپۆرتێکیان لەسەر من دابووە ئەمن، فەرمانگەی ئەمن بانگیان کردم و پێیان گووتم کۆمەڵێک راکردووی سەربازی لە ماڵەکەتدا هەیە، دەبێت رادەستیان بکەیت. بەڵام نەمبردن بۆ ئەمن رادەستی کەرتی ئەفواجم کردن و نووسراوم بۆ وەرگرتن، پاشان رەوانەی ماڵی خۆیانم کردنەوە. من ئەوکات لەوێ نوبووم، دوای هەژدە رۆژ فەرمانگەی ئەمن لەدوای ناردبوون و هەموویانی بێسەرو شوێن کردن). ناوی هەندێک لەو سی و سێ کەسەی هەردوو گوندی سێگرتکان و نێرەگین، کە لە رێگای مەلا عوزێر شێخانییەوە رادەستی بەعس کراونەتەوە، بریتیین لە: (دارا مە محەمەد نێرەگینی. دەروێش مەلا محەمەد نێرەگینی. عەبدوڵڵا مەلا محەمەد نێرەگینی، کە هەرسێکیان بران پێشتریش باوک و دوو برای تری پێشمەرگەیان بەناوەکانی سلێمان مەلا محەمەد نێرەگینی و قاسم مەلا محەمەد نێرەگینی ناسراو بە هاوڕێ قاسم کرێکار شەهید ببوو(شەهید سلێمان مەلا محەمەد نێرەگینی لە رێکەوتی (4.4.1985)دا لە گرتنی چوار رەبیەی سەر رێگای کۆیە – هەولێر شەهید دەبێت و هاوڕێ قاسم کرێکاری کادیری کۆمەڵە و پێشمەرگەی تیپی (86)ی دەشتی هەولێریش، لە رێکەوتی (13.5.1985)دا لە گوندی سماقە شەهید بووە – سەرچاوە:

ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی یەکەم و دووەم، ل 318+331).
ئارام عومەر حاجی مەلا سێگرتکانی، برینپێچ. فەوزی عومەر حاجی مەلا سێگرتکانی. ئیسماعیل حەمەد سمایل سێگرتکانی. عەبدولڕەحمان ئەحمەد محەمەد سێگرتکانی. عەبدولکەریم خدر عەزیز بایز ئاغایی. سابیر سەعدی محەمەد ڕەسوڵ قەمبەری. ئازاد عومەر عەبدولقادر ئۆمەرگومبەتی. حاتەم ئەحمەد محەمەد (سماقولی گرتک). سابیر محەمەد قادر سماقەیی. جەوهەر سەعید نێرەگینی. حەیدەر سەعید نێرەگینی. یاسین ساڵح نێرەگینی. کەریم خدر). مەلا عوزێر حەمەد مەولود، سەرۆک جاشی فەوجی (130)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (229)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. مەلا عوزێر، سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەو لە کۆیە نیشتەجێیە.

131. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ ئەنوەر محەمەد ڕەزا مەحمود جاف (لەک)، عاسم جاسم ڕەحمان هۆرمزیار، فەرماندەی سریە. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2+3). سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوو، هەروەها وەرگرتنی بەناو میدالیای ئازایەتی لە پاداشتی هەردوو ئەنفالەکەدا لە سەدامی دیکتاتۆرەوە – سەرچاوە: (هەردوو ڕۆژنامەی (ئەلسەورە، ژمارە (6523)، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (4.4.1988)و ژمارە (6536)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988) + (وەرگرتنی بەناو مەدالیایەکی تری ئازایەتی (مەدالیای ناپاکی و خۆفرۆشی) بەگوێرەی ڕۆژنامەی (العراق)، ژمارە (3907)ی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (23.11.1988)، ل2). سەبارەت بە ئەنفالی سێ – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل156). جاشێکی ئەو فەوجە بەناوی ئەحمەد شێخ ڕەشید دەڵێت: (بەشداریمان لە شەڕی کەرتی ماوەت کردوو لە ئەنفالدا سەرکەوتنێکی گەورەمان بەدەست هێناوە – هاوکاری، ژمارە (965)، ڕۆژی دووشەممە، (11.4.1988). سەرۆکجاش ئەنوەر محەمەد ڕەزا، بەگوێرەی مەرسومێکی کۆماری، کە لە ڕۆژنامەی (الثورة)، ژمارە

(6754)ی رۆژی چوارشەممە، ریكەوتی (23.11.1988)دا لە لاپەڕە (3)دا بڵاوكراوەتەوە، مەدالیایەكی بەناو ئازایەتی (مەدالیای خۆفرۆشی و كوردكوژی) لە دیكتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە. هەروەها ئەنوەر محەمەد رەزا مەحمود جاف (لەك)، فەرماندەی فەوجی (131)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی دەرچووەو. ژمارە (155)ەیە لە لیستی داواكراوەكان.

132. سەرۆك جاشی فەوج، ئاكۆ عەباس بایز مامەند ئاغای سەركەپكان، جێگری سەرۆك جاشی فەوج حارس حەسەن، بەشدارییان كردووە لە ئەنفالی (4)دا. ئێستا سەربە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانە. سەبارەت بە ئەنفالی چوار، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، ل162).

133. سەرۆك جاشی فەوج، فەخری ئیسماعیل عەبدولقادر ئاغا رەژیگەری، جێگری سەرۆك جاشی فەوج عەدنان تەحسین رەژیگەری و فەرماندەی فەوج نەقیب شاكر حوسێن گاتع. فەوجی ناوبراو بەشداری هەریەك لە ئەنفالەكانی (1+2+5+8)ی كردووە - سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوكاری، ژمارە (995)ی رۆژی پێنجشەممە، ریكەوتی (4.8.1988)، ل3، كە سەرۆك جاشی فەوج باسی بەشداریكردنی فەوجەكەیان دەكات لە ئەنفالەكانی یەك، دوو، پێنج و شەڕی هێزی پێشمەرگەی كوردستان لە سەنگاو، دێرەلوك، شێلادزێ، بێگوڤاو ئەتروش-دا). سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە هەریەك لە ئەنفالەكانی یەك و دوودا - سەرچاوە: (ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەكشەممە، ریكەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەك، بەشی بیست و دوودا، لاپەڕەكانی (5220-5228). هەروەها فەخری ئیسماعیل عەبدولقادر، فەرماندەی فەوجی (133)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (113)ی دوارەتێ لە لیستی داواكراوەكان.

134. سەرۆک جاشی فەوج، مەحمود محەمەد ئەمین حەمە ساڵح (حاجی مەحمود حەمەد ئەمین حەمە ساڵح کەریم سێبیرانی). بەشدارییان کردووە لە ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). مەحمود حەمەئەمین حەمەساڵح، سەرۆک جاشی فەوجی (134)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (407)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ.

135. شێخ جەلال شێخ نەجمەدین شێخ کەریم ساڵەیی (شێخ جەلال ساڵەیی)، سەرۆک جاشی فەوجی (135)، جێگری سەرۆک جاشی فەوج غالیب شێخ جەلال نەجمەدین شێخ کەریم ساڵەیی و فەرماندەی فەوج مولازمی یەکەم فەوج سەفوان زامن محەمەد هەزاع. هەروەها جەوهەر خدر شوان بندیان، هەم جێگری فەوجی (135)و هەم فەرماندەی کۆمەڵ (ئامر مجموعة) بووە لەو فەوجەدا. فەوجی ناوبراو بەشداری هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4+5+6+7)ی کردووە. جەوهەر خدر شوان بندیان، کە لە شەڕی ناوخۆ لە کانی قرژاڵەدا کوژراو ئەندامێکی بەرزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان – کەناڵی هەولێر لە ساڵیادی کوژرانیدا لە ئێوارەی ڕێکەوتی (20.2.2009)دا، یادی کردەوەو دوو ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەناوەکانی مەناف نادر قادر (سەفین مەلاقەرەیی)و عوسمان عەبدوڵڵا قادر (عوسمان بانیمارانی) کە ئێستاکە هەردووکیان بەرپرسی باڵای بزووتنەوەی گۆڕانی سەربە نەوشیروان مستەفان، باسی خەباتی جێگری سەرۆک جاشەکەیان کردو، بەگوێرەی ڕاگەیاندنەکەی چاودێری کوردۆساید تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان-یش بنەماڵەی شەهیدێکی (ی. ن. ک)ی بە ناپاک ناوبرد، کە کوڕەکەیان بەر لە شەهیدکردنی ئەندامی یەکێتیی خوێندکاران بووەو لە ڕێکەوتی (27.4.1988)دا بەدەستی تاوانبار جەوهەر بندیان شەهیدکرابوو – سەرچاوە: (تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان/ هەولێر - جاشێکی تاوانکار دەکەنە شەهیدێکی قارەمان – بەیاننامەی ڕێکخراوی چاودێری

کوردۆساید – چاک 24.2.2009). بەگوێرەی بەیاننامەکەی ڕێکخراوی چاک فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی دوو و سێیان کردووە، هەروەها بەگوێرەی گەواهینامەی فەرماندەی فەوج مولازمی یەکەم سەفوان زامن محەمەد هەزاع، فەوجی (135) بەشداری ئەنفالەکانی سەنگاو (ئەنفالی دوو) ئەنفالی دەشتی کۆیە (ئەنفالی چوار)یان کردووە. شێخ جەلال شێخ نەجمەدین ساڵەیی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی شوانو دەشتی کۆیەی کردووە، واتە ئەنفالی (4)، سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل244). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکانی (5+6+7)دا، نووسراوی ژمارە (ش3/ق11365/3)ی بنکەی هەواڵگری باکوور بۆ هۆبەی سێی ئیستیخبارات بە ڕێکەوتی (28.6.1988)، ئاماژەی بەوەکردووە کە لە ڕێکەوتی (21.6.1988)دا هێزێک بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەربە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/6، جاشە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر دەشتی کۆیەو ناو شاری کۆیە – (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕە 5144). هەروەها جەلال شێخ نەجمەدین کەریم ساڵەیی، سەرۆک جاشی فەوجی (135)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (317+189)ی دراوەتێ واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە لە لیستی داواکراوەکان. بەڵام ئەو راوێژکارە لە ژیاندا نەماوەو مردووە، کەچی غالیب شێخ جەلال ئێستاکە سەربە پارتی پارێزگارانی (محافزین)ی کوردستانی سەربە نەجمەدین عومەر ئاغای سوورچییە.

136. سەرۆک جاشی فەوج، مستەفا محەمەد خدر بابەکر ئاغا پشدەری. مستەفا پشدەری، دوای راپەڕین چۆتە ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هەروەها شەریف مەحمود شەریف جاف (شەفەی خاتون)، وەکو سەرۆک

جاشی فەوجی (136) ناوی هاتووە – سەرچاوە: (نوروز العراق، الجزء السادس، ئۆکتۆبەری ساڵی 1988، ل71).

137. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ مەحمود سەید گوڵ کارێزەیی، بەشدارییان کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2+3+4+5+6+7). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوو، سێدا، سەرۆک جاشی فەوج شێخ مەحمود باسی بەشداریکردنیان دەکات لە شالاوی هەر سێ ئەنفالەکەدا – سەرچاوە: (مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل32 + رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (966)، رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی 14.4.1988). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی چواردا، سکاڵای لەسەرە لە لایەن دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە ئەنفالی چواری تێدا ئەنجام دراوە. شێخ مەحمود سەید گوڵ کارێزەیی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی قەرەداغ و ئاغجەلەری کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (2+4) – سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل238). هەروەها سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی پێنج، شەش و حەوت – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسول، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل166). هەروەها بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. شێخ مەحمود سەید گوڵ، سەرۆک جاشی فەوجی (137)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (400)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

138. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ رووناک ئیبراهیم مەدحەت داودی، سەربەست ئیبراهیم مەدحەت داودی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج، مولازم ماهیر عەبدلڕەحمان فەرماندەی فەوج، مولازم حوسێن رەحیم سبهان ئەفسەری ئاراستەکردنی رامیاری / ضابط التوجيه السياسي، سالار حەمید داودە و عومەر حاجی ساڵح، فەرماندەی سریە. عومەر ساڵح رۆغزایی (عومەر حاجی ساڵح دەرویش رۆغزایی) فەرماندەی سریە، کە ئێستاکە سەربە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ە، بە قسەی خۆی برایەکی

خۆی، چەندین ئامۆزا، کۆمەڵێک خزم و ناسیاوی خۆی بەناوی لێبووردنەوە رادەستی هەواڵگری توزخورماتوو کردووە، کەچی ئەوان فێڵیان لێکردووەو ئەنفالیان کردوون - سەرچاوە: (ئەنفالستان، ژمارە (4)، رێکەوتی (14.4.2007)، ل34). عومەر حاجی ساڵح دەروێش، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی سەرقەڵا، کەرکوک، نەوجول، دووزو کفری کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)، سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل239). عومەر حاجی ساڵح رۆغزایی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (211)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. فەوجی شێخ رووناک داودی سەرۆک جاشی فەوجە سووکەکان بەشداری کردووە لە هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (2+3+4+5+6+7). هەر سەبارەت بە بەشداریکردنی فەجی شێخ روناک ئیبراهیم لە ئەنفالی دوودا - سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (961)ی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (28.3.1988)، ل5، زکریات محەمەد حەسەن، هاوکاری سەردانی مەڵبەندی فەجی (138)ی کرد لە کەرتی چەمچەماڵ). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی دوو، سێ و چواردا، سەرۆک جاش شێخ روناک، باسی بەشداری فەوجەکەیان دەکات لە هەر سێ ئەنفالی ناوبراودا - سەرچاوە: مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل49، سەرچاوە: رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (975)ی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (16.5.1988). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی چواردا لە رۆژنامەی هاوکاریدا هاتووە کە (هێزەکانی بەعس بە سەرپەرشتی عەقید نعمەت غەریب عەبدوڵڵا و بەشداری هێزەکانی دووهەم، رەتڵی دەیەمین، فەوجی (138)، فەوجی (47)و پۆلێک لە هێزە تایبەتییەکان پەلاماری ناوچەی شوان (شیوەسوور، کەژە خاڵخاڵ، تەکمان باغ، ئۆمەرمەندان، کارێزە)یان داوەو دواتریش بەرەو کەرتی کۆیە بۆ ناوچەی جلمۆرد، چنارۆک و دارەقوتە هەنگاویان ناوە - رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (975)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (16.5.1988). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە هەریەک لە ئەنفالەکانی

(5+6+7)دا، نووسراوی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی بنكەی هەواڵگری شیمالی بۆ هۆبەی سێی ئیستیخبارات لە رێكەوتی (28.6.1988)، ئاماژەی بەوەكردووە كە لە رێكەوتی (21.6.1988)دا هێزێك بە سەركردایەتی فەرماندەیی هێزەكانی دوو كە پێكهاتبوو لە (سریەكی تانك، سریەكی زرێپۆش، سریەكی كۆماندۆی سەربە بارەگای فەیلەقی یەك، سریەی مورەتەبی/6، جاشە سووكەكانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕكەرەكانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان كردۆتە سەر دەشتی كۆیەو ناو شاری كۆیە – (سەرچاوەی ژمارە یەك، بەشی بیست و دوو، لاپەڕە 5144). شێخ روناك ئیبراهیم داودی، سەرۆك جاشی فەوجی (138)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی دەرچووەو، ژمارە (190)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان.

139. سەرۆك جاشی فەوج، محەمەد عەلی ئاغا حەسەن زەنگەنە. فەوجی ناوبراو بەشدارییان كردووە لە ئەنفالی (3)دا. سەبارەت بە ئەنفالی سێ – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، ل156).

140. سەرۆك جاشی فەوج، هۆمەر ئەحمەد ئاغای پشدەری و جێگری سەرۆك جاشی فەوج خدر عەلی شێخ و یاریدەدەری راوێژكار محەمەد هۆمەر ئەحمەد ئاغای پشدەری. فەوجی ناوبراو بەشداری كردووە لە ئەنفالەكانی (4+5+6+7). هۆمەر ئەحمەد ئاغای پشدەری، بەشداری ئەنفالكردنی دانیشتوانی ناوچەكانی دەشتی كۆیەو سورداشی كردووە، واتە ئەنفالی (4)، سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل245). سەبارەت بە ئەنفالی پێنج، شەش و حەوت، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، ل166).

141. سەرۆك جاشی فەوج، عەبدوڵڵا عەزیز یوسف، بە (615) جاش لەگەڵ تیپی (35)ی سوپای بەعس بەشدارییان كردووە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەك، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەكانی (5220–5228).

142. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد سالّح میرخان بەرواری و جێگری سەرۆک جاشی فەوج عەبدولعەزیز سەعید سلێمان و رەفیق محەمەد یوسف رازگری رێکخراوی پارتی بەعسی عارەبی لە فەوج و موئەیەد سەعید سارکی فەرماندەی سریە. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).

143. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد ئەحمەد رەشید حەمەد سلێڤانی، کە لە رێکەوتی (14.5.1987)دا لە دەڤەری زرێزەی کەرتی باتوفەدا کوژراو، جاسم شێخ محەمەد ئەحمەد رەشید حەمەد سلێڤانی، شوێنی ناوبراوی گرتەوە، حەسەن نەجم سلێمان سلێڤانی و عەبدولکەریم سەعید محەمەد سلێڤانی جێگری سەرۆک جاشی فەوج بووینەو، مولازم زەنون حەماش سالّح فەرماندەی فەوج و بەشیر سەعید عەبدولڕەحمان فەرماندەی سریە، بەشدارییان لە هەریەک لە ئەنفالەکانی (1+2+3+4+5+6+7+8)دا کردووە. فەوجی (143)ی جاشە سووکەکان لە رێکەوتی (16.10.1986)دا دامەزراوەو بەشداری تەواوی ئەنفالەکانی کردووە – سەرچاوە: (لێدوانی جاسم شێخ محەمەد ئەحمەد رەشید، جێگری سەرۆک جاشی فەوج بۆ رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (1017)ی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (20.10.1988)، کە خۆی باسی ئەوە دەکات بەشداری تەواوی ئەنفالەکانیان کردووە). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا، بە (225) جاش لەگەڵ تیپی (7)ی میلیشیای شومی بەعس و لە رەتڵی حەوتدا، بەشدارییان کردووە – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). ئەوەشیان ئەگەر زێباری بێت، ناوی ژمارە (161)ە لە لیستی داواکراوەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، چونکە نووسراوە جاسم محەمەد زێباری.

144. سەرۆک جاشی فەوج، .

145. سەرۆک جاشی فەوج، دژوار فەیسەڵ محەمەد عەبدولعەزیز مزوری. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2+8). سەبارەت بە

بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).

146. سەرۆک جاشی فەوج، تاهیر عەلی مستەفا زێدبەگی و جێگری سەرۆک جاشی فەوج شێخ حاجی مستەفا تاهیر عەلی زێدبەگی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالی (8)دا. فەوجی تاهیر زێدبەگی لە ساڵی (1986)دا دامەزراوە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان.

147. سەرۆک جاشی فەوج، ئیبراهیم کانەبی باڵو ئاغای پشدەری و جێگری سەرۆک جاشی فەوج محەمەد کانەبی باڵو ئاغا. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە هەریەک لە ئەنفالەکانی (1+2+5+6+7)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988). ئیبراهیم کانەبی باڵو ئاغا، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی رانیەو قەڵادزێی کردووە، واتە ئەنفالەکانی (5،6،7)، سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل244). لە کۆتایی ساڵی (1988)دا شەش کەس لەو کەسانەی کە پێشتر لە ڕێکەوتی (3.9.1988)دا لەگەڵ عەباسی بایزی باڵو ئاغای سەرۆک جاشی فەوجی نەوەد و یەک بەرەو ئێران رۆیشتبوون لەسەر دەستی ئیبراهیم کانەبی باڵو ئاغای ئامۆزای ناوبراو گەڕەنتی ئەو گەڕانەوە لای ئیبراهیم کانەبی و باوەشی رژێم، بەگوێرەی قسەی بنەماڵەی ئەو شەش کەسە مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی داوایکردن و، ئیبراهیم کانەبی ئاغا رەوانەی کردن، بەڵام هەر شەشیان گیران و دواتر بەگوێرەی نووسراوی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور، ژمارە (ش3/ق324/3)ی ڕێکەوتی (23.2.1989)، کە بە واژۆی بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە عەقید روکن وەلید نایف شبیب ئاراستەی فەرماندەیی نووسینگەی ڕێکخستنەکانی باکوور – سکرتاریەت کراوە، فەرمانی لە سێدارە دان لە ڕێکەوتی (23.2.1989)دا بەسەر ئەو شەش کەسەدا جێبەجێ کراوە: (قادر خدر حەمەد، شێخ مەعروف شێخ ئیسماعیل،

حاجی ئاغا بایز باڵو، محەمەد عەبدوڵڵا عەلی، خالید ئەسعەد عەبدوڵڵا و عەبدوڵڵا ئاغا عەبدوڵڵا). هەروەها ئیبراهیم کانەبی باڵو ئاغای سەرۆک جاشی فەوج و محەمەد کانەبی باڵو ئاغای جێگری سەرۆک جاشی فەوجی (147)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی کارایانەوە لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووەو، ژمارە (289+125)یان دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. ئیبراهیم کانەبی باڵو، ئێستاکە لە هەولێرە و سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

148. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد عەلی رەسوڵ بێکڵۆیی ناسراو بە (محەمەد بچکۆڵ). فەوجی ناوبراو بەشدارییان کردووە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا، سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). هەروەها محەمەد عەلی رەسوڵ، فەرماندەی فەوجی (148)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (119)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

149. سەرۆک جاشی فەوج.

150. سەرۆک جاشی فەوج، زاهیر تۆفیق تاهیر غەفوری کۆیی و جێگری سەرۆک جاش سابیر تۆفیق تاهیر غەفوری کۆیی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+3+4+8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلجمهوریە، ژمارە (6777)ی رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (5.4.1988)، لاپەڕە6). زاهیر تاهیر تۆفیق کۆیی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی هەریەک لە شوان، قەرەهەنجیر، کەرکوک و دەشتی کۆیەی کردووە، واتە ئەنفالەکانی (3+4)، سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل239). هەروەها سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی

ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). زاهیر تۆفیق تاهیر غەفوری، سەرۆک جاشی فەوجی (150)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (270+335)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

151. سەرۆک جاشی فەوج، نەقیب عەبدوڵڵا حەسەن ساڵح بابان ڕەنگینەیی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی هەریەک لە ئەنفالەکانی (1+2+3+8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (ڕۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988). هەروەها سەبارەت بە ئەنفالی سێ – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل156). عەبدوڵڵا حوسێن ساڵح بابان، بەگوێرەی نامەی فەرماندەیی تیپی چلی پیادە، ژمارە (ا/501/3)ی ڕێکەوتی (13.2.1989)، بڕێک پارەیان وەکو خەڵاتی تایبەتی لە پاداشتی بەشداریکردنیدا لە ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، 139–140)، وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بەڵگەی بەشداریکردنی ڕاوێژکارو فەوجی ناوبراوە لە ئەنفالی هەشتدا. هەروەها نەقیب عەبدوڵڵا حەسەن ساڵح، سەرۆک جاشی فەوجی (151)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (152+204)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە لە لیستی داواکراوەکان.

152. سەرۆک جاشی فەوج، عومەر بەشار ساڵح ئاغا سندی (ئەندامی ئەنجومەنە کارتۆنییەکەی بەناو یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی) و جێگری سەرۆک جاشی فەوج ڕەشید بەشار ساڵح ئاغا. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). عومەر بەشار ساڵح سندی، سەرۆک جاشی

فەوجی (152)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (360)ی دراوەتێ لە لیستی داواكراوەكان.

153. سەرۆک جاشی فەوج، وەهاب رەحمان محەمەد ئەمین زەنگەنە (وەهاب عەیشێ)، كە دوای راپەڕین پەیوەندیكرد بە پارتی دیموكراتی كوردستان. وەهاب عەیشی، لە رێكەوتی (4.11.1985)دا دوو پێشمەرگەی قارەمانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانی لەناو شاری هەولێر لە بەردەم فلكەی زەعیم نزیک بە گۆڕەپانی یاری (ستۆدیۆم – ساحەی مەلعەب)ی هەولێر شەهیدكرد بەناوەكانی شەهید كاوە حامید خەڵكی گوندی (مەعمەل ئۆمەران)ی قەراج، پێشمەرگەی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر و شەهید مەغدید حەمید حەمەدئەمین خدر كە بە (غدۆل) ناسرابوو، پێشمەرگە لە تیپی (87)ی قەرەچوغ. شەهید غدۆل خەڵكی گوندی چەرتی سەربە شارۆچكەی دیبەگە بوو (گوندی چەرت گوندێكی سەربە دیبەگە بوو، بەڵام رژێمی بەعس بەگوێرەی فەرمانی كۆماری ژمارە (33)ی رۆژی (25.1.1976)دا ئەو گوندەو (30) گوندی تری سەربە هەمان شارۆچكەی جیاكردەوە و گوندی سەرگەڕان كە ناوەكەشی كرا بە قودس، كرا بە مەڵبەندی ناحیەیەكی نوێ و خرایە سەر قەزای دوبزی سەربە پارێزگای كەركوک، هۆیەكەشی مەبەستی ئابووری بەدواوە بوو، چونكە ئەو (31) گوندە خاكەكەی پڕبوو لە نەوت). فەوجی وەهاب عەیشێ بەشداری كردووە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەكانی (5220–5228). وەهاب رەحمان حەمەدئەمین، سەرۆک جاشی فەوجی (153)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی ژمارە (392)ە لە لیستی داواكراوەكان.

154. سەرۆک جاشی فەوج، عەبدولقادر حاجی مەحمود، بەشدارییان كردووە لە ئەنفالی (8). سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەكانی (5220–5228).

155. سەرۆک جاشی فەوج، موحسین محەمەد یاسین دۆسکی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). موحسین محەمەد یاسین، سەرۆک جاشی فەوجی (155)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (376)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

156. سەرۆک جاشی فەوج، جەرجیس حەمید حەیدەر. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). هەروەها جەرجیس حەمید حەیدەر، سەرۆک جاشی فەوجی (156)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (315)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

157. سەرۆک جاشی فەوج، عیسمەت دینۆ سوندی زاخۆیی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج شڤان عەبدولڕەحمان دینۆ سندی، ڕەفیق جەرجیس مەعروف رازگری ڕێکخراوی پارتی بەعسی عارەبی سۆسیالیست لە فەوجی (157). فەوجی (157) لە ساڵی (1987)دا دامەزراوەو خاوەنی (2000) خاش بووە. ئەم فەوجە بەشداری کردووە لە هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). عیسمەت دینۆ سوندی زاخۆیی، سەرۆک جاشی فەوجی (157)ی جاشە سووکەکان، کە پێشتریش مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (1)ی هەبووە، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (362)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

158. سەرۆک جاشی فەوج، عەلی عەبدوڵڵا عەلی، بەشدارییان کردووە لە ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا –

سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).

159. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد سەعید عەلی خورشید. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).

160. سەرۆک جاشی فەوج، فەرحان ئەحمەد خدر خۆشناو. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).

161. سەرۆک جاشی فەوج، .

162. سەرۆک جاشی فەوج، ساڵح ئەحمەد حوسێن گەلاڵی و فەتاح ئاغا کانەبی فەرماندەی سریە. هەروەها باپیر هەمزە ئەویش وەکو سەرۆک جاشی فەوجی (162) ناوی هاتووە – سەرچاوە: (ئەلسەورە، ژمارە (6559)، رۆژی هەینی، رێکەوتی 17.6.1988). فەوجی (62)ی ساڵح ئەحمەد حوسێن گەلاڵی لە رێکەوتی (1.6.1987)دا دامەزراوەو، بەشدارییان کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2+5+6+7)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا، سەرۆک جاشی فەوج ساڵح ئەحمەد گەلاڵی، باسی بەشداری فەوجەکەیان دەکات بۆ رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (996)ی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (8.8.1988) - سەرچاوە: (مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل32–33). سەبارەت بە ئەنفالی دوو - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل152). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (5+6+7)دا، نووسراوی فەرمی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی بۆ شوعبەی سێی ئیستیخباراتی سەربازی کە لە رێکەوتی (28.6.1988)دا دەرچووە، ئاماژەی بەوەکردووە کە لە رێکەوتی (21.6.1988)دا هێزێک بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەربە بارەگای

فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/6، جاشە سووكەكانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕكەرەكانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان كردۆتە سەر دەشتی كۆیەو ناو شاری كۆیە – (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، ل5144). سەرۆک جاش ساڵح ئەحمەد حوسێن، بەگوێرەی مەرسومی كۆماری ژمارە (807)ی رۆژی (9.8.1988)، لە پاداشتی كوشتنی كورد لە ئەنفالی دووەمدا، مەدالیای ناپاكی وەرگرتووە. هەروەها بەپێی مەرسومی كۆماری ژمارە (808)ی سەرۆكایەتی كۆمار، مەدالیای بەناو ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. ساڵح ئەحمەد حوسێن گەلاڵی، سەرۆک جاشی فەوجی (163)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی دەرچووەو، ژمارە (401)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان. ساڵح ئەحمەد گەلاڵی، دوای راپەڕین چۆتە ریزەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان.

163. سەرۆک جاشی فەوج، عەزیز شەریف عەزیز شینكی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج مستەفا ئیبراهیم زەنگەنە.

164. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ محەمەد حەسەن عارەب خۆشناو، هەریەک لە عەبدوڵڵا خۆشناو، عوسمان عارف، عومەر محێدین خۆشناو، كاوە عەلی عەبدوڵڵا، مەجید ساڵح عەلی خۆشناو و هیوا عەبدوڵڵا خۆشناو فەرماندەی سریە بووینە.

165. سەرۆک جاشی فەوج، عوسمان عەبدولڕەحمان فەتحوڵڵا شوانی. عوسمان عەبدولڕەحمان فەتحوڵڵا شوانی، بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، رێكەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی بەرەی كوردستان لە ساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ رژێمی سەدامی عروبەو بەعس هەر هەبووە تاوەكو رووخانی رژێم لە رێكەوتی (9.4.2003)دا پەیوەندی بەردەوام بووە. عوسمان عەبدولڕەحمان فەتحوڵڵا، فەرماندەی فەوجی (165)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی

بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (110)یە لە لیستی داواکراوەکان.

166. سەرۆک جاشی فەوج، سالار نەسروڵڵا قادر شانەدەری، ئەندامی ئەنجومەنە کارتۆنییەکەی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بووە. مەدالیایەکی بەناو ئازایەتی (لە راستیدا ناپاکی و کوردکوژی) لە قادسیەی دۆڕاوی سەدام تکریتی و حزبی بەعس وەرگرتووە - سەرچاوە: (پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنە کارتۆنییەکەی بەناو یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، رۆژنامەی (العراق)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (29.8.1989). سالار نەسروڵڵا قادر، سەرۆک جاشی فەوجی (166)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە. سالار نەسروڵڵا قادر شانەدەری، بەگوێرەی مەرسومی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق، مەدالیای بەناو ئازایەتی (خۆفرۆشی و بەکرێگیراوی) وەرگرتووە لە پاداشتی بەشداریکردنیدا لە شاڵاوە دڕندانەکانی ئەنفالدا. سەرۆک جاش سالار نەسروڵڵا قادر، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (397)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان.

167. سەرۆک جاشی فەوج، .

168. سەرۆک جاشی فەوج، عەلی ئاوڕەحمان (ئەوڕەحمان) حەسەن گرگاشەیی، ناسراو بە (عەلی سەلما چوارتایی / عەلی چوارتایی)، عەبدوڵڵا ئیسماعیل خدر جێگری سەرۆک جاشی فەوج، مولازمی یەکەم نوعمە غادی فەرماندەی فەوج، مەجید ئاوڕەحمان حەسەن گرگاشەیی فەرماندەی سریە. فەوجی ناوبراو بەشداری هەریەک لە ئەنفالەکانی (1+2+4+6)یان کردووە - سەرچاوە: (ئەلسەروە، ژمارە (6692)، رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (22.9.1988)، کە سەرۆک جاشی فەوجی ناوبراو عەلی ئەوڕەحمان حەسەن گرگاشەیی باسی بەشداری فەوجەکەیانی کردووە لە ئەنفالەکانی یەک، دوو، چوار، شەش و شەڕەکانی ماوەتو هەڵەبجە).

هەروەها سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا، کە عەلی چوارتایی دەڵێت: (بەشدارییەکی تەواوو فراوانمان کردووە لەهەردوو ئەنفالی یەکەم و دووەم) – سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (974)، رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (12.5.1988) + (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988) + سەرۆک جاشی فەوجی ناوبراو عەلی گرگاشەیی، بەگوێرەی مەرسومی کۆماری ژمارە (807)ی رۆژی (9.8.1988)، لە پاداشتی کورد کوشتندا لە ئەنفالی دووەمدا، مەدالیای ناپاکی وەرگرتووە. هەر سەبارەت بە بەشداری فەوجی عەلی سەلما چوارتایی، لە ئەنفالی (2)دا، بەگوێرەی پەرتووکی (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242)، عەلی سەلما، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی قەرەداغی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی دوو. عەلی سەلما چوارتایی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (282)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. هەروەها عەلی سەلما چوارتایی، بەناوە راستەقینەکەی (عەلی ئاوڕەحمان حەسەن)، فەرمانێکی تری دەستگیرکردنی لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بە ژمارە (357)بۆ دەرچووە. عەلی سەلما لە ساڵی (1991)دا کوژرا.

169.سەرۆک جاشی فەوج، .

170. سەرۆک جاشی فەوج، خدر فەتاح حوسێن قامیشەیی و جێگری سەرۆک جاشی فەوج عەلی دەروێش قامیشەیی بووە، کە بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+8)دا کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). سەرۆک جاش خدر فەتاح حوسێن قامیشەیی، فەرماندەی فەوجی (170)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە،

بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (175)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

171. سەرۆک جاشی فەوج، عومەر ئەحمەد عەلی جاف (عومەرە بچکۆل)، سەدیق ئەحمەد عەلی جاف، جێگری سەرۆک جاشی فەوج و جەلال حەمەدئەمین ئیسماعیل فەرماندەی سریە. عومەرە بچکۆلی سەرۆک جاشی فەوجی ناوبراو بەشداریی کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2+4). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شالاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988)و، مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل39، کە راوێژکار عەمەر بچکۆڵ، باسی بەشداریکردنی فەوجەکەیانی کردووە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا). سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە ئەنفالی چواردا، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل162). عومەر بچکۆڵ، بۆ رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6523)ی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (4.4.1988)، بەمشێوەیە دەدوێت: (بەشداریکردنمان لە ئەنفالی دوودا بەشێکە لە وەفاداریمان بۆ سەرۆکی سەرکەوتوو سەدام حوسێن). سەرۆک جاش عومەرە بچکۆڵ، فەرماندەی فەوجی (171)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (111)یە لە لیستی داواکراوەکان. عومەر ئەحمەد عەلی جاف (عومەرە بچکۆل)، بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، رێکەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ رژێمی سەدامی عروبەو بەعس هەر هەبووە تاوەکو رووخانی رژێم لە رێکەوتی (9.4.2003)دا پەیوەندی بەردەوام بووە. عومەر ئەحمەد عەلی جاف، دوای راپەڕین چۆتە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

172. سەرۆک جاشی فەوج، تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی، هادی شاوەیس سەعید رۆژبەیانی و سالح شاوەیس سەعید رۆژبەیانی جێگرانی سەرۆک جاشی فەوج و عەلی شاوەیس سەعید رۆژبەیانی فەرماندەی

سریە بووینە. تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی، قادر فەرەج عەبدوڵڵا (قالە فەرەج)، حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو، عاسی حەمە رەئوف و شێخ عوسمان ناوێک، کە هەر هەموویان پێشمەرگەی سەربە سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان (قيادة المؤقتة) بوون، لە رێکەوتی (23.7.1977)دا کادیری ووشیار و فەرماندە حەمە غەفور ئاغجەلەری لەگەڵ هەریەک لە ئەحمەد کەریم، ئەحمەد محەمەد، حەمید عەزیز، رەزا عومەر، رەمەزان سەعید و عەبدوڵڵا تۆفیق)یان لە گوندی کانی بی دەشتی کۆیە لە خەودا شەهید کردو کۆپتەری بەعس هات و سێ تاوانبارەکەی دەربازکردو، تەرمی حەوت شەهیدەکەشی برد. هەریەک لە قادر فەرەج عەبدوڵڵا (قالە فەرەج) فەرماندەی مەفرەزەی ژمارە (49) و تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی فەرماندەی مەفرەزەی ژمارە (50)ی سەربە رێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور (منظومة الأستخبارات المنطقة الشمالية)یان بۆ دەرچوو لە کەرکوک. سەرۆک جاشی سووک تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی، فەرماندەی ئەوکاتی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (50)ی سەربە ئیستخبارات بە هاوکاری تاوانبار عاسی رەئوف تۆفیق، فەرماندەی یەکێک لە مەفرەزە تایبەتییەکانی سەربە ئیستخبارات، توانیان لە رێکەوتی (31.1.1978)دا لە گوندی (تەنگی سەر)ی ناوچەی قەرەداغ، سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان (شاسوار جەلال شێخ سەعید – ئارام) شەهید بکەن. عاسی رەئوف تۆفیق دواتر لە رێکەوتی (17.5.1982)دا لە داستانی حەمک لەلایەن قارەمانانی کەرتی چواری جەباری مامە ریشەی تیپی (57)ی سەگرمەی سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسزای رەوای خۆی گەیەنراو کوشتیان، لەم داستانەدا کە جاشەکانی تەحسین شاوەیس و قالە فەرەجیش بەشداربوون سێ پێشمەرگەی قارەمانی کەرتی چواری جەباری بەناوەکانی (عەلی کەریم تەپەکوڕەیی ناسراو بە عەلە رەش، ستار باوەفەتی و ئەحمەد عەبدولڕەحمان عومەری ناسراو بە هاوار کەرکوکی شەهیدبوون و ئازاد بیلال خاڵە بازیانیش چاوێکی کوێر بوو – سەرچاوە: عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، پێشمەرگە پۆلاینەکە، چاپی دووەم، سلێمانی – باشووری

کوردستان 2001، ل50-52). تەحسین شاوەیس سەعیدی دڵسۆزی سەدام و داگیرکەران لە ساڵی (1979)دا باسی ئەوەیکردووە کە بەدەستی خۆی تا ئەو ساڵە دوو سەد و پەنجا خوێندکاری سەربە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە کەرکوک و گەرمیاندا شەهیدکردووە - سەرچاوە: (ئارام فەرەج قەرەداغی، ئەگەر شۆڕشمان پێ نەکرێ، تێکی دەدەین، بەشی یەکەم، کوردستان پۆست، رۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی 20.7.2005). تەحسین شاوەیس سەعیدی فەرماندەی مەفرەزەی (50)ی سەربە مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی و پیاوی سەدام بە هاوکاری لەگەڵ قالە فەرەجی هەڤاڵی و دڵسۆزی رژێمی فاشی بەعس، کە پیشەیان بە بەردەوامی کورد و پێشمەرگە شەهیدکردن و نۆکەرێتی و خزمەتکردنی دوژمنی داگیرکەر و دکتاتۆری رەگەزپەرست بووە، لە ڕێکەوتی (11.3.1981)دا لە گوندی (مەلا ئۆمەر)ی گەرمیاندا چوار دەوری پۆلێک پێشمەرگەی ئازای سەربە لقی چواری گەرمیانی حزبی شیوعییان گرت، لە بەیانی ئەو رۆژەدا شەڕێکی سەخت دەستیپێکرد، پێشمەرگەکان بەرگرییەکی زۆر دلێرانەیان کرد و شەڕ تاوەکو کاتژمێری شەشی ئەو ئێوارە بەردەوام بوو، بەڵام بەداخەوە لە کۆتایی شەڕەکەدا (23) پێشمەرگەی خۆبەختکارو گیان لەسەردەستی حزبی شیوعی لەلایەن جاشە تاوانبارو بەکرێگیراوەکانی تەحسین شاوەیس و قالە فەرەجی هەڤاڵی شەهیدبوون و گەیشتنە کاروانی هەمیشە سەربەزەکەی شەهیدانی ڕێگای رزگاری کورد و کوردستان، کە شەهیدەکان بریتیین لەو سەربەرزانە: (عەبدولعەزیز مەلا ساڵح ناسراو بە (هێمن)، ئەندامی فەرماندەیی سەربازی و سیاسی لقی چواری گەرمیان، حەسیب حوسێن حەسەن ناسراو بە (عەریف حەسیب) ئەندامی فەرماندەیی لقی چواری گەرمیان، سەلام فارس عەبدولڕەحمان ناسراو بە (سەلامی مام فارس) سەرپەل لە لقی چواری گەرمیان، محەمەد حەمەلاو حەمەکەریم ناسراو بە (خالۆ توکنی)، عەبدولمەجید مەلا ساڵح (برای شەهید عەبدولعەزیز مەلا ساڵح)، حوسێن محەمەد ئەمین ناسراو بە (مام گۆران) کادیری ناوچەی جەباری، جیهان رەشید محەمەد، ساڵح غەفور ئەمین، سەلام عەلی

محەمەد، ئەبو غەسان خەڵی شارەدێی بەهرۆزی بەعقوبە کە هەم دکتۆر و هەم لێپرسراوی سیاسی پەل بووە، نوری عارەب خەڵکی شاری ناسریە و لێپرسراوی پەل، حەمە لەتیف جەلەولایی فەرماندەی مەفرەزە، عەزیز ئەحمەد محەمەد عەبدوڵلا، فوئاد حوسێن ئەحمەد ناسراو بە (مام فوئاد گەرمکی)، سالار حەمید عەبدوڵلا، عەباس حاجی عەزیز ناسراو بە (فەرەیدون)، نەسرەدین نەجم زەینەل ناسراو بە (ئەبو شەهاب) رابەر سیاسی لە لقی چواری گەرمیان، قادر ئەحمەد سەید مورادی، حامد مەلا فەتاح داود ناسراو بە (نەریمان)، عەبدولکەریم حاجی محەمەد ناسراو بە (هیوا)، مەنسور عەلی محەمەد ناسراو بە (بەختیار)، حوسێن نەورۆزی و نورەدین نەسرەدین محەمەد ساڵح کە بە بریندارى لەو شەڕەدا بەدیل گیراو دواتر لە قەسابخانەی موسڵ لە سێدارەدرا – سەرچاوە: ئەبو کاروان، خوێنی (23) گوڵە بەجەرگی شیوعی لە ئەوجی لوتکەی هەڵوێستدا، رۆژنامەی رێگای کوردستان، ژمارە (292)، رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (11.3.1998)، کە بە سوپاسەوە برای بەڕێزم نووسەر تەها سلێمان ئەو ووتارەی بۆ ناردم). تەحسین سەعید شاوەیس و جاشە سووکەکانی مەفرەزەی تایبەتی ئەو کرێگرتەیەی سەدام و بەعس لە رێکەوتی (31.3.1982)دا لە گوندی (بەکربایەف)ی دەربەندیخان بە پاڵپشتی هێزێکی گەورەی ئاسمانی کە پێکهاتبوو لە شەش کۆپتەری شەڕکەر لە کاتژمێری (8)ی سەر لە بەیانی بۆردومانی گوندەکەیان کرد کە لقێکی بەتالیۆنی (15)ی قەرەداغی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی ئێراقی شەو لەو گوندەدا مابوونەوە. هێزەکەی لقی بەتالیۆنی (15)ی قەرەداغ ژمارەیان (21) پێشمەرگە بوو و خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگیساڵیادی دامەزراندنی حزبی شیوعی لە گوندی (بەرکەل)ی دەربەندیخاندا، بەڵام بەر لە دابەزاندنی تەواوی هێزی جاش و سەرباز لەلایەن کۆپتەرەکانەوە لە دەوروبەری گوندەکە، پێشمەرگەکان بەپەلە گوندەکەیان جێهێشت و لە نزیک ئاوەکەی بەکربایەف سەنگەریان لە هێزە بێژمارەکەی دوژمن گرت. شەڕ لە کاتژمێری (8:30)ی سەر لە بەیانی دەستپێکرد و تا دووی دوای نیوەڕۆ درێژەی کێشا. هێزەکەی

پێشمەرگە شەڕێکی قارەمانانەیان کرد، سەرەڕای بەراورد نەکردنی لەگەڵ هێزی دوژمن لە رووی ژمارە، جۆری چەک، هەڵبژاردنی کات و شوێنی شەڕەکە. کۆپتەرەکانی بەعس بەدرێژایی شەڕەکە هێزی تری جاش و سەربازیان دەگواستەوە بۆ شوێنی شەڕەکە، دوای شەڕێکی قارەمانانەو بێوێنەی نزیکەی شەش کاتژمێری، هەژدە پێشمەرگەی ئازاو تێکۆشەری کوڕی جووتیار و رەنجدەرانی گەرمیان و قەرەداغی بەدەستی جاشەکانی تەحسین شاوەیس و سەربازەکانی بەعسی رەگەزپەرست و فاشی شەهیدبوون. بەشێک لەو شەهیدانەی کە لە گوندی بەکربایەف بەدەستی تاوانباری گەورەی کوردکوژ و کوردفرۆش تەحسین شاوەیس و جاشەکانی شەهیدبوون ئەو شەهیدانەن: (حەمە عەزیز حەسەن قلیجەیی ناسراو بە (حەمەڕەش) سەرلق، محەمەد ئەحمەد چرچەقلایی سەرپەل، عەباس محەمەد رەباتی لێپرسراوی سیاسی، فەرهاد قادر محەمەد بانیخێلانی کە بە بریندارى تەحسین شاوەیس لە چەمچەماڵ بەشێوەیەکی زۆر نامەردانەو دڕندانە شەهیدی دەکات، رەحیم رەباتی، محەمەد ئەحمەد دەربەندیخانی ناسراو بە حەمە خومەینی، عەزیز حەسەن چرچەقلایی (عەزەڕەش)، جەمال مەحمود رەحیم هەزارکانی، سەرباز مەلا ئەحمەد قادر بانیخێلانی، عەلائەدین سەوسێنانی، بەهائەدین محەمەد ئەحمەد کانیساردی، سەلاح عەلی دەربەندیخانی، کەماڵ ئەحمەد قەرەداغی، هادی حەمەدئەمین قەرەداغی، وریا حەمە ئەحمەد بانیخێلانی (وریا حەمدی)، حەمە رەشاش بانیخێلانی (حەمەی ئامە)، نەجم محەمەد ئەحمەد بانیخێلانی (مام قادر)، هیوا محەمەد عەزیز زۆراب سەلیم پیرسی دەربەندیخانی – سەرچاوە: حەمە رەشید قەرەداغی، داستانی بەکربایەف لەیادنامە سەروەرییەکاندا، گۆڤاری هندرێن، ژمارە (11)، ساڵی 2002، کە بە سوپاسەوە برای بەڕێزم نووسەر تەها سلێمان ئەو ووتارەی بۆ ناردم + بۆ ناوەکان سوودم لە برای نووسەر یاسین بانیخێلانی وەرگرت). هەروەها سێ پێشمەرگەی کۆڵنەدەر و ئازای سەر بەو لقەی بەتالیۆنی (15)ی قەرەداغ لە شەڕی بەکربایەفدا رزگاریان بوو کە ئەمانەن: (رەشەی نازە چرچەقلایی، بەکر قەرەداغی و نائب محەمەد ساڵح حەمەکەریم

ناسراو بە خاڵە تەیب، کە بە برینداری لەو شەڕەدا بەدیل گیراو دواتر لە مانگی مایس لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی خنکاندنی بۆ دەرچوو، وەلێ خۆشبەختانە بەر لێبووردنی گشتیی ڕێکەوتی (17.7.1982) کەوت و ئەوەبوو دوای (25) رۆژ لە ڕێکەوتی (10.8.1982)دا ئازادکرا، ناوبراو دوای ئازادکردنی دووبارە چەکی پێشمەرگایەتی ئەمجارەیان لە ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردەوە شان و بەبێ دابڕان درێژەی بە خەباتدا لەدژی رژێمی دکتاتۆری و فاشی حکومەتی بەغدا). تەحسین شاوەیسی جاشی بەعس هەر دوا بەدوای شەڕەکەی بەکربایەف لە گوندی (قزلەر)دا پەلاماری مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی ئێراقی داو، هەشت تێکۆشەر و زەحمەتکێشی تری گەرمیانی شەهیدکرد – سەرچاوە: (ئارام فەرەج قەرەداغی، ئەگەر شۆڕشمان پێ نەکرێ، تێکی دەدەین، بەشی یەکەم، ماڵپەڕی کوردستان پۆست، رۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی 20.7.2005). تەحسین شاوەیس و جاشە بەکرێگیراوەکانی لە ڕێکەوتی (12.6.1983)دا هێرش دەکەنە سەر مەفرەزەیەکی کەرتی چواری جەباری سەربە تیپی (57)ی سەگرمە لەسەر جادەی لەیلان نزیک گوندی تەپەلو، سێ پێشمەرگەی دلێری ئەو کەرتە بەناوەکانی کەریم شێخ جیری (سەرکەوت) فەرماندەی مەفرەزە، عادل محەمەد رەزا جەبەل بۆری (عادل تەپە کوڕەیی) و عوسمان مۆفەری شەهید دەکەن و پێشمەرگەیەکی قارەمانیش بەناوی دلاوەر مامشەیی رابەری سیاسی کەرت بە برینداری بەدیل دەگرن، کە تەحسین شاوەیس رادەستی (مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی)ی کە ئەوکاتە بنکەکەی لە کەرکوک بوو دواتر لە مانگی دیسێمبەری ساڵی (1985)دا گواسترایەوە بۆ هەولێر و مەنزومەی شەرقی گواسترایەوە بۆ کەرکوک. پاش ماوەیەک سزای لەسێدارەدان بۆ دلاوەر مامشەیی دەرچوو، بەڵام خۆشبەختانە لە گفتووگۆی (نۆڤێمبەری 1983- یەنیوەری 1985)دا توانرا لە ساڵی (1984)دا ئازاد بکرێت، وەلێ تووشی ئیفلیجی بوو، ناوبراو ئێستاکە لە دەرەوەی وڵات دەژی – سەرچاوە: (عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، پێشمەرگە پۆڵایینەکە، چاپی دووەم، باشووری کوردسیان، سلێمانی، 2001، ل82-83+159-160). تەحسین

شاوەیش، بکوژی شەهیدی قارەمان و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی تەواوی کوردستان نەجمەدین شوکر رەئوف تاڵەبانی (مامەڕیشە) بوو، کە لە ڕێکەوتی (24.1.1985)دا لە گوندی (حەسەن ئاوا)دا لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تری جەربەزە و دلێر بەناوەکانی موحسین مەجید سەلیم ناسراو بە موحسین بیکەیسی و سەردار محەمەد شەریف شەهیدی کردن. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تۆڵەی شەهید مامە ریشە و هاوڕێکانیدا، دەستبەجێ بەکری حەمە کەڕی کوشتەوەو، دوای راپەڕینیش کەسێکی تری بەناوی کاکل رەحیم دۆینەیی کوشت کە هەردووکیان سەربە ئیستخبارات و جاشی تەحسین شاوەیس بوون و دەستیان هەبوو لەو بۆسەیەی بۆ شەهید مامە ریشە و دوو هاوڕێکەی تری دانرابوو – سەرچاوە: (عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، پێشمەرگە پۆڵایینەکە، چاپی دووەم، سلێمانی – باشووری کوردستان 2001). فەوجی جاشە سووکەکانی تەحسین شاوەیس سەعید، بەشدارییان لە هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+3+4)دا کردووە – سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (998)، رۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (15.8.1988)، کە سەرۆک جاشی فەوج تەحسین شاوەیس خۆی باسی بەشداریکردنی فەوجەکەیان دەکات لە شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفالەکانی یەک، دوو، سێ، چەندین شەڕی جیاجیا لەدژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و وەرگرتنی پازدە میدالیای ئازایەتی لە سەدامی دیکتاتۆر لە پاداشتی ئەنفالکردنی کورددا)، هەر سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە بەشداریکردنی فەجی (172)ی جاشە سووکەکانی تەحسین شاوەیس سەعید لە شاڵاوی ئەنفالی چوار – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل162). سەرۆک جاشی فەوجی (172)ی جاشە سووکەکان تەحسین شاوەیس سەعید، بەگوێرەی مەرسومی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق، مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە راستیدا خۆفرۆشی و کورد کوژی) وەرگرتووە لە پاداشتی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالدا. تەحسین شاوەیس سەعیدی

کۆنە جاشی سەدام، لەدوای (31)ی ئابی ساڵی (1996)داو گەڕانەوەی بۆ شارۆچکەی چەمچەماڵ، خۆی و جاشەکانی بەدەنگی بەرز لەناو ئەو شارەدا هاواریان دەکرد: (وا کوردستانمان رزگارکرد). گەنجێکی خوێن گەرمی ئەو شارۆچکەیە بەناوی کامیل حاجی عەلی ژاڵەیی گاڵتەی بە ئەقڵی تەحسین و جاشەکانی هاتبوو، بۆیە پێکەنیبوو. جاشەکانی تەحسین پەلاماریان دابوو وەکو کورد گووتەنی (نیوە مریان کردبوو)، بەڵام باوکی ئەو گەنجە پەلاماری جاشەکان دەدات بۆئەوەی کوڕەکەی رزگار بکات لەبەر دەستیان ئەگینا دەیانکوشت. کەچی تەحسین شاوەیس لەو لاوە دێت و بە قۆنداغە تفەنگ وەردەگەڕێتە حاجی عەلی ژەڵەیی تا گیانی دەردەچێت – سەرچاوە: (ئارام فەرەج قەرەداغی، ئەگەر شۆڕشمان پێ نەکرێ، تێکی دەدەین، بەشی یەکەم، ماڵپەڕی کوردستان پۆست، رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی 20.7.2005). تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی، سەرۆک جاشی فەوجی (172)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (409)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. دواتر تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی، لە شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە رێکەوتی (21.10.1996)دا لە نزیک شارۆچکەی دوکان لەگەڵ کۆنە سەرۆک جاش کەریم رەئوف کانی ساردی و بێستون کەریم رەئوف کانی ساردی کوڕی بەدەستی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کوژران. جێگری سەرۆک جاشی فەوجی ناوبراو هادی شاوەیس سەعید رۆژبەیانی و نەوەی تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی و براکانی ئەمڕۆکە سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنگری ئەو حزبەن.

173. سەرۆک جاشی فەوج، خدر رەشید بەحری پێنجوینی، کە پێشتر مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (21)ی هەواڵگری هەبووە. فەوجی خدر رەشید بەحری بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2)دا کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە:

(ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی شەممە، رێکەوتی (17.4.1988). هەروەها بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای بەناو ئازایەتی وەرگرتووە + بەگوێرەی لاپەڕە سێی (رۆژنامەی العراق، ژمارە (3905)ی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (21.11.1988)، دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی (مەدالیای کورد کوشتن و خۆفرۆشی) لە پاداشتی بەشداریکردنی لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا لە کەرتی فەیلەقی یەکدا لە دیکتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە). خدر رەشید بەحری، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی کارای لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (396)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان.

174. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ نەجمەددین شێخ ساڵح محەمەد بەرزنجی، شێخ عەتا شێخ ساڵح محەمەد بەرزنجی جێگری بووە، هەروەها نەجمەدین محەمەد کەریم، رەزا عەلی رەحیم، ئەحمەد مەحمود حەسەن‌و جەلال محەمەد رەسوڵ فەرماندەی سریەو مولازم عەباس کازم مزعل، ئەفسەر لە بەڕێوەبەرایەتی فەوج بوو. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە هەریەک لە ئەنفالەکانی (1+2)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی شەممە، رێکەوتی (17.4.1988). هەروەها سەرۆک جاشی فەوجی (174)ی جاشە سووکەکان لە لێدوانێکیدا بۆ ژمارەیەکی رۆژنامەی هاوکاری دەڵێت: (ناوچەکانی ماوەت، چوارتا، سیدەکان، گڵەزەرد، پێنجوین و شەمێران مەڵبەندی داستانی گەورەی فەوجەکەمان بووە، کارەکانی ئەنفال جەنگاوەرانمان رۆڵێکی گەورەیان تیابینی و لەلایەن سەرکردایەتییەوە بە مەدالیای ئازایەتی (نوط الشجاعة) رێزلێنراوین – هاوکاری، ژمارە (996)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (8.8.1988). نەجمەدین ساڵح محەمەد بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (174)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی

دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (388)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی تاوانبارە داواكراوەكان.

175. سەرۆک جاشی فەوج، حوسێن محەمەد عوسمان پشدەری (حوسێن حەمە سور ئاغا). پێشتر پێشمەرگەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بووە، بەڵام دواتر لە ساڵی (1981)دا دوو پێشمەرگەی قارەمان بەناوەكانی (شەریف راژانی و حەمەدەمین شێخە مەلای) شەهید دەكات و دێتەوە باوەشی رژێمی سەدامی كوردكوژ و دەستبەجێ دەبێتە جاشێكی دڵسۆزی رژێم و خاوەنی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (93)ی سەربە ئیستخبارات. هەر لە خۆشەویستی سەدام حوسێندا كوڕێكی ناودەنێت سەدام (سەدام حوسێن حەمە سور ئاغا پشدەری) كە لە دوای راپەڕین ناوەكەی گۆڕی بۆ (پشدەر). حوسێن حەمە سور ئاغا لەدوای راپەڕینەوە پەیوەندی كرد بە حزبی سۆشیالیستی كوردستان – رەسوڵ مامەندو بەرپرسێكی باڵای سەربازی ئەو حزبە بوو. دوای سەرهەڵدانی شەڕی ناوەخۆ بوو بە پارتی و شەڕی باشی بۆ دەكردن، تا شەوێكیان لە ساڵی (1997)دا مەكتەبی سیاسی پارتی لە هاوینەهەواری سەری رەش دایە بەر هاوەن، دوای ئاشكرابوونی ئەو كارەی پارتی گرتی و رەوانەی زیندانی ئاكرێ كرا، دواتر پارتی بەریداو نزیكەی مانگێک دوای ئازادكردنی مرد. راوێژكار حوسێن حەمە سور ئاغاو فەوجەكەی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+4+5+6+7)یان كردووە. سەبارەت بە ئەنفالی یەک، حوسێن محەمەد عوسمان پشدەری (حوسێن حەمە سور ئاغا)، بەشداری ئەنفالكردنی دانیشتوانی دوكان و سورداشی كردووە، كە دەكاتە ئەنفالی یەک – سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل245). سەبارەت بە ئەنفالی چوار، پێنج، شەش و حەوت – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەكانی 162، 166). هەروەها حوسێن محەمەد عوسمان (حوسێن حەمە سور ئاغا)، سەرۆک جاشی فەوجی (175)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی ژمارە (124+297)ە لە لیستی داواكراوەكان. مامەند پیرۆت مامەند، فەرماندەی

فەوجی (175) – سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6541)، رۆژی هەینی، ڕێکەوتی (22.4.1988)،ل6 + الثورة، ژمارە (6595)، رۆژی هەینی، (17.6.1988).

176. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد عیسا جاف و جێگری سەرۆک جاشی فەوج رەمزی ئۆمەر محۆ. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2+8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردن فەوجی محەمەد عیسا جاف لە ئەنفالەکانی یەک و دوو – سەرچاوە: (ئەلسەورە، ژمارە (6536)، رۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).

177. سەرۆک جاشی فەوج، .

178. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ سەلاح گۆرانی سەرۆکی عەشیرەتی گێژ.

179. سەرۆک جاشی فەوج، تەحسین محەمەد رەشید زەنگەنە. فەوجی ناوبراو لە ڕێکەوتی (24.4.1987)دا دامەزراوەو بەشداری کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2+3+4+5+6+8)دا. سەبارەت بە بەشداری فەوجی تەحسین محەمەد زەنگەنە لە ئەنفالەکانی (+2+3+4+5+6)دا، راوێژکار تەحسین زەنگەنە بۆ ژمارەیەکی رۆژنامەی هاوکاری کە کۆپی دیمانەکەم هەیە، بەلام بەداخەوە ژمارەکەی دیار نییە دەلێت: (ژ رۆژا دامەزراندنا فەوجێ و هەتا نهۆ مە پشکداریا کری دهەژمارەکا شەڕدا دگەڵ دوژمنێ عەجەم لکەرتێ ماوەت، زمناکۆ، بندەر، کوچەر، شەهیدان، خانەقا و عەربەت. هەروەسا شەڕکەرێت فەوجێ پشکداریا کری دکارێت ئەنفالا ئێکی، دوویێ، سێ، چارێ، پێنجێ و شەشێ). سەبارەت بە ئەنفالی هەشت – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).

180. سەرۆک جاشی فەوج، مەجید نوری خورشید. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شالاوی ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). سەرۆک جاش مەجید نوری خورشید، بەگوێرەی رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6689)، رۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (19.9.1988) مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە راستیدا

کورد کوشتن و ناپاکی) لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە.

181. سەرۆک جاشی فەوج، فارس محەمەد قادر عەزیز ئاغای سوورچی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالەکانی (5+6+7+8). سەبارەت بە ئەنفالی پێنج، شەش و حەوت - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل166). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). فارس محەمەد قادر سوورچی، سەرۆک جاشی فەوجی (181)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (215)ی دراوەتێ لە ناوی لیستی داواکراوەکان.

182. سەرۆک جاشی فەوج، عەبدولقادر مستەفا محەمەد مزوری (ئەندامی ئەنجومەنی کارتۆنی نا نیشتمانی بەغدا بوو)، جێگری سەرۆک جاشی فەوج هۆشیار عەبدولوەهاب محەمەد مزوری، بەشدارییان کردووە لە ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). عەبدولقادر مستەفا محەمەد، سەرۆک جاشی فەوجی (182)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (345)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

183. سەرۆک جاشی فەوج، عەبدولڕەحمان حەسەن محەمەد. فەوجی ناوبراو بەشدارییان کردووە لە ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). سەرۆک جاش عەبدولڕەحمان حەسەن محەمەد، بەگوێرەی رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6689)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (19.9.1988) مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە راستیدا کورد کوشتن و ناپاکی)ی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە.

184. سەرۆک جاشی فەوج، فەهد (فوئاد) بێچان حەسەن کاکەیی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228).
185. سەرۆک جاشی فەوج، سەلاحەددین سەدیق میران قادر. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالی (8) - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228).
186. سەرۆک جاشی فەوج، .
187. سەرۆک جاشی فەوج، مەحمود ساڵح بابەکر. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228).
188. سەرۆک جاشی فەوج، .
189. سەرۆک جاشی فەوج، عەونی حاجی قادر مستەفا. کاوە حاجی قادر مستەفا فەرماندەی سریە. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228).
190. سەرۆک جاشی فەوج، موقەدەم تاریق سەعید ئیبراهیم مزوری (شێخکایی)، جێگری سەرۆک جاشی فەوج عوبێد سەعید ئیبراهیم مزوری و فەرماندەی فەوج مولازمی یەکەم محەمەد ساڵح ئیبراهیم. فەوجی ناوبراو لە ڕێکەوتی (1.6.1987)دا دامەزراوەو، خاوەنی (2500) جاش بووەو بەشداری ئەنفالەکانی (5+8)یان کردووە - سەرچاوە: (ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (1019)ی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (27.10.1988)، کە سەرۆک جاشی فەوج باسی بەشداری فەوجەکەیان دەکات لە ئەنفالەکانی پێنج و هەشتدا). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). هەروەها تاریق سەعید ئیبراهیم مزوری، سەرۆک جاشی فەوجی (190)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی

دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (312)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی تاوانبارە داواكراوەكان.

191. سەرۆك جاشی فەوج، ئیسماعیل عەبدوڵڵا ئەمین. بەشداری ئەنفالی (8)دا كردووە - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەك، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەكانی (5220-5228).

192. سەرۆك جاشی فەوج، مەغدید حەمەد حەسەن. فەوجی ناوبراو بەشداری كردووە لە ئەنفالی (8). سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەك، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەكانی (5220-5228).

193. سەرۆك جاشی فەوج، ئیسماعیل عەبدوڵڵا ئەمین رێكانی. فەوجی ناوبراو بەشداری كردووە لە ئەنفالەكانی (1+2+8)دا. سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەك، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەكانی (5220-5228). سەرۆك جاشی فەوج ئیسماعیل عەبدوڵڵا ئەمین رێكانی، ئێستاكە سەربە پارتی دیموكراتی كوردستانە.

194. سەرۆك جاشی فەوج، .

195. سەرۆك جاشی فەوج، لەتیف محەمەد ئەمین قادر جاف زڕگوێزی. فەوجی ناوبراو بەشداری كردووە لە ئەنفالی (4)دا. سەبارەت بە بەشداری ئەو فەوجە لە ئەنفالی چوار - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، ل162).

196. سەرۆك جاشی فەوج، فاروق رەشید عەلی محەمەد نەوڕۆلی، جێگری سەرۆك جاشی فەوج ساڵح رەشید عەلی محەمەد نەوڕۆلی. فەوجی فاروق رەشید عەلی محەمەد نەوڕۆلی، بەشداری ئەنفالەكانی (1+4+5+8)یان كردووە - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەروە، ژمارە (6692)ی رۆژی پێنجشەممە، رێكەوتی (22.9.1988)دا، كە راوێژكاری فاروق رەشید عەلی محەمەد نەورۆلی باسی بەشداری فەوجەكەیانی كردووە لە ئەنفالەكانی یەك، چوارو پێنج لەگەڵ شەڕی ماوەت). سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەك، بەشی

بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). فاروق رەشید عەلی محەمەد نەورۆلی، سەرۆک جاشی فەوجی (196)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (365)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

197. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد سەعید ئەحمەد محەمەد جاف هاڕونی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج، عەلی ئەحمەد محەمەد جاف هاڕونی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+3). سەبارەت بە بەشداری کردنیان لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988)، هەروەها سەبارەت بە ئەنفالی سێ، سەرچاوە: (سەرچاوەی یەکەم، بەشی بیست و پێنج، ل5604)، هەروەها سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل156). محەمەد سەعید ئەحمەد محەمەد هاڕونی، بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (1024)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. سەرۆک جاش محەمەد سەعید ئەحمەد جاف هاڕونی، بەگوێرەی رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6689)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (19.9.1988) مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە راستیدا کورد کوشتن و ناپاکی)ی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە. هەروەها محەمەد سەعید ئەحمەد محەمەد هاڕونی سەرۆک جاشی فەوج و عەلی ئەحمەد محەمەد هاڕونی جێگری سەرۆک جاشی فەوجی (197)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی کارایانەوە لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، هەردووکیان فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووەو، دوو ژمارەی (423+356)یان دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

198. سەرۆک جاشی فەوج، جەلال محەمەد عەبدولڕەحمان گەڵاڵی (هیلالی)و یارمەتیدەری سەرۆک جاشی فەوج عەبدوڵڵا ئیسماعیل خدرو، هەروەها جێگرەکانی هەریەک لە قادر عەبدوڵڵا ساڵح و عەلی عەبدولڕەحمان

حەسەن بوون، سائر عەزیزو مەجید ئاوڕەحمان ئامر سریەی فەوجی ناوبراو بووینە - سەرچاوە: (ئەلسەروە، ژمارە (6692)، رۆژی پێنجشەممە، رێكەوتی (22.9.1988)، كە جێگری سەرۆك جاشی فەوج قادر عەبدوڵڵا ساڵح باسی بەشداری فەوجەكەیانی كردووە لە شەڕەكانی حاجی ئۆمەران، تەوێڵە، سەنگاو (كە دەكاتە ئەنفالی دوو)، لەگەڵ هەندێك لە ئەنفالەكاندا). هەروەها جەلال محەمەد عەبدولڕەحمان هیلالی، سەرۆك جاشی فەوجی (198)ی جاشە سووكەكان، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (318)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان.

199. راوێژكارانی فەوج، سەعید قادر محەمەد جاف و حلمی سەعید قادر محەمەد جاف كە كوڕی ناوبراو بووە. فەوجی ناوبراو بەشداری كردووە لە ئەنفالەكانی (2+3)دا. سەبارەت بە ئەنفالەكانی دوو و سێ - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەكانی 152، 156). تۆمەتبار سەعید قادر محەمەد جاف، بەگوێرەی مەرسومی كۆماری ژمارە (808)ی سەرۆكایەتی كۆمار مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی بەشداركردنیدا لە ئەنفالەكاندا. سەرۆك جاش سەعید قادر محەمەد جاف، بەگوێرەی رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6689)، رۆژی دووشەممە، رێكەوتی (19.9.1988) مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە راستیدا كورد كوشتن و ناپاكی)ی لە پاداشتی بەشداریكردن لە شاڵاوی ئەنفالەكاندا وەرگرتووە. هەروەها سەعید قادر محەمەد جافو حیلمی سەعید قادر محەمەد جاف، سەرۆك جاش و جێگری سەرۆك جاشی فەوجی (199)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنیان لە شاڵاوی ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنیان بۆ دەرچووەو، ژمارە (399+326)یان لە لیستی تاوانبارە داواكراوەكان دراوەتێ.

200. سەرۆك جاشی فەوج، شێخ حەمەڕەشید عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم جاف تیلەكۆیی. فەوجی ناوبراو بەشدارییان كردووە لە ئەنفالی (2+3).

سەبارەت بە ئەنفالی دوو - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل152). بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (1988/4/10/10340)ی بنکەی هەواڵگری توز بۆ رێکخراوی هەواڵگری سەربازی خۆرهەڵات، فەوجی دوو سەد بەشداری ئەنفالکردنی هەریەک لە توز، قادرکەرەم، نەوجول و گوندەکانی (زندانەی بچووک، ساڵحی، دوڕاجی، زیندانەی گەورە، باشتەپە، ئیبراهیمی بچووک، ئیبراهیمی گەورە، حەیدەرە سوور، عومەر سۆفی، شێخ جەلال، تازەشارو شێخ حەمید)ی کردووە – (1-25-93). سەرۆک جاشی فەوجی ناوبراو حەمەڕەشید عەبدولڕەحمان و دوو جاشی تر بەناوەکانی عەلی رەحیم حەمەخان و رەزا مەجید رەحمان، بەگوێرەی مەرسومی کۆماری ژمارە (807)ی رۆژی (9.8.1988)، لە پاداشتی کورد کوشتندا لە ئەنفالی دووەمدا، مەدالیای نیشتمان فرۆشی و ناپاکیان وەرگرتووە. هەروەها حەمەڕەشید عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم جاف تیلەکۆیی، کە پێدەچێت (شێخ حەمەڕەشید عەبدولڕەحمان جاف تیلەکۆیی) بێت، چونکە هیچ سەرۆک جاشێکی تر نییە ناوەکەی لەناوی ئەو بچێت بەقەد ئەویان، بۆیە (شێخ حەمەڕەشید عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم)م بە سەرۆک جاشی فەوجی (200)ی جاشە سووکەکان ناوبرد، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (395)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

201. سەرۆک جاشی فەوج، عەلی شێخ ئەمین فەرەج بەرزنجی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج عوسمان ئیبراهیم محەمەد، هەروەها هەریەک لە مستەفا محێدین شەریف و فەخرەدین عەبدول فەرەج فەرماندەی سریە، بەشدارییان کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا، سەرۆک جاشی فەوج عەلی شێخ ئەمین بەرزنجی دەڵێت: (فەوجەکەمان لە نەبەردەکانی ئەم ناوچانەدا بەشدارییان کردووە ماوەت، دۆڵەڕووت، سەنگاو، بەرزنجە، گڵەزەردو قەرەداغ). هەروەها لەکاری ئەنفالی یەکەمدا رۆڵێکی گرنگمان هەبووەو لەپاککردنەوەی ناوچەکانی گەبچینە، جاسەنە، قەمچوغە، سەرمۆرد،

مەیدان، شێخ باخ، سەرگەڵوو بەرگەڵو، وە لە ئەنفالی دووەمدا جەنگاوەرانی فەوجەکەمان وانەی ئازایەتیان لە رزگارکردنی ئەم ناوچانەدا تۆمارکرد (تیمار، دۆڵانی خواروو سەرو، جافەران) – سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (980)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (6.6.1988)، ل4) + (ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988).

202. سەرۆک جاشی فەوج، حەمەخان حاجی دارا رەشید و جێگری سەرۆک جاشی فەوج ئەرسەلان حەمەخان حاجی دارا رەشید (پارتی دیموکراتی کوردستان). حەمەخان حاجی دارا لە رێکەوتی (30.4.1979)دا لە گوندی (زێڕینجۆ)ی شارەزوور لە بۆسەیەکدا دوو هاووڵاتی کە یەکێکیان شۆفێری تراکتۆرەکە و ئەوی تریشیان خەڵکی دێهات بوو لەگەڵ پێنج پێشمەرگە و فەرماندەی ئازای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی شەهیدکرد بە ناوەکانی (شەهیدی سەرکردە فەیسەڵ رەشید حەمید تاڵەبانی ناسراو بە سیروان تاڵەبانی، فەرماندەی هەرێمی (5)ی کەرکوک، حەسەن ئەحمەد خاوێیی و سدیق ئیبراهیم نانەوای ناسراو بە حاجی چاوشین، فەرماندەی کەرت لە هەرێمی (5)ی کەرکوک، عەلی چەلەبی و نەجات رەحیم کەریم). حەمەخان حاجی دارا رەشید بە هاوکاری جاش و فەرماندەی مەفرەزەی ئیستخباراتی رژێم عەلی تۆفیق محەمەد ناسراو بە عەلە لوت ماسی، لە رێکەوتی (28.6.1983)دا حەڤدە پێشمەرگەی قارەمانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە گوندی قڕگەی نزیک سلێمانی لەناو تراکتۆرێکدا شەهیدکرد، کە شەهیدەکان ئەمانەن: (ئاراس محەمەد عەزیز هەمزە، ئازاد شەریف عارف عەبدوڵڵا (پێشتر لە سەرەتای ساڵی (1979)دا دەستگیر دەکرێت و دوای ئەوەی لە دادگای بەناو هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارە دانی بۆ دەردەچێت، وەلێ خۆشبەختانە لە رێکەوتی (17.7.1979)دا بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێت و دواتر ئازاد دەکرێت)، ئاگری نوری رەزا، ئامانج عەبدوڵڵا ئەحمەد، بەکر رەحمان حوسێن محەمەد، تەها عەبدوڵڵا محەمەد سەعید، دڵشاد نەوزاد مستەفا، رەحیم عوسمان کەریم ئەحمەد، سالار فەتحوڵڵا محەمەد عەلی، شێخ محەمەد شێخ ئیبراهیم، کاروان

غەریب شا محەمەد، عیسا غەفور محەمەدئەمین حوسێن، عومەر شەریف مستەفا عەبدولڕەحمان، غەفور عەبدولکەریم ئەمین، محەمەد کەریم تاهیر ئەحمەد، محەمەد عەبدولڕەحمان ئەحمەد قادر و نەوزاد محەمەد تاهیر ئەحمەد). سەعید عەبدول حەسەن تەرخانی، فەرماندەی سریە، لە ساڵی (1987)دا دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک)ی بەناوەکانی جەلیل محەمەد فەرەج و سەیفەدین هاواری شەهید کردووە. سەعید تەرخانی، لە ساڵی (1998)دا لە گوندی (مالوان)ی سەربە شارەزوور سێ کەسی لە خێڵی تەرخانی کوشت و، بۆ جاری دووەم لە هەمان گوند لە ڕێکەوتی (11.11.2008)دا هاووڵاتی (ئەحمەد محەمەد مەحمود)ی شەهیدکرد – سەرچاوە: (چاک: لەسەر کێشەی زەوی و زار کۆنە جاشێک لە گوندی مالوان هاووڵاتییەکی کوشت، رۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی 11.11.2008). سەرۆک جاش حەمەخانی حاجی دارا ڕەشید، بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق، مەدالیای ئازایەتی لە سەدام وەرگرتووە. حەمەخان حاجی حاجی دارا ڕەشید، سەرۆک جاشی فەوجی (202)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (394)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان. بەڵام حەمەخانی حاجی دارا لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)دا چووە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و دواتر لەلایەن ئەو حزبەوە کرا بە فەرماندەی فەرماندەیی گەرمیانی لەشکری پێشمەرگەی کوردستان. ئەوەبو دواتر حەمەخانی حاجی دارا لە رۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (27.3.2008)دا لە نزیک داقوق – کەرکوک کوژرا. عیرفان حەمەخان حاجی دارا، ئێستاکە فەرماندەی یەکێک لە فەرجەکانی سەربە لیوای (3)ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

203. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ تەیب شێخ محەمەد شێخ عوسمان بەرزنجی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج ئەحمەد شێخ محەمەد شێخ عوسمان، بەرزنجی. فەوجی ناوبراو بەشداری لە ئەنفالەکانی (1+2)دا کردووە. سەرەتا سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، بەڵام ئێستاکە سەربە

بزووتنەوەی گۆڕانی سەربە نەوشێروان مستەفایە. سەرۆک جاشی فەوجی (203)ی جاشە سووکەکان لەسەر زاری خۆی مەدالیایەکی بەناو ئازایەتی (خۆفرۆشی) لە سەدامی دیکتاتۆر وەرگرتووە - سەرچاوە: (پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی بەناو یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، ڕۆژنامەی (العراق)، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (29.8.1989). سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا - سەرچاوە: (ڕۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988). هەروەها تەیب محەمەد عوسمان (شێخ تەیب)، سەرۆک جاشی فەوجی (203)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (313)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

204. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد هەمزە محەمەد ژاژڵەیی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (4+5+6+7)دا. سەبارەت بە ئەنفالەکانی چوار، پێنج، شەش و حەوت - سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەکانی 162، 167). محەمەد هەمزە ژاژڵەیی، سەرۆک جاشی فەوجی (204)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (382)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

205. سەرۆک جاشی فەوج، عەبدولڕەحمان عەلی عەزیز دەلۆیی و جێگری سەرۆک جاشی فەوج عوسمان محەمەد سەعید و مولازمی یەکەم حازم شبیب هەزاء و هەریەک لە دێوانە عەلی محەمەد و عەبدوڵلا محەمەد عەلی فەرماندەی دوو سریەن. بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە. عەبدولڕەحمان عەلی عەزیز، بەگوێرەی نامەی ژمارە (501/3/ا)ی فەرماندەیی تیپی چلی پیادە، ڕێکەوتی (13.2.1989)، بڕێک پارەی وەکو خەڵاتی تایبەتی لە پاداشتی بەشداریکردنیدا لە ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ — سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، 139-140)،

وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بەڵگەی بەشداریکردنی راوێژکارو فەوجی ناوبراوە لە ئەنفالی هەشتدا.

206. سەرۆک جاشی فەوج، عادل تۆفیق رەشید بەرواری، جێگری سەرۆک جاشی فەوج ئەحمەد حەیدەر سلێمان، نەقیب عەبدولعەباس کازم فەرماندەی فەوج. ئەو فەوجە لە مانگی پێنجی ساڵی (1987)دا دامەزراوە. فەوجی عادل تۆفیق رەشید بەرواری بەشدارییان کردووە لە ئەنفالی (8)دا. ناوبراو ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی ئێراق بووە وەکو نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لە لیژنەی ئاسایش و بەرگریدا (لجنة الأمن والدفاع) بووە لە پەرلەمان. لە مانگی نۆڤێمبەری ساڵی (2010)دا بۆتە راوێژکاری نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێراق بۆ کاروباری هەرێمی کوردستان. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکاندا، سەرۆک جاشی فەوج عادل تۆفیق رێکەوتی بۆ هاوکاری ژمارە (966)ی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (14.4.1988)، دەڵێت: (ئێمە بەشداری زۆرمان کردووە لە زۆر لە شەڕەکاندا لە دەڤەری شەرانش، باتوفە، چوارتا، کەرتی سلێمانی، دەڤەری کانیماسی، دەڤەری سەرسەنگ و ناوچەی سیدەکان لە پارێزگای هەولێر). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی (22)، لاپەڕەکانی (5220–5228). عادل تۆفیق ڕەشید بەرواری، سەرۆک جاشی فەوجی (206)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (343)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

207. سەرۆک جاشی فەوج، میرزا ئیسماعیل شەریف رەزا ناسراو بە (میرزا کۆیی). فەوجی میرزا کۆیی بەشداری کردووە لە ئەنفالی (4)دا. میرزا ئیسماعیل شەریف ئێستا بەرپرسێکی باڵای سەربازی پارتی دیموکراتی کوردستانە. سەبارەت بە ئەنفالی چوار، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل163). هەروەها میرزا ئیسماعیل شەریف رەزا، فەرماندەی فەوجی (207)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن

(دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (123)یە لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

208. سەرۆک جاشی فەوج، فازڵ مستەفا حوسێن (حەسەن) بەرواری و جێگرەکانی سەڵاحەدین مستەفا حوسێن (حەسەن) بەرواری و هجر بێدوهی، هەڤاڵ عزەت ئامێدی بەرپرسی ڕێکخراوی پارتی بەعسی عارەبی سۆسیالیست و خالید ڤنگی ئامر سریە، بەشدارییان کردووە لە ئەنفالی (8). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). فازڵ مستەفا حەسەن بەرواری، سەرۆک جاشی فەوجی (208)ی جاشە سووکەکان، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە بۆ دەرچووەو، ژمارە (366)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

209. سەرۆک جاشی فەوج، ئەنوەر میرزا ئیبراهیم گلی، فەوجەکەیان لە ڕێکەوتی (7.6.1987)دا دامەزراوە و بەشدارییان کردووە لە ئەنفالی (8). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). ئەنوەر میرزا ئیبراهیم گلی، سەرۆک جاشی فەوجی (209)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (304)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

210. سەرۆک جاشی فەوج، خدر عەبدوڵڵا حوسێن قامیشی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالەکانی (5+6+7). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (5+6+7)دا، بەپێی نووسراوی ژمارە (ش3/ق11365/3)ی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور بۆ هۆبەی سێی هەواڵگری کە لە ڕێکەوتی (28.6.1988)دا دەرچووە، ئاماژەی بەوەکردووە کە لە ڕێکەوتی (21.6.1988)دا هێزێک بە فەرماندەیی

هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەربە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/6، جاشە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر دەشتی کۆیەو ناو شاری کۆیە – (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕە 5144). خدر عەبدوڵڵا حوسێن، سەرۆک جاشی فەوجی (210)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (330)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

211. سەرۆک جاشی فەوج، رەزا تەها محێدین بەرزنجی (سەید مانگا). فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2+3+4)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە شاڵاوی ئەنفالی سێدا، بەگوێرەی نووسراوی هەواڵگری توز ژمارە (ش3/10334)ی بۆ رێکخراوی هەواڵگری سەربازی خۆرهەڵات بە رێکەوتی (10.4.1988)، هەریەک لە (تیپی پیادەی 21 + فەوجی 211 + 212 ی چاشە سووکەکان) لە ئەنفالکردنی گوندەکانی (خان رۆستەم، دوڕاجی، نەوجول، ئیبراهیمی گەورە، کۆشک، جەدل، شێخ حەمیدو تازەشار)، کە دەکاتە ئەنفالی سێیەم بەشدارییان کردووە: (سەرچاوەی ژمارە (1)، بەشی (25، ل87). سەبارەت بە ئەنفالی چوار، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل163). سەید تەها، بەشداری ئەنفالی ناوچەکانی سەقەڵا، کفری، شوان، قەرەهەنجیر، نەوجولو دووزی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالەکانی (3، 4)، سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل237). رەزا تەها محێدین بەرزنجی، بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق، مەدالیای بەناو ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. سەرۆک جاش رەزا تەها محێدین، بەگوێرەی رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6689)، رۆژی

دووشەممە، ڕێکەوتی (19.9.1988) مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە ڕاستیدا کورد کوشتن و ناپاکی)ی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە. ڕەزا تەها محێدین، سەرۆک جاشی فەوجی (211)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (181+411)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارەیە لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

212. سەرۆک جاشی فەوج، عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف (عەدنان دیسکۆ). فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2+3+4+5+6+7)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجەکە لە هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (ڕۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988)، عەدنان دیسکۆ، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی نەوجول، دووز، کفری، کەرکوک و تیلەکۆی کردووە، واتە ئەنفالی (3)، سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل240). سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە ئەنفالی سێدا، بەگوێرەی نووسراوی فەرمی ژمارە (ش3/10334)ی هەواڵگری توز بۆ مەنزومەی ئیستخباراتی شەرقیە بە ڕێکەوتی (10.4.1988)، هەریەک لە (تیپی پیادەی 21 + فەوجی 211 + 212 ی جاشە سووکەکان) لە شاڵاوی ئەنفالکردنی هەریەک لە گوندەکانی (خان ڕۆستەم، دوڕاجی، نەوجول، ئیبراهیمی گەورە، کۆشک، جەدل، شێخ حەمیدو تازەشار)، کە دەکاتە ئەنفالی سێیەم بەشدارییان کردووە – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە (1)، بەشی (25، ل87). بەگوێرەی نووسراوی فەرمی ژمارە (1988/4/10/10340)ی بنکەی ئیستخباراتی سەربازی توزخورماتوو بۆ مەنزومەی ئیستخباراتی شەرقیە، فەوجی دوو سەدو دوازدە بەشداری ئەنفالکردنی هەریەک لە توز، قادرکەرەم، نەوجول و گوندەکانی (زندانەی بچووک، ساڵحی، دوڕاجی، زیندانەی گەورە، باشتەپە، ئیبراهیمی بچووک، ئیبراهیمی گەورە، حەیدەرە سوور، عومەر سۆفی، شێخ جەلال، تازەشارو شێخ حەمید)ی کردووە – (سەرچاوەی ژمارە (1)، بەشی (25)، ل93).

هەروەها سەبارەت بە ئەنفالەکانی چوار، پێنج، شەش و حەوت، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەکانی 163، 167). سەرۆک جاش عەدنان عەبدوڵڵا نەجم، بەگوێرەی رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6689)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (19.9.1988) دوو مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە راستیدا کورد کوشتن و ناپاکی)ی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە. عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (212)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (206+271)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە لە لیستی داواکراوەکان.

213. سەرۆک جاشی فەوج، بایز عەزیز رەشید ئاغا باواجانی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی هەریەک لە ئەنفالەکانی (1+2+3)دا. بایز عەزیز رەشید ئاغا، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی زەڕایەن، شارەزوور، سەنگاوو پێبازی کردووە، واتە ئەنفالەکانی (2+3)، سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل238). سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی بایز عەزیز رەشید ئاغا باواجانی لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). بایز عەزیز سێ مەدالیای لە قادسیە دۆڕاوەکەی سەدام حوسێن وەرگرتووە (پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی بەناو یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، رۆژنامەی (العراق)ی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (29.8.1989). بایز عەزیز رەشید باواجانی، سەرۆک جاشی فەوجی (213)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (307)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان.

214. سەرۆک جاشی فەوج، عومەر مەحمود محەمەد مامۆیی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+5+6+7). سەبارەت بە ئەنفالی دوو، سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6523)، رۆژی

دووشەممە، 4.4.1988)، کە سەرۆک جاشی فەوج عومەر مامۆیی باسی بەشداریکردنی فەوجەکەیان دەکات لە ئەنفالی دوودا. سەبارەت بە ئەنفالی پێنج، شەش و حەوت، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل166). عومەر مەحمود محەمەد مامۆیی، بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (809)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای بەناو ئازایەتی (ناپاکی و کورد کوژی) وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. عومەر مەحمود محەمەد مامۆیی، سەرۆک جاشی فەوجی (214)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (420)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

215. هۆشیار سەلیم ئەحمەد پاشا دزەیی (الثورة، ژمارە (6582)، رۆژی شەممە، رێکەوتی (4.6.1988)، ل8). هۆشیار سەلیم ئەحمەد پاشا، سەرۆک جاشی فەوجی (215)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی ژمارە (391)ە لە لیستی داواکراوەکان.

216. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد محەمەدئەمین حوسێن زراری، ناسراو بە (محەمەد شازێ)، ئێستاکە ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانە. محەمەد محەمەئەمین حوسێن زراری، سەرۆک جاشی فەوجی (216)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (378)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان. محەمەد محەمەدئەمین حوسێن زراری، بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، رێکەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لەساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ رژێمی سەدامی عروبەو بەعس هەر هەبووە تاوەکو رووخانی رژێمی سەدام و بەعس لە رێکەوتی (9.4.2003)دا ئەو پەیوەندییەی بەردەوام بووە.

217. سەرۆک جاشی فەوج، ئەحمەد حەسەن گەردی (ئەندامی ئەنجومەنی کارتۆنی بەناو یاسادانانی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی بوو).

218. سەرۆک جاشی فەوج، عارەب سالّح عومەر قادر. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شالّاوی ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). عارەب سالّح عومەر قادر، سەرۆک جاشی فەوجی (218)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای بالّای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (350)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان.

219. سەرۆک جاشی فەوج، زەید عومەر خدر سوورچی و فەرید عومەر خدر سوورچی هەردووکیان وەکو سەرۆک جاشی فەوج ناویان هاتووە. فەوجی زەید عومەر سوورچی بەشداری کاولکردنی گوندی بارزان و شالّاوی ئەنفالی (8)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە کاولکردنی گوندی بارزان، لە کاسێتێکی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج کە لەکاتی کاولکردنی گوندی بارزان و ناوچەکەدا تۆمارکراوەو باسی ئەو هێرش و پەلّامارە هاوبەشەی سوپاو جاش دەکرێت کە لە رۆژانی (10 و 11.8.1987)دا کراوەتە سەر ناوچەی بارزان و، گوندی بارزان و دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەلّ خاپوور دەکەن. هەروەها کاسێتەکە روونی دەکاتەوە کە هێرشی جاشەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر پێنج رەتلّ دابەشکراون: (رەتلّی یەکەم: فەوجی (8)ی جەوهەر هەرکی. رەتلّی دووەم: فەوجی (7)ی محەمەد کەلحی ڕێکانی. رەتلّی سێیەم: فەوجی (1)ی لەتیف زێباری. رەتلّی چوارەم: فەوجی (23)ی عاسف زێباری و کۆمەلّەی جاسم زێباری. رەتلّی پێنجەم: فەوجی (17)ی محەمەد سەلیم شوشی، فەوجی (6)ی حوسێن سوورچی، فەوجی (77)ی عومەر سوورچی و کۆمەلّەی زەید سوورچی). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). زەید عومەر خدر سوورچی،

سەرۆک جاشی فەوجی (219)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (178)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ.

220. سەرۆک جاشی فەوج، ئەکرەم جەمیل کەریم مەجید عەبدوڵڵا ئاغای کۆڕێ، بەشدارییان کردووە لە ئەنفالی (8). سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ئەکرەم کەریم مەجید ئاغای کۆڕێ لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5228-5220).

221. سەرۆک جاشی فەوج، مەحمود شێخ حەمەد محەمەدئەمین، جێگرەکەی محەمەد فەقێ میرزا دۆسکی بوو، بەشدارییان کردووە لە ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228).

222. سەرۆک جاشی فەوج، فەیسەڵ عەبدوڵڵا عەلی و جێگرەکەی حامید حەسەن ئەتروشی بووە. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5228-5220).

223. سەرۆک جاشی فەوج، خالید عەبدولڕەحمان جومعە، جێگرانی سەرۆک جاشی فەوج هەریەک لە عوسمان عەبدولڕەحمان ئاغا ئۆمەری، وەلی عەبدولڕەحمان ئاغا ئۆمەری و شاکر ئیبراهیم جومعە، مولازمی یەکەم ساڵح عەلی فحەل فەرماندەی فەوج و مولازم ناسر حەمید ئەسوەد جێگری فەرماندەی فەوج و رەفیق خورشید ئەلیاس رازگری رێکخراوی پارتی بەعسی عارەبی لە فەوج. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5228-5220).

224. سەرۆک جاشی فەوج، عەلی سلێمان حوسێن مزوری (کوخی – گوندی کوخی)، جێگری سەرۆک جاشی فەوج موشیر ساڵح مزوری (کوخی). فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا، سەرچاوە: (سێ دێی پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال، کە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە ئامادەکراوەو، ژمارەی فەوج و ناوی راوێژکارە بەشداربووەکانی ئەنفالی هەشتیان لە لاپەڕەکانی (5220-5228)دا، نووسیوە). عەلی سلێمان حوسێن، سەرۆک جاشی فەوجی (224)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (353)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

225. سەرۆک جاشی فەوج، جاسم محەمەد فارس زێباری و جێگرەکەی تەیار ئیسماعیل فارس زێباری بووەو، مولازم سەعدون مەهدی دلێمی جێگری فەرماندەی فەوج و هەریەک لە زرار سدیق زرار و ئیبراهیم میر حەسۆ فەرماندەی سریە بووینە. فەوجی ناوبراو لە مانگی پێنجی ساڵی (1987)دا دامەزراوە. فەوجی جاسم محەمەد فارس زێباری بەشداری کاولکردنی گوندی بارزان و شاڵاوی ئەنفالی (8)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە کاولکردنی گوندی بارزان، لە کاسێتێکی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج کە لەکاتی کاولکردنی گوندی بارزان و ناوچەکەدا تۆمارکراوەو باسی ئەو هێرش و پەلامارە هاوبەشەی سوپاو جاش دەکرێت کە لە رۆژانی (10 و 11.8.1987)دا کراوەتە سەر ناوچەی بارزان و، گوندی بارزان و دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەڵ خاپوور دەکەن. هەروەها کاسێتەکە روونی دەکاتەوە کە هێرشی جاشەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر پێنج رەتڵ دابەشکراون: (رەتڵی یەکەم: فەوجی (8)ی جەوهەر هەرکی. رەتڵی دووەم: فەوجی (7)ی محەمەد کەلحی ڕێکانی. رەتڵی سێیەم: فەوجی (1)ی لەتیف زێباری. رەتڵی چوارەم: فەوجی (23)ی عاسف زێباری و کۆمەڵەی جاسم محەمەد فارس زێباری فەوجی (225)ی جاشە سووکەکان. رەتڵی پێنجەم: فەوجی (17)ی

محەمەد سەلیم شوشی، فەوجی (6)ی حوسێن سوورچی، فەوجی (77)ی عومەر سوورچی و کۆمەڵەی زەید سوورچی فەوجی (219)ی جاشە سووکەکان). سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی جاسم محەمەد فارس زێباری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). هەروەها جاسم محەمەد فارس محەمەد، سەرۆک جاشی فەوجی (225)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (314+161)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارەیە لە لیستی داواکراوەکان.

226. سەرۆک جاشی فەوج، خالید شێخۆ موراد سندی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج محەمەد شێخۆ موراد سندی و رەفیق عەدنان تاهیر دەرباس بەرپرسی حزبی بەعسی عارەبی لە فەوج. فەوجی ناوبراو لە رێکەوتی (21.6.1987)دا دامەزراوەو بەشداری لە هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+8)دا کردووە - سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (1014)ی رۆژی 10.10.1988). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). خالید سندی، سەرۆک جاشی فەوجی (226)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (329)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

227. سەرۆک جاشی فەوج، رەشید ساڵح رەشید ئەتروشی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). رەشید ساڵح رەشید ئەتروشی، سەرۆک جاشی فەوجی (227)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (334)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

228. سەرۆک جاشی فەوج، ساڵح محەمەد پشدەری.

229. سەرۆک جاشی فەوج، مەحمود عوسمان عەبدوڵڵا. بەشدارییان کردووە لە ئەنفالی (8)دا. مەحمود عوسمان عەبدوڵڵا، بەگوێرەی نامەی ژمارە (501/3/ا)ی فەرماندەیی تیپی چلی پیادە، ڕێکەوتی (13.2.1989)، بڕێک پارەی وەکو خەڵاتی تایبەتی لە پاداشتی بەشداریکردنیدا لە ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ، وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بەڵگەی بەشداریکردنی راوێژکارو فەوجی ناوبراوە لە ئەنفالی هەشتدا.

230. سەرۆک جاشی فەوج، ئەمین ئیسماعیل سێودین (سەیفەددین، کە لە بەڵگەنامەکانی حکومەتدا وا نووسراوە، ئەگینا سێودین راستییەکەیەتی). جەمیل ئیسماعیل سێودین فەرماندەی سریە لە فەوجی ناوبراودا. ئەمین ئیسماعیل سێودین خەڵکی گوندی دەربەندی سەربە شارۆچکەی دیبەگە بوو، بەڵام حکومەتی بەعسی عەفلەقی دژ بە کورد بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (33)ی رۆژی (25.1.1976)دا ئەو گوندەو (30) گوندی تری سەربە شارۆچکەی دیبەگەی جیاکردەوە، گوندی سەرگەڕان کە ناوەکەشی کرا بە قودس و یەکێک بوو لەو گوندانەی کە لە شارۆچکەی ناوبراو دابڕابوو، کرا بە مەڵبەندی ناحیەیەکی نوێ و خرایە سەر قەزای دوبزی سەربە پارێزگای کەرکوک، ئەمەش هۆکاری ئابووری بەدواوە بوو، چونکە خاکی ئەو (31) گوندە دەوڵەمەند بوو بە نەوت. جاشەکانی ئەمین ئیسماعیل سێودین، لە ڕێکەوتی (29.5.1987)دا دوو پێشمەرگەی ئازاو تێکۆشەری سەربە تیپی (86)ی دەشتی هەولێری لە گەڕەکی ئازادی نزیک گۆڕەپانی یاری (ستادیۆم – ساحەی مەلعەب)ی هەولێر شەهیدکرد بە ناوەکانی شەهید یوسف تاهیر ئەحمەد داود بندیان خەڵکی گوندی قوڕشاغڵوو و شەهید هیوا رەحمان حوسێن خەڵکی گوندی بزندز، لەگەڵ بریندارکردنی دوو پێشمەرگەی تر بەناوەکانی سەمەد سالح خەڵکی گوندی قورشاغڵووی قوشتەپە و سەباح نوری پورزای شەهید هیوا رەحمان، کە هەردوو بریندارەکە توانیان بە برینداری خۆیان لەدەست جاشەکان دەرباز بکەن. فەوجی ئەمین ئیسماعیل سێودین، بە (145) جاش بەشدارییان کردووە لە ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە

ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، ل (5221). ناوبراو سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

231. سەرۆک جاشی فەوج، بەشیر محەمەد عەبدوڵڵا قەرەداغی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). عەدنان عەبدوڵڵا ئەحمەد جەبارە، وەکو سەرۆک جاشی فەوجی (231) لە لیستی تۆمەتبارانی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، وەکو تۆمەتبارێکی بەشداربووی ئەنفال ناوی هاتووەو، لەو لیستەدا ژمارە (349)ی دراوەتێ. سەرۆک جاشی فەوجی (231)ی جاشە سووکەکان، بەشیر محەمەد عەبدوڵڵا قەرەداغی بۆ رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6529)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (10.4.1988)دا، کە لە لاپەڕە (5)دا بڵاوکراوەتەوە، باسی ئەوەی کردووە کە لە بارەگا داگیرکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چەندین ئامێری سەهیۆنی ئیسرائیلی دۆزراوەتەوەو بە کرێگرتەو رێگر ناوی پێشمەرگە دەبات. بەڕاستی (ی. ن. ک) و کورد هەق وانییە لەو درۆ زلەی ناوبراو خۆشبێت!

232. سەرۆک جاشی فەوج، جەلال مەحمود ساڵح برادۆستی (دیانا)، کە پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (110). فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە پەلاماری ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228). هەروەها جەلال مەحمود ساڵح برادۆستی، سەرۆک جاشی فەوجی (232)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (319)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

233. سەرۆک جاشی فەوج، ئەڕشەد خورشید شێتنە.

234. سەرۆک جاشی فەوج، ئەحمەد عوسمان ئەحمەد کۆیی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی

ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەكانی (5220-5228).

235. سەرۆک جاشی فەوج، عەبدولمەجید حوسێن ئیسماعیل شێخكی. فەوجی ناوبراو بەشداری كردووە لە ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەكانی (5220-5228). عەبدولمەجید حوسێن شێخكی، سەرۆک جاشی فەوجی (235)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (205)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان.

236. سەرۆک جاشی فەوج، دڵسۆز خدر مینە بڵباس. دڵسۆز خدر مینە بڵباس، سەرۆک جاشی فەوجی (236)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (333)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواكراوەكان.

237. سەرۆک جاشی فەوج، قاسم كەریم ئەحمەد مەحمود جاف شینكی. فەوجی ناوبراو بەشداری كردووە لە شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2+4)دا. سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی هەریەک لە ئەنفالەكانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (ڕۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی ڕۆژی یەكشەممە، ڕێكەوتی (17.4.1988)، وە سەبارەت بە ئەنفالی چوار – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كوردو دەوڵەتی ئێراق، ل163). قاسم كەریم ئەحمەد مەحمود، سەرۆک جاشی فەوجی (237)ی جاشە سووكەكان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی دەرچووەو، ژمارە (370)ی دراوەتێ لە لیستی داواكراوەكان. قاسم كەریم ئەحمەد جاف، بەگوێرەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، ڕێكەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی كوردستان لە ساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامی عروبەو

بەعس هەر هەبووە تاوەکو رووخانی رژێم لە رێکەوتی (9.4.2003)دا ئەو پەیوەندییەی بەردەوام بووە.

238. سەرۆک جاشی فەوج، بورهان تۆفیق بابەکر هەورامی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (5+6+7)دا. سەبارەت بە بەشداریکردن لە شاڵاوەکانی ئەنفالی پێنج، شەش و حەوت – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل166). هەروەها بورهان تۆفیق بابەکر هەورامی، سەرۆک جاشی فەوجی (238)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (309)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

239. سەرۆک جاشی فەوج، سوارە فەتاح فەرەج جاف جاسەنەیی، پێشتر مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (94)ی هەبووە. فەوجی سوارە فەتاح فەرەج جاف بەشداری لە شاڵاوی هەریەک لە ئەنفالەکانی (1+2+3)دا کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجەکە لە هەردوو ئەنفالی یەک و دوودا – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). سەرۆک جاشی فەوجی (239)، سوارە فەتاح فەرەج جاف بۆ یەکێک لە ژمارەکانی رۆژنامەی هاوکاری دەڵێت: (هەر لە رۆژی پێکهێنانی فەوجەکەشەوە چالاکیمان بەرەو پەرەسەندن و گەورەتر بوو، کارەکانی ئەنفالی یەکەم، دووەم و سێیەم دیارترین کاری گەورەی فەوجەکەمانە – سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (994)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (1.8.1988). سەرۆک جاش سوارە فەتاح فەرەج جاسەنەیی، بەگوێرەی رۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6689)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (19.9.1988) مەدالیای بەناو ئازایەتی (لە راستیدا کورد کوشتن و ناپاکی)ی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە. هەروەها سوارە فەتاح فەرەج جاف، سەرۆک جاشی فەوجی (239)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (104)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. ئەو راوێژکارە

لەدوای راپەڕینەوە سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە. سوارە فەتاح فەرەج جاف جاسەنەیی، بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، رێکەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ رژێمی سەدامی عروبەو بەعس هەر هەبووە تاوەکو رووخانی رژێم لە رێکەوتی (9.4.2003)دا پەیوەندی بەردەوام بووە.

240. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ ئەحمەد جەمیل ئەمین بەرزنجی. فەوجی ناوبراو بەشداری شاڵاوی ئەنفالی (3)و شەڕەکانی قەیوان ماوەتی کردووەو، کوڕێکی ئەو سەرۆک جاشە سووکە بەناوی هیوا لەو شەڕەدا کوژراوەو، هەروەها لە شەڕی سوسێ و قەرەچەتان کوڕێکی تری بەناوی رزگار کوژراوە. فەوجەکەیان لەکاتی ئەنفالی سێیەمدا دانیشتوانی قادرکەرەم، گوندی ئیبراهیم غوڵامو قۆپی قەرەداغیان ئەنفال کردووەو میدالیایەکی بەناو ئازایەتی (ناپاکی و کورد کوژی) لە پاداشتی ئەنفالکردنی کورددا لە سەدامی خوێنڕێژ وەرگرتووە، سەرچاوە: (رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (996)، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی (8.8.1988)، ل4+ رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6692)، رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (22.9.1988)، کە ناوبراو باسی وەرگرتنی مەدالیای ئەنفالکردن و کورد کوشتن دەکات لە سەدامی دیکتاتۆرەوە). هەروەها ئەحمەد جەمیل ئەمین، سەرۆک جاشی فەوجی (240)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی ژمارە (299)یە لە لیستی داواکراوەکان.

241. سەرۆک جاشی فەوجی، سەڵاحەدین خدر رەسوڵ نەقشبەندی. فەوجی شێخ سەڵاح نەقشبەندی، بەشداری کردووە لە هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (3+4+5+6+7). سەبارەت بە بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (3+4)دا، سەڵاحەدین خدر رەسوڵ نەقشبەندی بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی قەرەحەسەن، لەیلان، کەرکوک، شوان، دەشتی کۆیە و ئاغجەلەری کردووە، واتە بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (3، 4)ی کردووە - سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل237).

سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی (5+6+7)دا، نووسراوی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی بنکەی هەواڵگری شیمالی بۆ شوعبەی سێی ئیستیخبارات بە ڕێکەوتی (28.6.1988)، ئاماژەی بەوەکردووە کە لە ڕێکەوتی (21.6.1988)دا هێزێک بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەربە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/6، جاشە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر دەشتی کۆیەو ناو شاری کۆیە – (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕە 5144). هەر سەبارەت بە ئەنفالی پێنج، شەش و حەوت – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل166). سەلاحەدین خدر ڕەسوڵ نەقشبەندی، سەرۆک جاشی فەوجی (241)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (342+182)ی دراوەتێ واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە لە لیستی داواکراوەکان.

242. سەرۆک جاشی فەوج، محێدین شێخ عەزیز محەمەد بابا عەلی بەرزنجی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە هەریەک لە ئەنفالەکانی (1+2)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا – سەرچاوە: (ڕۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988). محێدین عەزیز محەمەد بابا عەلی، سەرۆک جاشی فەوجی (242)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (385)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

243. سەرۆک جاشی فەوج، یونس عەبدوڵڵا ڕەمەزان غەوارە. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالی (8)دا. سەرۆک جاشی فەوجی سووک یونس عەبدوڵڵا ڕەمەزان غەوارەو جاشێکی فەوجی ناوبراو بەناوی محەمەد

عەلی سالّح، بەگوێرەی نامەی ژمارە (501/3/ا)ی فەرماندەیی تیپی چلی پیادە، ریکەوتی (13.2.1989)، برێک پارەی وەکو خەلاتی تایبەتی لە پاداشتی بەشداریکردنیدا لە ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسولّ، ئەنفال کوردو دەولّەتی ئێراق، 139–140)، وەرگرتنی ئەو خەلاتە بەلّگەی بەشداریکردنی راوێژکارو جاش و فەوجی ناوبراوە لە ئەنفالی هەشتدا. یونس رەمەزان غەوارە، سەرۆک جاشی فەوجی (243)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای بالای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی ژمارە (393)یە لە لیستی داواکراوەکان.

244. سەرۆک جاشی فەوج، رەحیم کەریم قادر بارام. سەرۆک جاش و فەوجی ناوبراو بەشدارییان کردووە لە ئەنفالی (8)دا. راوێژکار رەحیم کەریم قادر، بەگوێرەی نامەی ژمارە (501/3/ا)ی فەرماندەیی تیپی چلی پیادە، ریکەوتی (13.2.1989)، برێک پارەی وەکو خەلاتی تایبەتی لە پاداشتی بەشداریکردنیدا لە ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسولّ، ئەنفال کوردو دەولّەتی ئێراق، 139–140)، وەرگرتنی ئەو خەلاتە بەلّگەی بەشداریکردنی راوێژکارو فەوجی ناوبراوە لە ئەنفالی هەشتدا. رەحیم کەریم قادر، سەرۆک جاشی فەوجی (244)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای بالای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شالاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (332)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

245. سەرۆک جاشی فەوج، سەدیق عەلی محەمەد ئەمین هارونی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شالاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا. سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجەکە لە هەریەک لە شالاوی ئەنفالەکانی یەک و دوو – سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، ریکەوتی (17.4.1988). سەدیق عەلی محەمەد ئەمین هارونی، سەرۆک جاشی فەوجی (245)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای بالای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی

دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (341)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

246. سەرۆک جاشی فەوج، عومەر محەمەد حەیدەر. عومەر محەمەد حەیدەر، سەرۆک جاشی فەوجی (246)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (359)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

247. سەرۆک جاشی فەوج، قادر محەمەد ئەمین ساڵح قەرەوەیسی.

248. سەرۆک جاشی فەوج، سابیر ئەحمەد ئەمین. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالی (4)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالی چواردا – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل163).

249. سەرۆک جاشی فەوج، عەلی زۆراب رەزا مەحمود عەزیزی. فەوجی عەلی زۆراب بەشداری هەریەک لە ئەنفالەکانی (5+6+7)دا کردووە – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل167).

250. سەرۆک جاشی فەوج، کەریم سەلیم مستەفا بامەندی (دوبزی)، هەریەک لە عەزیز حوسێن بامەندی، سەلاح زوال مستەفا بامەندی، کانەبی حەوێز بامەندی، موکەڕەم غەریب بامەندی و عەبدال عوبێد عەبدولڕەزاق بامەندی ئامر سریە بووینە. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالی (8)دا. کەریم سەلیم مستەفا، بەگوێرەی نامەی ژمارە (ا/501/3)ی فەرماندەیی تیپی چلی پیادە، رێکەوتی (13.2.1989)، بڕێک پارەی وەکو خەڵاتی تایبەتی لە پاداشتی بەشداریکردنیدا لە شاڵاوی ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل139-140)، وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بەڵگەی بەشداریکردنی راوێژکارو فەوجی ناوبراوە لە ئەنفالی هەشتدا. کەریم سەلیم مستەفا بامەندی ئێستاکە سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

251. سەرۆک جاشی فەوج، سەعید محەمەد غەریب جاف. فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+3)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی

ئەو فەوجە لە هەریەک لە شاڵاوەکانی ئەنفالی یەک و دوودا – سەرچاوە: (ئەلسەورە، ژمارە (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988). سەعید محەمەد غەریب جاف، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی سەرقەڵا، کفری، قەرەحەسەن، لەیلان، دووزو تیلەکۆی کردووە، واتە ئەنفالی (3) – سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل237).

252. سەرۆک جاشی فەوج، قادر محەمەد رەشید عەبدولقادر. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2+3). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک، دوو و سێدا – سەرچاوە: (لەتیف فاتیح فەرەج، جاش و ئەنفال بەڵگەنامە، ل39). قادر محەمەد رەشید عەبدولقادر، سەرۆک جاشی فەوجی (252)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە. قادر محەمەد رەشید عەبدولقادر، وەکو سەرۆک جاشی فەوجی (252)ی جاشە سووکەکان لە لیستی ناوی داواکراوەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراقدا ناوی هاتووەو، ژمارە (369)ی دراوەتێ.

253. سەرۆک جاشی فەوج، خورشید ئەسعەد رەسوڵ شێتنە، جێگری سەرۆک جاشی فەوج بەشار خورشید ئەسعەد شێتنە. خورشید ئەسعەد رەسوڵ، سەرۆک جاشی فەوجی (253)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (331)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان. خورشید ئەسعەد رەسوڵ شێتنە، بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، رێکەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ رژێمی سەدامی عروبەو بەعس هەر هەبووە، تاوەکو رووخانی رژێم لە رێکەوتی (9.4.2003)دا ئەو پەیوەندییەی هەر بەردەوام بووە.

254. سەرۆک جاشی فەوج، محەمەد تاهیر رەشید حەمەئەمین. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). محەمەد تاهیر رەشید حەمەئەمین، سەرۆک جاشی فەوجی (254)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (377)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

255. سەرۆک جاشی فەوج، ساڵح ئەحمەد ئیسماعیل بەڕۆژی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج سەعید تەیب محەمەد. فەوجی ناوبراو بەشدارییان کردووە لە ئەنفالی (8)دا. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228). ساڵح ئەحمەد ئیسماعیل بەڕۆژی، سەرۆک جاشی فەوجی (255)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (339)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

256. سەرۆک جاشی فەوج، سالم مستەفا ساڵح حەسەن سلێڤانی، بەشدارییان کردووە لە ئەنفالی (8). سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا - سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220-5228).

257. سەرۆک جاشی فەوج، شێخ محەمەد عەبدولکەریم قادر بەرزنجی، جێگری سەرۆک جاشی فەوج عەبدوڵڵا عەبدولکەریم قادر بەرزنجی - سەرچاوە: (رۆژنامەی الثورة، ژمارە (6541)، رۆژی هەینی، رێکەوتی (22.4.1988)، ل6)، هەروەها هەریەک عەلی غەفور مەنمی و مەحمود خاوی فەرماندەی سریە بووینە. فەوجی ناوبراو بەشدارییان کردووە لە ئەنفالەکانی (3+4). محەمەد شێخ عەبدولکەریم قادر بەرزنجی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی دێهات و ناوچەکانی چەمچەماڵ و سەنگاوی کردووە، واتە ئەنفالی (3) - سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل237).

سەبارەت بە ئەنفالی چوار، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل163). شێخ محەمەد عەبدولکەریم قادر بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (257)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (222)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.

258. سەرۆک جاشی فەوج، ئەکرەم حەسەن قادر رۆغزایی.

259. سەرۆک جاشی فەوج، سەباح شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی. فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە ئەنفالەکانی (5+6+7). سەبارەت بە بەشداری ئەو فەوجە لە شاڵاوەکانی ئەنفالی پێنج، شەش و حەوت – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل167).

